**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٣

١٩٩٥ـ١٩٩٦ ـ بەرگی سیانزدەیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٧

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکان
١٩٩٥-١٩٩٦/ بەرگی سیانزدەیەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٥ شەمە
ڕێکەوتی ١٩٩٥/٥/٢٧ ـ دارەبەن ـ ———— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٦ دووشەمە
ڕێکەوتی ١٩٩/٦/٣. ———— ل١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٦ سێ شەمە
ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٣. ———— ل١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) دووشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/١٦ ———— ل٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) دووشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٣ ———— ل٤٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٦ ———— ل٦١


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) سێ شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١١/٥ ———— ل٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١١/٦ ———— ل١٣٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١١/٩ ———— ل١٦٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٢/١٨ ———— ل١٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٢/١٩ ———— ل٢٦٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی
# نائاسایی ساڵی (١٩٩٥)

**شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٥/٥/٢٧**

**ـ دارەبەن ـ**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ٢٧/٥/١٩٩٥ لەدارەبەن

***کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧/٥/١٩٩٥ لەدێی دارەبەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی یەکەمی ساڵی (١٩٩٥) خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ ـ درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە ئەم دانیشتنە نائاساییەمان لە دێی دارەبەن دەکەینەوە، بەخێرهاتنی هەموولایەکتان دەکەین. پێشەکی بەرلەوەی کە دەست بە بەرنامەکەمان بکەین لەدەستەی سەرۆکایەتی بەپێویستمان زانی کە بۆ دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو مامۆستا«مەلا محەمەد شەریف تاهیر» ی ئەندامی پەرلەمان رابوەستین، کەپێش چەند رۆژێک وەفاتی فەرموو.

بەرنامەکەمان وەکو ئاگادار کراون، یەک خاڵە ئەویش، بۆ درێژە پێدانی ئەم خولە ئینتخابییە، واتە خولی پەرلەمانی ئەم ساڵمان خەریکە تەواو دەبێت، بۆیە بە پێویست زانرا ساڵێک درێژەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتواندرێت لەماوەی ئەم ساڵەدا هەڵبژاردنێک ئەنجام بدرێت. پێشنیارەکە ئەوەیە ئەم خولەی پەرلەمان لە٤/٦/١٩٩٥ـەوە

تاکو٤/٦/١٩٩٦درێژ بکرێتەوەو، ئێستاش جەنابی سکرتێر ئەو پرۆژەی ئەم یاسایە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق،**

**رقم القرار« »**

**تاريخ القرار « »**

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة « ١ » من المادة« ٥٦ »من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم« ١ » لسنة١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته غير الاعتيادية المنعقدة في قرية دارەبەن ـ اربيل بتأريخ ٢٧/٥/١٩٩٥اصدار القانون الآتي :

**قانون رقم« »لسنة ١٩٩٥**

**قانون تمديد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان العراق**

**المادة الاولى ـ تمدد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان العراق سنة واحدة اعتبارا من ٤/٦/١٩٩٥**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون من تأريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە دەخەنیە دەنگدانەوە، ئێستاکە ئەگەر چ تێبینی هەیە لەسەر ئەمەی کە خوێندرایەوە بیخەنە پێش چاو، ئەگەر نییە بابخرێتە دەنگدانەوە. دیارە کە هیچ تێبینی نییە؟ مادەی یەکەم دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الاولى: تمدد الدورة الانتخابية للمجلس الوطني لكوردستان العرق لمدة سنة واحدة اعتبارا من ١٩٩٥/٦/٤.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەتێکرای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون من تأريخ إقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..ئەمەش بەتێکرای دەنگ پەسندکرا. ئێستاش بەسەر یەکەوە وەکو یاسا کێی لەگەڵە؟..کێی لەگەڵ نییە؟..بەتێکرای دەنگ ئەم یاسایە پەسندکرا.

ئەم دانیشتنەمان بەم دەنگدانە تەواو بوو زۆر سوپاستان دەکەین، داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەکەین، تکایە ئەگەر لەحزەیەک دانیشن: بەپەسندمان زانی بەناوی دەستەی سەرۆکاتی وبەناوی ئێوەی بەڕێزەوە سوپاسی گشت لایەنە سیاسیەکان بکەین بۆ ئەو دەورەی کە بۆ پێکهاتنی ئەم دانیشتنە گێڕایان، هەروەها بۆ رۆڵی ولات پارێزیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتەی کە ئەمڕۆ کوردستان پێی دا تێدەپەڕێ وبەتایبەتی سوپاسێکی بێ پایانی ئەو برایانەی ئەو حەوت حیزبە دەکەین کە لەو ماوەیەدا هەوڵیان داوەو بەردەوام هەوڵ دەدەن بۆ بڕاندنەوەی ئەم کێشەیە. هەروەها بەپێویستمان زانی

سوپاسی برایانی کاربەدستانی مزگەوتی دێی«دارەبەن» بکەین کە ئەو ماوەیەیان داین وئەو فرسەتەیان دا کە ئەم دانیشتنەمان لێرە ساز بکرێ وسوپاسی خەڵکی گوندی «دارەبەن» دەکەین کە رێزی ئێمەیان گرت ، هەروەها سوپاسی کە نیسەی مشرق دەکەین لەهەولێر کە بەشدارییان کردین بەناردنی ئەوتەختەو ئەو کەل و پەلانەی کە ئێستاکە ئێوە لەسەری دانیشتوون. سوپاسی کاک یونادەمیش دەکەین کە لەلای خۆیەوە ئەو مێزو کورسیەی پێشکەش کردین، کە ئەزیەتیان کێشاوە وکەرەمیان کرد بۆ سازدانی ئەم دانیتشتنە. خوا هاوکاری هەموو لایەکمان بێت، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١) نائاسایی

دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٦/٦/٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١) نائاسایی

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٦/٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٦/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (١)ی نائاسایی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجوومەن.***

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی نائاسایی ئەمڕۆ دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی هەموو ئەو برادەرانە دەکەین کە هاتوون و ئەوانەی پێیان نەکراوە کە ئەندامی پەرلەمانن. شتێکی زۆر دڵخۆش کەرەوەیە پاش ساڵێک بەسەرکۆبوونەوەکەی دارەبەن دا ئێمە توانیمان بەیەکەوە وەکو برا کە ساڵەها بەیەکەوە تێکۆشاوین و، جۆرەها یاسای باشمان دەرکردووە، ئەم کۆبوونەوەیەمان کردووە بۆ ئەوەی خولی هەڵبژاردن درێژ بکەینەوە. بەداخەوە کە بارێکی وا هاتبووە پێشەوە نەمان ئەتوانی زیاد لەوەی کە کردوومانە بکەین و هیواداریین لە جێگایەکی باشتر، لە داهاتوویێکی نزیکدا کۆبوونەوەی تر بکرێت، بۆ ئەوەی کە یارمەتیدانێکی پەرلەمان بێت بۆ نەهێشتنی ئەو ناخۆشییەی نێوان دوو هێزی سەرەکی کە حوکمڕانی کوردستانیان کردووە و ئەشی کەن، ئەو ناخۆشیانە نەمێنن. هەر بەو بۆنەیەوە من ئەمەوێ شتێکتان بیر بخەمەوە کە لەرۆژی ١٩٩٢/١٢/٣٠ لە پەرلەماندا وتم کە برایەتی و هاوکاریی نێوان یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان و نێوان کاک مەسعوودو مام جەلال بەردی بناغەی ئەم ئەزموونە و ئەم تاقیکردنەوەیە، ئەگەر رۆژێ بێت ئەوە

خوانەکا بتەقێت، بەڕاستی ئەوە هەموو شتەکانمان ئەکەوێتە مەترسییەوە. جا هیواداریین ئێستا ئەو لەقان و جوولانە نەمێنێ و پەرلەمانیش دەوری پیرۆزی خۆی ببینێ و ئەو سوێندەی کە ئەندامی پەرلەمان خواردوویانە، کە ئەبێ یەکێتی گەلی کوردستان و خاکی کوردستان بپارێزن، بیخەنە ئەمرێکی واقیعی یەوەو، هەڵوێستێکی ئازایانەیان بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان هەبێ. ئێستا برای خۆشەویستم سکرتێری ئەنجوومەن، ئەو پرۆژەی بڕیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجوومەن دەخاتە بەردەمی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار: ١

تأريخ القرار: ١٩٩٦/٦/٣

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرتين (١ , ٢) من المادة (٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم/١ لسنة١٩٩٢، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته غير الاعتيادية المنعقدة في المنطقة الواقعة بين شاويس وملا أومر- أربيل بتأريخ ١٩٩٦/٦/٣ اصدار القانون الاتي:

**قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٦**

**قانون التمديد الثاني للدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان العراق**

المادة الاولى:- تمدد الدورة الانتخابية للمجلس الوطني لكوردستان العراق لمدة ثلاثة اشهر اعتبارا من ١٩٩٦/٦/٤.

المادة الثانية:- ينفذ هذا القانون من تأريخ إقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

نژاد احمد عزيز آغا

عن رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

## الاسباب الموجبة

كان قد تحدد يوم ١٩٩٥/٦/٤ تأريخا لانتهاء المدة القانونية للمجلس الوطني لكوردستان العراق بموجب القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ والنظام الداخلي للمجلس رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وأوشكت على الانتهاء دون ان تتهيأ الظروف الملائمة لشعب كوردستان لممارسة حقه باجراء انتخابات الدورة الثانية مما حدا بالمجلس الى تمديد دورته الانتخابية الاولى لسنة واحدة تنتهي في ١٩٩٦/٦/٤ بموجب القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٥ وكان يحدو الجميع الامل في إنهاء الاقتتال الداخلي وتحقيق السلام واجراء الانتخابات العامة، الا أن ما يؤسف له فإن مدة التمديد الاولى أوشكت على الانتهاء دون ان يتحقق ماكان المواطنون يصبون اليه مما يهدد النظام السياسي للاقليم ومؤسسته الشرعية المنتخبة وتجربته الديمقراطية بالضياع لذا فان الحفاظ على المكسب التأريخي لشعبنا وانقاذ التجربة الديمقراطية هو قضية مصيرية وهدف قومي ووطني ومن اجل ذلك وكجهد في هذا المسعى لقد شرع المجلس واصدر هذا القانون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

سوپاس کاک فەرسەت. پاش ئەوەی بڕیارەکە خوێنرایەوەو هۆیە پێویستییەکانی باس کرا، جا تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەین ئەوەی لەگەڵ ئەو بڕیارە دایە دەست بەرزبکاتەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بێ گفتوگۆیە؟.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

بەڵێ. ئەگەر کاک عەبدولخالق ، جەنابت ئەتەوێ گفتوگۆی بکەی ئەگینا ئێمە بەڕاستی هەموو ڕێکەوتنمان لەسەر کردووە لەگەڵ ئەوەشدا فراکسیۆنی سەوزیش و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەگرتوویش کردوویەتی، ئەگەر ئەشتەوێ جەنابیشت فەرموو قسە بکە.

**عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ درێژکردنەوەی پەرلەمانم بەڵام، بۆ ئەوەی قسەکانم بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، بەم

درێژکـردنەوە نابێ جـارێکی تر تاقـیکردنەوەی دارەبەن دووبـارە بکرێتـەوە. هەست دەکـەم لەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە دەمانەوێ هەمان تاقیکردنەوە دووبارە کەینەوە، لە کـاتێکدا من نازانم بۆ ئێمە سێ مـانگ ئەو پەرلەمـانە درێژ ئەکەینەوە؟ ئایا ئەو بڕگەیەی دوای ئەوە ئەڵێ ئەمە شیاوە بۆ درێژ کردنەوە، هەتاکو کەی؟ ئایا ئێمە مـافی گشـتی مـیللەت ناخۆین؟ ئەمە پێشێل کردن نییە بۆ مـافی مرۆڤ؟ ئەو پرسیـارە دەکەم لە کـاتێکدا جارێکی تریش دووبـارەی دەکەمەوە کە ئەم خولە پـێویست بوو درێژ بکرێتەوە، بەگەڕ بخرێ، فراوان بکرێ. هەروەها جارێکی تر ئەبێ پەرلەمـان کـە بەرزترین دەسەڵاتە لەم وڵاتەدا هەڵبـستێ بە دەوری خۆی بـۆ ئاشتی و بۆ ئاسـایی کردنەوە. بەڵام بەداخەوە وا هەست دەکەم ئێمە شتەکانمان وا دەکەین کە جەولەیەکی تر لە پێشمان هەبێ. لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە سەرۆکی پەرلەمـان و لە برادەران بەگشـتی ئەم درێژ کـردنەوەیە نەکرێتە درێژکردنەوەیەکی رووکەش، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان گرنگی بدا بەو پەرلەمانە ئازیزە، کە دەسکەوتی گەلەکەمـانە، خوێنی هەزاران شەهیدی گەلەکەمانە، داوا دەکەم ئەم درێژکردنەوەیە درێژکـردنەوەیەکی کـاریگەر بێ بۆ ئەوەی دەرباز ببین لەم مـەینەتیـەی کـە گـەلەکـەمـانی تێـدایە، رزگـار بین لەو بارە ئابوورییەو ئەو بارە ئەمنیە خراپەی کە لە وڵاتەکەمان دا هەیە، رزگـار بین لەو پێشێلکارییە زۆرەی کە لە مافی مرۆڤ لە کوردستان دا دەکرێ.

کەواتە با ئەو میللەتە لەو بەڵایە دەربچێ. من دەڵێم بۆ گشت ئەندامانی پەرلەمان و بۆ دەستەی سەرۆکایەتی با میللەت بزانێ لەناو پەرلەمـانیش و لەناو میللەتیش دەنگ هەیە، کە رازی نییە بەو بارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

سوپاسی کـاک عەبداولخالق دەکەین بۆ قسەکانی، بەڵام ئەو قسـانەی کە ئەو کردی وابزانم ئێـمەش پێش ئەوەی کە بڕیـارەکە بخوێنینەوە، ئەو قسانەمان کردو، ئەوە هیواو ئومـێدی هەموو کەسێکەو هیچ هەوڵێک نییە لەیەکێ لە فراکسـیۆنەکان بۆ ئەوەی مـافی مرۆڤ پێشـێل بکرێ وەیا لەگەڵ ئەوەدا بێ کە درێژکردنەوەکە تەنها وەکو درێژکردنەوەی دارەبەن بێ. لە کـاتێکدا کە راستییەک هەیە دەیزانین کە ئاسایی کردنەوەو بارودۆخی پەرلەمان بە جۆرێک لە جۆرەکانی دا پەیوەستە بە پەیوەندی نێـوان ئەو دوو حـزبەی کـە زۆرینەی پەرلەمـان لێ پێکهـاتووە. جـا لەبەر ئەوە، ئەوەی

کاک عەبدولخالق دەری بڕی ئەوە ئەمرێکی دەر ئەنجامە«تحصیل حاصل» وابزانم هەستی هەموو ئەندامێکە کە هاتووە لێرە کۆبۆتەوەو، مەسەلەی بەگەر خستنەوەو فراوان کردن و .. تا دوایی هەمووی باسی لێ کراوەو کەسیش نییە لەگەڵ ئەوە نەبێ کە ئەو بڕیارە پەسەند بکەین. ماددەی یەکەم ـ ببورن ـ بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەبێ ماددە بەماددە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الاولى: تمدد الدورة الانتخابية للمجلس الوطني لكوردستان العراق لمدة ثلاثة أشهر اعتبارا من ١٩٩٦/٦/٤.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەیە؟، تکایە دەست بەرزبکاتەوە .. کی لەگەڵ نییە؟ .. کاک عەبدولخالق لەگەڵ نییە. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون من تأريخ إقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەیە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە... کێ لەگەڵ نییە...؟ ئەمە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. هەموو یاساکە.. کێ لەگەڵە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە... کێ لەگەڵ نییە..؟ بە تێکڕای دەنگ یاساکە وەرگیرا. زۆر سوپاستان دەکەین و تەنها یەک خاڵ هەیە کەباسی بکەین. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە هیوامان هەیە ئەو درێژکردنەوەیە درێژکردنەوەیەکی کاریگەر بێ، هاندەر بێ بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا جێگیر بێ. لەبەر ئەوە ئێمە لە کاتێکی زۆر زوودا ئاگادارتان ئەکەینەوە بۆ کۆبوونەوەی ئاییندە، بۆ کات و جێگاکەی و، زۆر ناخایانێ، بەڵام هەر ئەوەیە ئەبێ ببورن کە ئێستا لەم کۆبوونەوەیەدا ناتوانین نە دەستنیشانی جێگا نە دەستنیشانی کاتەکە بکەین. زۆر زۆر سوپاس.

جا ئێستا، دەزگاکانی راگەیاندن ،کێ ئەیەوێ (تصریحات) لە هەرچی ئەندامێ وەرئەگرێ با بڕۆن ئازادن لەوەی چی ئەکەن بیکەن، سوپاس و دانیشتنەکە تەواو بوو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((١))ی نائاسایی

## ساڵی (١٩٩٦)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٣

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)ی نائاسایی

## سێ شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی دووەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ پڕۆژەی یاسای درێژکردنەوەی ماوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش کردنەوەی دانیشتنەکە باتەماشای رادەی یاسایی بکەین ئینجا دەست بەکار دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ئەندامەی ناوی دەخوێندرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە.

بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی

بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی

بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی

بەڕێز بورهان عەلی جاف

بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی

بەڕێز قەیس دێوالی سەعید

بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر

بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد

بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید

بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا
بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی
بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی
بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی
بەڕێز د. روژ نوری شاوەیس
بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم
بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز
بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز
بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا
بەڕێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی
بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی
بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری
بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی
بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری
بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی
بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید
بەڕێز جەمیل عەبدی سندی
بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ
بەڕێز جوهر نامق سالم
بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا
بەڕێز بوترس سەخەریا هرمز
بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش
بەڕێز سەعید عەلی خان
بەڕێز عیدۆ بابە شێخ
بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە
بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها
بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا
بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی
بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین

بەڕێز حسێن عەلی کەمال
بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان
بەڕێز د.حەسەن حسێن بەفری
بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن
بەڕێز د. سەلیم عەلی حاجی مەلۆ
بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری
بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب
بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا
بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم
بەڕێز حەمید سەلیم میران
بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی
بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ
بەڕێز شێخ مزهر عەلی مستەفا کاکی هیرانی
بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر
بەڕێز ئازاد ڕەشید میران
بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح
(٥٦) ئەندامەو دووکەسیش لە ڕادەی یاسایی زیاترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات.
دووبارەی ئەکەینەوە بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان ئەم کۆبوونەوە نائاساییە بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکا.
بەپێی برگە (١) لە مادده «٦» و، لەبەر ئەوەی کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەم کۆبوونەوە نائاساییەیان کردووە بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، بەرنامەی کاری ئێمە تەنها ئەم خاڵەیە:-
درێژکردنەوەی ماوەی ئەم خولەی پەرلەمان.
ئێستاش ناوەڕۆکی ئەو داخوازییە بۆ ئەم کۆبوونەوە نائاساییە لەلایەن جەنابی سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق المحترم.
حيث ان مدة تمديد الدورة الانتخابية للمجلس على وشك الانتهاء وشعوراً منا بمسؤوليتنا

التأريخية تجاه شعبنا في كوردستان للحفاظ على مكاسبه التأريخية وپرلمانه المنتخب لحين تهيئة الفرصة لانتخاب پرلمان آخر، فلقد اعددنا مشروع القانون المرفق راجين الدعوة لجلسة إستثنائية لاقرار تمديد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس، للمدة المحددة في االمشروع المذكور، وذلك استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٦) من النظام الداخلي المعدل للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق. وتقبلوا فائق التقدير والاحترام.

الاعضاء الموقعون:

بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا
بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید
بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا
فەرحان عەبدوڵڵا شەرەفانی
بەڕێز بوترس سەخەریا هورمز
بەڕێز سیروان محمد نەورۆڵی
بەڕێز سەعید عەلی خان
بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا
بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی
بەڕێز یەحیا محەمەد بەرزنجی
بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی
بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی
بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن
بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان
بەڕێز حسێن عەلی کەمال
بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز
بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید
بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش
بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە
بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها
بەڕێز د. سەلیم عەلی مەلۆ
بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحکیم
بەڕێز بورهان علی جاف
بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم
بەڕێز حەمید سەلیم میران

بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین
بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس
بەڕێز د.قیس دێوالی دۆسکی
بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد
بەڕێز د.حەسەن حسێن بەفری
بەڕێز جەمیل عەبدی سندی
بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن
بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا
بەڕێز سەرکیس ئاغاجان
بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی
بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر
بەڕێز موحسین سالح عەبدولعزیز
بەڕێز وریا ئەحمەد دزەیی
بەڕێز شێخ موحسین خالید موفتی
بەڕێز مامند محەمەد ئەمین بابەکر
بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری
بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ ئەکەین بۆ ئەم دانیشتنە نائاساییەو، بۆ ئەو خاڵەی کە ئێستاکە لەلایەن جەنابی سکرتێرەوە خوێندرایەوە. هیواداریــن پاش ئەوەی کە پرۆژەکە ئەخوێندرێتەوە دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوەو بەگیانێکی پڕ هەست کردن بە مەسئوولیەتەوە، بەتەقدیرکردنی ئەم بارودۆخە ئەم بڕیارە سەرکەوێت و پەسەند بکرێت. پێمان خۆش بوو ئەم دانیشتنە لە پەرلەمانی کوردستاندا بکرایە، بەڵام بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەو بارودۆخەی کە هەیە، نەکرا دانیشتنەکەمان لەوێ بکرێت و جارێکی تریش حورمەتی پەرلەمانی کوردستان شکا ئومێدەوارم بەزووترین کات هەیبەت وحورمەتی پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە جێگای خۆی و دانیشتنی ئایینده لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستاندا بکرێ. بەش بەحاڵی خۆم بەتووندی ئیستنکاری ئەو بارە ئەکەم کە بەسەر پەرلەماندا هاتووە، هیوادارم ئەمە دوا دەست درێژی بێ بۆ سەر ئەم پەرلەمانە، چونکە لە ماوەی ئەم تەمەنەکورتەیدا، ئەمە سێ یەمین جارە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێ. جارێکی تریش بەخێربێن بەسەر چاو، ئێستاش دەقی ئەو پرۆژیە لەلایەن جەنابی سکرتێری پەرلەمانەوە ئەخوێندرێتەوە، پاشان وەکو هەموو دانیشتنێکی تری پەرلەمان دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكردستان ـ العراق

رقم القرار /٢

تاريخ القرار /١٩٩٦/٩/٣

**« قرار »**

استناداً الى احكام الفقرتين (١) و(٢) من المادة السادسة والخمسين من قانون المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قررالمجلس بجلسته غير الاعتيادية المنعقدة في المكان المحدد بتاريخ ١٩٩٦/٩/٣ اصدار القانون الاتي :-

**( قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٦)**

**قانون تمديد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**المادة الاولى :**

تمدد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكردستان ـ العراق لغاية ١٩٩٨/٦/٤ .

**المادة الثانية :**

ينفذ هذا القانون من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهرنامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**(الاسباب الموجبة)**

كان قد تحدد يوم ١٩٩٥/٦/٤ تأريخاً لانتهاء المدة القانونية للمجلس الوطني لكوردستان العراق بموجب القانون رقم/١ لسنة١٩٩٢والنظام الداخلي للمجلس رقم« ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل. وكانت المدة على وشك الانتهاء دون أن تتهيأ الظروف الملائمة لشعب كوردستان لممارسة حقه في اجراء انتخابات الدورة الانتخابية الثانية مما حدا بالمجلس تمديد دورته الانتخابية الاولى لسنة واحدة تنتهي في ١٩٩٦/٦/٤بموجب القانون رقم/١ لسنة ١٩٩٥وكان يحدو الجميع الامل في انهاء الاقتتال الداخلي وتحقيق السلام واجراء انتخابات عامة. إلا أن ما يؤسف له فان فترة التمديد الاولى كانت قد اوشكت على الانتهاء دون ان يتحقق لشعبنا ما كان يصبو اليه، مما حدا بالمجلس مرةً اخرى شعوراً منه بالمسؤولية التأريخية الملقاة على عاتقه ولانقاذ المكاسب المتحققة اصدار القانون رقم/١السنة١٩٩٦ لتمديد دورة المجلس لمدة ثلاثة

اشهر أخرى تنتهي في ١٩٩٦/٩/٤ . وحيث ان فترة التمديد الثانية لم يتبق منها سوى يوم واحد وان فواتها يعني هدر الفرصة التأريخية لشعبنا في الحفاظ على مكاسبه القومية ونظامه السياسي وتبديد طموحاته المشروعة وضياع تجربته الديمقراطية، وان المجلس شعوراً منه بمسؤوليته التأريخية تجاه شعب كوردستان وإلتزاماً من اعضائه بالقسم الذي أدوه للحفاظ على وحدة شعب وارض كوردستان ـ العراق ومصالحه العليا ومن اجل الحفاظ على المكسب التأريخي المتمثل في وجود وقيام پرلمان كوردستان باعتباره قاعدة الشرعية ومصدرها وعماد الديمقراطية وهو المؤسسة القائمة بأرادة الشعب والمعبر عنها في نفس الوقت، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەكرێتەوە لەماددەی یەكەمەوە دەست پێ دەكەین.

القانون رقم/٢ لسنه ١٩٩٦ قانون تمديد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

**المادة الاولى:**

تمدد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق لغاية ١٩٩٨/٦/٤ .

ئەم دەورەیە كە ئێستاكە هەیە، لە ١٩٩٦/٩/٤ تەواو ئەبێت پێشنیارەكە ئەوەیە كە درێژ بكرێتەوە بۆ ١٩٩٨/٦/٤ واتە: ساڵێک و نۆ مانگ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەكەم بۆ ئەو ماوەیەی كە دەست نیشان كراوە لەپرۆژەی بریارەكەدا، لەگەڵ ئەوەشدا كە هیوادارم منطق و عەقل و بەرژەوەندی میللەت لە بەردەممان دابنێین و بەزووترین كات كەش و بارێكی گونجاو ئامادە بكەین، بۆ ئەوەی كە حكومەتێكی زۆر لایەنە پێک بێت و یەكێک لە ئەركی سەرەكی ئەو حكومەتە ئەوە بێ كە هەڵبژاردنێكی تازە بكات و، كە ئەڵێن بۆ ساڵێک و نۆمانگ ئێمە پابەند نین بەوە، چونكە لە هەموو كاتێكدا بەپێی پێرەوی ناوخۆی، پەرلەمان دەتوانێ بریار وەربگرێت خۆی هەڵوەشێنێتەوە وداوای هەڵبژاردن بكات. لەو حاڵەتەدا سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بریار ئەدات كە هەڵبژاردن پاش (١٥) رۆژ ئەنجام بدرێت. وابزانم ئەگەر یاسایەكەم لەبیر بێ ولەوەیە كاک فرەنسۆ ئەو شتانەی باشتر لە من لەیاد بێت، بەڵام وابزانم شتێكی وا هەیە لە یاسایەكەدا. من شتێكی تریش زیاد دەكەم بۆ ئەوە لەگەڵ ئەوەی كە وترا لە هۆیە پێویستیەكان دوو سێ خاڵ هەنە وا لەم پەرلەمانە ئەكەن كە بوونی پێویستێكی مێژووی بێ، چونكە زۆر جار باسمان كردووە كە ئەمە لە مێژووی گەلەكەماندا یەكەم جارە پەرلەمانمان هەبێ لە هەموو پارچەكانی كوردستاندا، بەهەڵبژاردنیش هاتبێتە كایەوەو، لە هەمان كاتدا لەگەڵ ئەوەی كە پەرلەمان نەیتوانیوە بەدەوری خۆی هەڵسێ لەبەر هەندێ هۆ كە هیچ پێویست ناكا مرۆڤ باسی بكات و، هەموومان ئەیزانین پەرلەمان هێشتا لەناو خەڵكدا پیرۆزیی یەكی هەیە. خاڵێكی دووەم هەیە كە وابكا ئەم پەرلەمانە شتێكی گرنگ بێت و، درێژكردنەوەی تەمەنی شتێكی پێویست بێ: ئەم

پەرلەمانە ئەو پەتەیە کە هێشتا ئەو دووهێزە سەرەکییە لە کوردستاندا بە یەکەوە ئەبەستێ و، وابزانم چارەنووسی میللەتەکەو، چارەنووسی پەرلەمان و، چارەنووسی تاقیکردنەوەکە هەمووی بەستراوە بەوەی کەئەو دووهێزە تەبابن، برا بن، بەیەکەوە بەرگری بکەن لە بەرژەوەندی میللەت. خاڵێکی تر هەیە کە ئەم پەرلەمانە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە: لەگەڵ ئەوەی کە ناحەزانمان، باناویشیان نەبەین، ەنایانەوێ پەرلەمان هەبێ لەکوردستان، بەڵام دۆستانمان هەن کە ئەیانەوێ پەرلەمان هەبێ لەکوردستان. لەبەر زەختێکی زۆری هەندێ دەوڵەتی دەورووپشتمان لە کۆبوونەوەی (درۆگیدا) نەیان هێشت باسی ئەوە بکەن کە حوکمێکی مەرکەزی هەبێ یان حوکمەتێکی کوردستان هەبێ، بەڵام مەجبوور بوون باسی ئەوە بکەن کە ئەبێ پەرلەمانی کوردستان دابنیشێ بڕیار وەربگرێ. لە گفتوگۆکانی(دبلن)یشدا هەمان شت ئاماژەی بۆ کرا. لەبەر ئەوە مانای ئەوەیە ئەو دۆستانەمان کە ئێستاش پارێزگاریمان ئەکەن، ئەو دۆستانەش ئەم پەرلەمانەیان پێ گرنگەو مانەوەییان پێ گرنگە، ئێمەش ئەبێ بەراستی لە ئاستی بەرپرسیاریەتی خۆماندا بین، لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتە مێژووییەدا بین کە ئەرکی سەرشانی هەر یەکێکە لەئێمە تا بتوانین دووربکەوینەوە لە گرژی، لە حاڵەتی هەڵچوون. لە حاڵەتی گرژی وهەڵچووندا کەس ناتوانێ بڕیاری باش بدات و، بەپێچەوانەوە سەری لێ تێکدەچێ. ئینجا من لە کانگای دڵمەوە پیرۆزبایی ئەم بڕیارە ئەکەم و، هیوادارم کە ئەم پەرلەمانە بتوانێ کاریگەر بێ بۆ ئەو ئیشانەی کە دێنە پێش گەلەکەمان، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش بۆ مادە یەک دەرگای گفتوگۆ کرایەوە، کێ حەز ئەکا قسە بکات؟ بادەست بڵندکا ناوی بنووسین. ماددەی «یەکەم» کەس گفتوگۆی لەسەر نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمە وەکو خوێندمانەوە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

مادەی دووەم «المادة الثانية» ينفذ هذا القانون من تاريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە، کێ حەز ئەکا قسە بکا لەسەر ئەم ماددەیە «مادەی دووەم»؟ کاک جەمیل. کەسی تر نییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش مادەی «دووەم» ماددەیەکی تر هەبێ بڵێ «لايعمل بأى نص يتعارض مع احكام هذا القرار» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین رای برادەرانی یاسا چییە؟. فەرموو کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی بێگومان لە هەست کردنەوەیە، بەڵام بەڕای من چونکە دەقەکە زۆر

روون و ئاشکرایە لەبەر ئەوە پێی ناوێ دەقی تر هەبێ کە بڵێ «لایعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار»، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بڕیارێکی تەشریعییە هیچ شتێک نییە هاودژی بێت هەتا بڵێین «لایعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القرار» بۆیە شتەکە زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو پێشنیارێک. کێ لەگەڵ پێشنیاری کاک (جەمیل)ـە؟ تەنها کاک جەمیل لەگەڵ پێشنیارەکەیە، مانای ئەوەیە پەسەند نەبوو بەداخەوە کاک جەمیل. ماددەی (دووەم) مادام کەس گفتوگۆی لەسەر نییە دەخرێتە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ماددەی دووەمە وەکو خوێندمانەوە؟.

بەتێکڕا، کاک(جەمیل)یش لەگەڵ دایە. بەتێکڕای دەنگ دەنگدرا لەسەر ماددەی (دووەم). کێ لەگەڵ یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٦ یاسای (تمدید الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق) دایە وەکو خوێندمانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین بە تێکڕای دەنگ (اجماع) وەرگیرا. واتا یاسای ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٦ بۆ درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان وەرگیرا، زۆر زۆر سوپاستان ئەکەین. ئێستاش یاسایەکە تەواو بوو، کێ حەز ئەکا قسە بکا با ناوەکان بنووسین.

کاک حازم یوسفی، کاک عەدنان نەقشبەندیی، کاکەڕەش نەقشبەندیی، مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین چەمچەماڵی، کێی تر؟ کاک دکتۆر رزگار. بێگومان سەرۆکی فراکسیۆنەکان مافی خۆیانە هەموو کات قسە بکەن، ئەوان بواریان هەیە. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای هەموویان قسە ئەکەم و سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستا ئەو قسەیە دەکەم بە دڵێکی پڕ خوێن لەبەر ئەو بارودۆخەی کە ئێستا کوردستانی خۆشەویستمانی تێدایە، بەڕاستی من هەرگیز لە ژیانی خۆم دا نەم ویستووە کوردستان بەم شێوەیە ببینم، بەڵکو مردنم زۆر پێ خۆشتر بووە. پێشەکی ئەڵێم من ئێستا دەستم بڵند کرد بۆ ئەم یاسایە، چونکە بە قەناعەتەوە من وا تێدەگەم کە ئەمە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە و من لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستاندا سوێندم خواردووە کە یەکێتی خاک و گەلی کوردستان بپارێزم و، ئەوەش پابەندییەکی ئەخلاقییە بەو سوێندەوە، بۆیە من دەنگم بەرز کردەوە بۆ

درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان، چونکە من وا دەزانم هەر چۆنێک بێ، مانەوەی پەرلەمان بۆ میللەتی کورد باشترە لەوەی کە پەرلەمان نەمێنێ. قەت کوردستانی ئازیزمان نەبینیوە لەبارێکی (ظروفێکی) وەکو ئەمڕۆدا، بەبۆچوونی من پێش ئێستا هیچ ڕۆژێک وەکو ئێستا نەبووە. بۆیە من تەئکید ئەکەم کە فعلەن بەدڵێکی پڕ خوێن من دەنگی خۆم ئەخەمە پاڵ دەنگی سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆ ئیدانەی ئەو بارودۆخەی ئێستا پەرلەمانی ئێمە تێدایەو، داوا دەکەم لە هەموو لایەک کە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی پەرلەمانمان رزگار بێ و، ئازاد بێ و، ئێمە بتوانین وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە ناو هۆڵی پەرلەمان دابنیشین کە هەر ئاواتمان بووە، بڕیاری خۆمان بدەین و، ئومێدەوارم بەزووترین کات هەموومان پێکەوە لەهۆڵی پەرلەمان کۆبینەوە بۆ بڕیاری گرنگترو باشتر بۆ میللەتەکەمان. من لێرەدا بەم بۆنەیەوە بەبیری خۆمان و برادەرانم دەهێنمەوە، بەبیری سەرکردایەتی هەر دوولا دەهێنمەوە کە ئێمە وەکو پەرلەمان بنەمایەکی زۆر باش و، لەبەرژەوەندیی میللەتی کوردمان داناوە ئەویش بڕیارەکانی پەرلەمانە لەرۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥دا. بۆیە داوا ئەکەم لەهەر دوولا کە بگەڕێنەوە سەر بڕیارەکان و، پابەندی بڕیارەکانی پەرلەمان بن و، بگەڕێنەوە سەر مەنتیقی گفتوگۆو دانوستان وئاشتی، چونکە من بەڕاستی هەرگیز لەژیانی خۆمدا وەکو ئەمڕۆ ڕەش بین نەبوویمە. خەریکە کوردستان کاول دەبێ، ئەگەر وابڕوا خوا نەخواستە کاول بێ، هەموومان تەحەمولی ئەم بەرپرسیارەتیە دەکەین هەرکەس بەپێی شوێنی خۆیەوە. ئەبێ هەموومان بە خۆماندا بچینەوە و، هەموومان لەئاستی شوێنی خۆمان بەرپرسیار بین. بڕیاربدەین بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیەو، لەپێش هەموویان بەتەئکید ئەوا من داوا لەبەرێزان مام جەلال و کاک مەسعود دەکەم کە هەردووکیان ئەمڕۆ بڕیاریان بە دەستە، نازانم من باسی مولابەسات و ئیشکالاتی گرفتەکە ناکەم، کە چۆنەو چۆن نییە، بەڵام ئێمە بەرپرسیارین و لە پێش هەموومان ئەو دوو کەسە. من لێرەدا قسەیەک دەکەم ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ماوەم پێ بدات، دەبوایە وەکو جێگری سەرۆکی فراکسیۆن هیچ نەبا دەبا پرس بە ئێمە کرابا، برادەرێک لە لیستی ئێمەدا بە ئیرادەی خۆی لیستی ئێمەی بەجێ هێشتووە و ئەمڕۆ لە کۆبوونەوە ئامادە ببێ، رەخنەی خۆم تۆمار دەکەم لەم کۆبوونەوەیە، حەق بوو لەمن بپرسن وەکو سەرۆکایەتی فراکسیۆن ئایا ئەوە بواری تێدایە یان نا؟ چونکە ئەو خۆی ئەو بڕیارەی خۆی داوە، سوپاستان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک حازم یوسفی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بۆ ئەو وشانەی، بەڵام وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان تێبینییەکەی کە لە دوایی دا باسی کرد دوولایەنی هەیە: لایەنی یەکەمی ئەم دانیشتنە تەنها بۆ ئەو خاڵە کرا کە لە بەرنامەی کاردا بوو کە هەردوو فراکسیۆن و برایانی لیستی مۆر رێکەوتنیان لەسەر کردبوو، ئێمە وەکو سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەمان لەسەر کرد و بڕیارمان لەسەردا. دووەم ئەوەی کە باسی کرد، لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە بۆمان هاتووە

و ئەو برادەرەی کەباسی کرد هێشتا ئەندامی پەرلەمانە، وابزانم ئەو مافەی هەیە هەتاکو ئەندامی پەرلەمان بێت لە کۆبوونەوەی ئێمەدا ئامادە بێت. وەکوو وتیشم ئەم کۆبوونەوەیە تەنها بۆ درێژکردنەوە بوو بۆ هیچ شتێکی تر نەبوو، جارێکی تر زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نامەوێ قسەبکەم وسوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر زۆر مێژووییە کە ئێستا ئێمە لێرەدا بۆی دانیشتووین، ئەویش درێژ کردنەوەی خولی پەرلەمانە بۆ پاراستنی گەورەترین دەسکەوت کە میللەتی کورد بەدەستی هێناوە کە ئەنجامی هەزاران قوربانی دان وخوێنی شەهیدانی میللەتی کوردە، هەروەک لای برادەران ئاشکرایە کە ئەرکی ئێمە وەک پەرلەمانتار، دانانی یاسایە کە تائێستا هیچ درێغیمان نەکردووە، وەکو پێویست هەموو شتێکمان کردووە. کێشەی هەرە گەورەی ئێمە ئەوە بووە کە ئێمە نەمان توانیووە ئەو یاساو ئەو شتانەی کە تەشریعی دەکەین وەکو پێویست بتوانین ئەو یاسایانە جێبەجێیان بکەین و، بەقەبارەی خۆی بگاتە ناو خەڵک و، خەڵکیش سوودی لێ وەربگرێ. جا لەبەر ئەوە حەزدەکەم برادەرانی ئێمە وەکو پەرلەمانتار تێ بگەن کە ئێستا ئەرک وکاری ئێمە هەردانانی یاسا نییە، بەڵکو دروست کردنی ئاشتییە لە کوردستان و، هەوڵ بدەین ئەو بارودۆخە نالەبارە نەمێنێ لە کوردستان، تاکو بتوانین ئێمە وەکو پێویست دەوری خۆمان ببینین کە پەرلەمان دەسەلاتێکی ڕاپەڕاندن وەکو پێویست دابنێت، ئەویش بتوانێ دەوری خۆی ببینێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کەوا پەرلەمان دایاندەنێ، ئینجا ئومێدەوارم کەوا هەموو برادەران بەیەک دەنگ، هەموو کتلەکان وهەموو لیستەکان هەوڵ بدەین بەزووترین کات بچینەوە ناو تەلاری پەرلەمان و، دەست بکەین بە پێکهێنانی لیژنەکان و، پەیوەندی بەهەموو لایەکەوە بکەین و، گوشاریان لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئاشتی، چونکە لە ئاشتی زیاتر هیچ شتێکی تر نییە میللەت سوودی لێ وەربگرێ و، هەر دەرچوونێک لە ئاشتی بەخودا زەرەرە بۆ میللەت. میللەت ماڵ وێران ئەبێ، بەسە ئیتر بامیللەتەکە چی تر ماڵ وێران نەبێ و، سەرفراز بێ لەو بارودۆخەی کە تێیدایە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاکەرەش، فەرموو بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین.

**بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە من زۆر بەخوشحاڵییەوە و، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو خولی پەرلەمان درێژ کرایەوەو،

تەمەنی پەرلەمان درێژ بۆوە بۆ ئەو ماوەیە، چونکە درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بەڕاستی ئەو سوێندەی کە لەم پەرلەمانەدا خواردومانە هێنایە دی. ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ یەکێتی خاکی وولاتی خۆمان و بۆ ئەوەی کە کوردستان یەک کوردستان بێ و کورد خاوەنی ئەو ئەزموونەی خۆی بێ ولەدەستی نەدا. وەفایەکی ئێمە بوو بەرامبەر بەو سوێندەو بەشداریمان بەشانازیەکی گەورەی مێژووی دەزانم بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی ئێستا کە لێرە بەشدار بوون. برای بەڕێزم مامۆستا کاکەڕەش لەپێشدا قسەیەکی باشی کردو من پشتگیری دەکەم، ئێمە دەبێ بیر بکەینەوە لەوەی ئێستا چیمان بەسەر دێ، بۆ کوێ ئەچین، ئەم شەڕە خۆکوژیە، براکوژیە بۆچی و لەپێناوی چی؟ لەبەرژەوەندی کێ دایە؟ خەریکە شەڕی عێراق وئێران لەسەر سەری میللەتی کوردی قوڕ بەسەرو ئەنفال کراو و داماوو لە برسان مردوو جارێکی تر دروست ئەکرێتەوە. ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان ئەبێ هەموو توانای خۆمان بخەینە کارەوە، هەر ئێمە بووین سینگمان دایە بەر گوللەو توانیمان شەڕی یەکەم جار بووەستێنین و بگەڕێینەوە پەرلەمان هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین ،کە جەماوەری کوردستان سوپاسیان کردین. ئێستا ئێمە بەرەو (قەیران)و تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر زۆر گەورە دەڕۆین و ئەزموونەکەمان بەرەو ترسناکی و دژواری دەچێ و، ئێستا ئێمە توانیمان ئەوەندەی لێ ڕزگار بکەین کە پەرلەمان بمێنێ، بەڵام لەوە گەورەتر ئەوەیە ئێمە ئێستا ئەوا دەبینین هێڵی(٣٦) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەزێندرا، مانای وایە گۆڕانێکی زۆر گەورە ئەبێت، جابا ئێمە دەست بەکار بکەین، ئەم زەرەرەی کە ئێستا لە میللەتی کورد کەوت، ئەم بارودۆخە خراپەی کەڕووی لێمانە ئەتوانین بیگۆڕین بە چاکە. ئیسرائیل لەگەڵ عەرەب دانیشتن هەرچەندە دوژمن بوون لەگەڵ یەکتری دا، قەت سیاسەت ئەوەی نییە بڵێ ئێمە پێکەوە دانانیشین. بائێمە لە ئێستاوە داوا لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامان بکەین لە ئێستاوە بڕیاری ئەوە بدەین، نارەزایی خۆمان بەرامبەر بەهەموو دەست تێوەردانێکی بێگانە دەرببڕین و لە ئێستاوە لیژنەکانمان دروست بکەین و دەست بەکاربین بۆ ئەوەی ئەو خراپەی ئێستا ڕووی لە میللەتی کوردە بیگۆڕین بۆ بەرژەوەندی و چاکەی خەڵکەکە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان سەربەرز بکەین. ئیتر بەسە خوێنی شەهیدانی ئێمە بە ناهەق برژێ، بەسە تاکەی یەکتری بکوژین ؟ ئەوە میللەتمان لەبرسانا مرد، جاران خەڵک ئەهات ئەی وت خۆزگە پێشمەرگە بهاتایە خوشکەکەم پێ بدایە، خۆزگە پێشمەرگەیەک ببینم نانێکم بدا بایە پێی، دەستم لەمل بکردایە، بەخوا ئەوکاتەی پێشمەرگە ئەهات خەڵکی باوەشیان پێدا دەکرد، کەچی ئێستا پێشمەرگە وای لێ هات کە خەڵکی نەفرەتی لێ بکات. هەمووی هۆیەکەی براکوژییە بۆیە من ئەو کۆبوونەوە یە بەپیرۆزو چاک ئەزانم و، هیوادارم لە ئێستا بەدواوە دەست بەکاربین لیژنەی ئاسایی کردنەوە، لیژنەی ئاشتی (صلح) دروست بکەین، سەردانی هەردوو بەرێزان بکەین، پێکەوە هەلێکی وا دروست بکەین کە ئەو مەترسییەی ڕووی لێمانە بیگۆڕین بە چاکە(وعسى أن تكرهوا شيئا فهو خير لكم) خوا دەفەرمووێ زۆرجار شت هەیە بە خراپی دەزانن کەچی بەچاک دەگەڕێتەوە بۆتان،

ئەگەر ئێمە ئەم هەلە بقۆزینەوە بەراستی دەتوانین دژی هەموو دەست تێوەردانێک بوەستین ورێک بکەوینەوەو دەست بکەین بە ئیش وکارەکانی خۆمان. دەرس ئەگەر لە مێژوو ورابوردومان وەرناگرین بادەرس لەدوێنێ و ئەمڕۆمان وەرگرین، زۆرسوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆنەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ(٢١)مانگی تر پیرۆزبایی لەخۆمان ولەگەلی خۆمان دەکەین کە توانیمان جارێکی تر پەرلەمانی خۆمان لە مەترسی رزگار کەین. دڵنیام وێنەی ئەم دانیشتنەمان کە لەتەلەفزیۆنەکانی هەرێمدا بلاو دەکرێتەوە دەبێتە مایەی رەحەتی ودڵخۆشی هەمووان و لەوانەیە فرمێسکی شادیی لەچاوان بباریێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوا دوو ساڵە پەرلەمان، کە بەری خوێن ورەنجی گەل و هەزاران شەهیدی نەمرە، لەکار کەوتووە. جا بۆ ئەوەی نیشانی دۆست ودوژمنانی خۆمان بدەین کە ئەم پەرلەمانە چەند گرنگ وبایەخدارە، دەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەین ئەم پەرلەمانە بمینێت وشەرعیەت بگەڕێتەوەو یاسا جێگیر بکرێت. ناحەزان هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بوونە ئەو ئەزموونەمان بروخێنن ونەیهێلن، بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانین هەموومان پێکەوە بەیەک دەست هەوڵی مانەوەو درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بدەین، بەم درێژکردنەوەش بتوانین هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاد ئەنجام بدەین تاکو پەرلەمانێک دروست بکەین جێگەی متمانەو ئومێدی میللەت بێت، دیسانەوە ئاشتی بگەڕێتەوە ولاتمان و یاسا بچەسپێت وگەلی کوردستان بە ئاشتی وتەناهی بژیت. دووبارە پیرۆزبێت و، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر ئاشتی وتەبایی تەنها ئەوەندە دەڵێم: «خوا ئەو کەسە بگرێ کە لەگەڵ ئاشتی و تەبایی نەبووە و نییە». بۆ مەسەلەی پەرلەمان، من زۆرم لاسەیرە ئەم کۆبوونەوەیە لێرە کرا، من تا درەنگ لەهەولێر بووم چاوەڕوانیش بووم کەبێین لەپەرلەمان کۆبوونەوەکە بکرێت. من کاتژمێر دووی ئەمڕۆ سەرم لە پەرلەمان داوە یەک بەشەر لە حەوشی پەرلەمان و لەپەرلەماندا نەبووە، من مشووری ئەوەم خواردووە چەند پێشمەرگەیەک لەجادەی دەرەوەو لەدەرگای دەرەوە لەوێ دابوەستن هێشک لە پەرلەمان بگرن. لەبەیانی زووەوە یان ئەم شەوە دەستەی سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر دەتوانن کۆبوونەوە لە پەرلەماندا بکەن و، دەتواندرا ئەم کۆبوونەوەیە لەپەرلەمان بکرێت. زۆر شتێکی ئاسایی وتەبیعی بوو کە ئەم کۆبوونەوەیە لە پەرلەمان بکرێت. بۆ مەسەلەی برای خۆشەویستمان کاک حازم کە باسی کاکە سیروان نەورۆڵی کرد، کاک سیروان ئەندامی پەرلەمانەو بەپێی یاسای پەرلەمان تائێستا ئەندامی پەرلەمانە، نەلەسێ کۆبوونەوە ئامادە نەبووەو، نەخاوەن لیستەکە

داوای گـۆرینی کـردووه لەپەرلەمـان. ئەبێ پەرلەمـان رای لەسـەر بدات، واتا ئەندامـەتی لێ وەربگیـرێتـەوە، لەخـۆیەوە ناکرێ بلـێین ئەندامی پەرلەمـان نییـە، ئەندامی پەرلەمان یان ئەبێ لەسێ کۆبوونەوە لەسەریەک ئامادە نەبێ بۆ ئەوەی ئەو مەرجە تەواوبێ و پەرلەمان بریاری لەسەر بدا کە ئەندام نییە، یان ئەبێ خاوەن لیستـەکە داوا بکات(ثقـة)ی لێ وەربگرێتـەوەو بلـێ ئەندامی پەرلەمان نییە، ئێستا ئەو ئەندامی پەرلەمانە و، کارێکی یاسایی وسروشتییـە کە بەشداریی کردییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جارێکی تریش بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە سوپاستان ئەکەین و، ئەگەر مـۆڵەتمان بدەن بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی شەقلاوە ئەکەین، کە ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمە رەخساند تا بتوانین لێرە ئەم کۆبوونەوەیە ئەنجام بدەین. مزگەوتی گەورەی شەقلاوەیش چووە مێژووەوە وەک کاک فرەنسۆ ئەڵێ و، شـەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ لەم مزگەوتەدا کۆبوینەوە. کۆبوونەوەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ هات و، بۆ کـۆبوونەوەی تر دەسـتەی سەرۆکـایەتی ان شـاء الله هەوڵ دەدات بەزووترین کـات لەهەولێر ببەسترێ وئاگاداریش دەکرێنەوە و، هیواداربن کۆبوونەوەی ئایندەمان لەپەرلەمانی کوردستاندا بێت وزۆر سوپاستان ئەکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحـمـەد عـەزیز ئاغـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من زۆر سوپاسی کاک فرەنسۆ ئەکەم کە ئەو خەبەرە خۆشەی دابە ئێمە کە مرۆڤ ئیتر ئەتوانێ بچێتە پەرلەمان ودابنیشێت و ڕێزی (حەصانە)ی پەرلەمانی ئەندامان بگیرێت، بەڵام خۆزگە ئەم خەبەرەی لەپێشتر بەئێمە راگەیاند بایە، بە خەڵکیشمان نەئەوت بێن بۆ ئێرە بەپێچەوانەوە بە ئەندامـانیـشـمـان دەوت لێـرەوە بێن بۆ ئەوێ، چونکە دوێنێ کـاک فـرەنسـۆ ئەو رایەی نەبوو. الحمدلله ئەمڕۆ وادیارە بارودۆخەکە تۆزێ هێمن بۆتەوە و،گەیشتۆتە ئەم رایە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جارێکی تریش زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

دووشەمە رێکەوتی ١٩٩٦/٩/١٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹٦/۹/۱٦

***کاتژمێر (۱۰)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹٦/۹/۱٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(۱)ی خولی دووەمی ئاسایی، ساڵی (۱۹۹٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***۱ـ کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.***

***۲ـ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە(۳۱)ی ڕۆژی ۱۹۹٤/۱۱/۲٦ی پەرلەمان بە ڕاسپاردنی بەڕێزان کۆسرەت عەبدوڵلا ڕەسول و د.ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەم.***

***۳ـ ناوزەد کردنی پاڵێوراوێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانا/ کابینەی سێیەم.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی پێنجەمی پەرلەمانی کورستان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتییە لەسێ خاڵ کە خۆی دوو خاڵ بوو لەڕاستیدا، خاڵی یەکەممان تەواو کرد کە کردنەوەی خولی یەکەمە، دووهەم هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیە کە لەڕۆژی ۱۹۹٤/۱۱/۲٦وەرگیرابوو کە بڕیاری ژمارە «۳۱»مان بوو و، هەروەها ناولێنانی پاڵێوراوێک بوو بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. دەقی بڕیارەکە بەم شێوەیە ئامادە کراوە، بەڵام پێشەکی ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی وەرگیرا لە۱۹۹٤/۱۱/۲٦ بۆ ڕاسپاردنی پێکهێنانی کابینەی سێیەم، دەرکەوت ئەوە نەکراو ئەو ئەرکە ئەنجام نەدرا، بۆیە لەم کۆبوونەوەیەدا ئەبێت بڕیارێک بدەین بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە. خاڵی تریش ناولێنانەو دێینە سەری. ئێستاکە خاڵەکانی بەرنامەی کارمان بەم جۆرە دەبێ..

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو لایەک دەکەم. لێرە لە پەرلەمانی کوردستان پاش ئەوەی لە ماوەی زیاتر لەساڵێک و نۆ مانگ کە ئەم هۆڵەمان بەجێ هێشت لەبەر ئەو بارودۆخەی کە بەسەر میللەتەکەماندا تێ پەڕی، وا جارێکی تر دێینەوە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە لەیاسای پەرلەمان و یاساکانی تری کوردستاندا دیاری کراوە بۆ ئیش و کارەکانی ئێمە، هیواداریین بتوانین لە قۆناغی تازەماندا ئەو ئەرکانە وەکو پێویست ئەنجام بدەین.

ئەگەر قۆناغی پێش ئێستا لەبەر بارودۆخەکە زۆر لە یاساکانی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەری کردبوون جێبەجێ نەکران ئەوا لە قۆناغی تازەمان دا پێویستە جێبەجێ بکرێن و، یاسای پێویست یا بڕیاری پێویست بۆ ئایندە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت.

ئێمە هەرگیز رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەبیر ناکەین. دڵنیام ئێوەی بەڕێز و هەموو دڵسۆزێک ئەمرۆ لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان دا شانازی بەیەکەم پەرلەمانی کوردستانی هەڵبژێردراو دەکا، بەرهەمەکانتان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا شاهیدن. شاکارەکانی پەرلەمانی کوردستان لە جاڕدانی بەیاننامەی فیدرالیەت و یاسای حزبەکان و یاسای قەدەغەکردنی چەک و یاسای راگەیاندن و چاپەمەنی و دەیەها یاسای تر، لەو شاکارانەن کە زۆر لە پسپۆرو زاناکانی میللەتان و خەڵکی تریش مەتح و سەنایان کردووەو، هەڵوێستتان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، لە قۆناغە جیاجیاکانی پێش ئێستا ولە کات و ساتە زۆر ترسناکەکان دا نیشانەی فیداکاری و غەم خۆریتانە.

نابێ ئێمە لەبیری بکەین کە پەرلەمانی کوردستان زۆر جار بووە بە مەڵبەندی ئاسایی کردنەوەو چەندەها لە ئەندامانی پەرلەمانی ئێمە ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و شەرعیەت و، نابێ هەڵوێستتان لە ١٩٩٤/٧/٢٥دا هەرگیز لەبیر بکەین، ئەو هەڵوێستەی کە بۆ ماوەی سێ مانگ لەم پەرلەمانەدا مانتان گرت بۆ ئاشتی و بۆ چەسپاندنی شەرعییەت. کۆبوونەوەی ١٩٩٦/٩/٣ کە لە دوا ساتەکانی تەمەنی ئەم پەرلەمانەدا بوو کە هەموو لایەنگیریی حزبایەتی بەرتەسکتان وەلانا بۆ رزگارکردنی ئەم ئەزموونەوە جێگای رێزو ستایشە. من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر برایانی سەرۆکایەتی رێگەم پێ بدەن سوپاسێکی بێ پایانتان دەکەم. ان شاءالله قۆناغی ئایندە، قۆناغی چەسپاندنی یاساو شەرعییەتە. داوای سەرکەوتن بۆ

هەموو لایەک دەکەم. و ئێستا دێینەوە سەر خاڵی بەرنامەی کارمان و دەیخەینە دەنگدانەوە. ئەگەر چ تێبینییەک نەبێ لەسەر ئەو بڕیارە، بڕیاری «٣١» لە ڕۆژی ١١/٢٦ بۆ هەڵوەشاندنەوەی. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێویست بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە ناکات. ڕاسپێردراوە کابینە پێک بێنێ ونەی توانیوە کابینە پێک بێنێ، مافێکی سروشتی پەرلەمانە کە یەکێکی تر ڕاسپێرێ بۆ ئەم کارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لە میللەتەکەی خۆمان دەکەین بەوەی کە پەرلەمانەکەمان پاراست کە دەست کەوتێکی گەورەی ئێمەیە. ئەمن پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم، چونکە لە بنەڕەتدا ڕاسپاردەکە بەڕێز د. ڕۆژی تیابوو بۆیە ئێستا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە صیغەکە بەو شێوەیە بێ: لەبەر بارودۆخی تایبەت کە نەیان توانی کابینەکە پێکبێنن، بۆیە د. ڕۆژ ڕاسپێردرا بۆ پێک هێنانی کابینەکە. زیاد لەئەوە من پێم باشتر بوو بڕیارەکە پێشکەش بە لیژنەی یاسا بکرابایە، ئەمن وەکو ئەندامێک لە لیژنەی یاسا ئەم قسەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام وەکو باوە لامان، هەر بڕیارێک دەسەڵاتی یاسایی هەیە. تۆ بڕیارێکی تر وەربگری بەرامبەر ئەو بڕیارە. ئەو بڕیارە کار پێکراوە(ساري المفعول) ئەبێ، واتا دەمێنێتەوە. بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی ئێمە بڕیارێکی تر بدەین لەم پەرلەمانە بۆ هەمان کێشە ئەبێت ئەو بڕیارەی پێش ئێستاکە چارەسەر بکرێت. بەڕای من برایانی یاسایی زیاتر ئەوە روون بکەنەوە، کاک فەرسەت وابزانم بتوانێ ئەو کێشەیە زیاتر روون بکاتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورن، ڕای کاک فرەنسۆ قابیلی وەرگرتنە، چونکە دەرکردنی بڕیارێکی تازە نەسخی بڕیارە

کۆنەکەی پێ دەکرێت. هەردەم بڕیاری هاتوو (نەسخی) بڕیاری پێشوو دەکات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاک فرەنسۆ دەکەم. بەقەناعەتی من وەکو یاساش خۆی راسپاردنی ئەو ئەرکە، کە کەسێک راسپێردراوە کە نەیتوانیوە پێکی بهێنێ (كـأن لم يكن) جا لەبەر ئەوە دەگونجێ لە نوێ راسپێردرێتەوە کە وەکو کاک فەرسەت گوتی ئەو بڕیارە، بە(تەبیعەتی حاڵ)خۆی هەڵوەشاوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئێمە بەو شێوەیە ئەو برگەیە چارەسەر دەکەین کە پاش گفتوگۆ کاک د.رۆژ نوری شاوەیس ناولێبندرێت(تسمية بكرێت) بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکە بچەسپێت. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟..یەک دەنگ کە لەگەڵ نییە، بەزۆربەی دەنگ بڕیارەکە وەرگیرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاردەکەم (لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار) وەکو برگەیەک زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پاشان لیژنەی یاسا تەماشای بکات بۆ دارشتنەوەی. ئەمە بابەتی راسپاردنە، پاشان بڕیارەکە وەکو خۆی دادەڕێژرێتەوە. بەرنامەی کاری ئێمە هەر ئەو خاڵە بوو و، باسمان کرد. بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لە برای خۆشەویست کاک د. رۆژ دەکەین بۆ ناولێنانی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. هیوادارین بەماوەیەکی کورت، کابینەکەی پێشکەش بکات بۆمان بۆئەوەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی بکەین بۆ وەرگرتنی بڕوا، چونکە وەکو هەمووتان ئاگادارن بارودۆخی ئەمڕۆ پێویستی یەکی زۆری هەیە

تاکو بەزووترین کات برایانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکاربن. جارێکی تر پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لێ دەکەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا / جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پیرۆزبایی لە د. رۆژ دەکەم و، لەو بڕوایەدام کە د. رۆژ وەزارەتێکی فراوان و بەخەڵکی لێ هاتووی بەتوانا پێک بێنێ و نوێنەرانی حزبەکانی تریشی تێدابێ و، گومانیشم لەوەدا نییە کە هەڵوێستی کاکە رۆژ لە بەڕێوەبردنی وەزارەتدا وەکو سەروکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان وا ئەبێ نەک هەڵوێستی سەرۆکی وەزیرانی حزبێکی دیاری کراو بێت و، هیوام هەر بەوەیە کە ئەتوانێ متمانەی ئەو خەڵکەی کە ئێستا تووشی نا ئومێدی بوون، ئەو بڕوایە وەربگرێتەوە ئیتر پیرۆز بێ، سوپاس.

**بەڕێز.د. رۆژ نوری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاسی ئەو بڕوایەتان ئەکەم و، سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەم و، بەتایبەتی سوپاسی ئەو دەنگە دەکەم کە دژی هەڵبژاردنی من بوو، چونکە لەڕاستیدا ئەرکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر زەحمەت و قورس و گرانە. هەر سەیری دەورو پشت و سەیرێکی بارودۆخەکە بکەین ئەزانین ئەوەی کە بە من سپێردراوە لەوانەیە لە ووزە وتاقەتی من زیاتر بێت، پێویستی بەهاوکاری هەموو لایەک هەبێ. پێم خۆشە کە بڵێم کاتێ کەبووم بەئەندامی پەرلەمان من وەکو ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم بە ئەندامی پەرلەمان. بۆیە بووم بەئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە لەو قەناعەت و بیروباوەڕەدام کە پارتی دیموکراتی کوردستان ،پارتی بارزانیی نەمر بۆ ئەوە دروست بووە کە خزمەتی نەتەوەی کورد بکات. کە بووشم بە ئەندامی پەرلەمان سوێندم بەوە خواردووە کە یەک پارچەیی خاکی کوردستان و گەلی کوردستان بپارێزم. ئەمڕۆ بۆ ئەوە سەربەرز و دڵ خۆشم کە خاکەکەمان بووەتەوە بە یەک. ئەبێت هەوڵێکی تەواویش بدەین گەلەکەمان ببێتەوە بەیەک. کابینەی ئەم جارەمان هیوادارم ببێت بە کابینەی یەک بوون و، ببێت بە کابینەی فرە حزبی، کابینەی سوربوون لەسەر مافەکانی گەلی کورد و پارێزگاری لەفیدرالیەت کە بڕیاری ئەم پەرلەمانە بەڕێزەیە. ئەبێت

پێش هەموو شتێک ئاسایش و ئازادی و دیموکراتیەت بگەڕێنینەوە ناو وولاتەکەمان، ئەبێ ئەوە دابین بکەین کە هەر هاوولاتیەک، هەر کوردێک بە ئازادی خۆی بچێتە کار بەبێ ئەوەی دەست درێژی لێ بکرێت، بەبێ ئەوەی زۆری لێ بکرێت، دەبێ ئیش و کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و ژیانی خۆی بەئاسوودەیی بباتە سەر. ئەم کابینەیە ئەبێ هەوڵی تەواو بدات یاساکانی پەرلەمان جێبەجێ بکات، برینەکانمان سارێژ بکات، یەکێتی گەل بپارێزێ. ئەبێ هەوڵ بدەین پێش هەموو شتێک مووچەی فەرمانبەران بدەین، کارگوزاری بۆ هاوولاتیان پێشکەش بکەین، بەردەوام بین لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکان بە تایبەتی پرۆژەکانی ئاو و کارەباو ڕێگا و بان، ولە هەمان کاتیشدا ئەبێ زەمانەت و دڵنیایی بدەین بە دراوسێکانمان، وهەموو دراوسێکانمان تێ بگەیەنین کە ئێمە گرفت خولقێن نین، ئێمە هۆکارێکی ئارامی وتەباییین لە ناوچەکەداو، خوازیارین پەیوەندی دراوسێیەتی ڕێک وپێک وئاساییمان هەبێ. لەم کاتەدا هەر ئەمانەم پێ دەوترێت، جارێکی تر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لێرەدا دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواوبوو، بۆ دانیشتنی ئایندە لەبارەی سات و کاتی دا ئاگادارتان دەکەینەوە زۆر زۆر سوپاستان دەکەین، بەخێربێن.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (٢)ی ئاسایی خولی دووەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گۆڕینی ئەندامانی ئەنجوومەن کە ناوەکانیان لەخوارەوە نووسراوە بەپێی داواکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنووسراوی ژمارە(١٠٣٨)ی لە ١٩٩٦/٩/٢٢:***

***أ- دانانی بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی لەشوێنی بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ.***

***ب - دانانی بەڕێز مەئمون نور محەممەد بریفکانی لەجیاتی بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان.***

***ج - دانانی بەڕێز رقیب حسێن مەلا لەجیاتی خوا لێ خوش بوو مەلامحەمەد شەریف.***

***٢- گۆڕینی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەخێربێن. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان «١٩٩٦/٩/٢٣» بریتییە لەم خاڵانە:-

١- گۆڕینی ئەندامانی ئەنجوومەن، کە ناوەکانیان لەخوارەوە نووسراوە بەپێ ی داواکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوی ژمارە( ١٠٣٨)ی لە ١٩٩٦/٩/٢٢دا.

أ - دانانی بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی لەشوێنی بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگ.

ب - دانانی بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی لەجیاتی بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان.

جـ - دانانی بەڕێز رەقیب حسێن مەلا لەجیاتی خوا لێ خۆش بوو مەلا محەمەد شەریف.

٢ - گۆڕینی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢ کە لەلایەن لیژنەی یاسای پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە ، بمان بوورن کە بەرنامەی کارمان بەسەرتاندا بڵاو نەکردەوە، چونکە لەڕاستیدا دەزگایەکمان نییە بۆ چاپ، إن

شا ءالله بەزووترین کات چارەسەری ئەو گرفتانە دەکەین، ئەمەش بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە.
خاڵی یەکەممان وەکو باسمان کرد گۆڕینی ئەندامانی ئەنجوومەن کە ناوەکانیان لەخوارەوە نووسراوە بەپێی ئەو نووسراوەی کە باسمان کرد، یەکەم ناویش بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی لەشوێنی بەڕێز خەیری سەعید عەلی بەگە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.
ب ـ دانانی بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی لەجیاتی بەڕێز بەختیار حەیدر عوسمان.
کێ لەگەڵ ئەوەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.
جـ ـ دانانی بەڕێز رەقیب حسێن مەلا لە شوێنی خوا لێ خۆش بوو مەلا محەمەد شەریف کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەویش وەرگیرا. ئەگەر ئامادەن با بفەرموون. ئێستاش بەپێی بڕیاری پەرلەمان کە ئەمڕۆ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا:
١ ـ بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی وەکو ئەندامی پەرلەمان بخرێتە شوێنی خەیری سەعید عەلی بەگ، پیرۆزبایی لێ دەکەین.
٢ـ بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی لەجیاتی بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان، پیرۆزبایی لێ دەکەین.
٣ـ بەڕێز رەقیب حسێن مەلا لەجیاتی خوا لێ خۆش بوو مەلا محەمەد شەریف، پیرۆزبایی لێ دەکەین.
ئێستاش بەپێ ی ئەو نەریتەی کە هەیە بەپێی یاسا ئەبێ بەڕێزان سوێند بخۆن، بەڕێز کاک فەلەکەددین کاکەیی بابفەرمووێ..

**بەڕێز فەلەکەددین کاکەیی:**

سوێند بەخودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی:**

سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پیرۆزبایی لەبەڕێزان کاک فەلەکەددین و کاک مەئمون وکاک رەقیب دەکەین بەبوونیان بە ئەندامی پەرلەمان، هیواداریین سەرکەوتووبن. بێینەوە سەرخاڵی دووەم، پرۆژەی گۆڕینی یاسای

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە «٣»ی ساڵی ١٩٩٢کە لەلایەن ژمارەی یاسایەوە لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە و جەنابی سکرتێر دەیخوێنێتەوە، پێشەکی رای لیژنەی یاسا بخوێندرێتەوەو پاشان دێینە سەر پرۆژەکە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

السيد رئيس البرلمان المحترم.

الموضوع/ مشروع القانون

١- نرفق لكم طياً مشروع تعديل قانون مجلس الوزراء رقم «٣» لسنة ١٩٩٣ بعد صياغته من قبل لجنتنا ويتلخص رأينا بتأجيل تعديل القانون المذكور لحين تشكيل مجلس الوزراء ومنحه الثقة القانونية من قبل المجلس حيث ان مجلس الوزراء ادرى بحاجته الى مثل هذه التعديلات بما ينسجم و برامجه وبرامج الوزراء للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەتەئکید، هەردەم لیژنەی یاسا جێی متمانەی سەرۆکایەتی و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بووە، سروشتییە ئەوە جێگای سوپاسی ئێمەیە. بۆ ئەوەی شتەکە روون بێت ئەمەی کە هاتووە رووە یاساییەکەی لە(١٠٠٪) تەواوە، چونکە (١٠) ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیان هەیە وەکو بنەمایەکی یاسایی پرۆژە پێشکەش بکەن. بێگومان پرۆژەکە وەک پرۆژە راستە، بەس ئەوەی باوە زۆر جار ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێت ئینجا ئەو پێشکەشی دەکات و، کە گوتومانە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ئەزانێ پێویستی خۆی بەو شێوەیە، بەڵام لایەنی یاسایی شتەکە دووشتی جیایە. ئێمە وەکو پێشنیار پێمان باش بوو ئابەو شێوەیە بێ کە گوتمان، وەکو پێشنیاریش لایەنی یاسایەکەی (لاغبار علیه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا دەڵێ ئەبێ پرۆژەکەش بخوێنرێتەوە پاشان ئەگەر چی تێبینی هەبێ دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە. ئەگەر هەر رایەک، تێبینی یەک هەیە؟ دوایی بزانین ئەنجامی گفتوگۆ چی لێ دێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**«قرار»**

استناداً الى احكام المادتين (٥٣، ٥٤) من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ اليوم اصدار القانون الأتي:

قانون التعديل الثاني لقانون مجلس وزراء اقليم كوردستان رقم «٣» لسنة ١٩٩٢.

المادة الاولى: تلغى المادة الثانية من القانون رقم «٣» لسنة ١٩٩٤ الصادر بالقرار رقم ٣٥ في ١٤/١٢/١٩٩٤ وتقرأ الفقرة «٤» من المادة «٩» من قانون مجلس وزراء اقليم كوردستان رقم «٣» لسنة ١٩٩٢ كما يلي:

الفقرة الرابعة

وزارة شؤون ال(پێشمەرگە)

المادةالثانية: يشكل ماجاء في المادة «٩» من القانون رقم «٣» لسنة ١٩٩٢ الفقرة «أ» من المادة المذكورة وتكون الفقرة «ب» منها كما يلي:

ب ـ يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وزراء بلا وزارة.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

المادة الرابعة: لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر دەقی ئەو پرۆژەی کە خوێندرایەوە، وەکو ئاگادارن، ئەوە بۆ کاتی خۆی هەر هەمان یاسا بڕیاردرا کە ئەو وزارەتە هەڵبوەشێتەوە، ئێستا بەهەمان یاسا داوا کراوە ئەو وزارەتە بگەڕێتەوە. بەپێی ئوصولی دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پرۆژەمان دایە لیژنەی یاسا. لیژنەی یاسا ڕای خۆیان دەربڕی دەربارەی ئەو بابەتە، بەهەر دوو حاڵەت ڕەدکردنەوە(ڕەفض) نییە، من حەز دەکەم روون بێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە ئەو پرۆژەیە ڕەد(رفض) نەکراوەتەوە تەنها تێبینییەکیان لەسەر هەیە ئەوە بوو خوێندمانەوە و، کاک شێخ عەدنانیش وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسا تێبینییەکەی باس کرد. جادوای هەر پرۆژەیەک دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە، ئەگەر هەر

برادەرێک حەز بکات قسە بکات لەسەر ئەو بابەتە ناونووسی دەکەین، ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک دکتۆر رزگار، مەلا مەحمود، کاک محەمەد حەسەن باڵتە، دکتۆر ناسح.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ڕێزو وئیحترامم بۆ ڕەئی لیژنەی یاسا هەیە، بەڵام کاتی ئەم وەزارەتە هەڵوەشێندرایەوە موجەباتی خۆی هەبوو، لە پەرلەمـان گفتوگۆی لەسەر کرا، هۆکارەکانی دیاری کرا، دەنگی لەسەر درا، بڕیارەکە جێی خۆی گرت، بەڵام ئێستا لەو بارەی ئێمە تیایدا دەژین و هەرێم پێدا دەڕوات، پاش ئەو ڕووداوانەی ئەم دواییە زۆر بە پێویستی دەزانین کە وەزارەتێکی وەک وەزارەتی (پ. م) پێکبهێندرێ، چونکە لەوانەیە کاتی خۆی کە ئەم وەزارەتە هاتە بنیاد نان هۆکاری خۆی هەبووبێ، ئێستاش بەتایبەتی لەرۆژێکی وەک ئەورۆدا موجەباتی زیاتر وپێویستی زیاترە. ناویش شتێکی گرنگ نییە، پێشمەرگە بێ، ناوەکی تر بێ، گرنگ ئەوەیە وەزارەتێک هەبێ چەکدارەکانی پارتی وغەیری پارتی ڕێکبخات لەسەر بنچینەیەکی نیشتمان پەروەری بەرگری لەمیللەتی کورد بکەن وبە پەیڕەوێکی زانستیانە پەروەردە بکرێن، بەو نیەتە ئێمە دەستەیەک لە ئەندامی پەرلەمـان ئەم پڕۆژەیەمـان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمـان کـرد بەو هیـوایەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ ودەنگی لەسەر بدرێ، چونکە بەڕاستی ئێمە حالی حازر پێویستمان بەو وەزارەتە هەیە لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەو چەکدارانەی پاش ئەو ڕووداوانە کاتێ دێنەوە ماڵ و حالی خۆیان بەرەڵلا بکرێن، بۆیە زۆر پێویستە ئەو چەکدارانە ڕێک بخرێن بۆ ئەوەی ئەرکی پارێزگاری کردنی هەرێم لەئەستۆ بگرن، لەهەمـان کاتدا حکومەت پابەند دەبێ کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات چونکە هەریەک لەوانە خاوەن خاوو خێزانەو پابەندی کۆمەڵایەتیان لەسەرشانە. بۆیە زۆر بەگەرمی بەرگری لەم پڕۆژەیە دەکەم بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ وبخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بۆ ڕوونکردنەوەیەک بۆ برادەران کـە ئەیانەوێ قـسـە بکەن لەسـەر ئەو بابەتەوە دیارە تێکنەگەیشتنێک هەیە. جا لیژنەی یاسا خۆی دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە یان ئێمە ڕوونی کەینەوە، لە لیژنەی یاسا. کاک عەدنان، کاک حازم، کامتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سوپاس بۆ کاک د.رزگار، وای بۆ دەچم وەکو جەنابت فەرمووت تێکنەگەیشتنێک هەیە. اعتراض لەسەر ئەمە نییە وەزارەتی «پ . م» بێتەوە، بەتەئکید پاساو هەیە بۆ ئەوەی کە بێتەوە، ئێمە گومان ئەوەی پێشنیار کراوە شتێکی یاسایی یە لە(١٠٠٪) چونکە یاسا (موتلەق) هاتووە هەر «١٠» ئەندامی پەرلەمـان مافیان هەیە پڕۆژە پێشکەش بکەن، بەڵام

وتوومانە وەکو پەیڕەو کراو ئەوەیە عادەتەن لەحالاتی وادا ئیشی وەزارەتە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەش نیم کە بدرێتە دەنگدانەوە. ئێمە لەڕاستیدا بۆ ئەوەی زیاتر روون بێتەوە ئەوەمان نووسی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی تەسەروف بکات نەک لەهۆڵ بدرێتە دەنگدانەوە. ئێمە ئیعترازمان لەسەر ئەوە نییە، ئیعتراز لەسەر رێگای پێشکەش کردنەکەیە. بەتەئکید ئێمە دەڵێین وەزارەت پێکدێت ئنجا وەزارەت پێویستی خۆی پێشکەش دەکات. ئیعتراز لەسەر ئەوە نییە وەزارەتەکە پێشمەرگەیە یان چەند ئەندامە؟ ئەوە مافێکی تەبیعی خۆیەتی (١٠) ئەندام وابزانم یەکێ لەوانە کاک (د.) مافی خۆیەتی بەرگری لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لاری لەسەر خودی وەزارەت نییە، لەسەر پێشکەش کردنەکەیە. رایان وایە پاش ئەوەی کە حکومەت متمانە وەرئەگرێت لەپەرلەمانەوە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکرێت، واتە تەنها ئەو روونکردنەوەی دەوێ دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من تەنها لەسەر ناوەکەیە وەزارەتی پێشمەرگە بێت. پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە لەناو میللەتێ مە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیارەی کە کراوە من لەگەڵ پێشنیارەکەدام، کە بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە کراوە، چونکە پێشمەرگە ئەوان دەگرێتەوە، هەروەها پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورولی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پرۆژەکە خۆی لەدەسەڵاتی پەرلەمانە، ئیتر پێویست ناکات بگەرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. من پیرۆزبایی لێ دەکەم کە وەزارەتەکە هەر بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە ناوی بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ (١٠) ئەندامی پەرلەمان هەیە هەر پرۆژەیەک پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، ئەوانیش ڕێگای یاسایی دەگرن. ئەم پرۆژەی کە لەپێش جەنابتانە لە ئەنجامی ئەوەیە کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووەو ئێوەش لەناو بەرنامەی کارتان داناوە. ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان حەز دەکەین هەندێ هەنگاو بهاوێژین بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان دڵنیابن ئەو بوختانانەی بەئێمە دەکرێت درۆنە، ئێمە یەکێ لەهەنگاوەکانمان بۆ دڵنیا کردنی جەماوەری کوردستان ئەوەیە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بگەڕێتەوەو، وەزیرێکی کاروباری پێشمەرگە هەبێ. لەلایەکی تریش ئەمە هەنگاوێکە بۆ دڵنیا کردنی خەڵکی خۆمان کە ئێمە بەقەد توسقاڵێک لەمافی کوردستان واز ناهێنین. ئەم پرۆژەیە کە پێشکەش کراوە پرۆژەیەکی چاکە و ناوەکەش پڕ بەپێستیەتی، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا /جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵێک و نۆمانگ و نۆ ڕۆژ لەمەوپێش (١٠)ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەکیان پێشکەش کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە. ڕەنگە لەم ناوانە ئەوانەی کە ئەمڕۆ ئیمزایان کردووە (١٠) کەسەکە ڕەنگە هەمان کەس بن، ڕەنگە هەمووشیان نەبن، بەڵام ڕەنگە بەشێک لەوانە لەپێشکەش کردنی پرۆژەی یەکەمیشا دابوون، لەهیچ حالەتێکا نە لەئەمەیاندا نەلە ئەوی تریاندا تەنها ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ نەبێ هیچ ئەسبابی موجەبە نەبوو. نە لە هەڵوەشاندنەکە نەئەمجارە لەناوەڕۆکی پرۆژەکە دانەنرا بوون، ئەمە بارێکی مەسەلەکەیە، باری دووەمیش دووسێ وتاری کاک مەسعود بڵاو کرایەوە کە زۆر دڵخۆشکەر بوو ئەوەیش ئەوە بوو، بەجەخت کردنەوە وتی ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە حوکمی میلیشیات لەکوردستان دا نەمێنێ. ئنجا وابزانم هەموو کەس دەزانێ میلیشیات چییە، ئنجا هیچ پێویست ناکات بەوەی کە میلیشیات ڕوون بکەینەوە، ولە دواکۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لێ یان پرسی ئایا ئەمە هێزی پێشمەرگەی (PDK) دەگرێتەوە؟ وتی بەڵێ هێزی پێشمەرگەی (PDK)ش دەگرێتەوە، ئێمە دەمانەوێ وەزارەتێک و هێزێکی بەرگری لەهەرێمی کوردستان دامەزرێت. ئنجا من لەگەڵ ئەو تێبینییەی لیژنەی یاسام کە لەڕاستیدا ئەوەیە کە ئەو (١٠) ئەندامە مافیان هەیە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بکەن، بەڵام هەر باشتریش ئەبوو ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران پاش پێکهاتنی خۆیان، نوێ کردنەوەی وەزارەت، ئەو پرۆژیەمان پێشکەش بکەن لەگەڵ ئەوەدا، لەگەڵ ئەوەم بەڵام من پێم وایە بەڕاستی شتێکی زۆر دڵنیاکەر ئەبێت کاک فرەنسۆ ئەگەر ناوەکە بگۆڕێ ببێ بەوەزارەتی بەرگری لەهەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەوەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی تێبینییەکی بچوکم هەیە، دەکرێ ئێمە لەزۆر شت کۆک بین. ئەوەی کە فەرمووی گوایە (١٠) ئەندامی پەرلەمان کاتی خۆی ئەو پرۆژەیان پێشکەش کردووە و، ئێستاش هەمان (١٠) ئەندامن. من وای بۆ ناچم ناکۆکییەکی تێدا بێ چونکە جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سیاسییەکی موخەزرەمە، شتێک هەیە لەسیاسەتا ئەڵێن (حجزی مبادئ جائز نییە، حجزی مواقع جائیزە)، لەوانەیە خۆشی جەنابی وەک من بیرم دێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ئەندامێکی چالاکی مەکتەبی سیاسیش بووە لەبەر ئەوە ئەو خاڵەیە بە بۆچوونی من ناکۆکێکی تێدا نییە. من دەمەوێ دووبارە تەئکیدکەمەوە، ئەوەی کە نووسیمان زیاتر بۆ ئەوە بوو کە ئێوە بزانن لیژنەی یاسا زۆر چاک ئاگادارە. پەیڕەو کراو ئەوەیە وەکو لە پێشووش باسمان کرد شتەکە یاساییە لەسەدا سەد. بۆیە گوتم ئێمە بۆ سەرۆکایەتیمان نووسیوە، تێبینییەکەمان وابزانم زۆر زۆر روونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس، وابزانم بابەتەکە وەکو ئەڵێن روونە، کۆکیەک هەیە لەسەر بابەتی ئەم وەزارەتە ناکۆکی لەوەدا نییە، لیژنەی یاساو زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان کرد کە مەسەلە دواخستنی بڕیارەکەیەو هیچی تر نا. ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی مەسەلەی دواخستنەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو رایەی لیژنەی یاسایە کە دوا بخرێت بۆ دوای ئەوەی کە حکومەت دروست ئەبێت ئنجا پێشکەش بکرێت وبکرێ بەبڕیارێک؟.. کاک عەدنان روونە یان نا؟ فەرمووو جەنابت روونی بکەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان شتەکە یاسایی یە لەسەدا سەد، لەبەر ئەوەش ئێمە نووسیمان پەیڕەو کراوە واتە (جاري العادة) بەو شێوەیە. ئێمە هیچ کاممان ناتوانین بڵێین یاسایی نییە چونکە دە«١٠» لە ئەندامەکان مافی خۆیانە بڵێن یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا نازانم رای لیژنەی یاسامان خستە روو لەم مەسەلەیەدا؟ کاکە شێروان و کاکە ئازادیش دەیانەوی بدوێن، فەرمووو کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حــــەیدەری:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕای مـن ئەصلی پرۆژەکـە دەبێ بدرێتـە دەنگدانەوە، نەک رای لیـژنەی یاسـا . ئێـسـتـا مـن تێبینییەکەم لەسەر ئەو خاڵە هەیە، پرۆژەکە دەبێ بدرێتە دەنگدانەوە. رای لیژنەی یاساش لای برادەران و برادەرانی لیژنەی یاسا ئاشکرایەو، سوپاس .

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی من دەیزانم هەمـوو کـاتێک دەنگدان لەسـەر پێشـنیـارەکە دەکرێت. پێشنیـارەکە ئەوەیە دوابخرێت، قـاعیدەکەش ئەوەیە گفـتـوگۆ بکرێت، رەئیەکی ناکاو هاتە ناو باسەکـە ئەڵێ با ئەو پرۆژەیە دوابخرێت. چۆن بزانین ئەو رەئیە سائیدە یان سـائید نیـیە؟ لەناو پەرلەماندا پێویسـتـە دەنگدان لەسەر پێشنیارەکە بکرێت نەک لەسەر خودی پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمەش هەمان ئەو رەئیەمـان خسـتە دەنگدانەوە وەکو کاک فـەرسەت ئەڵێ، ئێمە تەنها کـاتی پێشنیارەکەمان خستە دەنگدانەوە.

**بەڕێـز فـــــرەنســـــۆ تـۆمــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وایە گفـتـوگۆی لەسەر کرا، ناو نووسرا، کەس نەما قسەی لەسەر بکات، تەنیا ئێسـتـا وەختی ئەوەیە پێـشـنیـارەکـەی لیـژنەی یاسـا بخـرێتـە دەنگدانەوە. رازین یان رازی نین پاشی پرۆژەکە بدرێتە دەنگدانەوە. واتا ئەو قسانەی کە ئێسـتـا لەسەری دەکەن زیادە، کـاتی خۆی کە وەزارەتی کـاروباری «پ . م» هەڵـوەشێندرایەوە لەسـەر پێـشنیـاری ئەنجـومـەنی وەزیـران نەبووە تاکو دیسان رای ئەنجومەنی وەزیران وەرگرن، پەرلەمان هەڵی وەشاندەوە. پەرلەمان ئێسـتـا بە بەرژەوەندی دەزانێ دووبارە بـکرێتـەوە پێـویسـت ناکـات رای ئەنجـوومـەنی وەزیران و سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران وەربگیرێت، چونکە کـاتی خـۆی ئەوان داوایان نەکـردووە هەڵبـوەشێـتـەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحــمـــەد ســالار عـــەبدولواحـــیـــد:**
**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو پرۆژەیە وا بزانم لەو بارودۆخـەدا کـە هەنگاو بەرەو ژیانی ئاسـایی نوێ دەنێت پێـویسـت بەوە ئەکـات بەر لەهەمـوو شتێ ئەو هەنگاوە بنرێ، چونکە یەکێکە لە دیاردەکانی ئاسایی کـردنەوەی

بارەکە. رای گشتی گەل لەگەڵ ئەوەدایە دیاردەی چەکداری نەمێنێت و، هۆکارێکی هەرە گرنگیش بۆ ئەوە بریتییە لەدەست بەکاربوونی وەزارەتی پێشمەرگە کە ئەبێتە هۆی نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی هەموو لایەک. لەبەر ئەوە بە چاکی ئەزانین کە بەر لەهەموو شتێ ئەو بریارە بدرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێستا روونە، رای لیژنەی یاسا بەو شێوەیەو روون کرایەوە. تکایە ئێستا رای لیژنەی یاسا کە داوا دەکەن دوا بخرێت تاکو راسپاردنی حکومەت، کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟..(٤) کەس لەگەڵ نییە، واتا زۆربەی لەگەڵ ئەوەیە کە پرۆژەکە بریاری لەسەر بدرێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد کە ناوەکە بگۆردرێت، ئنجا ئەمەوێ ئەو پێشنیارەش بخرێتە دەنگدانەوە کە ناوەکە وەزارەتی پێشمەرگە نەبێ، ناوەزارەتی بەرگری لە هەرێمی کوردستان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. جا ئێستا ئێمە دەچینە سەر پرۆژەکە چونکە زۆربە دەیانەوێ پرۆژەکە بریاری لەسەر بدرێت. ئێمە دێین خاڵ بەخاڵ باسی دەکەین، پێشنیاری کاک نەژادیش لەکاتی ئەو خاڵە ئەگەر خاڵی (٤) بێت پێشنارەکەی لەوێندەری دەخەینە سەری وەکو جەنابی باسی کرد. ئێستا مادده بە مادده دەیخوێنینەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تلغى المادة الثانية من القانون رقم (٣) لسنة ١٩٩٤ الصادر بالقرار رقم (٣٥) في ١٤/١٢/١٩٩٤ وتقرأ الفقرة (٤) من المادة (٩) من قانون مجلس وزراء اقليم كوردستان رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ كما يلي

٤- وزارة شؤون ال(پێشمەرگە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک نەژاد پێشنیارێکی هەیە ئەڵێ ناوی پێشمەرگە بگۆردرێت بەوەزارەتی بەرگری لەهەرێمی کوردستان. ئەو پێشنیارە ئەگەر چ تێبینییەک نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کاک نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەش لەسەر ئەوە بوو کە وەزارەتی (پ.م) وەکو باسم کرد ساڵێک و (٩) مانگ و (٩) رۆژ لەمەو بەر هەڵوەشاوەتەوە، ئێستا ئەو پێویستییەی کە کاک فرەنسۆش باسی کرد ئەوە

زۆر زۆر راستە و، من تەئکید لەسەر ئەو تەئکیداتەی کاک مەسعود دەکەمەوە کەئەڵێ نابێ ملیشیات بمێنێ، وابزانم پێشمەرگەش هی هەموو لایەک بەشێکە لەو میلیشیاتە، لەبەر ئەوە ئەبێ وەزارەتەکە وەزارەتی بەرگری بێت لەهەرێمی کوردستان وخۆشی دووسێ جار ئەو پێشنیارەی کردووەو تەئکیدی لەسەر ئەو شتە کردۆتەوە. ئنجا ئەوە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە کە ناوی پێشمەرگە بگۆڕدرێت بە بەرگری کوردستان، کەس تێبینی ئەگەر نەبێ؟ ئەوانەی ئەیانەوێ قسەبکەن کاک سیروان، د.رزگار، کاک ئازاد، د.ناسح، شێخ جەعفەر، کاک جەمیل سندی، شەفیقە خان، کاک فرەنسۆ، کاک حسێن. تکایە ئاگاتان لەکات بێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی ١٩٩٢ کاتێ ئەم وەزارەتە رەرامەندی لەسەر کرا بۆ ئەوەی دروست بکرێت گفتوگۆی لەسەر کرا، ئایا وەزارەتی بەرگری بێ یان وەزارەتی پێشمەرگەبێ؟ زۆر پێشنیاری وا هەبوو لەبەر بارودۆخی سیاسی هەرێم و دەوران دەوری هەرێمیش ئەو ناوە هەڵبژێردرا، ئێستاش ئەگەر هاتوو ئەو کارە موجەباتی ئەو کاتەی نەمابن بەگەرمی پشتگیری کاک نەژاد دەکەم کە ئەم ناوە تێبینی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی کە جەنابی کاک نەژاد دەفەرموێ کەگوایە وەزارەتەکە ئەگەر ناوی پێشمەرگە بێ ئیتر ئەبێ بەمیلیشیات، مەرج نییە. ئەگەر وەزارەتی بەرگریش بێ توانای کۆکردنەوەی نەبێ ئەوە دەبێتە ملیشیات. بەڵام ئەگەر وەک وەزارەتی «پ.م» بمێنێ ئەوە رێزێکە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کەوا چەندەها ساڵە خۆیان بەکوشتن ئەدەن، هیچ نەبێ وەکو رەمزێک بمێنێتەوە لەسەر ناوی «پ.م» یان دەکرێ ئەگەر ئێمە وەک فیدراڵ بمێنینەوە ئەو وەزارەتە لەبەرژەوەندی ئێمەدا بێ، بەڵام ئەگەر وەکو جیابوونەوە وەکو کیانێک بێ، دوو وەزارەتی بەرگری ناکرێ بەپێی یاسا، من هەر لەسەر رایەکەی خۆمم بۆ ئەوەی ئێستا کۆتایی پێ بێ وەزارەتی «پ.م» لەباتی بەرگری بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من مەسەلەی پێشمەرگە زۆر زۆر گرنگە، ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا دروست بووە

لەکاتی خۆیا بەخوێنی «پ.م» دروست بووە ومیللەتی کورد سۆزێکی بەرامبەر «پ.م» وبەرامبەر خۆشەویستی «پ.م»هەیە، من داوا ئەکەم ناوەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بەراستی ناوێکی پیرۆزە ومنیش کاتی خۆی لیژنەی «پ.م» بووم لەو پەرلەمانە بۆیە مافی ئەوەمان هەیە بەرگری بکەین لەناوەکەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموومان مافی ئەوەمان هەیە بەرگری بکەین. تکایە ئەوەی لەگەڵ ناوەکەیە تەنها بڵێ من لەگەڵ ناوەکەم یان لەگەڵ نیمە لەبەر کەمی کاتەکە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا منیش هەمان رای کاک ئازاد و کاک سیروانم هەیە «پ.م» خۆی وشەیەکی پیرۆزە، پارێزگارانی گەل و وولاتن، مانای وایە بەرگریەکی تێدایە، ئەم ناوە بەقەناعەتی من زۆر زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم وەزارەتی کاروباری «پ.م» بێ، بەڵام ناوەرۆکی یاساکانی کاروباری «پ.م» وەکو ناوەرۆکی وەزارەتی بەرگری وایە. ناورۆکەکەی حیسابە. بەناوی وەزارەتی کاروباری «پ.م» بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسیستەمی فیدراڵیدا وەزارەتێک نییە بەناوی وەزارەتی بەرگری! وشەی بەرگری ناشرینەو جوان نییە. ئەگەر هەر بیگۆڕین با وەزارەتی بەرەڤانی بێت نەوەک وەزارەتی بەرگری بێت. ناوی پێشمەرگە لەهەموو ناوێک پیرۆزترە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و بەرهەمی پێشمەرگەیە، پێشمەرگە بەرگری یە لەکوردستان، لەبەر ئەوە پیرۆزترین ناو بۆ وەزارەتی «پ.م» شوێنی خۆیەتی، لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک جەمیل فەرمووی سیستەمی فیدرالی نابێ دوو وەزارەتی بەرگری تیا بێ. لە

سیستەمی کۆنفیدڕالی دوو وەزارەتی بەرگری دەکرێ. و پێشنیار ئەکەم ئەو ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە ناوێکی پیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوا وشە کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی (١٠)ئەندامانی پەرلەمان بەناوی وەزارەتی کاروباری «پ.م»یە، من لەگەڵ ئەوەمە ئەو ناوە بمێنێتەوە. بۆ پێشنیارەکەی کاک نەژادیش، ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر ویستیان ناوەکە بگۆڕن یان ناوێکی تری بۆ دابنێین دەتوانن پرۆژەیەک پێشکەش بکەن ئەو کاتە دراسەتی دەکەین بۆگۆڕین دەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە پێشنیارەکەی کاک نەژاد، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ناوی وەزارەتی «پ.م» بکرێ بەوەزارەتی بەرگری هەریم؟.. سوپاس «٢» کەس لەگەڵە...کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ناوی وەزارەتکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. سوپاس بۆ هەمووتان، جا لەبەر ئەوە گفتوگۆی مادەی «١» تەواو بوو، کێ لەگەڵ ماددەی «١»ە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية: يشكل ماجاء في المادة (٩) من القانون رقم (٣)لسنة ١٩٩٢ الفقرة (أ) من المادة المذكورة وتكون الفقرة (ب) منها كما يلي:

ب - يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وزراء بلا وزارة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن حەز ئەکەم بۆ برادەران روونی بکەمەوە ماددە (٩) ناوی وزارەتەکانە (١٥) وەزارەتی تێدایە. مادەکە بێ بڕگەیە. لەبەر ئەوەی پێشنیارێک هەیە بڕگەی (ب) زیاد بکرێت، وەزیرەکانی بێ وەزارەتی لێ دابنێین پێویستە ماددە (٩) ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی (٩) ناوەرۆکەکەی ببێتە بڕگەی (أ) و، زیادەکە ببێتە بڕگەی «ب».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فەرسەت، ماددە (٢) خوێندرایەوە بەو شێوەیە(يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وزراء بلا وزارة) ئەم بڕگە«أ» بڕگەی«ب» زیادە کراوە لەپێشنیارەکەدا ئەگەر برادەران چ قسەیان نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کەس قسەی نییە؟ کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ژمارەیان دیاری نەکراوە؟ یەکێکە، دووانە، سێیانە؟ باشترە ژمارەی (موتلەق) نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیاری نەکراوە. لیژنەی یاسا ئەو پێشنیارەی کە ناردوویەتی بۆ ئێمە دووبڕگەیە، بڕگەی «١» ئەوە تەواو بوو، بڕگەی «٢» ئەڵێ «نقترح تسمية وزير بلا وزارة بوزير الاقليم» تەنها ئەم تێبینییەیان لەسەر ناوەکەیە، جا ئەگەر کاک حازم یان کاکە شێخ روونی بکەنەوە بۆ برادەران.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دیارە روونە لە لیژنەی یاسا لەسەری رێکەوتوون، پێشنیاری ئەوە دەکەین لەجیاتی وەزیر بلا وەزارەی پێ بڵێین چونکە وەکو دەوڵەت پێی ئەڵێین وەزیر دولە، ئەوەی ئێمە هەرێمە پێی ئەڵێین وەزیری هەرێم ئەو پێشنیارەمان کردووە و پێمان باشە گفتوگۆ بکرێ و وەکو لیژنەی یاسا و بە بڕواوە ئەو پێشنیارەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیریی رای لیژنەی یاسا دەکەم، پێشم باشە وەزیری هەرێم بێت لەجیاتی وەزیر بلا وزارة، سوپاس.

**بەڕێز ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا ئەیدا لەجێی خۆیەتی ئەگەر دیاری بکرێت وەکو کاروبار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر وابزانم ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان ئەو ناوەی لێ ئەنێن، دەڵێن وزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەو شتە، وەزیری هەرێم بۆ فلان شت، بەجێی بێڵێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر زانیشمان ئەوان خۆیان ناوی تریان هەیە دیسان ئەوە دێتەوە بەردەستمان. رای لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. سوپاس. مادام وایە دەچینە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیرە بێ وەزارەتەکان بکرێنە وەزیرانی هەرێم. صیغەی بڕگەکە بەو شێوەیە:

ب - يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وزراء إقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دارشتنەکە بەو شێوەیە ئینجا، هەرێمەکە خۆیان پڕی دەکەنەوە.

ئەوە لەسەر ناوەکە بوو. هەموار کردنەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ماددە «٢»ە وەکو خوێندمانەوە؟ ..سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. ماددە «٢» بەتێکڕای دەنگ بە هەموارکردنەکەوە وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە؟.. سوپاس.کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ماددە «٤» نییە؟.. ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ماددەکەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ماددە «٥» هەیە؟.. نییە؟.. ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ماددە «٥»ـە وەکو خوێندرایەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ماددە «٥» وەرگیرا. ئێستاش بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە. وەکو بڕیارێک کێ لەگەڵ بڕیارەکەیە پاش ئەوەی کە هەندێ

هەمـوارکـردنمان خسـتـە سـەری؟.. سـوپاس، کێ لەگـەڵ نـیـیـە؟.. بەزۆربەی دەنـگ وەرگـیـرا. کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواوبوو، سبەی ئەگەر دەوری سەعات (١٠) (١٠ر٣٠) لێرەبن، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٩/٢٦

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٦/٩/٢٦

**كاتژمێر ( ١٠ )ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٦/٩/ ١٩٩٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٣)ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی (١٩٩٦) خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.**

**بەرنامەی كار:**

**١ـ ناولێنان و بڕوادان بە سەرۆك وئەندامانی كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان.**

**٢ـ سوێندخواردنی بەڕێزان سەرۆك وجێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەكان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكات. سەرەتا بەخێر هاتنی گەرمی جەنابی كاك مەسعود بارزانی ومامۆستا مەلاعەلی ومیوانانی بەڕێز دەكەین، زۆر زۆر سوپاسیان دەكەین كە تەشریفیان هێنا بۆ پەرلەمان.

بەرنامەی كاری ئەمڕۆی پەرلەمانی كوردستان بریتی یە لەدوو خاڵ، خاڵی یەكەم پێشكەش كردنی ناوی كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە كە بەپێ ی برگە(١)ی مادده(٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی (١٩٩٢)ـە كە دەڵێ باوەڕدان بەئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران یەكە یەكە لەسەر خواستی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران، بۆیە داوا لە بەڕێزد.ڕۆژ نووری شاوەیس دەكەین ناوی كابینەكەی یەكە یەكە پێشكەش بكات بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە بۆ بڕوا پێ دان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە. با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.**

بەپاڵپشتی حوكمەكانی ماددەی(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان وكۆبوونەوەی ڕۆژی١٦/٩/١٩٩٦ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق وناولێنانمان بەسەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران وراسپاردنمان بە پێكهێنانی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوای راوێژ وگفتوگۆکردن لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا ورەچاوکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان وبەرژەوەندی نەتەوایەتی بەهیوای بەشداری کردنی هەموو لایەنە نیشتمانییە کوردستانییەکان لە حکوومەتی هەرێمدا، و بۆ وەدی هێنانی یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستان لەسەر بنچینەی ئاشت بوونەوەی نیشتمانیی و لێبوردن، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل ونیشتمان وپتەوکردنی هاوکاری وتەبایی لە نێوان رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا، ناوی وەزیرە بەرێزەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانتان لەگەڵ ئەو وەزارەتەی بەهەر یەکێکیان سپێردراوە پێشکەش دەکەین، بەو هیوایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بروایان پێ بدات لەگەڵ رێزماندا. بەرێزان، ناوەکان بەگشتی ئەخوێنمەوە، یەکەم جار.

| | |
|---|---|
| ١- د.رۆژ نووری شاوەیس. | سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران |
| ٢- نێچیرڤان ئیدریس بارزانی. | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران |
| ٣- فازڵ میرانی. | وەزیری ناوخۆ |
| ٤- (عومەر عوسمان)ی ناسراو بە(زەعیم عەلی). | وەزیری کاروباری پێشمەرگایەتی |
| ٥- د.جەرجیس حەسەن. | وەزیری پەروەردە |
| ٦- شەوکەت شێخ یەزدین. | وەزیری دارایی وئابووری |
| ٧- فەلەکەدین سابیر کاکەیی. | وەزیری رۆشنبیری |
| ٨- عەبدولغەنی تەها محەمەد | وەزیری هەرێم |
| ٩- کەمال شاکر | وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٠- د.ئیدریس هادی سالح | وەزیری پیشەسازی و وزە |
| ١١-حسێن تەها سنجاری | وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار |
| ١٢- یۆنادم یوسف کنا | وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن |
| ١٣- مەئمون نور محەمەد بریفکانی | وەزیری ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان |
| ١٤- محەمەد نووری ئەحمەد | وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری |
| ١٥- مەحمود شێخ کاوە لەتیف حەفید | وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی |
| ١٦- هادی عەلی عەبدولکەریم | وەزیری هەرێم |

ئەو وەزارەتانەی هێشتا وەزیریان بۆ دانەنراوە پاشان لەئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت بە وەزیرێک لە وەزیرەکان ئەسپێردرێت. سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، بەپێ ی یاسا داوا لەبەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەوەی بروای خۆیان

بدەن بە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس، کێ لەگەڵ ئەوەیە، دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ بڕوایان پێدرا زۆر سوپاس. داوا لە سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ناوی جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وناوی یەکەیەکە وەزیرە بەڕێزەکان بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بڕوای پێ بدرێت لەلایەن ئەنجوومەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بە جێگری سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دابنرێ؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە فازڵ میرانی بەوەزیری ناوخۆ دابندرێ؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز (عومەر عوسمان) ناسراو بە(زەعیم عەلی)، وەزیری کاروباری پێشمەرگایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز(عومەر عوسمان) ناسراو بە( زەعیم عەلی)بە وەزیری کاروباری پێشمەرگایەتی دابندرێ؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز د.جەرجیس حەسن، وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د.جەرجیس لێرە نییە دوای ئەخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، تاکو بڕوای پێ بدرێت. زۆر باشە. د.جەرجیس حەسن بە وەزیری پەروەردە دابنرێ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین، وەزیری دارایی وئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین بە وەزیری دارایی وئابووری دابندرێ، کی لەگەڵ ئەوەیە؟..سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز فەلەکەدین سابیرکاکەیی، وەزیری ڕۆشنبیری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی بە وەزیری ڕۆشنبیری دابندرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مامۆستا عەبدولغەنی تەها محەمەد بۆ وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا عەبدولغەنی تەها محەمەد بۆ وەزیری هەرێم کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کەمال شاکر وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کەمال شاکر بۆ پۆستی وەزارەتی تەندروستی، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح وەزیری پیشەسازی و وزە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز حسێن تەها سنجاری بۆ وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حسێن تەها سنجاری بۆ وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز یونادم یوسف کنە، وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز یونادم یوسف کنە بۆ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی، وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز محەمەد نووری ئەحمەد، وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز محەمەد نووری ئەحمەد بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەحمودشێخ کاوە شێخ لەتیف حەفید، وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەحمود شێخ کاوە بۆ پۆستی وەزارەتی ئەوقاف. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم، وەزیری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز هادی عەلی بۆ پۆستی وەزارەتی هەرێم. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

برگەی دووەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ سوێندخواردنە، سوێندی یاسایی بەڕێزان سەرۆک وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان کە ئێستا بڕواتان پێدان، ئەویش بەپێی مادده(٦) لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٣) ساڵی ١٩٩٢دا. سەرۆک وجێگری سەرۆک وەزیران دوای باوەر پێدانیان لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە لەبەردەمیدا سوێندی یاسایی دەخۆن. داوا لەبەڕێزان دەکەین یەک یەک ناوەکان بخوێندرێتەوە بێنە سەر مەنەسە بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن، وهەروەها داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەین لەگەڵ میوانەکانماندا لەکاتی سوێند خواردندا زەحمەت بکێشن هەستنە سەرپێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا بگرم وبەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی جێگری سەرۆک وەزیران بابفەرمێ.

**بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.

بەخوای مەزن سوێند دەخوم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێزلە یاسا بگرم و بەتەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز فازڵ میرانی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز فازڵ میرانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز عومەر عوسمان ناسراو بە(زەعیم عەلی)، وەزیری کاروباری پێشمەرگایەتی.

**بەڕێز عومەر عوسمان (زەعیم عەلی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین، وەزیری دارایی و ئابووری.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز فەلەکەدین سابیرکاکەیی، وەزیری رۆشنبیری.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم وبەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندینەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز عەبدولغەنی تەها محەمەد وەزیری هەرێم.

**بەڕێز عەبدولغەنی تەها محەمەد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی

عێراق بکەم وریز لەیاسا بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێز کەمال شاکر، وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی.

**بەڕێز کەمال شاکر:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وریز لەیاسا بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێز د. ئیدریس هادی سالح وەزیری پیشەسازی و وزە.

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وریز لەیاسا بگرم وبەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرێز حسێن تەها سنجاری، وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

**بەرێز حسێن تەها سنجاری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وریز لەیاسا بگرم وبەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی، وەزیری ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وریز لەیاسا بگرم وبەتەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز محەمەد نووری ئەحمەد وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری.

**بەڕێز محەمەد نووری ئەحمەد:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسوزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم وبەتەواوی چاودێریی بەرژەوندییەکانی گەلّ بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەحمود شێخ کاوە شێخ لەتیف حەفید، وەزیری ئەوقاف وکاروبای ئیسلامی.

**بەڕێز مەحمود شێخ کاوە شێخ لەتیف حەفید:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم وبەتەواوی چاودێریی بەرژەوندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم وەزیری هەرێم .

**بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لەیاسا بگرم وبەتەواوی چاودێریی بەرژەوندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لەکابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، داواکارین لە یەزدان سەرکەوتووبن لە ئیش وکارەکەیاندا بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسکەدا. دڵخۆشین بەوەی کە ئەمە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەم شێوە فرە حزبی یە، کە هەموو بەرێزان ئاگادارن کە بارێکی گرانیان لە ئەستۆیەو بە پێویستی دەزانین لێرە دیسان جارێکی دی تەئکید لەوە بکەینەوە هەر لە رۆژی ناولێنانی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەئکیدمان لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پاڵپشت و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت لەم بارودۆخەدا. جارێکی تریش داوای سەرکەوتنیان بۆ ئەکەین و، هیواداریین ئەو

بەرنامەی کە ئامادە دەکرێت هەموو پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەو هەموو داخوازییەکانی گەلی کوردمان لەم قۆناغە جێبەجێ بکا. بەفرسەتی دەزانین لەم رۆژە مێژووییەدا رۆژی دامەزراندنی کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، داوا لە جەنابی کاک مسعود بارزانی بکەین بەم بۆنەیەوە ئەگەر وتەیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ کابینەی سێیەم پێشکەش بکات، سوپاسی ئەکەین.

**بەڕێز کـــاک مـــەســـعـــود بارزانی:**

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان.**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

**خوشک وبرایانی بەڕێز.**

زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە هۆڵی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمرۆ پێکەوە کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی شاهێدی دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بین. ئەمرۆ هەنگاوێکی تری پڕخێرو بەرەکەت هاویشترا بەدامەزراندنی دەزگایەکی تری شەرعییەت لەکوردستاندا، من بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانم پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بکەم، کە لەئاستی ئەو بەرپرسیارییەتی یەدا بوون کە لەسەرشانیان بوو، توانییان ئەو بڕوایەی میللەت بەوانی داوە لەئاستی ئەو بڕوایەدا بن. ئومێدەوارین کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و، هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان بێت، حکومەتی کوردستان بێت، هەرچەندە زۆر زۆر جێی خۆشحاڵییە کە هەم پەرلەمان و هەم حکومەتیش لەچەندین حزب پێکهاتوون، ئەمە یەکەم جارە کابینەی سێیەم کە بەم فراوانیە لە بەشی هەرە زۆری حزبە سەرەکییەکانی کوردستان پێکدێت، بەڵام ئومێدەوارم کە حزبایەتی تەسک نەمێنێت نە لەناو پەرلەمان، نە لەناو حکومەتدا، وەزیر وەزیری میللەتی کوردە. ئەندامی پەرلەمان نوێنەری میللەتی کوردە. ئومێدەوارین سەرکەوتووبن لەخزمەتی میللەتی کورد وکوردستاندا، هەمووشمان سەرباز دەبین لەبەردەستی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ئەگەر بەم شێوەیە خزمەتی میللەتی کورد بکەن ودووربن لە حزبایەتی تەسک...بەڵێ..ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کوردستاندا هات لەم دواییەدا، نابێ کەس تووشی غروری بکات، نە دوورمانخاتەوە لەواقعیەت، هەروەکو پێشتریش گوتوومانە ئێستاش من دەیڵێم، سەبارەت بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش ئێمە ئومێدەوارین کە بەخۆیان دا بچنەوەو

ڕۆڵی سیاسی خۆیان ببینن، قەت وقەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر حزبێک بەلاوە نرابێ ومەجالی نەبێ، بەڵام بێگومان بەرەنجامی هەڵەش، مرۆڤ دەبێ بەرەنجامی هەڵەی خۆی بدات. من دڵنیام کە بنکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مرۆڤی دڵسۆز وتێکۆشەریان تێدایە، لەسەرکردایەتیان خەڵکێکی وای تێدابووە بەڕاستی بۆ خزمەتی کورد وکوردستان هاتبووە مەیدان، بەڵام بۆ خۆشیان دەرکەوت کە هەندێ لەسەرکردایەتی ڕاستیەکانیان لەوان شاردبووەوە، لەبەرئەوە هەرگیز ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە بەغرورییەوە تەماشای ئەم بابەتە بکرێ، یان ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هات، بەڵام بەڕاستی دەبێ ئیتر ئیرادەی میللەتی کورد یەک ئیرادە بێ وناوەندی بڕیاریش یەک ناوەند بێ. میللەتی کورد تووشی ئێش وئازاری تر نەبێتەوە، لەبەرئەوە من داوا لەو برایانە دەکەم کە لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دان وبڕوایان بەوە هەیە و واقیعی تازەش بە چاوی ڕوون دەبینن، بگەڕێنەوە وڕۆڵی خۆشیان ببینن. هەروەها لێرە من دووبارەی دەکەمەوە کە دوور لەغرووریی داوا لە هەموو ئەندامانی پارتی دەکەم، داوا لە لەشکری کوردستان دەکەم بەگیانی لێبوردن وبرایەتیەوە ڕەفتار بکەن، ئەمڕۆ کوردستانێکی تازەیە، ژیانێکی تازەیە، دەبێ هەموومان هەوڵ بدەین خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، ڕۆژێکی گەش چاوەڕوانی میللەتی ئێمەیە لێی ڕەش نەکەین، هەموومان سوود لە ئەزموونەکانی ڕابردوومان وەرگرین. ئومێدەوارم کابینەی تازە گونجاو بن، وەزیرەکان هەموویان بەیەک گیان خزمەتی میللەتەکەیان بکەن. جارێکی تر من دەڵێم دوور لەگیانی حزبایەتی دەبێ خەریکی خزمەتی حکومەتی خۆیان بن. من لەوە زیاتر نامەوێ کاتتان بگرم و داوای سەرکەوتن بۆ کابینەی سێیەم دەکەم. داوای بەردەوام بوون وسەرکەوتنی یەک لەدوای یەک بۆ پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم وئارەزووی سەرکەوتنی گەلی کوردستان وبەختەوەری ئەم گەلە دەکەم وبەڕاستی ئێش وئازارێکی زۆریان چێشت لەدەستی هەموومان، ئومێدەوارم بمانبوورن و بمانبەخشن. ئومێدەوارم بتوانین لە مەودوا زیاتر خزمەتی بکەین و بەڵکو بتوانین تۆزێک قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانە بکەینەوە کە پێی گەیشتووە. جارێکی تر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی کاک مەسعود دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەی. ئێستاش بەڕێز مامۆستا مەلا عەلی لەلایەن بزوتنەوەوە ئەگەر تەشریف بێنێ.

**بەڕێز مـــامـــۆســـتـــا مـــەلا عـــەلی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،**

(الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله و على آله وأصحابه).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

زۆر خۆمان بە بەختیار دەزانین کەوا لە ڕۆژێکی وادا الحمدالله کە لە پەرلەمانی کوردستان دا کە ئاواتی ساڵەهای ساڵمان بوو پێکهات و ،ئەو کێشەیەو ئەوجۆرە تەنگوچەڵەمانەی کە هاتنە پێشی کەوا پەرلەمان ببێتە مەیدانی قین و دوژمنایەتی ئومێد دەکەم (ان شاءالله) ئەوە نەمێنێ و هەروەکو کاک مەسعود فەرمووی بەڕاستی هەندێک شت لە دڵماندا بوو خوا جەزای بداتەوە ئەو باسی کرد وئێمە پیرۆز بایی لە سەرۆکی بەڕێز کاک مەسعود دەکەین بەهەموو دڵ وبەهەموو گیان، وپیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران و برایانی پەرلەمـان و وەزیرەکـان ئەکـەین بەم ڕۆژە پیـرۆزە و هیـواداریـن (ان شـاءالله) هەروەکـو سوێندەکەیان خوارد بە دڵسۆزییەوە خزمەتی نیشتـمان وگەل بکەن بەبێ جیاوازی، بەبێ ئەوەی کەسێک نزیک بێ لێیـان یاخود کەسێک دوور بێ لێـیان، هەتا ئەگەر کەسانێک لەوەو پێش دوژمنایەتیـان لەگەڵ هەبووبێ ئومـێدم وایە بەپێی ئەم ئایەتە قـورئانیـەی کە دەفـەرمـووێ(ولاتستوي الحسنة ولا السيئة، ادفع بالتي هي احسن فإن الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم) بجوولێتەوە بەڵێ مرۆڤ بە چاکە وچاکە کردن بەڕاستی ئەتوانێ دوژمنی خـۆشی بکات بە دۆست وئەتوانێ هەمـوو جـۆرە گـیـروگـفـتـێک چارەسـەر بکات. شـایانی باسـە و زۆر دڵخـۆشین بەم ڕۆژە زیاتر بەوەی کـە لەراسـتـیـدا لەهیچ پەرلەمـانێکی جیهانی وسیاسەیتی نێو دەوڵەتی وەکو ئێمە نەمان دیوە کەوا (فیفتی بەفیفتی)دووکەس کەوا یەکێکیـان مەسئولیـەتی زیاتر نەبێ لەوەی تریان، ئەوا هەر وەکـو بەسونەتی قـوڕئان قەت قابیل نییە شتی ئەوها (لو كان فيهما الهين الا اله لفسدتا) ئەمە ممكين نییە هەمـوو کەسێک خۆی بەمەسئولی یەکەم بزانێ لەووڵاتێکاو دوایی ئەو حوکمەو ئەو بارە بەردەوام بێت. ئـێسـتـاکـە دڵخـۆشین بەوەی کـەوا (الحمد لله) لایەنێک خـاوەن خـەباتێکی چەند ساڵەیی گمەسئولیەتی یەکەم لە ئەستۆی ئەگرێ ئومێدەوارین کە (ان شاءالله) کارەکەمان زۆر چاک دروست بێت و(ان شـاء الله) پەرلەمـان و ووڵاتیکی بەخـتـیـارو، وەزیرەکـان لەخزمەت گوزاری خویان دا بن وەکو ئەڵێن و، میللەتەکەمان ببوژێتەوەو، ئەبێ (ان شاء الله) زیاتر لەشارە گەورەکان وپایتەخت کە ئەبێ غـەمیی ئەو شوێنانە بخۆن کەوا زۆرتر چ

بەهۆی شەڕی عێراق وایران، چ بەهۆی شەڕی ناوخۆوە زۆرتر ژێر پێ کراون وەکو قەلآدزێ ورانیە و هەڵەبجە وپێنجوین وکفری وکەلارو ئەو جۆرە شوێنانە کە ئاساری وێرانی زۆرتر پێوە دیارە بەواجبی دەزانم کەوا برایان وەزیرەکان، پەرلەمانتارەکان بگەڕێن بەناو ولآت دا بزانن کێشە چییە؟ هیچ نەبێ قسەی خۆشیان بۆ بکەن، جاری جاران لەبەر عەداوەت و ناخۆشی وبوغزو لەیەک ترسان مەجالی ئەوە نەبوو، بەلآم ئێستا هەڵ هاتووە بۆ ئەوەی بگەڕێن دڵی ئەومیللەتە خۆش بکەن، زامی ئەو میللەتە تیمار بکەن، سەری نەخۆشەکان بدەن، سەری زامدارەکان بدەن، سەری دێهاتەویرانەکان بدەن، دێهاتەکان ئاوەدان بکەنەوەو خەمخۆرەیەکی راستەقینە بکەن و، ئەمە ئەمانەتێکی مێژووییە بەراستی چ لەبەردەم ئەو خوایەی کە ئێوە سوێندتان پێ خوارد چ لەبەردەم میللەتەکەتان و ئەبێ (ان شاء الله) هەڵگری ئەو ئەمانەتە بن. هەموو لایەکمان ئەوەی کە لە وەزارەتەو لە دەرەوەی وەزارەتە، ئەوەی لەپەرلەمانەو لە دەرەوەی پەرلەمانە هەلێکی زۆر چاک رەخساوە بۆ میللەتی کورد کە (ان شاءالله) لەمەولا هەموو لایەک، هەرکەس بەدەست وبەزمان وبەقەڵەم وبەکردەوە خزمەتی ئەو میللەتەو ئەو نیشتمانە بکات. لەکۆتایی دا دووبارە پیرۆزبایی لە میللەتی کورد ئەکەم وپیرۆزبایی لە هەموو برایان دەکەم و داواکارم لەپەروەردگار (ان شاء الله) هەموو لایەکمان موفق بکات و بتوانین ئەو ئەمانەتە گەورەیەی کەوا پێغەمبەر ئەفەرمێ(کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته) بتوانین ئەو ئەمانەتە (ان شاءالله) پێی هەڵسین ومیللەتەکەمان ببوژێنینەوە. لەکۆتایی دا داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەکەم، والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی مامۆستا مەلا عەلی دەکەین وئێستاش کاک کەمال شاکر لەلایەن برایانی حزبی شیوعی کوردستانەوە.

**بەڕێز کەمال شاکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی کاک کەریم ئەحمەد سکرتێری حزبەکەمان داوای لێبوردن دەکات، چونکە بەهۆی نەخۆشیەوە نەیتوانی تەشریف بێنێ و بە خزمەتتان بگات، بەڕاستی مایەی دڵخۆشییە کە جارێکی تر لەپەرلەماندا کۆبببینەوە وزۆر باش ئەبینین کە دێینە ژووری پەرلەمان درێژە بە

تەمەنی پەرلەمان وپێکهێنانی وبەردەوام بوونی دەدەین و لە هەمان شوێندا، ئەوە جێی ڕێزە بەڕاستی هیوادارم ئەو برایانەی کەوا جێگایان چۆڵە بەزووترین کات بتوانن بگەڕێنەوەو لە شوێنی خۆیان دانیشن و هەروەها ئەو فەرموودەیەی کاک مەسعود هیوادارم بەرنامەی کابینەی سێیەم ببێتە بەرنامەی ئیش کردنی سیاسی بۆ پێکهێنانی ئاشتی وتەبایی وبرایەتی بۆ ئەوەی کەوا هەموومان ببینە خزمەتکاری ئەو میللەتە و، کابینەی سێیەم ببێتە مینبەری دیموکراتییەت وفرە حزبی وخاوەنی دەستەلاتی ڕاستەقینە. هەروەها هەر وەزیرێک لە شوێنی خۆیدا ببێتە وەزیری کوردایەتی و وەزیری کوردستان و، پیرۆزبایییەکی گەرم ئەکەم لەکابینەی سێیەم هەروەها خۆمیش لەگەڵیان دا، هیوادارم بتوانین پێکەوە ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئەو ئەرکە سەختە بەسەربەرزی ببەین بەڕێوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاک کەمال دەکەین و، بەخێرهاتنی کاک نینۆس سکرتێری بزووتنەوەی ئاشووری ئەکەین لەم دواییە هات، ئەگەر تەشریف بێنێت شتێک بەم بۆنەیەوە بڵێت زۆر سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز نینۆس:**

**السيد رئيس البرلمان المحترم.**

الاخ مسعود البارزاني المحترم. الاخوة ممثلو الاحزاب، الاخوة الحضور، يسعدني باسم الحركة الديمقراطية الاشورية، ان اهنيء الاخ الدكتور روژ نوري شاويس و الاخوة السادة الوزراء على نيلهم ثقة البرلمان وتشكيلهم الكابينة الوزارية الجديدة واتمنى لهم الموفقية في عملهم الشاق في هذة المرحلة التحويلية في اقليم كوردستان حيث يقع على عاتق هذه الوزارة مهام كبيرة نأمل أن يتوفقوا فيها. ان مشاركتنا من الحركة الديمقراطية الاشورية في هذه الوزارة كما في سابقاتها، اضافةً الى مشاركتنا في البرلمان تنطلق من قناعتنا بالمصير المشترك والاخوة في الاقليم كما كان موقفنا من تمديد البرلمان في فترة عصيبة هو المحافظة على المؤسسة الشرعية الوحيدة التي بقيت في الاقليم وتشكيل هذه الوزارة هو من ثمار هذا التمديد. نحن في الحركة الديمقراطية الاشورية وكممثلين للشعب الاشوري في هذا البرلمان نسعى من جانبنا بكل ما أوتينا من الطاقة لكي نواصل جهود البناء مع الفصائل السياسية وبما يخدم التآخي القومي ويخدم التجربة الديمقراطية في كوردستان، ولكي تكون منطلقا يشمل جميع فصائل الحركة الوطنية العراقية لتعميم هذه التجربة الديمقراطية في عموم الوطن. أكرر تهنئتي مرة اخرى الى الوزارة الجديدة ونأمل لها التوفيق وشكرا لكم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاک نینۆس دەکەین. و ئێستاش کاک سەلاح سکرتێری یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەر تەشریف بێنێ و شتێک بڵێ.

**بەڕێز کاک سەلاح/ سکرتێری یەکگرتووی ئیسلامی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی.**

جەنابی مامۆستا مەلا عەلی، میوانانی بەڕێز. (السلام عليكم ورحمة الله). پێخۆشحاڵین وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ یەکەم جار بە خزمەتتان بگەین، لە خزمەتکارییەکی میللەتدا بەشداری بکەین لەکابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئومێد ئەکەین کە قۆناغێکی پڕ بەرەکەت بێ و سوود لە تاقیکردنەوەکانی پێشوو وەرگیرابێ. ئەو پەرلەمانەی کە ئومێدی هەموو میللەتە، هەموو کوردە لەهەموو شوێنێکدا بتوانێ (إن شاءالله)چالاک تر بکەوێتە گەڕ، ئەو گرفتانەی کە لەرێگایەتی بەشێوەیەکی زانستی و بەشێوەیەکی بابەتی شارستانییانە چارەسەریان بکات، گفتوگۆو حیواری ئاشتی چەسپاندن و، یاساگەری بێتەوە مەیدان، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم سوپاسی کاک مەسعود بکەین کە ماوەیەکە لەپەیامەکانیدا تەئکید لەسەر هەندێ مەسەلە دەکات کە بەڕاستی گرفتی بنەڕەتی ژیانی سیاسی کوردستانی ئێمە چارە دەکا، ان شاءالله هەم ئەو، هەم پارتی بەگشتی هەم وەزارەتی تازە، کابینەی تازەو، هەم پەرلەمان لەقۆناغی تازەیدا هەم هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەپێی یاسا کە بتوانێت لەو رێییەوە هەر یەکە چەندی پێ ئەکرێ کاربکات. باری سیاسی کوردستان ئاشکرایە لای هەموو کەسێ زۆر ئاڵۆزە. ئاڵۆز کراوە، هۆکار زۆرە بۆ ئاڵۆز کردنی، دڵسۆزی میللەت ئەوەیە کە هۆکارێکی ئارام کردنەوە وئاسایی کردنەوە بین، بتوانین چەندمان پێ ئەکرێ هەریەکە لەئاستی خۆیدا دوور لە گیانی حزبایەتی وبەربەرەکانێی حزبایەتی بیکەین، تابێتە هۆکارێکی خزمەت گوزاری، نەک دەسەڵات وکووتەک بازی. ئومید ئەکەین کە ئەم قۆناغە پڕ بەرەکەت بێ، ئەو پەرلەمانەی کە دەوری باشی دی ئومێدێکی باش بوو، گرفتی بۆ دروست بوو و لەشەڕی ناوخۆ زۆر بە جیددی ویستی لەسەرەتاوە کە بەربەستی شەڕ بێ، مانتان گرت هەموو ڕەنگەکان هەموو لایەنەکان، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە هات بەسەریا نەیتوانی بەربەست بێ لەو کێشانە، بەڵام هەر چۆنێک بێ پەرلەمان سەروەربی ئەوەی هەیەکە بەشداری سەلبیاتی بارەکەی نەکردووە وان شاءالله ئێستاش بەوشێوەیەی کە

ئەبیـنیـین کـەوتۆتە گـەڕ وکـاریگـەرتر ئەبێ و، ئەو برادەرانەی کە لێـرەنین دەگـونجێ بەو پەیامە خۆشانە، بەو ئارام کردنەوەیەو، بەو بارە سیاسییە تازەیە، بوارێک خۆش بکرێ کە ئەوانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری ئەو بارە بکەن و، پێکەوە ئەو دڵسۆزییانەی کە هەموو لایەک هەیانە بۆ میللەت بێتەدی ان شاءالله ئومێد دەکەین کە کابینەی وەزارەتی تازە موەفەق بێ. بەڕاستی تەئکید دەکەین لەسەر وتەکانی کاک مەسعود بارزانیی وەکو کاک کەمال ئاماژەی بۆ کرد ببێتە (میساقێکی نیشتمانیی) سوودی لێ وەربگیرێ بەڵکو بەجێ بهێنرێ، شیعاربازی وقسە حاشا لە کاک مەسعود پەسەند نییە، راستییەکە ئەوەیە ئالیـەتی بەجێـهـێنانی ئەوشـتانە ئەنجام بدرێ و، ان شاءالله بەم ئالیـەتەی کە هەیە، بەم هۆکارانەی کە تەرتیب ئەبێ، بەم دەست پێشخەربە چاکانە کە کەم کەم خەریکە دەکەوێتە گەڕ دەتوانرێ بە پشتیوانی خوا قەرەبووی ئەو گیروگفتانەی کە هەیە بکرێ و، رێژەی چاک کردنەوەو ڕاست کردنەوەی خواروخێچیەکان ناتوانرێ لەسەداسەد بێت. هیچ وڵاتێکی کە کیـانێکی سیاسی سەربەخۆشی هەبێ هەموو شتەکانی تەواو نییە، لەبەر ئەوە چاوەڕێی میسالیات نەبین، بەڵام رێژەیەکی گونجاو کە ئێستا بەوادری ئەوە دیارە (ان شاءالله) و سەرکـەوتنیش هاوڕێی هەمـوو کاربەدەسـتـان بێ و ئـێـمـەش وەک یەکگرتووی ئیـسـلامی هەروەکو بەشداریمان کردووە، لەڕاستیدا بەشداریەکی (رەمزییە)وەکو وەزیری هەرێم کە ئەمانەوێ هاوکـار بین، هاوکـاری باری سـیـاسی تازەی کـوردسـتـان بین وهۆکـارێکی خـێـر وهاوکـارێکی باش بین، چەندمـان پێ بکرێ ان شـاءالله درێغی ناکـەین، ومـێـژوو و ڕابردووی یەکگرتوو رەنگە پاڵپـشـتی ئەوە بکات کـە یەکگرتـوو دەزگـایەکی خـەڵکانی خـزمـەتگوزاری بێ فـێـڵـەو بەگـیـانێکی هاوکـاری دوور لە (پلان) خـەریکی خـزمـەتی میللەتین، بەشداری کردنمان لەوە بەو شێوەیە بێ هەر بەڵگەی ئەوەی تیایە کە گۆڕانکاری باش بەڕێوەیەو، ان شاءالله ئێمەش بەپێی ئەوە وزیاتر لەوەش لەخزمەتی گەل و وولات دا دەبین، وئومێد دەکەین هەموو لایەک مووەفەق وسەرکەوتووبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی کاک سەلاح دەکەین. فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییەکی گەرم لەکابینەی سێیەم دەکەم، داوای سـەرکـەوتنیـان بۆ دەخـوازم، بەڵێن ئەدەین کـە ئێـمـەش وەکـو سـەرباز پشـتـگیـری لە

هەنگاوەکانی ئەم کابینەیە بکەین. بەخێرهاتنێکی گەرم لەبەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و هەموو مێوانە بەڕێزەکان دەکەم بەتایبەتی بەخێر هاتنی کاک عەلی عەبدلْلا دەکەم کە بۆ جاری یەکەم هاتۆتە پەرلەمان. ئەوەش بە هەلْوێستێکی (ئیجابی) لەقەلْەم ئەدرێ کە ئەمە بەرینترین کابینە وبەرینترین حکوومەتە کە پێکدێ. حکومەتەکە کە پێک هاتووە لەپارتی وبزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی شیوعیی کوردستان وبزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ویەکگرتووی ئیسلامی وچەند کەسانێکی سەربەخۆ وبێ لایەن. بێگومان جێی برایانی تورکمانیش ماوە ئومێد دەکەین لە داهاتوویەکی زوودا برادەرانی تورکمان جێگای ئاسایی خۆیان لەم کابینەیەدا بگرنەوە، پێم وایە کەسانی وا ئامادە نەبوونە لێرە کە دەسەلاتیان هەبێ بەشداری لەم کابینەیەدا بکەن، بەلاّم ئێمە وەکو پارتی، یان برادەرانی کە کابینەیان پێکهێناوە جێی تورکمانەکانیان بەتالْ بەجێ هێشتووەو ئەوانیش دەتوانن بێن و، بەشداری لەکابینەکەدا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، فەرمووکاک حازم.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود وهەموو مێوانەکان دەکەم.هەرچەندە کاک فرەنسو بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لەکابینەی سێیەم کرد، بەلاّم من لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دووبارە پیرۆزبایی لە بەڕێز د. رۆژ وئەندامانی کابینەی سێیەم دەکەم بەناوی خۆم وئەندامانی پەرلەمانەوە داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم، هیوادارم (ان شاءالله) رۆژەکی خۆش وکوردستانێکی ئازاد لەپێشمانە. (ان شاءالله) ئێمەی میللەتی کورد چیتر تووشی گیروگرفت نابین وبتوانین کیانەکەمان و حکومەتەکەمان و پەرلەمان و، فیدرالیەت بپارێزین. هەموومان پێکەوە وەکو پەرلەمان، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان دیارە هەر لەرۆژی یەکەمەوە وەکو برادەرانیش ئاماژەیان بۆ کرد ئەگەر هیچمان پێ نەکرابێ بۆ سەپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا دیارە هیچ بەشدار نەبووین لە سەلبیاتی کە لەو ماوەیەدا روویداوە و،ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستەی سەرۆکایەتیەوە، بەهەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە دیارە درێغیمان نەکردبوو، هەر بەردەوام

لە خزمەتی گەل و نیشتمان بووینە و، هەرگیز ئێمە لەو سوێندە لامان نەداوە کە خواردمان لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندا، لەبەردەم خواو گەلدا کە یەکێتی گەل وخاکی کوردستان بپارێزین و، ئێستاش هەرلەو ڕووانگەوە ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دیسان ئامادەینە بۆ هەمـوو هەنگاوێک بۆ ئەوەی حکومەت و دام ودەزگاو پەرلەمان و فیدرالیەت وکیانی کوردستان بپارێزین (ان شاء الله) بەخۆشی وبەشادی و ئازادی بژین، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک حازم. ئێستاش بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بابفەرمووێ.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز جەنابی سەرۆک کاکە مەسعود بارزانی، سەرەتا سوپاسی زەحمەتی و هاتنتان دەکەم و، بەخێرهاتنی گەرمی میوانە بەڕێزەکان نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان وڕێکخراوە بیانییەکان دەکەم. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ڕێگام بدەن بەناوی خۆم و هەڤاڵە وەزیرەکانمەوە سوپاسی ئەو بڕوابێدانەتان بکەین کەپێتان بەخشین، بەڵێنتان پێ ئەدەین کە جێی متمانەو باوەڕتان بین و، دریغی نەکەین، بەردەوام لەهەوڵ و کۆشش دابین بۆ ئەوەی سەرکەوتووانە کاروبارە پێویستەکانی ئەم قۆناغە نوێ و گرنگەی کە پێیدا تێدەپەڕین لە بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان ئەنجام بدەین، بەسەر کۆسپ وزامەکاندا زاڵ بین و، بارو ڕەوشی کوردستانی عێراق ڕووەو گوزەرانێکی چاکتر ببەین. بەڕێزان لەم هەل و دەرفەتەدا پێم خۆشە ئاماژەیەکی خێرا بۆ هەندێ لە بڕگە سەرەکییەکانی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم. پێکهێنانی ئەم کابینەیە خۆی لەخۆیدا تەئکید وسوور بوونە لەسەر داکۆکی کردن و هەوڵی بەردەوام بۆ دابین کردن وزامین کردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەچوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا. هەروەها شێوەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان تەئکید کردنە لەسەر بنەمەکانی فرە حزبی و، پشت بەستنە بەگشت ڕیزەکانی جەماوەرەوە. کابینەکە جگە لەوەزیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتووە لەوەزیری بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقدا، لەوەزیری پارتی کۆمۆنیستی کوردستان، لەوەزیری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، لەوەزیری یەکگرتووی ئیسلامی، هەروەها چەند برادەرێکی بێ لایەن. ئێمە هەوڵێکی تەواومان داوەو، پێخۆشحاڵین کە نوێنەرانی برا تورکمانەکانیشمان بەشداری بکەن لەم کابینەیەداو،

جێگای ئەوانیش دیاری کراوەو، ئێمە چاوەڕوانی نوێنەریانین بەم زووانە ئەوانیش دێن و ئەکەوینە گفتوگۆ و، ئەو کاتە ئامادەین ئەو وەزارەتانەی بۆ ئەوان بەجێهێڵراوە بیان دەینێ، یا ئەگەر پێویست بوو گۆڕانێکی وەزاری بکەین، پێم وایە بۆ هەموو هاوکارییەک لەم بارەوە ئامادەین. بەڕێزان حکومەتەکەمان ئەمڕۆ رووبەڕووی ئەنجامدانی گەلێ کاری پێویست بۆتەوە. لەرووی سیاسەتی دەرەوە پێویستە پێش هەموو شتێک هەوڵی تەواو بدرێت بۆ بنیات نانەوەو پتەوکردنی پەیوەندییە دروستەکانی دۆستایەتی ودراوسێیەتی لەگەڵ وولاتە دراوسێکانماندا بەتێکرایی. پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلی کوردستان و ولاتانی هاوپەیمان، بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو روونکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و هەلوێستی گەل و حزبە سیاسی ییەکان و پەرلەمان وحکومەت بەرامبەر هەموو مەترسییەکانی دەرەوە. داکۆکی کردن لەسەر پێویستی گەلی کوردستان بەپاراستن وپرۆسێسی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) و، بەردەوام بوونی یارمەتی یە مرۆڤایەتییەکان و داواکردن و کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی بریاری (٩٨٦)ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتننامەیەی لەپێش دا لەگەڵ نوێنەرانیان ئەنجام دراون دەربارەی دابەش کردنی خۆراک ویارمەتی و پێویستییەکانی تری هەرێم بەشێوەیەکی تایبەتی وراستەوخۆ وجیاواز. سیاسەتی ناوخۆمان چەسپاندنی یاساو جێبەجێ کردنیانە، زامن کردنی ئاسایش و ئەمنیەتی هاوولاتیانە. دەبێ بە پاکی رووبەرووی کێشەکانیان ببینەوە و، پێداویستی یەکانیان جێبەجێ بکەین ، ئەمەو بەرگری کردن لە ئازادی و دیموکراسییەکان و، پەیڕەو کردنی تەواوی بڕگەکانی مافی مرۆڤ، واتە پابەند بوون بەگشت بنامەکانی ئازادییە گشتییەکانەوە وەکو ئازادی رۆژنامەگەریی و دەربڕینی راو، ئازادی کاری سیاسی بەگوێرەی یاسای دامەزراندن وپێکهێنانی حزبەکان ئەرکێکی سەرەکی حکومەتەکەمانە. حکومەتی کوردستان لەبەردەوامی دایە کە کاروبارە ئیدارییەکانی هەرێم بەزووترین کات رێک بخاتەوەو داهاتەکان یەک بخرێن و مووچەی فەرمانبەران و یارمەتی خێزانی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان بەزووترین کات بدرێت، وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان زوو بکەونە کارو، بایەخ بدرێت بەپرۆژەکانی ئاوو کارەباو رێگاو بان و باری تەندروستی هاوولاتیان و خوێندن و خوێندنی بالا.

بەڕێزان، ئەرکێکی تری حکومەتی کوردستان، چارەسەر کردنی دیاردەی چەکدارییە، کە بەهۆی دروست کردنی وەزارەتی پێشمەرگەوە هەموو پیشمەرگەی کوردستان لەیەک دەزگادا یەک بخرێن، کە چیتر چەکداری ئەم حزب و ئەو حزبە نەبن بەڵکو تەنها لەژێر فەرمانی

حکومەتی کوردستان دابن و، دڵسۆزییان تەنها بۆ گەل و نیشتمان بێت. هەروەها پاراستن و یارمەتی دانی رێکخراوە بیانییەکان، کە بە مەبەستی هاوکاری بۆ گەلی کوردستان لەم وڵاتەمان دان، ئەرکێکی گرنگی سەرشانمانە، لێرەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە خۆیان و کارمەندانیان چ بیانی چ هاووڵاتی جێگای رێزمانن. بەڕێزان، ئێمە ئومێدمان بە دوارۆژ هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ لەئاسۆدایە لەخزمەت پتەوکردنی ئەزموونەکەمان دایە، سەرکەوتنی گشت لایەکەو، بەر لە هەمووان سەرکەوتنی گەلی سەربەرزی کوردستانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی گشت جەماوەری کوردستانە، هەموو تواناو دەسەڵاتێکیش بۆ پێش خستنی گوزەرانیانە، بۆ یەکبوونی ریزەکانیانە، بۆ ئاشت بوونەوەی گشتییە. سوپاسی گشت لایەکتان دەکەین و، هەر بژین زۆر مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین. جارێکی تریش سوپاسی بێ پایانمان بۆ جەنابی کاک مەسعود بارزانی و جەنابی کاک عەلی عەبدوڵڵا ومامۆستا مەلا عەلی و برایانی بزوتنەوەی ئاشووری و یەکگرتو و برایانی حزبی شیوعیی کوردستان. ئێوەی بەڕێزیش ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاستان دەکەین. ئەم دانیشتنەمان کۆتایی پێ هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/١١/١٩٩٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/١١/١٩٩٦

***کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/١١/ ١٩٩٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی، خولی ئاسایی دووەمی ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ باوەڕپێدان وسوێند خواردنی وزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری، بەڕێز د. شفیق قەزاز.***
***٢ـ سوێندخواردنی وەزیری پەروەردە، بەڕێز د. جەرجیس حەسەن.***
***٣ـ سوێندخواردنی وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن، بەڕێز یۆنادم یوسف کنا.***
***٤ـ گفتوگۆ لەسەر بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٦.***
***٥ـ گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم وکۆمپانیا بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستان، ساڵی ١٩٩٦.***
***٦ـ پرۆژەی یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.***
***٧ـ پرۆژەی هەموار کردنی باجی گومرگ لەسەر کەل وپەلی خۆراک وجگەرە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە ئامادە کراوە.***
***٨ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەخێرهاتنی هەموولایەکتان ئەکەین، دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان چەند خاڵێکە. خاڵەکانی(١، ٢، ٣) خاڵی یەکەم باوەڕپێدان و سوێندخواردنی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بەڕێز د.شەفیق قەزاز، خاڵی دووەم سوێندخواردنی وەزیری پەروەردە بەڕێز د.جەرجیس حەسەنە، خاڵی سێیەم سوێند خواردنی وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن بەڕێز یۆنادم یوسف کنایە، خاڵی چوارەم بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٦، خاڵی پێنجەم بودجەی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستانە، خاڵی شەشەم پرۆژەی یاسای

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خاڵی حەوتەم پرۆژەی هەموارکردنی باجی گومرگ لەسەر کەل وپەلی خۆراک و جگەرەیە کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە ئامادەکراوە. ئەمانە خاڵەکانی بەرنامەی کاری ئەمرۆن، بەخاڵی یەکەم دەست پێ ئەکەین، بەلام پێش ئەوە ئەگەرتازە بابەت شتێک هەبێ، ئەگەر نییە...بابەخاڵەکان دەست پێ بکەین. خاڵی یەکەم سوێند خواردنی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری بەڕێز د.شەفیق قەزازە، باجەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژنوری شـــاوەیس/ســـــەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆ پڕکردنەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کاک د.شەفیق قەزاز دەکەین بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پۆستی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بەڕێز د.شەفیق قەزازە..کێ لەگەڵ ئەوەیە؟..سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. ئێستاش هەر لە خاڵی یەکەمەوە مەسەلەی سوێندخواردن هەیە، دوایی دێینەوە سەر خاڵی دووەم و سێیەم دیسان هەر سوێند خواردنە. بەکاک د.شەفیق قەزاز دەست پێ دەکەین با بفەرمووێت.

**بـەڕێـز د. شـــــــەفـــــــیق قـــــــەزاز:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بەتەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێز د.جەرجیس حەسەن، وەزیری پەروەردە.

**بـەڕێـز د. جـــــەرجـــــیس حـــــەســـــەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا بگرم وبەتەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێز یۆنادم یوسف کنا، وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کەبە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەست بە خاڵی بودجەی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین. لیژنەی ئابووری با بفەرموون بەلانی کەمەوە یەک دوانێکیان تەشریف بینن بۆ ئێرە. وەزیری ئابووری ئەویش ئەگەر کەرەمکا بێتە ئێرەوە. جا ئەگەر هەر کەم و کورییەکیش لەلایەنی هونەریەوە (فنی) هەبێ داوای لێ بوردن دەکەین، چونکە لەڕاستیدا نەمان توانی ژمارەی تەواو کۆپی بکەین ودابەشی بکەین بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا لەم بارەیەوە ئەم بەیانییە جهازێکمان تەرتیب کرد کە جهازێکی باشە، ئینجا لەمەولا وەکو پێویست دەگەڕێینەوە بۆ دۆخی جاران، پرۆژەکان پێش وەخت بەسەر ئەندامانی پەرلەمان دا بلاو دەکەینەوە، ئەکرێ کاک جەمیل و وەزیری دارایی و ئابووری شتێکیان هەبێ. جەنابی وەزیری ئابووری و دارایی ئەگەر هەندێ تێبینی هەبی لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستتاندایە، پێشان تێبینییەکانی خۆی پێشکەش دەکات، پاشان دێمەوە سەر خودی پرۆژەکەوە. بابفەرمووێ، فەرموو کاک شەوکت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکرێت حەز دەکەم ڕێگام پێ بدەن چەند خاڵێک بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان روون بکەمەوە. (١) ئەم بودجەیە کە بۆ (٤)مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ ئامادە کراوە، پاش پێشکەش کردنی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٧/١٠/١٩٩٦ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بە ئامادەبوونی وەزیرە بەڕێزەکان گفتوگۆی لەسەر کراو دوای پەسەند کردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بەرز کرایەوە، واتە ڕەزامەندی وەزیرەکانی لەسەر بووە (٢) لەبەر کەمی کات پێمان نەکراوە بودجەکە بەپێی مادده و جۆر پێشکەش بکەین بۆیە تەنیا لەسەر بنچینەی باب وبەش و فەسڵەکان ئامادەکراوە. (٣) کاتێک کە هەولێری پایتەخت ڕزگار کرا پاش جەردکردنی بانکەکان تەنیا بڕە پارەیەکی کەمیان تێدا بوو و زەرەرو زیانێکی یەکجار بەزۆربەی زۆری وەزارەت ودام و دەزگاکانی حکومەت کەوتبوو. هەر لەکاتی دەست بەکاربوونمان وەکو وەزارەتی دارایی وئابووری هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ ڕێکخستن وکۆنترۆل کردنی گشت داهاتەکان بۆ ئەوەی هەرچی زووترە مووچەی فەرمانبەران بدەین لەهەموو پارێزگاکان داو بڕە پارەیەکیش وەکو سلفەی مستدیمە بەوەزارەت ودام ودەزگاکانی بدەین بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری ڕۆژانەیان. دابین کردنی ئەم بڕەپارانە لەم ماوە کەمەدا کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە نەمان توانیوە تائێستا ئەو

زیادەی مووچەی فەرمانبەران بدەین، ئومێدەوارین پاش ڕێکخستنی ئابووریی هەرێم بتوانین ئەم بڕیارەی پەرلەمان جێبەجێ بکەین. کەمێک بابەتیشمان بەنووسراوی ژمارە (٥)مان لە١٣/١٠دا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز ڕوون کردۆتەوە. خاڵی (٤) ئەم بودجەیە بەپێی باری ئابوورییمان ئامادەکراو بەرنامەمان وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێ بایەخ بە مووچە بدەین ئینجا ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی وەزارەت ودام ودەزگاکانی هەرێم، و پاشان بە پێی توانای داراییمان پڕۆژەکانی ترو پێویستییەکانی دیکە جێبەجێ بکەین.

خاڵی (٥) سەبارەت بە دەروازەکانی بودجەی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی و وەزارتی دارایی وئابووری و وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری زنجیرەی یەکەم تا پێنجەمیان هەیە لەم بودجەیەدا خاڵی (٦) بارودۆخی تایبەتی ئەم دواییە لەلایەک کە کاری کردۆتە سەرداهاتمان و، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ماوەیەکی کەمە دەستمان بەکار کردووە بۆیە ئەو بڕە پارەیەی داهات کە لە بودجەکەماندا هاتووە داهاتێکی تەقدیرییە. خاڵی (٧)سەرەڕای کەمی داهات وتازە دەست بەکار بوونمان وەزارەتەکەمان تائێستا توانیویەتی مووچەی (٢) مانگی فەرمانبەران بدات و، خەرجی ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی وەزارەتەکان و، دام ودەزگاکانی هەرێم دابین بکات، جگە لە چاککردنەوە وتەئسیس کردنی وەزارەتەکان و ودائیرەکان وجێبەجێ کردنی پڕۆژەی پێویست. خاڵی (٨) هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن خەریکی ئامادەکردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٧ین تکایە بەڵکو بڕیار بدرێت نوێنەرێکی لیژنەی دارایی وئابووری پەرلەمان ئامادەبێ لەو گفتوگۆیانە کە لەنێوان وەزارەتەکانی تردا دەکرێت بۆ ئەوەی بەرێک وپێکی و، بەزووی ئەم بودجەیە ئامادە بکەین بۆ ساڵی ١٩٩٧. تەبیعی تەواوی هەنگاوەکانیشمان لە ژێر چاودێری و ئاڵ وگۆڕ کردنی بیروڕا لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا بووە. لەکۆتاییش دا ڕێزو سلاوم بۆ هەموو لایەکتان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شەوکەت. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی لیژنەی دارایی وئابووریەوە بەخێرهاتنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لەتەسفیەی کۆتایی بودجە جێی باسە بۆ مێژوو دەڵێین، کابینەی (٢)ی حکومەتی هەرێم لە (١/١/١٩٩٤) هەتا کۆتایی بێ بودجە بوو، هەروەها ئەو بودجەیەی ساڵی (١٩٩٣) هەتاکو بڕیار و مصادقەی لەپەرلەماندا لەسەرکرا کابینەی (٢) نەی توانی حساباتی کۆتایی لەمەڕیەوە پێشکەش بکات، بەڵێ جێگای دڵخۆشیە کە کابینەی (٣) دامەزرا و بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین بە وەزیری دارایی وئابووری هەڵبژێردرا، یەکسەر دەستی بەدانانی

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، وپێشکەشی پەرلەمانی کرد. هەروەها جێی سەربەرزی و دڵخۆشیە کە ئەم بودجەیە کاتێ گەیشتە پەرلەمان ئێمە هیچ هەلەی کۆکردنەوەمان تێدا نەدیت، پیرۆزبایی لە هەڤاڵی تێکۆشەر کاک شەوکەت شێخ یەزدین دەکەم، بۆ ئەو بۆچۆنە یاساییانە و دەبێ حکومەت بەم بودجە پەسەند کراوەوە کار بکات، چونکە بودجەیەکی راستەو بێ هەڵەی کۆکردنەوەیە، هەروەها سوپاسی وەزارەتە بەرێزەکەی جەنابیشی دەکەم، هیوادارم سەرکەوتوو بن. بۆ خزمەتی کورد و کوردستان بەرێزان. بودجەکە بۆ چوار مانگە لە ١٩٩٦/٩/١ تا ١٩٩٦/١٢/٣١وەدەنگی لەسەردرا هەروەک وەزیری دارایی بەرێز فەرمووی، ئێمە وەک لیژنەی دارایی وئابووری هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە تەنها زیادەی پەرلەمانی ئەویش لیژنەکەمان خستیە سەر فەسڵی یەکەم لە بابەتی دەیەم (١٠)دا تێبینی دووەمیش لەبەر ئەوەی وەزارەتی (پ.م) دام ودەزگای هەتا ئێستا دروست نەبووە، لەرۆژەکی نزیک بودجەی بۆ ئامادە بکرێ، دواتر لیژنەی ئابووری لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات وپێشکەش بە پەرلەمانی بەرێز بکرێ و، پەسەند بکرێ، ئێستا ئێمە دەست بەو بودجەیە دەکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا کۆکراوەکان دەخوێندرێنەوە یان هەمووی؟

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەتەقدیری ئێمە دەروازیەکی گۆڕاوە، بەس فەسڵی یەکەم دەڵێن ئەو گۆڕانکاریەمان هەیە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم وەکو جەنابی سکرتێریش تەئکید دەکات دەڵێ باب و فەسڵ بەجیا بخوێندرێتەوە وئەگەر رەخنەتان لەسەر نییە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بن لەسەری، ئەوە پێشنیارەکە بەم شێوەیە. ئارەزوو دەکەی ئەوەی تێبینی لەسەر نییە دەرباز ئەبین دەڕۆین، موشکیلە نییە. دەنگدانیش عادەتەن لەسەر فەسڵ فەسڵە، ئەگەر راتان لەسەرە ئەخوێندرێتەوە ئەوکات چتان لەسەری هەیە دەیلێین تکایە فەسڵ بە فەسڵ دەنگی لەسەر ئەدەین.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لەو بودجەی ئەنجوومەنی وەزیران فەسڵی یەکەمدا زیادەی پەرلەمانی نزیکەی(٥) ملیۆن و(٤٠٠) هەزار دینار داندراوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەسڵە تەنها ئەو تێبینییەتان لەسەری هەیە، چ تێبینییەکی تر نییە؟ فەسڵی یەکەم تەنها

تێبینی لیژنەی ئابووری ئەوەیە کە وەکو ئاگادارن زیادەی پەرلەمانە. ماددەکان بخوێنەوە، فەرموو کاک جەمیل بە فەسڵەکان دەست پێ بکە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی دووەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە فەسڵی یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە، چونکە تەنها مەسەلەی یارمەتیەکەیە، زیادەی پەرلەمان. ئەویش بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی وئابووری ئەو زیادەیە وەکو ئاگادارن داوای دواخستنی کراوە تاکو بارودۆخ بزانن چۆن ئەبێ ئەوکاتە ئەوان وەکو لیژنەی دارایی وئابووری پێشنیاریان کردووە دەخەینە سەر بودجە، ئەگەر توانا کەوتە بەردەست. ئەوکاتە ئەنجوومەنی وەزیران دوا رای خۆی دەدات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن نەمان دیوە. دوایی کاک جەمیل سوپاس وتەقدیری کرد بۆ وەزارەتی دارایی، زۆرچاک دیارە کۆکن هەر بە جارێ بڕوات، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من دوابخری، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی موفاتەحەی ئەنجوومەن کرا. لەبارەی ئەو بابەتە وەزارەتی دارایی پێش ماوەیەک وەڵامیان داوەتەوە داوای دواخستنیان کردووە هەتا وەکو سیولەیان بۆ پەیدادەبێ، پاشان بیرێکی لێ ئەکرێتەوە. لەبەر ئەوە وێنەی ئەو نووسراوەمان ناردووە بۆ لیژنەی دارایی وئابووری، وابزانم بۆ لیژنەی یاسایشمان ناردووە بەو زووانە پێتان ئەگات، ان شاءالله ئەو بابەتە چارە کراوە. ئێستا فەسڵی یەکەم کاک جەمیل خوێندیەوە تەنها تێبینی یان ئەوەیە و پێشنیارەکەیان ئەوەیە. باپێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە، یەکەم جار کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی ئابووری و داراریی یە؟ پێشنیارەکە زیادەی پەرلەمانە خراوەتە سەر بودجە بۆیان، چونکە لێرەدا لە بودجەی پێشنیار کراودا نەهاتووە ئەوان لەبەر ئەوە داوایان کردووە ئەم بابەتە دوابخرێ لەبەر

ئەوە تەخمینیان کردووە، زیادیان کردۆتە سەر بودجەکە تا سیولەیان دەبێ. کە سیولەیان هەبوو پاشان بیدەن. کاک جەمیل بۆیان روونکەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەزارەت بە وەزارەت دەیخوێنینەوە، یەکەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. هیچ گلەییمان لەسەر بودجەکەی نییە تەنیا فەسڵێ یەکەم زیادەی پەرلەمان بۆ فەرمانبەران زیاد بکرێت، ئەوەمان کردووە بۆ هەموو وەزارەتەکان. دەربارەی بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری فەرمووی کە ئەندامانی پەرلەمان نەیان دیوە تقریبا (١٠) نسخە هی بودجەی حکومەت لە ژوورەکانی کوتلەی پەرلەمانیدا بوو ئەندامانی پەرلەمان ئەوی حەزی کردبێت یانیش دڵی لەسەر بوو بێ وەری گرتووە، ئەوەی نەیتوانی بێ سەیری بکات ئێمە ئێستاش لامان نییە یەک بە یەک بیخوێنینەوە بەس تقریبا(١٠) نسخە وەزارەتی دارایی کۆپی کردبوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دابەشی کردبوو بەسەر کوتلەی پەرلەمانی لە ژوورەکانی ئەندامانی پەرلەماندا هەبوون.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ئەو بڕیارەی کە پەرلەمان داویەتی مافێکی موکتەسەبی دروست کردووە، ئەوە چەسپاوە. بەڕای من ئەوەی وەزارەتی دارایی پێشکەشی کردووە، پێشنیاری لیژنەی دارایی بخرێتە پاڵی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەندامان بتوانن بەڕاشکاوی دەنگی خۆیانی لەسەربدەن. بەڵام بابەتی زیادکردن وزیادنەکردنەکەی وەکو بەڕێز وەزیری دارایی روونی کردەوە دواخراوە لەبەر ئەوە بەڕای من زیادکردنەکەو راسپاردەکانی بڕیارەکەی تر ئەگۆڕێت، شتێکی ڕاست نسیە و، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا. واگفتوگۆمان لەسەر کرد کە بودجە بۆ ساڵی ١٩٩٧ دادەنرێ گفتوگۆی ئەو زیادەیە بکرێت، ئێستا کە تەنها ئەو بودجەیە لە بۆ ئەوەیە کە ڕۆژانە کاروباری خۆمانی پێ بڕوێنین چونکە ناکرێ بۆ (٤)مانگ شتێک دابنرێ ودواش بخرێ، پێم باشە ئەوەی کە هاتووە جارێ باسی ئەو زیادەیە نەکرێ، کە بودجەی ساڵی ١٩٩٧دانرا ئینجا باسی بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکەی بەڕێز د.ئیدریس دەکەم ئەگەر نەدرێت بۆچی بخرێتە بودجەیەکی کاتی بۆ(٤) مانگ؟ دووەم شت من حەزدەکەم بەڕێز وەزیری دارایی ئەو پابەندیە لێوە لەپێش پەرلەمان وەکو قەرز کە مافی فەرمانبەرانی هەرێمە، بیخاتە سەر ئەستۆی وەزارەتەکەیەوە، ئەوە جێی دڵخۆشییە، چونکە کاتی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان ئەو زیادەیە بڕیاری لەسەر درا، بەڵام ئیتر بارودۆخەکە رێگای نەدا کە جێبەجێ بکرێت ئێستاش هیواداریین ئەو پاپەندیەی وەزارەتی دارایی بە بڕیارێک یاخود بە یاسایەکی پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر بدرێ، چونکە ئێمە هەموومان ئاگادارین کە بارودۆخی گوزەرانی فەرمانبەران لە هەموو توێژێک زیاتر خراپترە، وای لێهاتووە ئەوان مووچەیان نەگۆڕە وهەموو شتێکیش لە زیادبوون دایە، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زیادەیەی کە ئێستا برادەرانی لیژنەی دارایی خستیانە سەری، ئەو زیادەیە ئەگەر هاتوو ئیمکانیاتی هەبوو ئەگەر ئەم دەقە لە بودجەدا نەبوو مانای وایە ناتوانێ بیکات، بۆیە دەڵێم باهەبێ ئەگەر پارەکە بوو ئەوا دەدرێ ئەگەر نەبوو نادرێ، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زیادەیە بەبڕیارێکی پەرلەمان دانراوە مانای یاسایە، یاساش بە بڕیار یان بە یاسایەکی هەمواركراو نەبێ ئیلغا نابێ. وەزارەتی دارایی دەڵێ (حجب)، (حجب) لەرووی زمانەوانی یان لەرووی یاسایی مانای بڕاوە (قطع) بووە. ناکرێت لەرووی زمانەوانییەوە ویاساییەوە ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین و، لە پەرلەمانیش لە لیژنەی یاساییینە، ئێمە یاسای ئەو زیادەیە دادەنێین و پێویستیشە دایبنێین، بەڵام وەزارەتی دارایی تەماشای بکات بزانێ ئایا هەیەتی یان نییەتی، بەپێی توانای بەردەستی خۆی جێبەجێیە بکا، ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی یەوە هەیە و پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، لە پاشان من پشتگیری کاک ئەیاد دەکەم ئەگەر نەشدرێت یان بەشێکی لێ ببرێت دەبێ ئەوە ببێتە قەرزێک لە خەزینە تاپارە زۆر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا سەبارەت بەو برە پارە زیادەیە بارێکی گران دەخاتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ڕێزو تەقدیرێکی تایبەتیمان هەیە لەلای کاک مەسعود بارزانی و میللەتی کورد و ئێمە حەزدەکەین کەوا ئەو ڕێزو و تەقدیرەمان لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ کە بەیەک چاو تەماشای ئیدارەی پەرلەمان و ئیدارەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین و پێویستە پشتی حکومەتی هەرێم بگرین و هیواداربن بتوانێ کاروباری خەڵک جێبەجێ بکات و گرفتی نەخرێتە پێش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا بەپێی ئەو سوێندەی لە سەرەتادا بەئامادەبوونی جەنابتان خواردمان هەر لە بنەڕەتەوە ئەوها بوو، ئەوەی کە لەدەستمان بێت بیکەین ودرێغی نەکەین بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەمان. کێ پێی ناخۆشە حکومەتێ تازە پێکهاتبێ و ئیشی چاک بکات؟ ئەگەر توانا هەبایە بە تەئکید سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە ئەو بڕیارەیان دەدا کە ئەو زیادەیەی پەرلەمان لە هەمان کاتدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام جێی داخ ئەمەیە کە ئێمە کاتێ ئەو لێپرسیارەتیەمان وەرگرت ئیمکانیەتێکی وامان لەبەر دەست دا نەبوو، هەروەکو لە هەوڵ ونامەکانمان ئاماژەمان بۆکرد. پاش ڕزگارکردنی هەولێر خەزینەی پایتەختی کوردستان شتێکی وای تێدانەبوو کە بتوانین ئەو بڕیارە پیرۆزەی پەرلەمان جێبەجێ بکەین. ئێستاش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی (٣) بەتایبەتیش وەزارەتی دارایی بەپێی ئەو سوێندەی کە لە سەرەتادا ئیشارەتم پێدا، شتێ کە مرۆڤ لەسەر خۆی دەکاتە ماڵ دەم ودەست بە پێی ئەو پرسیارەی کە ئەو برایەمان ئاراستەی کردین، کاک ئەیاد وەڵامەکەم ئەمەیە ئێمە کە سوێندمان خوارد ڕێزمان بۆ بڕیارەکانی تاک تاکی پەرلەمانی کوردستان هەیە، هەر کاتێ تێبینی ئەوە کرا کە بودجەی ئێمە بەرەو باشی دەڕوات، داهاتەکان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک کۆنترۆڵ کران، بە تەئکید ئەو بڕیارەی پەرلەمانی بەڕێز جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەو کاتەدا کە ئێوە داوا لە ئێمە بکەن وابزانم شتێکی زۆر گرانە سەبارەت بە ئێمەش کە شتێ نەتوانین لەسەر خۆمانی بکەینە بار، بەڵام ان شاءالله خوا فورسەت بدات، خائینان دیسان ئاژاوە نەنێنەوە لە وولاتەکەماندا ئەو کاتە بتوانین ئێمە هەروەکو بۆچوونی یەکەم، بۆچوونی ئەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی

کوردستان که له لایەن بەڕیز د. رۆژ نووری شاوەیسەوە عەرزی هەموو جەماوەری کوردستان کرا. لەراستیدا ئەوەی کە لەدەستمان بێ خزمەتە، خزمەتیش بۆ ئەم میللەتەیە، وەکو خزمەتکاریش سەبارەت بە وەزارەتی داراییش من وای بۆ دەچووم کە ئێستا ئێوە بەوە خۆشحاڵن کەئەم کابینەیە لە ماوەی (١) مانگ ونیودا کەدامەزراوِ دەستی بەکاری خۆی کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین کێشەی بۆ هاتە پێش توانیویەتی (٢) مووچە بدات، توانیویەتی ئەو وەزارەتانەی کە کاول کراون وتالان کراون دووبارە سەر لەنۆی چاکیان بکاتەوە و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات و ئاوەدانیان بکاتەوە. لەکاتێکی وادا سەربەرزییە بۆ ئێوە و بۆ ئێمەش کە هەموو دام و دەزگاکانی وەزارەتەکان کەوتوونەتە کار و لەکات وساتی خۆی دا لە خزمەتی میللەتەکەیان دان بۆیە پێویستمان بە پشتیوانی ئێوەش هەیە بۆ ئەوەی ئێوەش لەناو ئەو خەڵکە بەتایبەتی ئەو مووچە خۆرانەی کەوا ئەو جۆرە گرفتانەیان هەیە، باس لە زیادەی پەرلەمان دەکەن ئێوەش لەباتی ئێمە وەڵامی ئەو خەڵکە بدەنەوە. ئەوە نییە کە ئێمە خوا نەخواستە نایدەین، بەڵام شتێ ئەتوانین بڵێین بیدەین کە هەمان بێت، کە نەبوو کاری بۆ دەکەین، هەر لەحزەیەک کە توانای ئێمە زیادبوو بە تەئکید ئێوەش ئاگادار دەبن، بەتایبەتی لیژنەی دارایی سەر بەم پەرلەمانە ئاگادار دەبێ، ئەو کاتە ئێوە فەرموون هەر وەکو ئەو برایە ئاماژەی پێداوە ئەوەندە لێک دوورنین دەتوانین هەر ڕۆژێ پێویست بێ لەگەڵ یەک دابنیشین وبیروڕای لەسەر ئاڵوگۆڕ بکەین و سەر بەرزییەکەش بۆ هەموولایەکمان دەبێ ئەوکاتە بتوانین ئەو زیادەیە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. پشت بەخوا هەروا دەبێ ئەندامانی پەرلەمان بەتەئکید یارمەتیدەرو پیشتیوانی حکومەتی هەرێم دەبن، هەر لەبەر ئەوەشە پێشنیاریان کردووە کە ئەو بابەتە کە داواتان کردووە دوابخرێت وزیادی ئەکەنە سەر بودجە، هەر کاتێ ئەو توانایە هەبوو ان شاءالله هەموو لایەک دڵخۆش دەکەینەوە پێی، تکایە نەت خوێندەوە. جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، (٩)ملیۆن و(٩) هەزار دینار بوو زیادەی پەرلەمانێ نزیکەی (٥) ملیۆن و (٤٠٠) هەزار خرایە سەر ئەو فەسڵە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی بە یاسایەک پەرلەمان ئەم زیادەی داناوە. ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دەڵێن ئێستا پارەیان نییە، ئەگەر زیادیش دەکرێ پێویستی بە بڕیار نییە، چونکە پەرلەمان بڕیاری لەسەر داوە، زیادەکە دەدرێت پێویست بە دەنگدان ناکات، بەڵام بەڕای من مادەم وەزارەتی دارایی دەڵێ ئێستا سیولەیان نییە تقریبا لەنیوەی بودجە کە زیاترە. ئێستا ئێمە

لەگەڵ ئەوەین زیادەکە بخرێتە سەر مووچەی هەموو فەرمانبەرەکان، هەر کاتێ گونجاو بوو ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی خۆیان شتەکە دەکەن.کاتی خۆی ئێمە بریارمان داوە، چ پێویستە ئێمە جارێکی تر بریاری لەسەر بدەین؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک محەمەد.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە فکرەیەک لەبودجەکە وەرناگرن. من پێشنیار دەکەم کە بە کورتی بری گشتی بزانن وبۆچی تەرخان کراوە؟ بۆ نموونە چونکە ئێمە وەکو دەزانین هەندێ وەزارەت وەکو وەزارەتی(پ.م) داخل نییە ئەوان نازانن، بەکورتی بزانن کە ئەو برە پارەیە بەگشتی چەندە و بۆچی تەرخان کراوە؟ پاشی فەسڵ بە فەسڵ ئەگەر دەنگیشی لەسەر بدەن فیکرەیەکمان هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک مەئمون.

**بەرێز مەئمون محەمەد بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکم هەیە. پێویست وایە ئەو هەموارکردنە کە لیژنەی دارایی دەیکات و وەک پێشنیار دەیداتە وەزارەت ئەندامانی پەرلەمان هەموویان ئاگاداربیان لەسەر هەبێت. بە بۆچوونی من ئەوە شتێکی تێ ناچێ، پاشان وەزیرە بەرێزەکانیش هەر پێویست وایە نوسخەیەکیان لابێ یان نوسخەی وەزارەتی دارایی هەم پەسەند کردنەکەشی لەسەر بێ بۆ ئەوەی لێی ئاگادارین، پێش وەختیش پێیان بدرێت پێش ئەوەی کەوا دانیشتنەکە دەست پێ بکرێ، بەرای من وایە ئەوە لە ناحیەی ئیداری زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاکەرەش.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران بائاگاداری بابەتەکە بن چونکە مەسەلەی زیادەی پارە، هەموارکردنی یاسا نییە، چونکە ئەو یاسایە ئێمە رەزامەندیمان لەسەر کردووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئەبێ هەبێ ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ بوونی سیولە. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فرەنسۆ فەرمووی دەنگدان لەسەر بڕیار ناکرێت. ڕاستە دەنگدان لەسەر بڕیار ناکرێت، بڕیار دراوە وبڕاوە و بڕاوەتەوە دەبێ دەنگدان لەسەر ڕەتکردنەوەی بڕیار بکەین ئەوەش ئێستا نییە، بەڵام ئێمە ئێستا دەنگدان لەسەر ئەو زیادەیە ئەکەین کە ئێمە لەسەر بودجە دامانناوە. دەنگدان لەسەر بودجە دەکرێت نەک لەسەر بڕیاری پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە گفتوگۆ لەسەر بودجەی پەرلەمان یان حکومەت دەکرێ، ئەگەر لێکۆڵێنەوەیەکی ئابووری هەبێت ئەبێ تەئکید لەسەر ایراداتی ئەم زیادە دانراوە بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەمە دەرچوونە لەم گفتوگۆیەی کە ئێمە دەیکەین. ئەوەی ئێستاکە لە ئارادایە یەک بابەتە، بودجەیەک بۆ (٤) مانگ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئامادە کراوە و ناردراوە بۆ پەرلەمان، داوای پەسەند کردنی ئەکەن، واتا لە مانگی (٩) هەتا مانگی(١٢). ئەمەیە لەبەر دەستدایە، ئەوەی جەنابت باسی دەکەی ئەوە جەنابی وەزیری دارایی تەئکیدی کرد کە ئەوان ئێستاکە سەرقاڵن بە بودجەی ساڵی١٩٩٧. بەتەئکید ئەو بودجەیەش ئەبێ لە کۆتایی ئەم ساڵەدا پەسەند بکرێت، ئەو کاتە دەکرێ ئەو بابەتەی کە جەنابت باسی دەکەی لە بودجەی ساڵی ئایندە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەمەی ئێستا کە هەیە تەنها بۆ ئەم(٤)مانگەیە، بودجەیەکی کاتییە بۆ ئەوەی شێوەی یاسایی خۆی وەربگرێت ئەو شتانەی کە ئەوان داوایان کردووە. تکایە گفتوگۆکان لەم چوارچێوە بێت لەم بابەتە بادەرنەچین. ئەوەی کە ئێستا کە پەیوەندداره بە فەسڵی یەکەمەوە تەنها یەک تێبینیە ئەویش مەسەلەیەکی یاسایی یە، لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە کە ئەو مەسەلەی زیادبوونە زیادی ئەکەن بۆ سەر ئەو تخصصاتەی کە لە فەسڵی یەکەم دانراوە بۆ مووچەی کارمەندانی حکومەتی هەرێم. ئەیدەن، نایدەن ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئەوان بەڵێنیان داوە بیدەن وبەنووسراوی ڕەسمی موخاتەبەی پەرلەمانیان کردووە وتویانە ئەم دواخراوە پەیوەندیی بە سیولەو ئیمکاناتی خۆیانەوە هەیە لەم چوار مانگەدا. ئیتر لەم چەند مانگەی کە ماوە سیولەیان هەبوو دەیدەن، نەبوو نایدەن، ساڵی ئایندە بەتەئکید ئەو زیادبوونە دیسان جارێکی تر ئەکەوێتە پرۆژەی ئەوانەوە، مەسەلەیەکی یاسایی یە فەسڵی یەکەم بەو شێوەی کە ئێستاکە ئەخوێندرێتەوە ئەیخەینە پێش چاوتان، پاشان فەسڵ بە فەسڵ وەکو هەموو جارێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی ئابووریش بابەو شێوە مسائیله سەرەکییەکانی هەر فەسڵێ بخوێنێتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان تا ئاگاداربن لە

ناوەڕۆکی هەر فەسڵێک. ئەگەر تێبینییەکتان هەیە لیژنە دەیخاتە پێش چاو، پاش گفتوگۆ دەیخەینە دەنگدانەوە فەسڵ بە فەسڵ، بڕگە سەرەکییەکان دەخوێنرێنەوە بەژمارە، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینییەک نەبێت. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی یەکەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (٩)ملیۆن و(٩)هەزار دینارە، زیادەی پەرلەمان بەو تەقدیرە کە ئێمە دامانناوە(٥)ملیۆن و(٤٠٠)هەزار دینارە لەفەسڵی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. فەسڵی(٢)چونکە خەدەماتە(١)ملیۆن و(٩٤٤)هەزار دیناریان نووسیوە، دەستمان لێ نەداوە. فەسڵی سێیەمیش (١)ملیۆن و(١٣٨)هەزار دینارە دەستمان لێ نەداوە. فەسڵی(٤)بۆ صیانەیە(٨٤٢) هەزار دیناریان نووسیوە دەستمان لێ نەداوە. فەسڵی(٥) رەئسمالیەتە(٦٢٢) هەزار دیناریان نووسیوە دەستمان لێ نەداوە. فەسڵی(٦) تەحویلییە(١١٤) هەزار دیناریان نوسیوە دەستمان لێ نەداوە. کۆیەکەی(١٣) ملیۆن و(٦٦٩) هەزار دینار بوو. پاش زیادەی ئەوەی لە لیژنەی ئابووری کراوە بووە (١٩)ملیۆن و(٦٩)هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گوتمان فەسڵ فەسڵ، بڕگە سەرەکییەکان ئەخوێنینەوە پاشان ئەگەر هەموارکردن وزیادەیەک لەهەر بابێ لەو بابانە هەبوو، فەسڵ بە فەسڵ ئەیکەین، فەسڵی یەکەم خەرجی فەرمانبەرانە (نفقات الموظفين) ئەیخوێنینەوە. ئەنجوومەن ئەوەندە، زانکۆ ئەوەندە یەک یەک ژمارەکان، پاشان کۆی گشتی دەکاتە ئەوەندە، ئەگەر زیادەتان هەیە دەیخەینە سەری، نیتانە ئەچین بۆ فەسڵی دووەم وبەم جۆرە، واتا بڕگە بە بڕگە بۆ ئەوەی تەواو بێ هیچ درێژی ناکاتەوە.

کاک جەمیل تکایە ئەوها بیخوێنەوە دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەندە، زانکۆی سەلاحەدین ئەوەندە..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ديوان مجلس الوزراء (٩٦٨) الف الفصل الأول جامعة صلاح الدين، الأول(٤) ملايين و(٨٣٧) الف، جامعة السليمانية(١) مليون و(١٠٥)الف، جامعة دهوك(٥٤١) الف ، المعهد الفني في أربيل (٥٩٣) الف، المعهد الفني في السليمانية(٦٣٦) الف، المعهد الفني في دهوك (١٨٩) الف ، دوائر الاحصاء (١٤٠) الف، کۆیەکەی (٩) ملیۆن و(٩)هەزار زیادەی پەرلەمانی (٥) ملیۆن و(٤٠٠) هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە فەسڵی یەکەمە تەنها تێبینی لیژنەی ئابووری لەسەر ئەم فەسڵە، زیادەی پەرلەمانە، ئنجا

ئێمە فەسڵی یەکەم بە پێشنیارەکانەوە دەخەینە دەنگدانەوە. چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم فەسڵە کە خوێندرایەوە؟.. نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم بەپێشنیاری لیژنەی ئابووریشەوە وەگیرا. ئێستا فەسڵی (٢).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني ديوان رئاسة مجلس الوزراء المستلزمات الخدمية (٢٠٠) الف، جامعة صلاح الدين مليون، جامعة السليمانية (١٧٠)الف، جامعة دهوك (١٦٩) الف، المعهد التكنيكي في اربيل (١٥٠)الف، المعهد التكنيكي في السليمانية (١٥٠)الف، المعهد التكنيكي في دهوك (٥٨٠) الف، دوائر الاحصاء (٢٠) الف، کۆیەکەی (١)ملیۆن و(٩٤٤) هەزار، ئێمە هیچ گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێزسەروکی ئەنجومەن:**

هیچ گۆڕانکارییان لەسەر نییە کێ تێبینی هەیە؟ نییە. کێ لەگەڵ فەسڵی (٢)ـە وەکو خوێندرایەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. کاک ئەیاد فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە سەبارەت بەوە، لیژنەی دارایی زیاتر قووڵ بوونەوەی لەو مەسەلەیەدا کردووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر بابێک تەنها ناوەکان بخوێندرێتەوە، بۆ نموونە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران وزانکۆی سەلاحەدین فلان وفلان شتە، کۆیەکەی ئەوەندەیە. من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوەندە درێژی نەکەینەوە، باشتریشە لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز وەزیری دارایی سیاسەتی دارایی ئەو وەزارەتە یان سیاسەتی دارایی گشتی روون بکاتەوە، چونکە بەپێچەوانەوە وابزانم زۆر کات دەخایەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. وابزانم ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان دیمەنێکیان لەبەر چاو بێت، چونکە هەروا بە قسە لەوانەیە هەندێ مسائل روون نەبێت، کاتی خۆی ئێمە تقریبا بەو شێوەیە فەسڵ بە فەسڵ دەمان خستەروو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی فەسڵی (٣) ملیۆنێک و(١٣٨) هەزارە، فەسڵی(٣)(مستلزمات سلعية) مسائلی قرطاسیەو ئەو شتانە. ديوان رئاسة الوزراء(٥٠) الف، جامعة صلاح الدين (٤٩٠) الف، جامعة السليمانية(٢٣٠) الف، جامعة دهوك(٢١٩) الف، المعهد الفني في اربيل (٦٠) الف،

المعهدالفني في السليمانية(٤٠) الف، المعهدالفني في دهوك (٤٠) الف، دوائر الاحصاء(٩) الف، كۆیەکەی(١)ملیۆن و(١٣٨)هەزار، ئێمە هیچ گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دارایی باوەڕ ناکەم هیچی هەبێ چونکە ئەمە ئی خۆیانە. فەسڵی(٣) کەس تێبینی هەیە؟ نییە. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی(٤) صیانەیە. دیوان رئاسة الوزراء(٣٠٠) الف، جامعة صلاح الدين (١٠٠) الف، جامعة السليمانية(١٧٥) الف، جامعة دهوك(١٠٩) الف، المعهد الفني في اربيل (٥٠) الف، المعهد الفني في السليمانية (٥٠) الف، المعهدالفني في دهوك (٥٠) الف، کۆیەکەی (٨٣٤) هەزار، ئێمە هیچ گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ نییە، کێ لەگەڵ فەسڵی(٤)ە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ(٥) راسمالية، باڵەخانە یان کڕینی زەویە یان کڕینی ئامێری چاپ وکۆپی وئەوشتانەیە. ديوان رئاسة الوزراء(٤٠٠) الف، جامعة صلاح الدين (٥٠) الف، جامعة السليمانية(٥) الف، جامعة دهوك(٥) الف، المعهد الفني في اربيل (٢٥) الف، المعهدالفني في السليمانية (٢٠) الف، المعهدالفني في دهوك (١٩) الف، دوائر الاحصاء(٨) الف، کۆیەکەی (٥٣٢)هەزار، ئێمە هیچ گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر فەسڵی(٥)؟ کێ لەگەڵ فەسڵی(٥)ە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسلی(٥) وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی(٦)تمویلیە، تمویلیە بۆ پابەندی فەرمانگەکانی تر لەسەر فەرمانگەیەک یان لایەنێکی تر لەسەر فەرمانگە سەرەکییەکان، لەگەڵ کۆژاندنەوەی سلفەی ژن هێنان، ديوان رئاسة الوزراء(١٠) الف، جامعة صلاح الدين (٦) الف، جامعة السليمانية(٣) الف، جامعة دهوك(١) الف، المعهد الفني في اربيل (٢) الف، المعهدالفني في السليمانية(١) الف، المعهدالفني في دهوك (١) الف، کۆیەکەی(٢٤)هەزار، ئێمە هیچ گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی ئابووری تێبینییان نییە، کەس تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی(٦)ە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆیەکەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وفەرمانگەکانی سەربەو پێش زیادەکەی ئێمە،(١٣) ملیۆن و(٦٦٩) بوو لەگەڵ زیادەکە ئەوەی پەسەند بووە بوو بە(١٩)ملیۆن و (٦٩) هەزار دینارە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە کۆی گشتییە زۆر سوپاس. ئەمە تەواو بوو بڕۆ بۆ سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا وەزارەتی پەروەردە. پێکهاتووە لەدیوانی وزارەت، الدراسة الثانوية، الدراسة الابتدائية، دراسة روضة، دراسة مهنية، مديريات المطابع، معاهد المعلمين. الفصل الاول. ديوان الوزارة (٥٦٦)الف، ثانوية(١٦) مليون و(٥٦٠) الف، ابتدائية(٣٤) مليون و(٨٦٠) الف، روضة الاطفال (٩٧٢) الف، الدراسة المهنية (٣٠) مليون و(٣٨٣) الف، مديرية المطابع(٢٢٥)الف، المعاهد(٣٧٠) الف، کۆیەکەی(٥٦) مليون و(٩٥٦) الف، زیادەی پەرلەمانی خەملێندراو (٣٤)ملیۆن و(١٠٠) هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی یەکەم وەزارەتی پەروەردە چ تێبینی نییە غەیری ئەوەی وەکو لەسەرەتاوە گوتمان؟ نییە، وەزیری ئابووری کە چ تێبینییەکی هەبێ لەسەر؟ سوپاس. کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی (٢): ديوان الوزارة (٧٠) الف، ثانوية(٨٧٩) الف، ابتدائية(٤١٤) الف، الدراسة المهنية(٥) آلاف، مديرية المطابع(١٤)الف، معاهد المعلمين(٣٠٠) الف، کۆیەکەی(  ) مليون و(٦٨٢) الف، دەستکاریمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی(٣): ديوان الوزارة (٣٠)الف، ثانوية(٨٧٣) الف، ابتدائية(٤٨٧) الف، روضة الاطفال(٢١) الف، الدراسة المهنية(١٠٠) الف، مديرية المطابع(١٣)الف، معاهد المعلمين(١٠٠) الف، کۆیەکەی(١) ملیۆن و(٥٩٤) الف، دەستکاریمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەرئەم فەسڵە(٣)؟ کێ لەگەڵ فەسڵی(٣)یە وەکوخوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی(٤) صيانة الموجودات (مباني،اثاث)، ديوان الوزارة (٣٠٠)الف، ثانوية(٥٠٠) الف، ابتدائية(١٠٠) الف، روضة الاطفال(٢٠) الدراسة المهنية(٥) آلاف، معاهد المعلمين(١٠٠) الف، کۆیەکەی( ١ ) ملیۆن و(٢٥) الف، دەستکاریمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزارەتی ئابووری تێبینی نییە؟ کەس تێبینی لەسەر ئەو خاڵە نییە؟.. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە لەو ڕۆژانەدا دەرچووانی پەیمانگاکانی مامۆستایان دابمەزرێن چونکە قوتابخانەکان زۆر پێویستیان بە مامۆستایان هەیە، نازانم حسابی ئەوەیان کردووە ئەگەر ئەوان دامەزران لەو مانگەدا؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرەتادا بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری ئیعترازی هەبوو کە ئێمە ئەو پارەیە زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئێوە نەبوو، لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بوو، لەبەر ئەوە ئەگەر وەزارەتی ئابووری وەڵام داتەوە، بابفەرمێ.

**شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا بۆ ئەو بابەتەی کە ئێستا کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد، پێویستی بەدانیشتنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، بۆ هەر هەنگاوێک پێویستە لەوێ تاوتوێ بکرێت لەگەڵ

ئەو توانایانە کە ئێمە هەمانە. بەتەئکید ئەوەی کە خوێندنی خۆی تەواو دەکات لەسەر ئێمە واجبە کە ئیشی پێ بسپێرین. لەگەڵ توانای خۆماندا بیگونجێنین و بەرزی بکەینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەلایەن بەڕێزتانەوە بێ و ئێمەش دەست بە جێبەجێ کردنی بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری گوتی، دەبێ فیعلەن خوێندن بەردەوام بێ، بوار دراوە بە جەنابی وەزیری دارایی لە یاساکەدا یەک لەسەدی بودجەی گشتی بۆ ئەم حاڵەتە پێویستیانە زیاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مافی ئاڵوگۆڕکردنیان هەیە، وابزانم لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت. فەسڵی پێنج کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی پێنجەم دیوانی وەزارەت (٥٠) هەزار، بۆ خوێندنی ناوەندیی (٥٠٠) هەزار، بۆ خوێندنی سەرەتایی (٢٠٠) هەزار، بۆ باخچەی ساوایان (٢٥) هەزار، بۆ خوێندنی پیشەیی (٥٠) هەزار، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەکان (١٣) هەزار، بۆ پەیمانگاکان (٥٠) هەزار، کۆی گشتی (٨٨٨) هەزار دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی پێنج لەلایەن ئابوورییەوە برادەران تێبینیان نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی شەشەم، دیوانی وەزارەت دایان نەناوە، خوێندنی ناوەندیی (٢٥) هەزارە، خوێندنی سەرەتایی (٣٨) هەزارە، باخچەی ساوایان (٢٥) هەزارە، خوێندنی پیشەیی (٥) هەزارە، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەکان «١» هەزارە، پەیمانگاکان «١» هەزارە، کۆیەکەی (٩٥) هەزار دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی گشتی پارەکە کە بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان کراوە (٦٫٢٣٣٫٠٠٠) دینار بوو، دوای زیادەی پەرلەمانی بۆتە (٩٫٦٤٣٫٠٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لاپەڕە سێ ئەشغال ونیشتەجێ کردن. ئەشغال و نیشتەجێ کردن تەنها سێ بڕگەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی سێ، وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن. فەسڵی یەکەم دیوانی وەزارەت «٥٧٥٠٠» دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناو نیشتەجێ کردن (٧٨٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاو پرد «٢٩١٣٠٠٠»دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٤٢٦٨٠٠٠)دینار، زیادەکە بۆتە (٢٥٠٠٠٠٠) دینارە کە ئێمە دەیخەینە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم وەزارەتی نیشتەجێ کردن کەس تێبینی نییە، کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە کە خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی بیناو نیشتەجێ کردن (٥٠٠٠٠) دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاو پرد (٢٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٣٠٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەمیش وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێ یەمە (سلعیة). دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی بیناو نیشتەجێ کردن (٢٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاو پرد (٥٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٧٥٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە، کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، دیوانی وەزارەت (صیانة)(٧٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی بیناو نیشتەجێ کردن (٣٠٠٠٠٠) دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاو پرد (١٠٠٠٠٠٠) دینار، کۆی گشتی ئەکاتە (١٣٧٥٠٠٠) دینار تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی چوار تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارە وەک خوێندرایەوە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم (رأسمالیة)، دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی بیناو نیشتەجێ کردن (٢٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاوپرد (٣٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٧٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی سلعیە کرا بەداخەوە لەرووداوەکانی (٣١)ی ئابدا زۆر لە ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانی دیوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئێمە دزراون. زیاتر لە هەشت سەیارە و لەبەینیان دا سەیارەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و وەزیر و، هەروەها جۆرەها ئامێری خزمەت گوزاری وتاقیگەی ڕێگاو بانەکان. ئەوەی تەرخان کراوە یەکجار کەمە پێی ناکرێ و، هەر چەندە بەڕێزان لە وەزارەتی دارایی وئابووری زۆر بەپیر داواکانمانەوە بوون، بەڵام ئەگەر ئێستا وادەنگدان لەسەر ئەم برە بکرێ، ناتوانین شتێک بکەین، هیوادارم برادەران نەختێک تێبینی ئەوە بکەن جا (٢٠٠٠٠) دینار هیچ شتێکی پێ ناکرێ زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ تەعلیقێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاک فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەق وا بوو کاک یونادەم ئەو گفتوگۆیەی لەناو دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیراندا بکردبایە لەوێ مافێکی سروشتی خۆی بوو، بەڵام ئۆتۆمبیلەکانی بەڕێز وەزیر بڕیارە ئێمە بۆی بکڕین، بۆیە پارەی بۆ تەرخان نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر تێبینییەکی هەیە لەسەر ئەمە!

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لەڕاستیدا ئەوەی کە باسی کرد زۆر ڕاستە، لەوەزارەتەکان زۆربەی زۆری سەیارەکان نەماون، بەڵام ئێمە ئاماژەمان بۆ باری دارایی خۆمان کرد، ئەو سەیارانەی کە نەماون پێویستە لەسەر وەزارەتەکان بەپێی ئەو مومتەلەکاتەی لەتۆمارەکانی لای خۆیان تۆمار کراوە بەدوایدا بگەڕێن و ژمارەکان بدەنە شوێنی پێویست بۆ ئەوەی بۆیان بدۆزرێتەوە. لەڕاستیدا ئەگەر بەم شێوەیە بڕۆین هەموو شتێ بکرین، بەو ئمکانییەتی ئێمە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەم بودجەیە خۆی لەبنچینەدا بودجەیەکی بەپەلەو کاتییە بۆ ماوەی سێ چوار مانگە کە ئیشی لەسەر بکەین و، ئەوە دوو مانگیش کە ماوە، ئەم بودجەیە شتێکی تاقیگەرییە ئەمانەوێ لە کۆتایی ئەم ساڵەدا بەکەمترین بڕ کە لەبەردستمانە بزانین چەند ئیشمان پێدەکرێ. لەبەر ئەوە حیساب نەکراوە سەیارات بکرێ، یا ئەثاثێکی زۆر بکرێ یان پێداویستیەکی زۆر دابین بکرێ. جەنابی وەزیریش لەو کۆبوونەوە نەبووە کە باس لەو بودجەیە کراو گفتوگۆی لەسەر کراوە. لەدەرەوە بوو هێشتا نەهاتبۆە سەر ئیشی خۆی لەبەر ئەوەی تووشی کارەساتێک بوو بوو، لەبەر ئەوە ئەو ئاگای لەوە نییە، بودجەکە شتێکی بەپەلە و کاتییە تاکۆتایی ئەم ساڵە، وەک بڵێین ئێمە لەسەر بنەمایێکی یاسایی سەرکەوتین. خاڵێکی تریش هەبوو حەزم کرد ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیش سەبارەت بە زیادەی پەرلەمانە. ئەگەر بێن سەیری بودجەکە بکەین. بودجە ئەگەر بۆ وەزارەتێک (١٢,٠٠٠,٠٠٠) مان تەرخان کردبێ لەو(١٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆنە (١١,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن مووچەکانە، واتا لەمیزانییەی هیچ وەزارەتێک لەمیزانییەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش مەبلەغێکی وانەماوە کە ئێمە زیادەی پەرلەمانی پێ بدەین. واتا ئەو ئیمکانیەتە لەدەستمان نییە کە لەبەر دەستمان نەبوو، حەق نییە بەزۆریش بکرێ بەماڵ لەسەرمان، حەقیش نییە هەموو ساتێک لە هەموو فەسڵێکا تیکرار بکرێتەوە. ئەمە شتێکی نەفسیە وا چۆتە مێشکی خەڵک سبەینێ چاوی لەوەیە حکومەت بڕیارەکەی جێبەجێ دەکا ئەبێ بەو شێوەیە باس نەکرێ. خاڵی سێیەمیش کە حەزم کرد ئاماژەی پێ بدەم برایەکی بەڕێزی پەرلەمان قسەیەکی کرد لەوانەیە خۆی نەزانێ تەئسیراتی ئەو قسەیە چەندە و، مەبەستیشی نەبوو بێ پەرلەمان بکرێ و ئەمەش جێگای ڕێزە لای کاک مەسعود بارزانی لە حکومەتی هەرێم لەمیللەتی کورد لە هەموو دەزگاکانی تر پێویست ناکا تەنها ئاماژە بە سێ لایەن بکا. ئەوە لەڕاستیدا ئێمە لەوە زۆر لێی ڕازی نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم کاک جەمیل ئێمە بەردەوام بین لەسەر وەزارەتی ئەشغال، ئەوەی من تەنها یەک تەعلیقی

بچوکە لەسەر مەسەلەی ئەو زیادەیە، ئەوە تەنها مەسەلەیەکی یاسایی یە لەبەر ئەوە ناکرێت ئێمە ئەوە بکەین. ئەوەش بکرێتە کۆی گشتی پاشان زیادی بکەن، ئەوەش دەبێت.
فەسڵی پێنج ئەو پێشنیارەی کاک یۆنادم وابزانم وەڵام درایەوە وقانع بوو بەوەڵامی جەنابی وەزیر، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم (تحویلیة) دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی بیناو نیشتەجێ کردن (٤٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی ڕێگاو پرد (٤٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی شەشەم کەس تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵدا نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی گشتی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن(٦٧٧٣٠٠٠) بوو، پاش زیادەکە بووە (٩٢٧٣٠٠٠).
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێستا ئەچینە سەر بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

وەزیری کشتوکاڵ لێرە نییە. لەو خاڵە ئەبڕین وەزیری ناوخۆش لێرە نییە، بەڵام جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە وابزانم تەعویزی دەکات فەرموو تەواوکە. بڕۆ سەر برگەی وەزارەتی ناوخۆ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی ناوخۆ دیوانی وەزارەت (٦١٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەرێم (١٣٩٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆجێیەتی (الادارات المحلیة) (١٩٠٠٠٠)دینار، ئاسایشی گشتی (١١٥٧٠٠٠٠)دینار، ڕەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی (٩٩٩٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی (٢٠٣٥٥٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٣٦٨٢٤٠٠٠) دینار بوو، زیادەکەش (٢٢٠٠٠٠٠) دینارە، ئەمەمان هەیە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
باشە سوپاس. فەسڵی یەکەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵی نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
فەسڵی دووەم (المستلزمات الخدمية) دیوانی وەزارەت (١٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەرێم (١٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەراتییە خۆجێیەتیەکانی هەرێم (الادارات المحلية) (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (٣٠٠٠٠٠)دینار، ڕەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی (٢٠٠٠٠٠)دینار، پۆلیسی گشتی (٤٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٢٦٠٠٠٠) دینارە، گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
فەسڵی سێیەم، دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەراتییە خۆجێیەتیەکانی هەرێم(الادارات المحلية) (٧٠٠٠٠) دینار، ئاسایشی گشتی (٥٠٠٠٠٠)دینار، ڕەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی (٢٠٠٠٠٠) دینار، پۆلیسی گشتی (١٢٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٥٧٠٠٠٠) دینارە، گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەمیش وەرگیرا.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
فەسڵی چوارەم، دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان (٢٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەراتییە خۆجێیەتیەکانی هەرێم(الادارات المحلية) (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (٥٠٠٠٠٠)دینار، ڕەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی (١٠٠٠٠٠)دینار، پۆلیسی گشتی (٥٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٥٥٠٠٠٠) دینارە، گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (رأسمالیة).دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەراتییە خۆجێیەتیەکانی هەرێم(الادارات المحلیة) (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (٢٠٠٠٠٠) دینار، رەگەزنامەو حاڵ و باڵی شارستانی (٥٠٠٠٠)دینار، پۆلیسی گشتی (٢٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٦٦٠٠٠٠) دینارە، گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی نییە؟ نییە. کێ لەگەڵ فەسلی پێنجەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی شەشەم (تحویلیة) دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان (٨٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەراتییە خۆجێیەتیەکانی هەرێم(الادارات المحلیة) (٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (١٠٠٠٠٠)دینار، رەگەزنامەو حاڵ وباڵی شارستانی (١٠٠٠)دینار، پۆلیسی گشتی (١٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢١٦٠٠٠) دینارە، گۆڕانکاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینی نییە؟ نییە. کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟..
بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆی گشتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ (٤٢٥٤٠٠٠٠) دینار بوو پاش زیادەکە بووە (٦٤٥٤٠٠٠٠) دینار.

ئێستا گەیشتینە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (١٩٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت و گوزار (٣٢٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی (١٦٠٠٠٠) دینار، ئاو و زێرابەکان (٤٧٤٣٠٠٠)دینار،

بەراووردی گشتی وپلان دانانی بیناسازی (١٧٢٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٥٥٩٠٠٠٠)دینار، زیادەی پەرلەمان (٣٤٠٠٠٠٠)دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم هیچ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، دیوانی وەزارت (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت و گوزار (٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی (٢٠٠٠٠)دینار، ئاوو زێرابەکان (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پلانی دانانی بیناسازی (٦٠٠٠٠)دینار. کۆی گشتی دەکاتە (٢٢٥٠٠٠) دینار، تێبینیمان لەسەری نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە لەسەر فەسڵی دووەم؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت و گوزار (٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی (٢٠٠٠٠)دینار، ئاوو زێرابەکان (١٠٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی بیناسازی (٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١٠٧٥٠٠٠) دینارە، هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەری نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صیانة) دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت و گوزار (٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی (١٥٠٠٠)دینار، ئاوو زێرابەکان (١٠٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی بیناسازی (١٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١٠٧٠٠٠٠)ملیۆنێک و حەفتا هەزار دینار، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی چوارەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (رأسمالیة)، دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت وگوزار (٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی (٣٠٠٠٠)دینار، ئاوو زێرابەکان (٥٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی بیناسازی (٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٥٨٥٠٠٠) دینار و، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشت و گوزار (١٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانی (١٠٠٠)دینار، ئاوو زێرابەکان (١٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی پلان دانانی بیناسازی (١٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٤٠١٣٠٠٠)دینار، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی شەشەم کێ تێبینی هەیە؟ کاک فرەنسۆ تێبینی هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو چوار ملیۆنە بۆ چییە ئەگەر هەندێ وەزارەت هەیە (هەزار) یان (٢٠٠٠) یان هەر نییە، لێرە چوار ملیۆن دانراوە ئەگەر ڕوونی بکەنەوە بۆ چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

با کاک شەوکەت ڕوونی بکاتەوە. کاک جەمیل هیچ تێبینیت هەیە؟ فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چوار ملیۆن بۆ دیوانی وەزارەتی شارەوانی هاتنە داهاتن بۆ پاڵپشتی شارەوانییەکانی (بلدیات) پارێزگاکان و قەزاکان، ئەوەی بودجەکەی خۆی تەمویلی ذاتی پێ دەڵێن بەش ناکات بۆ نموونە: ئەڵێن هی شەقڵاوە کۆی وارداتی زۆر کەمە بەش ناکات ئەبێ دیوانی وەزارەت

یارمەتیان بدا، ئەو یارمەتییەش لە کێ وەردەگرێ؟ چونکە ئەوەی لێرە تەرخان کراوە ئەلێرە لەوەزارەتی دارایی وەردەگرێ، چوار ملیۆن بۆ ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی شارەوانی وگەشت و گوزار (١٢٨٦٣٠٠٠) دینار، پاش زیادەکە بوو بە (١٦٢٦٣٠٠٠) دینارە.

ئێستا دێینە سەر بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری. فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (٢٤٨٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر (٤٤٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی (٥٥٢٨٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی دهۆک (٢٤٨٨٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن (١٢٠٠٠٠) دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (٣٧٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان (٥٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ (٧٢٥٠٠٠) دینار، کۆی گشتییەکەی دەبووە (٩٩٨٤٠٠٠) دینارە، زیادەکەش (٨٤٠٠٠٠٠) دینارە، ئەوەی کە لیژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەسڵی یەکەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، پێداویستییەکانی خزمەت گوزاری. دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن (٣٠٠٠٠)دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و بەنداوەکان (٣٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ (٤٠٠٠٠) دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١٢٣٥٠٠٠) دینارە، دەستکاریشمان نەکردووە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستکاریان نەکردووە، فەسڵی دووەم کێ تێبینی هەیە؟ نییە، کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعية). دیوانی وەزارەت (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەولێر (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن (٢٠٠٠٠) دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (١٨٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان (١٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ (٥٠٠٠٠) دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٥٤٥٠٠٠)دینار، تێبینیمان نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە ؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم. دیوانی وەزارەت (٩٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن (٢٠٠٠٠)دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (١٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان (١٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ (١٥٠٠٠)دینار،کۆی گشتی دەکاتە (١٢٤٥٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵی نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی چوار وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الراسمالية) بۆ کڕینی ئامێری چاپ وئامێری کۆپی و ئەو جۆرە شتانە دیوانی وەزارت (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی تووتن (١٠٠٠)دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان (١٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ (٣٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١٨٦٠٠٠)دینار، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە لەسەر فەسڵی پێنجەم؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية) بۆ کۆژانەوەی سلفەی ژن هێنان ئەوەیش وەکو قەرز دەدرێت پاشان بۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە.

دیوانی وەزارەت (١٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر (٧٠٠٠)دینار، بەڕیوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی (٧٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک (٣٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن (١٠٠٠)دینار، کۆمپانیای هەڵکەندنی بیرەکانی ئاو (١٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری و بەنداوەکان (١٠٠٠)دینار، بەێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ (٢٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٢٣٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە لەسەر فەسڵی شەشەم؟ نییە. کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی گشتی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پێش زیادەکە (١٦٣٢٧٠٠٠)دینار بوو، دوای زیادکردن بووەتە (٢٤٧٢٧٠٠٠)دینارە، ئێستا لاپەڕە حەوتەم بودجەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، دیوانی وەزارەت (١٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەو گەیاندن (٢٣٥٠٠٠)دینار، کۆیەکەی دەکاتە (٣٩٥٠٠٠)دینار، بوو زیادەکەش (١٣٠٠٠٠٠)دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن چ تێبینی نییە؟. کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، پێداویستییەکانی خزمەت گوزاریی دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەو گەیاندن (٦٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١١٠٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ كێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعية). دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەكانی پوستەو گەیاندن (١٠٠٠٠٠)دینار، كۆی گشتی دەكاتە (١٤٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە؟ كێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صیانة الموجودات)، دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەكانی پۆستەو گەیاندن (٤٠٠٠٠)دینار، كۆیەكەی دەكاتە(٢٤٠٠٠٠)دینار، تێبینیمان لەسەر نییە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە؟ كێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاستان ئەكەین. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ فەسڵی چوارەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالية) دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەكانی پۆستەو گەیاندن (٥٠٠٠٠)دینار، كۆیەكەی دەكاتە (٨٠٠٠٠) دینار، تێبینیمان لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر فەسڵی پێنجەم؟ كێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاستان ئەكەین. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية)، دیوانی وەزارەت (١٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەكانی

پۆستەو گەیاندن (١٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (١١٠٠٠) دینار، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی وەزارەت پێش زیادەکە (٢٧٧٦٠٠٠) دینار بوو، پاش زیادەکەش بووە (٤٧٦٠٠٠)دینار. ئێستاش بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت(١٤١٥٠٠٠)دینار، چاپخانەی ڕۆشنبیری (٦٨٠٠٠)دینار بوو، مەڵبەندی مافووری دەستکرد لە هەولێرو کۆیە (٢٨٨٠٠٠) دینار، کۆی (١٧٧١ ٠٠٠)دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم ،دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠٠٠)دینار، چاپخانەی ڕۆشنبیری (٩٠٠٠)دینار، مەڵبەندی مافووری دەستکرد لە هەولێر وکۆیە (١٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢١٩٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعیة)، دیوانی وەزارەت (١٠٠٠٠٠)دینار، چاپخانەی ڕۆشنبیریی(٥٠٠٠٠)دینار، مەڵبەندی مافووری دەستکرد لەهەولێر وکۆیە (١٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٧٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

فـەسڵی چوارەم، (صیـانة الموجـودات)، دیوانی وەزارەت (٨٠٠٠٠٠)دینار، چاپخـانەی ڕۆشنبیریە(٢٠٠٠٠)دینار، هەردوو مەڵبەندی مافوور دەستکرد (٨٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٨٢٨٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

فەسڵی چوارەم تێبینی لەسەر نییـە؟ کێ لەگەڵ فـەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالیة)، دیوانی وەزارەت (١٠٠٠٠٠)دینار، چاپخـانەی ڕۆشنبیریی (٤٠٠٠)دینار، مەڵبەندی مافووری دەستکرد هەردووکیـان(٢٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٠٦٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

فەسڵی پێنجەم هیچ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاستـان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحویلیة) دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠٠)دینار، چاپخـانەی ڕۆشنبیریی (٩١٠٠٠)دینار، هەردوو مەڵبەندی مافوور (١٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٣٩٢٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە .

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عــــــەبدی ســندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

وەزارەتی ڕۆشنبیریی، سەرەتا (٣٤٩٦٠٠٠)دینار بوو، پاش زیادەکەی بووە (٤٤٩٦٠٠٠) دینار.

ئێستا نورەی بودجەی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتییە. فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (٢٧٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی تەندروستی (٢٠٢٦٥٠٠٠) دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتی(٦٨٢٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارو

دەستەبەری کۆمەڵایەتی(٢٠٦٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢١٤٢٣٠٠٠٠)دینار بوو زیادەکەی (١٢٨٠٠٠٠٠) دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، (المستلزمات الخدمیة)، دیوانی وەزارەت(٥٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی تەندروستی(٤٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتی(٥٠٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی(٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٩٧٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی دووەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعیة)، دیوانی وەزارەت(٥٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی وتەندروستی(١٢٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتی(٢٠٠٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی(٣٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٢٢٨٠٠٠٠) دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی سێیەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لە گەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ چوارەم، (صیانة الموجودات)، دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خزمەت گوزاریی تەندورستی (٥٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتی (٥٠٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی (٤٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٦٣٠٠٠٠) دینارە، دەستکاریمان تێدا نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ پێنجەم (النفقات الراسمالیة) دیوانی وەزارەت(٥٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خزمەت گوزاریی تەندورستی (١٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خزمەت گوزاری کۆمەلایەتی(٣٠٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارو دەستەبەری کۆمەلایەتی(٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە(٢٠٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە؟ کی لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحویلیة) زیاتر بۆ کۆژانەوەی سلفەی ژن هێنان، دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خزمەت گوزاریی کۆمەلایەتی(٤٠٠٠)دینار، بەشەکانی کارو دەستەبەری کۆمەلایەتی (٣٠٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٣٠٩٠٠٠) دینارە، تبێینمان لەسەر نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تبێینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کی لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کی لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی (٣٥ر٨١٧ ٠٠٠)ملیۆن پاش زیادەکەی بووە (٤٨ر٦١٧) ملیۆن دینار.

بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوگەشەپێدان، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (١٦٦٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان(٢٦٦٤٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەبێتە(٢٨٣٠٠٠٠)دینار، دو زیادەکە دەکاتە(١٧٠٠٠٠٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی یەکەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، پێداویستیەکانی خزمەت گوزاری(المستلزمات الخدمیة)، دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان(٧٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١١٠٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعیة)، دیوانی وەزارەت (٧٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان(٧٠٠٠٠)دینار، کۆی دەکاتە (١٤٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صیانة الموجودات)، دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان (٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٣٢٠٠٠٠) دینارە تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی چوارەم تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالیة)، دیوانی وەزارەت (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان(٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٦٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية)، دیوانی وەزارەت (١٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان (٥٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٦٠٠٠) دینارە تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی شەشەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی کۆتایی بودجەی ئەم وەزارەتە (٣٤٢٦٠٠٠) دینار بوو، پاش زیادە کە بووە بە (٥١٢٦٠٠٠)دینار.

بودجەی وەزارەتی یارمەتی و مرۆڤایەتی و هاوکاری ، فەسڵی یەکەم ،(١٤٧٠٠٠)دینار، ئەو زیادەی لە لیژنە دانراوە (٩٠٠٠٠) دینار، هیچ تێبینییەکی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، دیوانی وەزارەت(٥٠٠٠٠) دینارە، دەستمان لێ نەداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (٦٢٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە ؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە ؟.. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صيانة الموجودات) (٥٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە ؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە ؟.. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالية) بۆ کڕینی ئامێری چاپ و حاسبە وشتی لەم جۆرە (٥٠٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە ؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە ؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية) بۆ گوژانەوەی سلفەی ژن هێنان(١٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە ؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە ؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی ئەم وەزارەتە(٣٦٠٠٠٠) دینار بوو، پاش زیادە و بڕیار لەسەردانی بووە (٤٥٠٠٠٠) دینار.

ئێستاش نۆرەی بودجەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامییە، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (١٦٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر (١٧١٠٠٠٠) دینار،

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی (١٨٦٠٠٠٠) دینارە، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دهۆک (٧٥٣٠٠٠) دینار، کۆی گشتی (٤٤٨٩٠٠٠) دینار بوو، زیادەی کە پێشنیار کراوە (٢٧٠٠٠٠) دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم هیچ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتیکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، پێداویستیەکانی خزمەت گوزاریی(المستلزمات الخدمية)، دیوانی وەزارەت (٣٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی هەولێر(٥٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی سلێمانی (٥٠٠٠٠) دینار، ئەوقافی دهۆک(٥٠٠٠٠) دینار، کۆیەکەی دەکاتە (١٨٠٠٠٠) دینار، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعية) دیوانی وەزارەت (٦٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی هەولێر(٣٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی سلێمانی(٣٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی دهۆک (٣٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٥٠٠٠٠) دینارە تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی سێیەم تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صيانة الموجودات) دیوانی وزارەت(٦٥٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی هەولێر(١٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی سلێمانی(٥٠٠٠)دینار، ئەوقافی دهۆک(٥٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٧٦٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبنی لەسەر فەسڵی چوارەم هەیە؟ بەڵی هەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای رزگار کردنی کەرکوک ئەوقافی کەرکووک دادەنێن لەلایەنی ئابوورییەوە هەر حیسابی ئەوقافی سلێمانی کراوە، هیوادارم لەماوەی داهاتوودا، بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو گەر ناوچەکانی کەرکوک رزگار بوون بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیززەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە بەو دەست وبردە توانیان ئەو بودجەیە رێک وپێکە پێشکەش بکەن و، سوپاسی وەزارەتی داراییش دەکەم، دیارە ئەرکەکە زیاتر هی ئەوە. بەڵام سەبارەت بە پارێزگای کەرکوکەوە ئەوە من حازرم کرد بوو لەدواییدا بیڵێم: هەندێ وەزارەت دەڵێن پارێزگاکانی هەرێم وەکو وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام ئەوەکانی تر ئەڵێن دهۆک و هەولێر و سلێمانی و، خۆتان دەزانن دام ودەزگای کەرکوک هەیە مەوجوودە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە چارەسەر بکرێت لە بودجەی ساڵی نوێدا. فەسڵی چوارەم چ تێبنییان نییە لەسەری؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ فەسڵی چوارەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالية)، دیوانی وەزارەت(١٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی هەولێر(٦٠٠٠)دینار، ئەوقافی سلێمانی وکەرکوک(٦٠٠٠)دینار، ئەوقافی دهۆک (٦٠٠٠)دینار، کۆی گشتی دەکاتە (٢٨٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵی پێنجەم چ تێبنیی لەسەر نییە؟ کی لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية) دیوانی وەزارەت(١٠٠٠٠)دینار، ئەوقافی هەولێر(١٠٠٠)درینار، ئەوقافی سلێمانی وکەرکوک(١٠٠٠)دینار، ئەوقافی دهۆک(١٠٠٠) دینار، کۆی گشتی (١٣٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی شەشەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی وەزارەتی ئەوقاف لەسەرەتادا (٥٦٢٠٠٠٠)دینار بوو پاش زیادەکەی و بڕیار لەسەردانی بووە (٨٣٢٠٠٠٠) دینار.

ئێستاش لەگەڵ بودجەی وەزارەتی دارایی وئابووری، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (٢٥٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی داهاتە گشتییەکان(٧٣٧٥٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەنجینە(٣٠٨٠٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خانەنشینی(٨٣٠٠٠٠) دینار، سەرۆکایەتی دادگای گومرگی(٨٢٠٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٨ر٩٨٠٠٠٠) دینار بوو ئەوەی زیادیش کراوەو پێشنیار کراوە (٤٨٠٠٠٠٠) دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی یەکەم تێبینی نییە،؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، دیوانی وەزارەت (٢٠٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی داهاتە گشتییەکان(٢٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەنجینە(١٠٠٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خانەنشینی(١٥٠٠٠)دینار، سەرۆکایەتی دادگای گومرگی(٨٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٣٢٣٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی دووەم تێبینی نییە؟کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعية) دیوانی وەزارەت (٦٨٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتی داهاتە گشتییەکان (٣٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەنجینەی (٢٥٠٠٠)دینار، فەرمانگاکانی خانەنشینی (٩٠٠٠) دینار، سەرۆکایەتی دادگای گومرگی(٥٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٤٠٧٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم (صیانة الموجودات) دیوانی وەزارەت (٣٥٠٠٠٠) دینار، بەڕێوبەرایەتی داهاتە گشتییەکان (٢٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوبەرایەتییەکانی گەنجینەی (٢١٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خانەنشینی (٣٠٠٠) سەرۆکایەتی دادگای گومرگی(٤٠٠٠) دینار، کۆی گشتی (٥٧٨٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالية ) دیوانی وەزارەت (١٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی داهاتە گشتییەکان (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکان گەنجینە (١٤...)دینار، فەرمانگەکانی خانەنشینی (٥...)دینار، سەرۆکایەتی دادگای گومرگی(١٣٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٨٢٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية) دیوانی وەزارەت (١٥٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتی داهاتە گشتییەکان (١٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەنجینە (٢٠٠٠)دینار، فەرمانگەکانی خانەنشینی دانەنراوە، سەرۆکایەتی دادگای گومرگی (١٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٥١٣٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها لەوەی (١٥٠٠٠٠٠)دینار، سەرەوە وەکو ئیحتیاتێکی گشتی دانراوە بۆ ئەوەی

برادەران ئاگادار بن ئەو (١٥٠٠٠٠٠٠)ەی دینار، کە لەم ژمارەیە خوێندراوەتەوە لە دیوانی وەزارەت ئەو (١٥٠٠٠٠٠٠) وەکو ئیحتیاتێکی گشتییە.
فەسلی شەشەم تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان دەکەم. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی شەشەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی حەفتەم، مووچەی خانەنشینان و فەرمانگەی خانەنشینی، کۆیەکەیان دەکاتە(٧٣٥٠٠٠٠)دینار، دەستکاریمان تیایدا نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر فەسڵی حەفتەم؟ ئەو فەسڵە بۆ خانەنشینانە. بەڵێ کێ لەگەڵ فەسڵی حەفتەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بڕە پارەی ئەم وەزارەتە وەکو گفتوگۆی لەسەرکرا (٣٣٧٣٦٠٠٠) ملیۆن بوو، پاش زیادە و بڕیار لەسەردانی بووە (٣٨٫٥٣٦٠٠٠)دینار.
دەربارەی وزارەتی (پ.م) هەر وەکو لیژنەی دارایی، ئێمە گوتمان ئەم وەزارەتە هێشتا دام و دەزگای تەواو نەبووە، لەوێ وەزیری دارایی بەڵێنی دا کەکاتێ تەواو بوو لیستێک بۆ ئێمە بنێرێ تاکو گفتوگۆی لەسەر بکەین.
ئێستا نۆرەی بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە. فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (٢٢٩) هەزار بوو زیادەی پەرلەمان (١٣٠) هەزار دینارە، هیچ تێبینییەکی ترمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی یەکەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیوانی وەزارت، فەسڵی دووەم (٦) هەزار دینارە، تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعية) (٣٠)هەزار دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر فەسڵی سێیەم؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، دیوانی وەزارەت (٢٢٠٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالية) (٤٠٠٠٠)دینارە، چ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی پێنجەم چ تێبینییەک نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. کی لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية) (١٠٠٠٠) دینار، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا روون کردنەوەیەکم هەیە. بێگومان سەبارەت بە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئێمە فەرمانگەی زۆرمان هەیە لەکارگەو لە فەرمانگەی سەرەوە بۆیە لێرە داخل نەکراوە. هەر بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان روون بکرێ ئێمە عادەتەن ئیرادمان هەیە، نەفەقاتیشمان هەیە،

سالانە ئەوە دیاری کراوەو دەچێ و حسابی بۆ دەکرێ وجا لەبەر ئەوە بۆ ساڵی (٩٧) دانراوە ئەو شتانە حسابی بۆ بکرێت چونکە ئەوەی دانراوە یەک برگەیە تەنها دیوانی وەزارەت سەبارەت بە(المستلزمات السلعیة) بۆ چوار مانگ (٣٠٠٠) ی داناوە، ئێمە زیاترمان داناوە نازانم بۆ ئەوەندە کەمیان کردووە (٣٠٠٠)دینار؟ واتا (٧٥٠٠)دینار ئەکا نازانم ئەوە بە چ مەنتقێک دانراوە؟ ئێمە کاتی خۆی زیاترمان داوا کردبوو، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک (د.ئیدریس) جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری ئەگەر چ تێبینیەکی هەبێ فەرموو؟

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە د.ئیدریس ئەندامی پەرلەمانە مافی خۆیەتی، بەڵام باشتر بوو کە لەئەنجومەنی وەزیران داوای ئەو شتە بکات. ئەو(٣٠٠٠)هەزارە تەنها بۆ قرطاسیەو مسائلی سلعییە لەدیوانی وەزارەتدا بۆ کارگە و شتی تر نییە، هەر وەکو جەنابی فەرمووی ئەو (٣٠٠٠)هەزارە بۆ چوار مانگە کە بەشی دەکات، دەربارەی ئەو فەرمانگانەی تر کە جەنابی فەرمووی ئەوا پێیان نالێین تمویلی ذاتی، حساباتی زۆر جیاوازە لە دیوانی وەزارەت. ئەم بودجە ئاساییە تەنیا دیوانی وەزارەت دەگرێتەوە لەگەڵ تەمویلی ذاتی، جیاوازە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە پاشکۆیەک بە کۆمپانیا گشتییەکانە ان شاءالله ئەویش دێتەپێش بۆ گفتوگۆ.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی سەرەتا (٥٨٠٠٠٠)بوو پاش گفتوگۆ و بریاردان بووە (٧١٠٠٠٠)دینار. بودجەی وەزارەتی داد، فەسڵی یەکەم، دیوانی وەزارەت (٧٤٩٠٠٠) دینار، بەرێوەبەرایەتییەکانی دادگا (١٢٨٦٠٠٠)دینار، بەرێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە (٤٢٨٠٠٠)دینار، بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێریی پەکەوتووەکان (٣٨٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٥٠١٠٠٠) دینارە، ئەو زیادەیەی کە پێشنیار کراوە (١٥٠٠٠٠٠) دینارە، هیچ تێبینییەکی ترمان نییە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر فەسڵی یەکەم؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، (المستلزمات الخدمیة) دیوانی وەزارەت (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی دادگا (١٢٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی پەکەوتووەکان (٤٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٧٤٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی دووەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعیة)، دیوانی وەزارەت(٥٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی دادگا (١٠٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی پەکەوتووەکان (٧٠٠٠) دینار، کۆی گشتی (١٩٧٠٠٠) دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی سێیەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صیانة الموجودات)دیوانی وەزارەت (٦٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی دادگا (٥٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرە (٤٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی پەکەوتووەکان (٥٠٠٠) دیناو، کۆی گشتی (١٥٥٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی چوارەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی چوارەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (النفقات الرأسمالیة) دیوانی وەزارەت (٥٠٠٠٠)دینار،

بەڕێوەبەرایەتییەکانی دادگا (٥٠٠٠٠) دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە (٢٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی پەکەوتووەکان (٩٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (١٢٩٠٠٠)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی پێنجەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم، (النفقات التحويلية)، دیوانی وەزارت (١٠٠٠) هەزار دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی دادگا (١٠٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە (١٥٠٠٠)دینار، بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی پەککەوتەکان (١٠٠٠)دینار، کۆی گشتی (٢٧٠٠٠)دینارە، تێبینمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس، بەتێکڕای دەنگ فەسڵی شەشەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی ئەم وەزارەتە بۆ چوار مانگ لەسەرەتا (٣٢٨٣٠٠٠)دینار بوو، پاش زیادەکە بووە (٤٧٨٠٠٠٠)دینار. کۆی ئەو بودجەی حکومەت جیاوازیەکی ئەوەندەیە لەگەڵ هی وەزارەت، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەکانی سەر بەوان ئەوەندەیە (٤١٦ر٣٤٥٠٠٠) دینار لەگەڵ زیادەکەی پەرلەمان و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست ئەکەین. بودجەی ئەو (٤) مانگەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە تەواو بوو، ئەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە فەسڵ بە فەسڵ دەنگی لەسەر درا، تەنها یەک لاپەڕەمان ماوە ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی داهاتەکان بخوێنێتەوە، پاشان ئەم برگەیە تەواو دەبێت. و جەنابی وەزیر چیتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خشتەی داهات، ئەو داهاتەی کە رەچاو کراوە بە پێی ئەو راپۆرتەش کە بەرچاوی هەمووﻻیەکم خست پێشکەش دەکرێت بەم برە پارەیەی خوارەوە: باجی دەرامەت (٤٢٥٠٠٠٠٠) دینار، باجی خانووبەرە (١٢٥٠٠٠٠)دینار، رسومی گومرکی (٢٠٠٠٠٠٠٠)دینار، خانووبەرەی میری (٥٠٠٠٠٠) دینار، داهاتی وەزارەتی تەندروستی (٢٢٥٠٠٠٠) دینار، داهاتی فەرمانگەکانی کشتوکاڵ (... ٢٢٥٠) دینار، داهاتی دادگاو تۆمارکردنی خانووبەرە (...... ٥) دینار، داهاتی ئەوقاف (.....٢٥) دینار، وەزارەتی رۆشنبیری (... ٣٧٥) دینار، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ (... ٦٢٥)دینار، داهاتی جۆراو جۆر(.....٥ ١) دینار، داهاتی دەزگا وکارگەکانی وەزارتی پیشەسازی (... ٦٧٥٠) دینار، کۆی گشتی (... ... ٢٢٥) دینارە، تەبیعی خەرجی ئێمە (...٢٤٣،٥٩٦) دینارە، پاش زیادەکەی ئەوەی کاک جەمیل خوێندیەوە زیادەی پەرلەمان. ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مۆڵەتمان بدات چەند تێبینیەکمان هەیە کە لەسەر ئەو قسانەی کراون، پێش هەموو شتێک پڕ بە دڵ بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووریی سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی و هەموو ئەندامانی بەڕێز دەکەین، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاندەرێک بوون بۆ ئێمە کە زیاتر خۆمانی بۆ ماندوو بکەین بە تایبەتیش لیژنەی دارایی پەرلەمان کە ئەزیەتێکی زۆری لەگەڵ ئێمەدا کێشاو لە دڵەوە سوپاسیان دەکەین، (ان شاءالله) ئەو بەڵێنەش بدەین کە بە باشترین شێوە ئەوەی لە دەستمان بێ، بێ وچان خەباتی بۆ بکەین و ئەم کابینەیە ببێتە کابینەیەک هەر وەکو بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی کە هەر لەم شوێنە پیرۆزەدا فەرمووی، ئەم کابینەیە کابینەیێکی خزمەت گوزاریی ئەم میللەتە بێ. سەبارەت بەو روونکردنەوانە کە ویستم بەرچاوی ئێوەی بخەم دیسان لەبیرمان نەچێ ئامادە کردنی بودجە بۆ (٤) مانگی دواییی ساڵی ١٩٩٦ بەڕاستی وا بە ئاسانی نەبووە، ئەزیەتێکی زۆری ویستووە، لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا کە بە نامەیەکی رەسمی داوا لە ئێمە کرا، هەر لەو کاتەوە لەگەڵ شارەزایانی وەزارەتی دارایی و لەگەڵ پسپۆرانی تردا و هەروەها دوور نەبووین لەلیژنەی دارایی پەرلەمان، بەڕاستی بۆ ئەوەش بوو چونکە کاتەکەش زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی بتوانین بە زوویی بودجەیەک ئامادە بکەین لەرێگای

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی هەر وەکو گوتم هەنگاوەکانمان هەمووی بە پێی یاسابێ هەر بەو سوێندەی کە خواردمان ان شاءالله داوا کارین بە هاوکاری هەموو لاپەک کە تێیدا سەرکەوتوو بین.

سەبارەت بە زیادەی پەرلەمانیش ئەو کاتەی کە بڕیاری زیادەی پەرلەمان درا بەڕاستی لە بیرمان نەچێ هەروەکو هەموو لایەکتان ئاگادارن داهاتێکی باشمان لە بانقەکانی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، پاشەکەوتێکی باشمان هەبوو ئەوکاتە بەڕێزتان کە ئەو بڕیارەتان دا ئەگەر لە حاڵەتێک کەم وکووڕیەک پەیدا بێت لەداهاتی گشتی دیسان پاشەکەوتێک لە بانق دا هەیە دەتوانین زیاتر بۆ(٨)مانگ تەحەمولی ئەو بڕیارە زێڕینە بکەین کە لەڕێگای بەڕێزتانەوە درابوو. بۆ ئەمەش کە ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی دەستمان پێ کرد بەڕاستی هەروەکو گوترا لەمەوپێش لە سفرەوە دەستمان پێ کردووە، دەبێ کاری بۆ بکرێ.

هەموومان لای خۆمان بۆی ماندووبین (ان شاءالله) بۆ ئەو داوایەی کە بەڕێزتان بڕیارتان لەسەر دابوو، ان شاءالله بتوانین جێبەجێی بکەین کە جێبەجێ نەکرا یا کەم و کورتیەکی تێکەوت خوانەخواستە، بزانن هەروەکو برای بەڕێزم کاک دکتۆر فەرمووی داهات نەبووە بۆیە دواکەوتووەو دواکەوتنی خوانەخواستە مەقسود نییە، بەپێچەوانەوە هەروەکو لە پێشەوە باسم کرد ئەم حکومەتە چ خۆش بوو کە لەپێشەوە یەکەم هەنگاوی زیادەی پەرلەمانی سەرانسەری کوردستانی دابەش بکردبایە! تەنها پێشنیارەکمان هەبوو لە ڕاپۆرتی یەکەمماندا دیسان دووبارەی دەکەینەوە، ئەگەر توانا بێت هەر لە ئێستاوە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەر لە ئێستاوە کار بکەین بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵی٩٩٧. نوێنەری لیژنەی دارایی پەرلەمانیش لەڕێگای بەڕێزتانەوە مۆڵەتی پێ بدرێت لە وەزارەتەکەمان ئامادە بێت بۆ ئەو ڕۆژانەی کە برا وەزیرەکانمان لەگەڵ لیژنەکانی تایبەتی دارایی خۆیان ئامادە دەبن ئەو گفتوگۆیەی کە پێویستە لێرەدا بکرێت لەوێ بەتێکرایی بیکەین، تا بەرنامەکان ئاسان تر بکەین بۆ برایانی خۆشەویست و، لەهەمان کاتیشدا داواکارم وەکو تێبینی کرا کە سەرەڕای ئەو ئەزیەتەی کە ئێمە بینیمان و زۆربەی برادەران بەرچاویان خست کە ئێمە لەنوسخەی بودجەدا نەمان دیوە ونوسخەیەکی زیاتر بەر فراوانتر بلاوبکرێتەوە لەڕێگای لیژنەی دارایی بەڕێز بۆ ئەوەی ئەو گلەییەمان نەیەتە سەر ان شاءالله. سەبارەت بە برا وەزیرەکانیش هەرچەندە کاتی ئەمەش نییە بەڵام تکام ئەمەیە کاتێ لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادە دەبن کە گفتوگۆی شتێک

دەکرێ، لەوێ ئەو گفتوگۆیە بکرێ نەک لێرە داوای زیادەی بۆ بکەن، چونکە من لەوێندەر بەئاگاداری هەموو لایەکیان جگە لە برای بەڕێزم کاک یۆنادم کە ئامادە نەبوو روونکردنەوەی پێویستم لەسەر ئەم بودجەیەدا بە برادەران و، گوتیشم ئامادەم بۆ گفتوگۆ و لەبەر دەستمان دایە ئەگەر پەسەندیشە، چونکە کات زۆر کەمە پێویستە بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی تا بڕیاری لەسەر بدات، تاوەکو خوانەخواستە هەنگاوەکانمان نەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدەر لە پەیڕەو ڕێنماییەکان بجوولێینەوە، ئیتر زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی و برایانی لیژنەی ئابووریش دەکەین و سوپاسی بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وبرایانی وەزیران وئێوەی بەڕێزیش دەکەین، کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان لێرەدا کۆتایی پێ دێنین. بەیانی سەعات (١٠) بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کاری خۆمان. برایانی وەزیر وجەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر مەجالیان نەبێ.. ئیشی سەرەکیی ئەوان تەواو بوو تەنها ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی ئامادەبێ باشە چونکە یاساکە ماوەتەوە. یەک دوو بڕگەی تر کە پەیوەندی بە کۆمپانیاکانەوە هەیە. پێخۆشحاڵین بە هاتنتان بە تەئکید ولەبەر ئیش وکاری ڕۆژانەتان ئەگەر هەندێکتان پێتان نەکرێت ئامادە بن. تەنها ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی بەیانی سەعات (١٠)تەشریف بێنێتە ئێرە بۆ ئەوەی بڕگەی یەکەم دەست پێ بکەین. ئیش وکار وایە بۆ خۆمان وەکو پەرلەمان بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەکەمان. بەیانی سەعات (١٠) کۆدەبینەوە زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ، کاک عەدنان .

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ برایانی لیژنەی یاسا سبەی سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی کۆبوونەوەی لیژنەی یاسامان هەیە، جەنابت دەزانی هەندێ ئیش وکاری بەپەلە هەیە جا ئەگەر لێم ببوری بە گوێرەی پرۆگرام و پەیڕەو کە ئەندامی لیژنە کۆبوونەوەی هەبێ ئەوا لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادە نابێ، جا ئەوا ماوەم بدەنێ تا ئیشەکان لەوێ بکەین یان لێرە چونکە ناتوانین لەهەر دوولا ئامادە ببین، لێرەش و لەوێش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە تەنها یەک بڕگەمان لە ئێوە دەوێت، ئێوە دەتوانن لیژنەکە سەعاتێک دوابخەن یان پێشبخەن، ئەوە کێشە نییە، بەڵام بەیانی کە یاساکە دخوێندریتەوە دەبێ لیژنەی یاسا بەلانی کەمەوە لێرەبێ تاکو بەشدار بێ لەخوێندنەوەیدا، وابزانم چ ئیشکالێک دروست نابێ، سبەی سەعات ( ١٠ ) دانیشتنەکەمان لێرە دەبێ سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## چوارشەممە رێكەوتی ٦/١١/١٩٩٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٦/١١/١٩٩٦

*کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦/١١/ ١٩٩٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٥)ی ئاسایی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٦) خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١ـ تەواو کردنی گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوار مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٦و، بودجەی کۆمپانیا بازرگانیەکانی هەرێمی کوردستان.*

*٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی پەرلەمان لە ١/٩/١٩٩٦ تاکو ٣١/١٢/١٩٩٦.*

*٣ـ گفتوگۆو پەسەند کردنی پڕۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ١/٩/١٩٩٦تا ٣١/١٢/١٩٩٦.*

*٤ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر ئەوەی کە دوێنێ دەستمان پێ کرد. بەڵام پێش ئەوەی دەست پێ بکەین بە بڕگەکانی بەرنامەی کار ڕێگەمان پێ بدەن بەبۆنەی کۆچی دوایی خوا لێخۆشبووان مامۆستا (کەمال ئەحمەد ئاغا) سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کورد و(شێخ موسی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی چەپی کورد لەسوریا کە بەرووداوێکی دڵتەزێن «٣»ی مانگ کۆچی دواییان کرد، بەم بۆنەیەوە دەقیقەیەک لەسەر گیانی پاکی ئەو دوو کوردە تێکۆشەرەو، لەسەر گیانی گشت شەهیدانمان ڕادەوەستین، فەرموون.

برایانی بەڕێز، لەڕۆژێکی وادا، لە جێگایەکی وادا، بۆ یەکێک لە ڕێبەرەکانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد، بۆ برای خۆشەویستمان خوالێخۆشبوو مامۆستا کەمال سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریاو خوالێخۆشبوو شێخ موسی وەکو وەفادارییەک بۆ خەبات و

تێکۆشانیان، بۆ ڕۆڵیان بۆ پشتگیریی وکۆمەک وهاوکاریی ئەم ئەزموونەمان لە کوردستانی عێراق، وەفاداریەکە لە ئێمەوە یادیان بکەینەوە، لێرەوە ڕێزو پێزانینی پەرلەمانی کوردستان و میللەتی ئێمە بۆ خەڵکی کورد بەگشتی، بەتایبەتی لە کوردستانی سوریا بۆ ئەو دوو پارتە تێکۆشەرە نیشان بدەین. خوالێخۆشبوو مامۆستا کەمال تێکۆشەرێک بوو ساڵەهای ساڵە خەبات دەکات بۆ میللەتەکەی خۆی، میللەتی کوردو پاڵپشت و دۆستێکی دێرینمان بووە، لە هەموو قۆناغەکانی جیاجیای بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا، لەو ڕۆژەوە لەنزیکەوە ناسیوومانە، دریغی نەکردووە. هەموو کات ئامادە بووەو پاڵپشت بووە وەکو وتم لە خۆشی و ناخۆشیا، کاکە کەمال دۆستێکی عەزیز بووە، تێکۆشەرێک بووە بە باوەڕێکی پۆلاییەنەوە، باوەڕێکی هەرە بەرزی هەبووە بەکوردو بە کێشە ڕەواکەی. نموونەیەکی برایەتی کوردو عەرەبی دەنواند لە کوردستانی سوریادا، هەموو کات دۆستی ئاشتی و تەبایی و برایەتی بووە. ماوەیەک ئەندامی ئەنجوومەنی گەل (مجلس الشعب) بووە لە سوریا، برا کوردەکانمان لە سوریا ئەو لەگەڵ چەند برادەرێکی تر نوێنەرایەتیان دەکردن.

جارێکی تریش بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە گەلی کورد ئەکەین، سەرەخۆشی لەو دوو پارتە تێکۆشەرەو لە کەسوکاریان وسەرەخۆشی لەخۆمان ئەکەین و(ان شاء الله) جێگایان بەهەشتی بەرینە. زۆرسوپاستان ئەکەم. ئێستاش خاڵێکی بەرنامەی کار بودجەی حکومەتە، دوێنێ تەواومان کرد، بڕگەیەکی ماوەتەوە ئەویش بودجەی کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستانە. ئەگەر برایانی لیژنەی ئابووری وجەنابی وەزیری دارایی تەشریف بێننە سەر منەسە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەری. تکایە لە مەودوا تۆزێک ڕەچاوی کات بکەن. فەرموو کاک شەوکەت.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەناوی خوای گەورە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا سەبارەت بە بودجەی کۆمپانیاکان وکارگە پیشەسازیەکان وبانقەکان چونکە پەیڕەوێکی تایبەتی خۆیان هەیە تێکەڵاوی حیساباتی ئەسڵیمان نەکردووە، بەڵکو بەجیا هێشتومانەتەوە هەروەکو لە بودجەکانی تری پێشو بەجیا حیساباتی بۆکراوە. بە پێویستی دەزانم چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەم بابەتانە بۆ بەڕێزتان ڕوون بکەمەوە، ئەوەی ئێستا پێشکەش دەکرێت لەسێ بەش پێک دێت، یەکێکیان کۆمپانیاکانی هەرێمە، دووەم کارگەکانی سەربە وەزارەتی پیشەسازییە، سێیەم بانقەکانە. ئەمانە خاوەن پەیڕەوی تایبەتین و خاوەن (تەمویلی زاتین). سەبارەت بە کارگەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی تا ئێستا کارگەکان هەر خەریکی کارن و داهاتیان هەیە کە جگە لە دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی خۆیان قازانجیان هەیە کە ئەم سوودە دەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی هەرێم. (٨٥٪) لە سوودەکە بۆ

وەزارەتی دارایی و ئابوورییەو (١٥ ٪)بۆ وەزارەتی پیشەسازییە، بەڵام وەزعی کۆمپانیاکان و بانقەکان لەگەڵ کارگەکاندا جیاوازن. سەبارەت بە کۆمپانیاکان دوای ئەوەی کە حکومەتی مەرکەزی فەرمانگاکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە ئیتر لە بەغداوە کەرەسەی ئەو کۆمپانیانە رەوانە نەکرا، بۆیە لەراستیدا (تەجمید) کران و لەکار وەستان لەبەر نەبوونی مەواد. نەک تەنیا ئەم کۆمپانیانە داهاتیان نییە، بەڵکو مووچە و مەساریفیشیان لەلایەن وەزارەتەکەمانەوە دابین دەکرێ. سەبارەت بە بانقەکانیش وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کابینەی یەکەم و دووەم هەوڵی دا سیستەمی بانقی بەگەڕ بخاتەوە تا لە رێگای بە ئیش خستنی پارەوە داهات بۆ بانقەکان بە دەست بێ، بەڵام بەداخەوە نەتەنیا ئەم پرۆگرامە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵکو زیاتر لە (...... ١٠) ملیۆن دیناریش هی بانقن لە دهۆک و هەولێرو سلێمانی فەوتان ولەناوچوون، ئەم بابەتانە هەر بەو شێوەیەی کە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٣و بودجەی پێشنیار کراوی ساڵی ١٩٩٤دا هات بوو، ئێمەش بەهەمان شێوە هەروەکو گوتمان بودجەی ئەم (٤)مانگەمان بۆ بەڕێزتان پێشکەش کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەک بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی ئەوە پەیڕەوێکی تایبەتی خۆی هەیە وەک دەڵێن کۆمپانیاکان و فەرمانگە (ذات التمويل الذاتي)، وەزارەتی دارایی وئابووری لە پێدانیان بەرپرسیار نییە، تەنها ئەگەر جیاوازیەکیان هەبێت یان زیانێکی زۆریان لێ بکەوێت نەتوانن مووچەی فەرمانبەرانی خۆیان دابین بکەن. هەندێکیشیان پەیڕەوی موحاسەبەی یەکگرتوو دەکەن کە لە فەسڵەکەی لەدوای ئەم فەسڵەدا هەیە، ئەم پەیڕەوە یەکگرتووەش تایبەتییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر مەسەلەی فرە کۆمپانیا بازرگانیەکان کە کۆی خەرجیەکانیان هەروەک وەزارەت لە بنەڕەتدا نووسیویانە لیژنەی ئابووری هیچ گۆڕانکاریەکی لەسەر نەکردووە، کۆی بودجەی هەموو کۆمپانیا بازرگانیەکان بخرێتە بەردەم بەڕێزتانەوە تاکو بڕیاری لێ بدەن، واتا دەڵێین کارگەو کۆمپانیا پیشەسازیەکان بودجەکەیان دەکاتە چەند، بەرچاوی ئێوەی بخەین. سەبارەت بە بانکە بنکەییەکان و مەساریفە بازرگانیەکان و مەساریفە تایبەتمەندەکان و نووسینگە تەمویلییەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەک پێڕەو جەنابیشتان رەزامەندی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەسڵ فەسڵ پێدا دەچین، بەم جۆرە کۆمپانیاکانیش. چونکە مەسەلەیەکی یاساییە وەکو دوێنێ چۆن کردت بەو شێوەیە بەردەوام بە لەسەری باشترە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کۆمپانیا بازرگانیەکان، وەکو پیشەسازییەکان دەتوانم فەسڵ فەسڵ پێدا بچم، بەڵام بانکی بنکەیی و بانکە بازرگانیەکان لە پێڕەوی یەکگرتوودا فەسڵ فەسڵ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوانە دەست پێبکە، کە گەیشتینە ئەوێ ئەویش وەک هاتووە چارەی دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجەی کۆمپانیا بازرگانیەکان دیسان لەلایەنی بەڕێوەبردنەوە وەک وەزارەتی دارایی، فەسڵی یەکەم کۆمپانیای کەل و پەلی بیناسازیە، فەسڵی یەکەم (... ٢٩٧)دینارە، کۆمپانیای بازاڕی ناوەندیی (... ٨٢٨)دینارە، کۆمپانیای ئۆتۆمبیل وئامێرەکان (٠٠٠ ١٦٠)دینارە، کۆمپانیای بازرگانی دانەوێلە (٠٠٠ ٢٨٥)دینارە، کۆمپانیای چاککردنی دانەوێڵە (٠٠٠ ١٠٢)دینارە، کۆمپانیای بازرگانیی کەل وپەلی خواردەمەنی (٠٠٠ ١٥٠)دینارە، کۆی دەکاتە (٠٠٠ ١٨٢٢)دینارە، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر فەسڵی یەکەم نییە؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، کۆمپانیای کەل و پەلی بیناسازی (٠٠٠ ٥)دینارە، کۆمپانیای بازاڕی ناوەندیی (٠٠٠ ١٥) دینارە، کۆمپانیای ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان(٠٠٠ ١) دینارە، کۆمپانیای بازرگانیی دانەوێڵە (٠٠٠ ٤٠)دینارە، کۆمپانیای چاککردنی دانەوێڵە (٠٠٠ ١٠) دینارە، کۆمپانیای بازرگانیی کەل وپەلی خواردەمەنی (٠٠٠ ٦٠)دینارە، کۆی دەکاتە (٠٠٠ ١٣١) دینارە تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی دووەم چ تێبینیەک لەسەری نییە؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێیەم، کۆمپانیای کەل وپەلی بیناسازی (٠٠٠ ٥)دینارە، کۆمپانیای بازاڕی ناوەندیی

( ۰۰۰ ۱۵ )دیناره، کۆمپانیای ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان ( ۰۰۰ ۵ )
دیناره، کۆمپانیای بازرگانیی دانەوێڵە ( ۰۰۰ ۸۰ )دیناره، کۆمپانیای چاککردنی دانەوێڵە
( ۰۰۰ ۱۵ ) دیناره، کۆمپانیای بازرگانیی کەل وپەلی خواردەمەنی ( ۰۰۰ ۲۰ )دیناره، کۆی
دەکاتە ( ۰۰۰ ۱٤۰ ) هەزار دیناره، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر فەسڵی سێ یەم؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی سێ یەمە؟.. سوپاستان دەکەین.
کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێ یەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، کۆمپانیای کەل وپەلی بیناسازی ( ۱۰۰۰ )دیناره، کۆمپانیای بازاڕی ناوەندیی
( ۰۰۰ ۱۵ )دیناره، کۆمپانیای ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان ( ۰۰۰ ۵ ) دیناره، کۆمپانیای بازرگانیی
دانەوێڵە ( ۰۰۰ ٦۰ )دیناره، کۆمپانیای چاککردنی دانەوێڵە ( ۰۰۰ ۵ )دیناره، کۆمپانیای
بازرگانیی کەل وپەلی خواردەمەنی
( ۰۰۰ ۱۵ ) دیناره، کۆی دەکاتە ( ۰۰۰ ۱۰۱ ) دینار تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی پێنجەم چ تێبینییەکی لەسەر نییە؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاستان
دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بودجەی لق و کۆمپانیا بازرگانیەکان هەمووی دەکاتە ( ۰۰۰ر٥٥٤ر۲ ) دینار هەروەک
بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، بەڵام کاک جەمیل ئەوەی خوێندتانەوە زیادەی شتی تری فەرمانبەرانی تێدا
نەبوو؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە (تمويل ذاتيه)و لەلای خۆیانەوە هاتووە لەبەر ئەوە باسمان نەکرد، ئەوەش زیادەکەیە ئەگەر
جەنابتان بفەرموون زیادەکەش دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نائەوە پەسەندمان کرد، ئەوە تێبینیەک بوو، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستا بابەتی کارگەکانی پیشەسازی، فەسڵی یەکەم، گارگەی جگەرەی هەولێر(٣٤٠ ٠٠٠ ١)دینارە، کارگەی جگەرەی سلێمانی (٢ ٤١٢ ٠٠٠) دینارە، کارگەی پیشەسازی خوری هەولێر (١ ٣٤٠ ٠٠٠) دینار، کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی (١ ٥١٨ ٠٠٠)دینارە، کارگەی جل وبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی (٦٣٠ ٠٠٠)دینارە، کارەبای سلێمانی (١٠٥٩٠٠٠) دینارە، کارەبای دهۆک (٧١٠٠٠٠)دینارە، کارگەی غازی هەولێر (١٤٧٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی هەولێر (١٤٧٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی (١٤٧٠٠٠) دینارە، بەروبوومی نەوتی دهۆک (١٤٧٠٠٠)دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان (٢٦٨٠٠٠) دینارە، کۆمپانیای گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی (٤٠٠٠٠) دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە لە سلێمانی (٥٩٠٠٠٠)دینارە، کارگەی مەڕمەڕ لە سلێمانی (٤٩٥٠٠٠)دینارە، بانی خێلانی کانزایی (٢٢١٠٠٠) دینارە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەر سێ پارێزگا دەبێت چوار پارێزگا بێ، فەرقی نییە (٣٣٥٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (١٣٤٠٠٠٠)دینارە، کۆی گشتی دەکاتە (١٢٨٨٦٠٠٠) دینار، بەس لەگەڵ ئەوەی زیادەی بیخەنە سەرێ (٧٧٣١٠٠٠) دینار بەس ئەوەمان هەیە هیچی ترمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەکەتان نییە بۆ فەسڵی یەکەم؟ چ تێبینیەک نییە، فەسڵی یەکەم کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەل نییە؟.. بەتێکرای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی دووەم، جگەرەی هەولێر (١٠٠٠٠٠٠)دینارە، کارگەی جگەرەی سلێمانی (١٠٠٠٠٠٠)دینارە، پیشەسازی خوری هەولێر(١٠٠٠٠٠٠) دینارە، کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی (١٠٠٠٠٠٠)دینارە، جل وبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی (١٠٠٠٠٠٠)دینارە، کارەبای سلێمانی (١٠٠٠٠٠) دینارە، کارەبای دهۆک (٣٠٠٠٠)دینارە، غازی هەولێر (١٠٠٠٠) دینارە، بەروبوومی نەوتی هەولێر (٧٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی (٢٠٠٠) دینارە، بەروبوومی نەوتی دهۆک (٢٠٠٠)دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان (١٠٠٠٠)دینارە،کۆمپانیای گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی (١٠٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە لە سلێمانی (٤٠٠٠٠) دینارە، کارگەی مەڕمەڕ لە سلێمانی (٢٠٠٠٠٠) دینارە، بانی خێلانی کانزای (٤٠٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرسێ پارێزگا (١٥٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر

(٤٠٠٠٠٠) دینار کۆی گشتی دەکاتە(٥١ر٢٢٦ ٠٠٠)دینار، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە فەسڵی دووەم هیچ تێبینیتان لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵێ سێیەم، کارگەی جگەرەی هەولێر (١٥٠ ٠٠٠)دینارە، کارگەی جگەرەی سلێمانی (٨٠ ٠٠٠)دینارە، پیشەسازی خوری هەولێر (٣٠ ٠٠٠)دینارە، کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی(٥٠٠ ٠٠٠)دینارە، جلوبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی(١٠٠ ٠٠٠)دینارە، کارەبای سلێمانی (٥٠ ٠٠٠)دینارە، کارەبای دهۆک(٢٠ ٠٠٠)دینارە، غازی هەولێر (٣٠٠٠) دینارە، بەروبوومی نەوتی هەولێر(٨٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی(٤٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی دهۆک(٣٠٠٠) دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان ودەربەندیخان(٥٠٠٠٠) دینارە، کۆمپانیای گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی(٥٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی ووزە لەسلێمانی(٢٠٠ ٠٠٠)دینارە، کارگەی مەرمەڕ لە سلێمانی (٢٠٠٠٠) دینارە، بانی خێلانی کانزایی (١٠٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرسێ پارێزگا (١٥٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (١٥٠٠٠٠)دینارە، کۆی گشتی دەکاتە (١٣٩٨٠٠٠) دینار تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان لەسەر نییە؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی سێ یەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەم وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، لێرە فەسڵی چوارەم جیاوازیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە، لێرە (اندثار)بە هەدەرچوون لەناو کارگەکاندا، کارگەی جگەرەی هەولێر (٣٠٠٠٠)دینارە، کارگەی جگەرەی سلێمانی (٥٠٠٠٠)دینارە، پیشەسازی خوری هەولێر (٥٠٠٠٠)دینارە، کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی (٣٠٠٠٠)دینارە، کارگەی جل وبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی (٨٠٠٠٠)دینارە، کارەبای دهۆک (٤٠٠٠٠)دینارە، کارگەی غازی هەولێر (١٠٠٠٠) دینار، بەروبوومی نەوتی هەولێر (١٠٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی (٥٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی دهۆک (٥٠٠٠)دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان (٦٠٠٠٠)دینارە، کۆمپانیای

گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی (۱۰۰۰)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە لەسلێمانی (٤٠٠٠٠)دینارە، بانی خێلانی کانزایی (۷۰۰۰۰)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (۲۰۰۰۰۰) دینارە، کۆی گشتی دەکاتە (۹٤۱۰۰۰) دینار، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر فەسڵی چوارەم؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم تحویلیە. کارگەی جگەرەی هەولێر (۵۰۰۰۰۰)دینارە، کارگەی جگەرەی سلێمانی (۵۰۰۰۰۰)دینارە، پیشەسازی خوری هەولێر (...۱۰۰)دینارە، کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی(۱۰۰۰۰۰)دینارە، کارگەی جل وبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی(۱۰۰۰۰)دینارە، کارەبای سلێمانی (۲۰۰۰۰)دینارە، کارەبای دهۆک (۱۰۰۰)دینارە، غازی هەولێر (۱۰۰۰)دینارە، بەروبوومی نەوتی هەولێر (۱۰۰۰)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی (۱۰۰۰)دینارە،، بەروبوومی نەوتی دهۆک (۱۰۰۰)دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان ودەربەندیخان (۲۰۰۰)دینارە، کۆمپانیای گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی (۱۰۰۰)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی وزە لە سلێمانی (۵۰۰۰) دینارە، کارگەی مەرمەڕ لە سلێمانی (۵۰۰۰)دینارە، بانی خێلانی کانزایی (۵۰۰۰) دینارە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرستی پارێزگا (۵۰۰۰) دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (۱۰۰۰۰)دینارە، کۆی گشتی دەکاتە(۱۱۷۸۰۰۰)دینار، تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی پێنجەم چ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی پێنجەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵەکەی دێ خەرجی دی، ئەگەر ببەینە پێش کارگەکان بڵێین خەرجی دی (مصاريف اخرى). کارگەی جگەرەی هەولێر (۱۰۰۰۰)دینارە، جگەرەی سلێمانی (۳۰۰۰۰)دینارە، پێشەسازی خوری هەولێر (۵۰۰۰)دینارە، کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی (۱۰۰۰۰۰)دینارە، کارگەی جل وبەرگی ئافرەتان لە سلێمانی(۵۰۰۰)دینارە، کارەبای سلێمانی (۱۰۰۰)دینارە، کارەبای دهۆک (۱۰۰۰) دینارە، کارگەی غازی هەولێر (۱۰۰۰)دینارە، بەروبوومی نەوتی

هەولێر (١٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی سلێمانی (١٠٠٠)دینارە، بەروبوومی نەوتی دهۆک (١٠٠٠)دینارە، پرۆژەی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخان (٢٠٠٠) دینارە، کۆمپانیای گشتی زەوی پێوانی جیۆلۆجی (١٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی وزە لە سلێمانی (٥٠٠٠)دینارە، کارگەی مەڕمەڕ لە سلێمانی (٥٠٠٠)دینارە، بانی خێلانی کانزایی (٥٠٠٠)دینارە،، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرسێ پارێزگا (٥٠٠٠)دینارە، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر (٢٠٠٠٠) دینارە، کۆی گشتی دەکاتە(٤٦٩٠٠٠)دینار، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر فەسڵی شەشەم نییە؟.. کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بڕە پارەی کارگەو کۆمپانیا پیشەسازییەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی دوای زیاد بوون بوو بە(٥٩٦٩٩٠٠٠)دینار، سوپاس.

ئێستا نۆرەی بودجەی بانکی بنکەیی و مەساریفی بازرگانیی و مەساریفی پسپۆریی و، نووسینگەکانی (تەئمین)ـە، لە هەرێم. ئەوە پەیڕەوێکی یەکگرتووە، فەسڵ فەسڵ نییە، ئەوانە هەریەکەی بەتەنیا دەخوێنمەوە، واتا بانکی بنکەیی ئەوەندەیە هەتا دوایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجموع، مەجموع بخوێنەوە باشترە، هەموو کۆیەکانی یەکە یەکە بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بانکی بنکەیی کۆیەکەی (١٩٤٢٥٠) بوو پاش زیادەکەش بووە بە (١٠٠٠٣٠٩) هەمووی ئەوە دەخاتە سەری (١٠٠٠٣٠٩)، دینارە، هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە لەسەر برگە یەکی بانکی بنکەیی کە خوێندرایەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەکە(٣٢٠٠٠) هەزارە تەنیا بانکەکانی بازرگانیی کۆیەکەی (١٢٧٤٧٥٠) بوو، زیادەکەش (٧٤٣٢٥٠) بوو، هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی لەسەر نییە ؟. کێ لەگەڵ ئەوەی خوێندرایەوە لەبارەی بانکەکانی بازرگانییەوە؟..
سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ کۆی گشتی مەساریفی بازرگانیی
وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خەرجییە تایبەتمەندەکان (مصاریف اختصاص) هەموو بە تێکرا کۆیەکەی (٢٢٨٧٥٠)بوو،
زیادەکەش(١٥١٧٥٠)دیناربوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە خەرج،ی تایبەتمەندەکان (مصاريف اختصاص) تێبینیەکی گشتیم هەیە. پێویستە
وەزاەتی دارایی وئەنجوومەنی وەزیران رایبگەیەنن کە ئەوان بەرپسیارن بەرامبەر بەو پارانەی
کە ئێستا لە بانک دائەنرێن بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ باوەڕی بە بانک بکات و لەو حاڵەتەو بانک
قازانج دەکات، چونکە (سیولەی نەقدی)بۆ پەیدا دەبێت و، خەڵکیش رزگار دەبێت لەو پارانەی
لە ماڵەوە دادەنرێن وتووشی نارەحەتی نابن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تێبینییەی بەڕێز کاکەڕەش، لەڕاستیدا ئەمەش یەکێکە لە گیروگرفتەکانی
وەزارەتی دارایی سەبارەت بە بانکەکان و جەماوەری تێکۆشەر. ئێمە ئەو تێبینییەی جەنابت
لەبەرنامەکانی خۆماندا لەبەر چاوگرتووە کە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا باس بکرێ
(ان شاءالله) تا ئەوکاتەش تۆزێک باری داراییمان باش دەبێ، بێگومان هەنگاوێکی بۆ
داوێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی مەساریفمان نەخستە دەنگدانەوە، خەرجییە تایبەتمەندەکان چ تێبینییەک لەسەر ئەو
بڕگەیە نییە؟ کێ لەگەڵە ؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بەتێکرای دەنگ ئەو
بڕگەیەش پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم هەیە بۆ بەڕێز د. رزگار کە سەرۆکێ لیژنەی پەیوەندییەکانە(علی الاقل) ئەبێ زۆر لەوێوە سەری لە گومرگی ئیبراهیم خلیل بدابا چونکە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی هەیە، سەر لە نووسینگەی پەیوەندیەکان بدات. لەوێ مەکتەبی تەئمین هەیەو ئیشی خۆیانیش ئەکات و بەرپرسەکەشی هەر خەڵکی شاری زاخۆیە، ئەوە بۆ نموونەو لەجێگایەکی تریش هەیە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل. بۆ ئاگاداری کاک د. رزگار فەرمانبەریان هەیە و جێگەشیان تا ئێستاکە ماوە ، تا ئێستا کە بڕیارێک دەرنەچووە بۆ لابردنی، لەبەر ئەوە وابزانم حکومەت پابەندە کە شتێ بۆ ئەوان بکات، سوپاس کاک د. رزگار، سوپاس کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆی بڕە پارەی کە بۆ نووسینگەکانی تەئمین تەرخان کراوە( ٩٨٢٥٠ )هەزار دینارە و زیادەکەی پەرلەمانیش ( ٧٨٧٥٠ ) هەزار دینارە، هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابڵێین هی (٤) مانگەکەی حکومەت تەواو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بودجەی(٤)مانگەکەی حکومەت تەواو بوو، ئەوەی دی بودجەی تەئمینی زاتی برگەیەکی تر دەبێت و ئەویش تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با نووسینگەکانی تەئمینیش بخەینە دەنگدانەوە، نووسینگەکانی تەئمینی وەکو خوێنرایەوە چ تێبینیەکی لەسەر نییە؟ جگە لەوەی کاک د. رزگار، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هیچ نەما، بەس ئەگەر کۆی گشتی، ئێستا کۆی دەکەمەوە تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ئەوە بابچین بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست بە بودجەی پەرلەمان دەکەین ئەویش کۆکردنەوەکەی ماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداریی جەنابتان، وتمان بە شێوەیەکی ئوسولی بودجەی ساڵی (١٩٩٦) کە لەبەر ئەو بارودۆخەوە دواکەوت. بودجەی ساڵی (١٩٩٦)مان پێشکەش بە لیژنەی یاسا کرد لەسەر ئەو ئەساسە پێشکەشی ئێوەی دەکەین بۆ ئەوەی پەسەند بکرێ، ئەوەی ئەم چەند مانگەی لێ ماوەتەوە. وەکو بودجەی ساڵی (١٩٩٦) ئامادە کرابوو بۆ پەسەندکردنی. ئێستا بە باشی دەزانین ئەگەر پەسەند بکرێ وەکو بودجەی ساڵی ١٩٩٦، چونکە هەر لەسەر ئەو بنەمایەوە ئامادە کرابوو کاتی خۆی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەست بەگفتوگۆی بودجەی ساڵی (١٩٩٦)ی پەرلەمان دەکەین، لەکاتی خۆیدا پەرلەمان بودجەی ساڵی (١٩٩٤)ی پەسەند کردو کاری پێ کرد، هەروەها بودجەی ساڵی (١٩٩٥) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرابوو، بودجەی ساڵی ١٩٩٦ پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراو لەسەر ئەم بودجەیە ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، یەکەم (اصدار القرار التالي ، لرئيس المجلس الوطني اجراء مناقلة ضمن ميزانية خاصة بالمجلس الوطني) ئەمەش پرۆژەی وەزارەتی دارایی بوو لەگەڵ پرۆژەی لیژنەی یاساو لیژنەی داراییش لە پرۆژەکەدا هەیە. تێبینی (٢) ئەوەیە: دەبێ لەفەسڵی چوار ئەو برە پارەیەی دانراوە بۆ (صيانة المباني) ئێمە سەیرمان پێ هات کە ملیۆنێک و(٢٠٠) هەزار، بۆ بنایەتی پەرلەمان داندرابوو. لەوانەیە بۆ هەندێ خانووەکانیش بێت، زۆر زۆر کەمە، پێشنیارمان کرد ببێتە (٢) ملیۆن و(٥٠٠)هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیەکمان هەیە. کاتی خۆی بۆ ساڵی ١٩٩٦، بۆ ئەو خانوانەی کە ئێمە بەیاسا بەرپرسین لێی، ئەو(٣) خانووەی سەرۆکایەتی لەگەڵ چاکردنەوەی خودی پەرلەمان لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەدا بوو، وەکو پەرلەمان پار هیچ گیرفتێکمان نەبوو، مەبەستم لەو بودجەیەی کە دانراوە جگە لە ئیشی رۆتینی، صیانەی رۆژانە بوو. خانووەکانی سەرۆکایەتی چ گیروگرفتەکی وامان نەمابوو، کاتی خۆی هەموو کێشەیەکمان چارەسەرکرد بوو. بەڵام ئێستا ئەو برە پارەیەی کە زیاد کراوە، بۆ ئەوەیە کە ئەم بارودۆخەی کە بەسەر پەرلەمان داهات لەوانەیە پێویستمان بەزۆر شت هەبێت و، برە پارەیەکی کەمیان داناوە. ئێمە هیوادارین بتوانین بەم برە پارەیە کێشەکانی خۆمانی هەموو پێ چارەسەر بکەین. وەکو ئەبینین ئیش وکاری چاکردنەوەو بیناکردنی ئەو شتانەی کە تێک درابوون باش ئەڕوات، (ان شاءالله) لەماوەیەکی کەمدا هەموو

تەواو ئەبن، ئەو کەم وکورتیانەی تر کە هەنە بەتایبەت لە بارەی تەکنیکیەوە ئەویش وا خەریکن بە جرە جر بۆمان پەیدا دەکەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی یەکەمی بودجەی پەرلەمان (نفقات الموظفین واعضاء البرلمان) بڕی(١٤) ملیۆن و (٢٩٣) هەزار دینارە، ئەمە هی ساڵێکەو، هەروەها بڕە پارەیەکمان هەیە بە دۆلار لە فەسڵی یەکەمدا بۆ چارەسەر کردن لە دەرەوەی هەرێم ئەویش(٥٠) هەزار دۆلارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی ئەو بڕە پارەیە وەکو ئەزانن نەگۆڕ بوو لە بودجە، جا ئەم جارە کەمە، نزیکەی نیوەی ئەوە دانراوە بە ئیعتبار ساڵانی پێشوو بڕە پارەیەکمان دانابوو زۆر جار لێی ئەمایەوە (تدویر)مان دەکرد بۆ ساڵانی تر، کەممان ئەکردەوە، لە بودجەی ساڵی ١٩٩٦ کەم کراوەتەوە بە بەراورد کردن لەگەڵ ساڵەکانی تر، بەپێی یاسا ئەندامانی پەرلەمان مەسەلەی چارەسەریان ئەگەر هاتوو تووشی کێشەیەک بوون چ لەناوەوە چ لەدەرەوە، پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە ئەوانیش مافیان هەیە کە داوای کۆمەکێک بکەن بۆ ئەو مەسەلانە. ئەو بڕە پارەیە لەڕاستیدا بۆ ئەوە دانراوە.چ تێبینی هەیە لەسەر فەسڵی یەکەم؟ کێ لەگەڵ فەسڵی یەکەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی یەکەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی دووەم، پێداویستیە خزمەتگوزارییەکان (المستلزمات الخدمیة) هەروەک هاتووە (٨٩٠٦٠٠٠)دینارە، هەروەها هەناردنە دەرەوە (ایفاد) دوور نییە پەرلەمانی بەڕێز وفوودی هەبێت بۆ دەرەوە، چ بۆ کۆبوونەوە بێت لە ئەورووپا یان ئەمەریکا بۆ کێشەی کوردی پێشنیار بکرێت، یانیش بۆ هەندێ کۆبوونەوە ئامادە بێت، (٣٠٠٠٠) دۆلار دانراوە تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی دووەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی دووەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەسڵی سێیەم، (المستلزمات السلعیة) ،(١٨٧٠٠٠٠) دینار دەستکاریمان نەکردووەو تێبینیشمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەسڵی سێیەم چ تێبینیەک نییە؟ کێ لەگەڵ فەسڵی سێیەمە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی سێیەمیش وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی چوارەم، (صیانة الموجودات) تەنیا یەک تێبینیمان لەسەر بوو ئەویش کاتی خۆی لە سەرەتادا گوتم صیانەی مەبانی، باڵاخانەی پەرلەمان و باڵاخانەی سەر بەو کە دانرا بوو بۆی (١٢٠٠٠٠٠) دینارە سەیرمان کرد ئەو برە پارەیە زۆر کەمە، پێشنیاری لیژنەی ئابووری بەم جۆرە بوو ببێتە (٣٥٣٠٠٠٠) دینار، تەنیا یەک مادە تێبینیمان لەسەر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر فەسڵی چوارەم جگە لەوەی لیژنەی ئابووری؟ کاکە رەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو برەی کە دانراوە لایەنێکی تایبەتمەند دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر کاک جەمیل روونی بکاتەوە، فەرموو با کاک جەمیل وەڵامی بداتەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ بەڕێز کاکەرەش و قسەکانی، رایەکەی زۆر لە جێی خۆیەتی، مەگەر هەموو ئیختساسەکان بەشداری تێدا بکەن، بەڵام دوای ئەو تەقدیرە، ئەو تەقدیرەمان کرد کە بۆ رووی پەرلەمان و ئەو خانووانە دیاری کرابوو تەقدیریکی زۆر کەم بوو. ئەو برەی کە خەرج بووە تا ئێستا لە رووی پەرلەمان و چاکردنەوەی بینای پەرلەمان دراوە لەو برە تێپەڕ بووە، کەواتە دیوان گومانی لە تەقدیرەکە هەیە، حساباتی دیوان تەقدیری کەم بوو، لەوانەیە پسپۆڕ نەبووە لە ئەندازە و ئەوشتانە لەبەر ئەوە بەپێی تەقدیرو مشاوەرات زانیمان چەند سەرف کراوە و چەندی تر پێویستە، بۆیە ئەو برە پارەیە پێشنیار کرا کە (٢٥٠٠٠٠٠) دینار ە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، بۆ تێبینی کاکەرەش خۆی وابزانم وەکو بنەڕەت عادەتەن لەپەرلەمان نەفەقات زیاد ناکەن. راستە وا ئێمە لەپەرلەمان نەفەقات زیاد ناکەین بە پێچەوانەوە. جا ئەگەر ئەو ئیدارەیە، پەرلەمان بێ یاحکومەت، ئەوە یەک. دوو، واریداتیش کەم ناکەنەوە ئەوە وەکو بنەڕەت، بەڵام ئەمەی ئێرە دوو گرفت هەبوو، گرفتی یەکەم وەکو کاک جەمیل باسی کرد. گرفتی دووەم ئەوە بوو کە من لە سەرەتادا باسم کرد، ئێمە تووشی بارێک بووین کە چاوەڕوان نەدەکرا، ئەم

میزانییەیش بۆ ١٩٩٦ کاتی خۆی لە١٩٩٥دا لەسەر ئەو بنەڕەتە دانراوە بۆیە مشاوەرە یەکیان کرد بوو. زۆر زۆر سوپاس ئەگەر چ تێبینییەکی تر نەبێ فەسڵی چوارەم ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی پێنجەم، (نەفەقاتی رەئسمالی) بە دینار (٣٦٦٠٠٠٠) دینارە، بە دۆلاریش (٨٠) هەزار دۆلار دانراوە، ئەوە بۆ کڕینی زۆر ئامێری ئەلکترۆنی و وێنەگری کە لە پەرلەمان نەماون، ئەندامانی پەرلەمان زۆر زەحمەتی دەکێشن هەتا یەک لە جێگای خۆیان قسە بکەن، ئەو ئامێرانەی لێرە نییە دەبێ لە دەرەوەی کوردستان بهێنرێت، (٨٠٠٠٠)هەزار دۆلار بۆ ئەو ئامێرانە دانراوە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەو ژمارانە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک نییە؟ نییە. زۆر سوپاس ئەو روونکردنەوەی کاک جەمیل دەربارەی ئەو بڕگەیە وابزانم روونە، بەدواداچوونم لەسەری نییە، تکایە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی پێنجەم وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی شەشەم هی (النفقات التحویلیة) (١٠١٠٠٠) دینارە هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هی فەسڵی شەشەم هیچ تێبینی لەسەر نییە. کێ لەگەڵ فەسڵی شەشەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ فەسڵی شەشەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسڵی هەشتەم، (برامج خاصە) (٥٠٠٠٠٠) دینارە تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەسڵی هەشتەم چ تێبینی لەسەر نییە، کێ لەگەڵ فەسڵی هەشتەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ فەسڵی هەشتەم وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کۆی گشتی لە بودجەی پەرلەمان کە پەسەند کراوە (٣٢٨٦٠٠٠٠) دینار و (١٦٠٠٠٠) هەزار دۆلارە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاستان دەکەین ئەوەش تەواو بوو.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیاریش بۆ ئەم چوار مانگەی کە ماوە لەم ساڵە واتا لە ١٩٩٦/٩/١هەر وەک لیژنەی دارایی و ئابووریش هەمان پێشنیاری هەبوو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری رازی بوو لەسەری کە ئەو (١٢ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیۆن دینارو (١٦٠٠٠٠) هەزار دۆلارە بخرێتە سەر بودجەی حکومەتی هەرێم هەر وەک ئەوەی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم ئەوە شتێکە مەزەندە کراوە بۆ ئەم چوار مانگە بەو تەقدیرەی لەگەڵ وەزیری دارایی ئیتفاق کراوە، وابزانم دەخرێتەوە سەر بودجەکەیان وەکو کاک جەمیل باسی کرد، ئێستا دێینە سەر خاڵی تر کە ئەویش یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا بەلانی کەمەوە یەکێکیان تەشریف بێننە ئێرەوە، برادەرانی لیژنەی ئابووری سوپاسیان دەکەین بگەڕێنەوە جێگای خۆیان بۆ ئەوەی ئەویش تەواو بکەین.

ئێستا ماوەی تر نییە، لێرەش باسم کرد کەم وکوڕی فۆتۆکۆپی و شتمان هەیە تائێستا گیروگرفتی ئەو دەقەمان هەیە کە بەدەستی لیژنەی یاسا نووسراوە، دانەیەکی ئەوە موعتەمەدە لای ئێمە. لەڕاستیدا یەک دوو بابەت هەیە (١) مەسەلەی دەوام و دەوامی ئەندامانی پەرلەمان مەبەستم ئامادەبوون و دەوامی لیژنەکانی پەرلەمانە. ئێوە دەزانن بارودۆخەکە ئێستاکە پێویستییەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە. پێویستە برایانی ئەندامانی پەرلەمان و بەتایبەتی ئەندامانی لیژنەکان رۆژانە ئامادە بن بۆ ئەو ئیشانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا دیاری کراوە بۆ لیژنەکان.

«٢» بابەتی بەدواداچوون کە یەکێکە لە ئیشە هەرە سەرەکییەکانی ئەندامانی پەرلەمان. زۆر شت هەیە ئەندامانی پەرلەمان لەو رۆژانە زیاتر لەهەموو کاتێ ئامادەبوون و بەدواداچوون و، ماندوبوونیان دەوێت، وەزعەکە پێویستی پێیەتی، هەم ئیدارەش پێویستی پێیەتی کە ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبوونی جیددییان هەبێ لە ئەو ئیش وکارانەی کە پێویستمانە، کە خەڵک پێویستییەکی زۆری هەیە بە ئێوە. ئێوە ئەتوانن کەم یان زۆر ئەرکی سەر شانی ئەندامی پەرلەمان چییە بەجێی بێنن. خاڵی هەرە سەرەکیشمان ئەمڕۆ ئەو خەڵکە لێ قەوماوەیە کە ئیستاکە پەرت وبڵاوبوونەتەوە هەر لێرەوە هەتا ئەگاتە بنی دنیا. کاتی خۆی ئێمە لیژنەیەکمان هەبوو لەو پەرلەمانە ناومان نابوو لیژنەی ئاوارەکان، ئێستا ئەو لیژنەیە پێویستی بە فراوان کردن هەیەو پێویستی بە پاڵپشت هەیە. تەنها ئەو لیژنەیە سنووردار نەبێ بەیەک دوو پارێزگاوە بەڵکو تەسەور ئەکەم پێویستی بەپاڵپشتی هەموو ئێوە هەیە. گوێتان لێ بوو لەو یەک دوو رۆژە

وەکو پرۆژەیەکی ئێستاکە بەدەستەوەیە کە بایەخێکی تایبەتدمەند بدرێ بەو خەڵکە لێقەوماوە. لەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا خەڵکێکی زۆرمان لێی قەوماوە، خەڵکێکی زۆرمان لەدەرەوەیە، لەڕاستیدا پەرلەمان مسئولیەتێکی مێژوویی لەئەستۆیە کە بیرێک لەو بارە بکاتەوە، هەوڵێکی جیددی بۆ بداو، بتوانێ بەلانی کەمەوە لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەو خەڵکە مامەلەیەک وتەفاعولێک بکات بەگوێرەی توانا وبەوگوێرەیەی کە بارودۆخ یارمەتیمان دەدات، ئەمە خالێکە (ان شاء الله) ئەگەر دانیشتنی رەسمی تەواو بوو بەینی خۆتان هەندێ گفتوگۆی بۆ بکەن بۆ ئەوەی بگەین بەهەندێ خالی هاوبەش وهەنگاوی بۆ بنێین. هەرچەندە دوێنێ و پێرێ هەندێ شت کرا بەڵام ئەوە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی شتێکی گەورەترو بایەخێکی زیاتر بەو بارە بدرێ، هەرچی بێ وەزعمان، ئێمە ئێستا ئیدارەکانمان نەکەوتۆتە گەڕو کەم وکوڕیەکی زۆر هەیە لەو بابەتە، مرۆڤیش بەدوایدا نەچێ و ئامادەبوونی نەبێ ناتوانێ بەڕاستی یەخەی خەڵک بگرێ و بڵێ بۆ ئەوەت کردووەو بۆ ئەوەت نەکردووە؟ ئەمە خۆی لەخۆیدا دیسان ئەرکێکی سەرەکی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەندامی پەرلەمان رێزم هەیە بۆیان زۆر جار وتوومانە فەرمانبەر نییە سەعاتی دەوامی دیاری کراو بێ، سەعات ئەوەندە دێت و سەعات ئەوەندە دەڕوات. ئەندامی پەرلەمان موتەفەریغە بۆ پەرلەمان، هەر برادەرێکی پێی ناکرێ ئەو تەفەروغە جێبەجێ بکات ئاگادارمان بکاتەوە، ئەو ئەندامی پەرلەمانەی کە موتەفەریغە بۆ ئیش وکاری پەرلەمان ئیشی سەرەکی ئەوەیە کاری تری نییە لەوە گرنگ ترو لەوە پێویستی، تر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئێمە ئەوە بەجیددی تر باس بکەین. لەوانەیە لەمەودوا لیژنەکان پێویستی بەچاوپێخشاندنەوەیەکی تر بێت، مەسەلەی نیساب، ئەوەش هەر لیژنەیەک دەبێت لەبەینی خۆیان دابنیشن و راپۆرتێکمان پێ بدەن بۆ سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئێمە لەچوارچێوەی ئەوەدا کار بکەین. لەو ڕۆژانەی کە ئێوە لێرەن ئێمە بڕیارمان داوە سەرۆکایەتی لەگەڵ هەموو لیژنەکان دابنیشن و بەرنامەیەک دابنێین لەسبەیەوە ئاگادارتان دەکەینەوە. لیژنە لیژنە دادەنیشن و لەنزیکەوە تابزانین چی هەیە. وا حکومەتیش ئێستاکە بەرنامەی خۆی ئامادە دەکات لەم ڕۆژانەدا قەولە پێشکەشی پەرلەمانی بکات، بۆیە لیژنەکان دەبێ ئامادەبن. عادەتەن لیژنەی پەرلەمانی دەبێ لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە بجوڵێتەوە، ئیش وکارو بەدواداچوونی خۆیان بکەن، بۆیە پێم باشە ئەم دانیشتنانەی ئێستاکە کە تەواو بوو لیژنەکان هەموویان کۆببنەوەو ئاگادارمان بکەنەوە لەو شتانەی کە هەیە، بۆ ئەوەی ئێمەش بەرنامەیەک دابنێین و بزانین لەگەڵ لیژنەکاندا دابنیشین لەنزیکەوە، بەڵام پێش وەخت لیژنەکان دابنیشن و هەندێ سیمای کێشەکانی خۆیان بۆمان دیاری بکەن، لەهەندێ پێشنیار ئەگەر هەبێ ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە ئێمە هەندێ پێشنیارمان هەبێ پێشکەشتانیان دەکەین. لیژنەی یاساش تکایە لەدوای دانیشتن نەڕۆن چونکە دانیشتنمان هەیە. بابێینەوە سەر بەرنامەی کار چونکە ئەوە وابزانم یاساکە گەیشت، ئێستا با لیژنەی یاسا بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکە بەڕاستی بە زمانی کوردی هاتووە، بەڵام ئێمە بەزمانی عەربی دوا داڕشتنمان کردووە، جائەگەر ماوە بدەن هەر بەعەرەبییەکە دەیخوێنینەوە، ئەگەر پێویستیش بکات بە کوردیەکەش بەرامبەر ئەو دەیخوێنینەوە.

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب

رقم القرار

تأريخ القرار

«قرار»

استنادا الى احكام الفقرتين (١) و (٢) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير المالية و الاقتصاد..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد ببورە تۆزێ لەسەرخۆ چونکە دەزانی ئەوە دەگوازرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وصادق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ( / /١٩٩٦) إصدار القانون الاتي :

قانون موازنة اقليم كوردستان العراق للفترة من ١٩٩٦/٩/١ ولغاية ١٩٩٦/١٢/٣١.

القانون رقم ( )لسنة ١٩٩٦.

المادة الاولى: ترصد النفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وادارات الاقليم للفترة من ٩/١/ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١ مبالغ مجموعها (٢٤٣ر٥٩٦ر٠٠٠) دينارا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل وابزانم تێبینیەکی هەیە لەسەر ژمارەکەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (أ)و (ب) لەناو بودجە تێکڕای هاتۆتە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تریش هەیە وەزارەتی (پ.م) نەهاتووە کە ئەویش بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، لیژنەی یاسا ئەگەر حەز دەکەن بیکەن بە (٣) بڕگە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٩٥٧) ملیۆن (٣١٦) ئەکا (١٦٠) هەزار دینار بڕگەی (ب)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتا (ج)یش بودجەی وەزارەتی (پ.م) ئەوجا خۆ پێویست ناکات، دەتوانرێ بە بودجەیەکی پاشکۆ تەواو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەویش باشە بە بودجەیەکی پاشکۆ تەواو بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر دەڵێین زیادی دەکەین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئێستا (المادة الاولی) هەمووی ئەخوێنینەوە، دوایی یەک یەک پێدا دەچین با وێنەکە لای هەموو برادەران روون بێت، پاشان مادە مادە دەخوێنرێتەوەو دەنگی لەسەر دەدرێ وەکو هەموو جارێ کردوومانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الثانية: تخمن ايرادات اقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها (٠٠٠ر٠٠٠ر٢٢٥) دينار للفترة المذكورة في المادة الاولى اعلاه.

المادة الثالثة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

المادة الخامسة: يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

المادة السادسة: لوزير المالية والاقتصاد إجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لأغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك إرتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى.

المادة السابعة: يخول وزير المالية والاقتصاد اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للفترة من ٩/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١ بنسبة ١٪ من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:

١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال الفترة من ٩/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١.

٢- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

المادة الثامنة : تتولى وزارة المالية والاقتصاد اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للفترة من ٩/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١ والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

المادة التاسعة : على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز اسبوعا واحدا من تأريخ اصدار هذا القانون.

المادة العاشرة: لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة: ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ويعتبر نافذا إعتبارا من ١٩٩٦/٩/١، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك ئەیاد، ئێستا دێین مادە بەمادە لێیەوە دەدوێین.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من تێبینییەكم هەیە سەبارەت بە خودی یاساكە خۆی. لە سەرەتادا نووسراوە من(٩/١ لغایە ١٢/٣١)كەچی لە مادە(١، ٨.٧)(٤)جار ئەو ماوەیە دووبارە كراوەتەوە، هەر بنووسرێ (للفترة المحددة المذكورة اعلاه) كافییە پێویست ناكات هەموو جارێ دووبارە بكرێتەوە چونكە خودی یاساكە بۆ ئەو ماوەیەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینییەی كاك د. ئیدریس ئەگەر چ تێبینییەكتان نییە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە زۆر دووبارە كراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەتوانن لە داڕشتنی كۆتاییدا چاری بكەن. سوپاس. فەرموو كاك ئەیاد بادەست بەمادە (١) بكەین.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

تێبینییەکی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کاک فەرسەت هەیە، پێشنیارەکەی وایە ئەگەر هاتوو بودجەی وەزارەتی (پ.م) هات دەبێ مادەی(١) هەموار بکەین. بەقەناعەتی من هەموار ناکرێت، چونکە ئەو بودجەیە بودجەیەکی پاشکۆیە بە دارشتنێکی تایبەت ئەتوانرێت چارەسەر بکرێ لەگەڵ ئەو بودجەیەی ئێستا ببەسترێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

جا کە هات ئەو کاتە دراسەی بکەن، جارێ ئێستا نەهاتووە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

المادة الاولى: يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وادارات الاقليم للفترة من ٩/١ لغاية ١٩٩٦/١٢/٣١ مبالغ مجموعها (٣٥٧) مليون و (٤١٦) الف دينار و(١٦٠) الف دولار.

ب - موازنة الدوائر والشركات ذات التمويل الذاتي (٦٤,٥٥٤,٠٠٠) دينار.

ج - تتم المصادقة على ميزانية وزارة شؤون الـ(پيشمه رگه) في ملحق بالميزانية في حالة اكمال تشكيلاتها. واتا بەو صیغەیە دەبێ دوایی ئێمە دایڕێژین ئەگەر واتا ئەوە ناوەڕۆکەکەی دەبێ.

تتم المصادقة على ميزانية وزارة شؤون الـ(پيشمه رگه) في ملحق بالمزانية في حالة اكمال تشكيلاتها.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

(على انجازها) بەڵێ لە تەقدیری پەرلەماندا شتێکی وا هەبوو. صیاغەکە دوایی تەرتیبی بکەن بەو شێوەیەی کە کۆکین لەسەری. ئەو ژمارە کۆتاییە هی هەموویەتی، هی پەرلەمانیش کراوەتە سەر مادە (١). چ تێبینی نییە؟.. کێ لەگەڵ مادەی یەکەمە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

المادة الثانية: تخمن ايرادات اقليم كوردستان العراق بمبالغ مجمعوعها(٢٢٥ر٠٠٠ر٠٠٠) دينار للفتره المذكورة في المادة الاولى اعلاه، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

مادەی دووەم چ تێبینی لەسەر نییە؟ نییە. کێ لەگەڵ مادەی دووەمە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لإقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی سێ یەم چ تێبینییەک نییە؟ کێ لەگەڵ مادەی سێ یەمە وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر مادەی چوارەم چ تێبینیەک نییە؟..کێ لەگەڵ مادەی چوارەمە وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین . کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی پێنجەم چ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ کاک جەمەیل و کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی مادە (٥) لیژنەی ئابووری و دارایی پێشنیاری کردبوو(اعتمادات الباب الواحد محافظات) زۆرە ،ادارات محلیە ،ادارات عامەیە، شرطەی عامەو ئاسایشە و دیوانی وەزارەتە، بەم حاڵەتە ئەتوانێ هی مەسەلەی ئاسایشی گشتی بێت بۆ دیوانی وەزارەت یانیش هی شرطەی عامە ببێ بەهی محافظە ئەمە زۆر زۆر فراوانە. جەنابی وەزیری داراییش دەکەوێتە احراج، پێمان وایە ببێتە (قسم واحد) لەزمنی ئاسایشی گشتی هەمووی دەسەلاتی هەیە لەم فەسڵەوە بێتە ئەو فەسڵە. بۆ نموونە دیوانی وەزارەتی رۆشنبیری مافی هەیە لەچ فەسڵێکەوە بێتە چ فەسڵێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام، نموونە ئەگەر لە دیوانی وەزارەت نەبوو بەلام لە رۆشنبیری بەشێک لەوانە هەندێ پارەی زیاد

هەبوو نەتوانێ بیگوازێتەوە ئەو کاتە چ بکات؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێ پەسەند کرا هەر فەرمانگەیەکی تایبەت بە هەر بەشەک وەک فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە فراوانەکان، دوایی جەنابت باسی رۆشنبیریت کرد ئەویش زۆر فەرمانگەی هەیە، ئەوە (٨) فەسڵی هەیە، زۆر فەرمانگە سەر بەم فەسلانەن واتا هەر فەرمانگە دەبێتە پاشکۆی فەسڵێکی تر، ئەوە گرفتەکە حەل بوو، بەلام پرسیارمان ئەوەیە گەر وا نەبێ لەوانەیە زۆر وەزارات ـ لەگەڵ رێزم بۆیان ـ احراجی جەنابی وەزیری دارایی بکەن گە گەیشتە دیوانی وەزارەت بۆ ئەوەی وەکو ئەوانی تر سەرف بکرێت ئەوە پێشنیارەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەستەلاتەی بڕگە (ب) بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی دارایی بۆی چووە لە کاتێکدا دەبێ بودجە پەسەند بکرێ کە وەزارەتی دارایی ئیمکانیەتی هەبێ کە بودجە پەسەند کرا پارەی هەموو فەرمانگەکان متەوەفر دەبێ، بەتایبەتی ئەوەی لە بودجە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزو ئیحترامم بۆ هەموویان هەیە وئەگەر واش بێت لەبەر زرووفی ناخۆش ماوەکە کەمە، با بۆ ساڵی داهاتوو، ساڵی١٩٩٧چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، وابزانم پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانەوە، هەر مادەکە وەکو خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر کاک محەمەد حەسەن باڵتە چی اشکالێکی نەبێ لەسەر ئەو بابەتە، بودجەکە بۆ(٤)مانگە، مانگێکیشی ماوە ئەگەر ئەو بابەتە بۆ بودجەی(٩٧) خۆمانی بۆ ئامادە کەین، سوپاس. وکاک(محەمەد حەسەن)یش پێشنیارەکەی سەحب کردەوە، بۆیە مادە(٥)وەکو خۆی کە خوێنرایەوە ئەگەر کەس تێبینی نەبێ دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ مادەی پێنجەمە وەکو خۆی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لأغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة آخرى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی شەشەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ مادەی شەشەمە وەکو خوێندرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: يخول وزير المالية والاقتصاد إضافة الاعتمادات الاحتمالية المصدقة للميزانية للفترة من١/٩لغاية٣١/١٢/١٩٩٦ بنسبة ١٪ من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:-

١- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال الفترة من ١/٩ لغاية ٣١/١٢/ ١٩٩٦.

٢- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو( خلال الفترة اعلاه) کەی دیاری نەکردووە. (١) اعلاه. نییە مادە (٧) چ تێبینیەک هەیە لەسەری؟ کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ بنووسرێ (المجلس الوزاري) نەک وزراء.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وزراء)ـە نەک وزاری. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێ زیاد ڕۆیشتووە کاک ئەیاد بە خۆشنووسی نووسیویەتی، سوپاس. مادەی حەوتەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ مادەی حەوتەمە وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للفترة اعلاه والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر وەزیری دارایی لەسەر مادەی هەشتەم چ تێبینی نییە؟ بۆت وەرگێڕین وابزانم لەکوردیەکەشدا هەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی هەشتەم لە پرۆژەی وەزارەتی دارایی وئابووری لەبەر رۆشنایی ئەو پارەو پوولەی لەبودجەدا بۆی تەرخان کراوە ئامادە کردن و سەلماندنی میلاکی گشت وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقی لەناودا دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی هەشتەم وەکو خوێنرایەوە چ تێبینی نییە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە من پێم وایە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند دابێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ لەرێگەی وەزارەتەوە بۆ وەزیری دارایی بێت. وەکو برا یاساناسەکان ئەڵێن دەرئەنجامە، هیوادارم بەخۆی بیکات چونکە دەزانێ بۆ. مادەی هەشتەم چ تێبینی نییە لەسەری؟ کێ لەگەڵ (مادەی هەشتەم)ە وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادەی هەشتەم وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: (على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز اسبوعاً واحداً من تاريخ اصدار هذا القرار) واتە لەمرۆکەوە دەست پێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٩) چ تێبینی نییە؟ کاک سیراون کاکەیی تێبینی هەیە لەسەری.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەلای منەوە بائەو ماوەیە کراوەبێت، واتە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری وەزعی تەواو بێت بۆ ڕێنمایی کردن، چونکە ڕەنگە فریانەکەوێ، لەوانەیە گۆڕانی تێدا بێ بۆ دەرکردنی ڕێنمایی، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەوە وەزیر خۆی لێرە دانیشتووە.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
خۆی لە پرۆژکەدا هاتووە. بەڕێز وەزیری دارایی وای داوا کردووە وەکو دەڵێن (صاحب الدار أدریٰ بما فیها) دوای ئەوەش ئێمە وەکو پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان زۆر جار گازاندەمان لەوە دەبوو کە هەندێ وەزارەت لەبەر ئەوەی ڕێنمایی وەختی خۆی لە وەزارەتی دارایی دەرنەدەچوو کێشەیان بۆ پەیدا دەبوو. ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانە داوا بکەن بەزووترین کات بەڕێز وەزیری دارایی ڕێنمایی خۆی دەربکات بۆ ئەوەی وەزارەتەکان بتوانن پارەو پوولەکانی کە سەرفی دەکەن یاسایی بێت وبەگوێرەی فەسڵ ومادەی خۆی بێت، سوپاس .
**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو بۆچوونانەی ئێمە ئەگەر کاتەکانیشی کەم بووبێ هەر لەسەر ئەو بنەمایە بووە ئەو بۆشاییانەی کەلە کابینەی (١)و(٢) سەباەت بە وەزارەتی دارایی بینراوە پڕ بکرێتەوەو بە هاوکاری هەموو لایەک، پسپۆران هاوکاریمان بکەن ان شاء الله ئەو ماوەی کە دانراوە تێیدا سەربکەوین، لە حاڵەتێ کە سەریش نەکەوتین ئێمە کاری بۆ دەکەین. بە هەر حاڵ لە سەر ئەو ئەساسە ان شاءالله بتوانین ئەرکێکی سەرەکی سەرکەوتووانە جێبەجێ بکەین، سوپاس .
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاک شەوکەت.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
خۆی لێرەدا ئێمە لە لیژنەی یاساییش تێبینی ئەو ماوە کەمەمان کرد، بەڵام هەر وەکو کاک شێخ عەدنان فەرمووی ئەو وەزارەتەی دارایی ئەو پابەندییە دەخاتە سەرشانی خۆیەوە. بەڵام یەک تێبینی هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی لێرەدا پابەندی تیادایەو ئەمریشە بەپێی یاساکە جەوازی ئەوەی تیادا نییە کە تەفسیرێکی بدرێتێ، تەنیا لەحاڵەتی ئەوە ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی کە ماوەی (٧) ڕۆژ کەمە ناتوانێ لە خیلالی ئەو ماوەیەدا ئەوە بکات، پێویست

دەكات گۆڕانێک بخرێتە سەر ئەو ماوەیە. جا بۆیە ئەگەر قبووڵ بکەن من تێبینیەکم هەیە وەکو پێشنیارێک ئەگەر بکرێ بکرێتە (خلال اسبوعین) یان هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی چۆن حەز دەکات وەزیری دارایی، بەڕای من ئەوە بدرێتە خۆی.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاریم نییە، ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاک ئەیاد بەڕای ئێمەش پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هەمووڵایەک تەقدیری ئەو ماوەیە دەکەن، یەکێ لە گرفتەکانی پێش ئێستاش بەگشتی ئەمەیە، کە ئەویش فەرمانگەکان ویەکەکانی ئێمە دەزانن دەسەڵاتیان چەندە؟ سنووری خەرج کردنیان چەندە؟ هیوادارم ئەمە بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت، نوسخەیەکیش بدرێت بە پەرلەمان بۆ ئەوەی لیژنەکانی پەرلەمانی ئاگاداربن لەو بارودۆخە، تا لەبەر رۆشنایی ئەوە بتوانن بەدوای ئیش وکاری خۆیانەوە بچن، سوپاس .مادە (٩) پاش ئەو هەموارکردنە، پێشنیار کرا هەفتەیەک بکرێ بە (٢) هەفتە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، کرا بە دوو هەفتە. مادەی نۆیەم پاش هەموار کردنی کە موافقەت کرا لەسەری کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادەی نۆیەم وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی دەیەم چ تێبینی نییە لەسەری؟ نییە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەتێکڕای دەنگ مادەی دەیەم وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية ويعتبر نافذا اعتبارا من ١٩٩٦/٩/١.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی یازدەیەم چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ مادە (١١)یە وەکو خوێنرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین.

لیژنەی یاسا ، زۆر سوپاس. ئێستا یاساکە وەکو یاسا پاش ئەو هەموارکردنانەی کە لەسەری کراوە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٦/٩/١تا ١٩٩٦/١٢/٣١ پەسەند کراو قبووڵ کرا. سوپاستان دەکەین. (٢) خاڵمان لەبەرنامەکە ماوەتەوە، هەردوو خاڵەکەش دواخران، مەسەلەی باجی گومرگ هەندێ هەموارکردن و شتی لەسەرەو لەسەر داخوازی وەزارەتی دارایی و ئابووری داوایان کرد ماوەیان پێ بدرێ دەیبەنەوە تۆزێک دیراسەی ئەکەن و پاشان کە تەواو بوو بۆمانی دەنێرنەوە، بۆیە نەمان خستە گفتوگۆوە، دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو بوو، سبەی کاتژمێر (١٠)هەر لێرە کۆدەبینەوە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (٦)

## شەممە رێكەوتى ٩/١١/١٩٩٦

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## شه‌ممه رێكه‌وتی ١٩٩٦/١١/٩

**كاتژمێر (١٠)ی سه‌رله‌به‌یانی رۆژی شه‌ممه رێكه‌وتی ١٩٩٦/١١/٩ ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی كوردستان به سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز جوهر نامق سالم سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن و، به ئاماده‌بوونی جێگری سه‌رۆك به‌رێز نه‌ژاد ئه‌حمه‌د عه‌زیز ئاغاو، سكرتێری ئه‌نجوومه‌ن به‌رێز فه‌رسه‌ت ئه‌حمه‌د عه‌بدوڵلا، دانیشتنی ژماره(٦)ی ئاسایی خولی ئاسایی دووه‌می سالی (١٩٩٦)ی خۆی به‌ست. سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تییه‌وه راده‌ی یاسایی دانیشتنه‌كه چه‌سپێنرا. ئه‌وجا به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان و، به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه دانیشتنه‌كه‌ی ده‌ست پێكرد.**

**به‌رنامه‌ی كار:**

**١ـ گفتوگۆ ده‌رباره‌ی ئازار دراوو دوورخراوه‌كانی پارێزگاكانی سلێمانی وكه‌ركووك.**

**٢ـ گفتوگۆ له‌مه‌ر گرفتی كاره‌بای هه‌ولێر.**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجوومه‌ن:**

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان دانیشتنه‌كه‌مان به‌ناوی گه‌لی كوردستانه‌وه ده‌ست پێ ده‌كا، به‌رنامه‌ی كاری ئه‌مرۆمان «٢» خاڵه، خاڵی یه‌كه‌م باس كردنی كێشه‌ی ئازار دراوو دوورخراوه‌كانی پارێزگاكانی سلێمانی و كه‌ركووكه، كه به‌هۆی سیاسییه‌وه تووشی هاتوون. قه‌ول بوو جه‌نابی وه‌زیری كاروباری ناوخۆ لێره بێت. به‌ش به‌حاڵی خۆم هه‌ندێكی لێ ئاگادارم ئه‌توانم چه‌ند خاڵێكی سه‌ره‌كی باس بكه‌م، پاشان ئه‌ندامانی په‌رله‌مان به‌پێی به‌رنامه قسه‌ی له‌سه‌ر ئه‌كه‌ن. خاڵی «٢» كه‌كێشه‌ی كاره‌بای هه‌ولێره، ئه‌م خاڵه پێش ئه‌و وه‌زعه‌ی ئێستاكه له به‌رنامه‌دا هه‌بوو، له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه جه‌نابی وه‌زیری پیشه‌سازیمان بانگهێشت كردووه، كه ئه‌و بابه‌ته‌مان بۆ باس ئه‌كات، بۆیه ئه‌گه‌ر ئیجازه‌مان بده‌نێ خاڵی «٢» ده‌كه‌ین به خاڵی «١» بۆ ئه‌وه‌ی جه‌نابی وه‌زیر كه لێره ئاماده‌یه باسی بكات، پاشان گفتوگۆی له‌سه‌ر ئه‌كه‌ین، ئه‌وه‌ی تریش خاڵی «١» ده‌كه‌ین به‌خاڵی «٢». ئه‌گه‌ر شتێكی تازه بابه‌ت نه‌بێ ده‌ست ده‌كه‌ین به‌خاڵی «١» كێشه‌ی كاره‌بای هه‌ولێر چۆن بوو؟ چی لێهات؟ بۆ كوێ ئه‌چێت؟ ئه‌وه له‌راستیدا پرسیارێكی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان و خه‌ڵكێكی زۆره كه به‌نیگه‌رانییه‌وه ته‌ماشای ئه‌و گرفته ده‌كه‌ن. راسته ئه‌وه یه‌ك دوو رۆژه باره‌كه باش بووه، به‌ڵام دیاره ئه‌و خه‌ڵكه هێشتاكه لایان گرنگه بزانن چۆن بوو، چ بڕیار دراوه‌و چی لێ دێت؟ پێشه‌كی قسه ئه‌ده‌ین به‌جه‌نابی وه‌زیری پیشه‌سازی و وزه

باتەشریف بێنێتە ئێرەوە، نەوەک دوایی برادەران پرسیارو تێبینییشیان هەبێت، دوای ئەوەی کە باسی گرفتەکە دەکات دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، ئەو برادەرەی تێبینییەکی هەبێت ناونووس دەکرێت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک ئاگادارن کێشەی کارەبا کێشەیەکی ئاسان نەبووە. هەر لەسەرەتای رۆژی ٨/٣١ ـەوە تاکو ئێستا چەند جار بۆ ماوەیەک کارەبا بەتەواوی لەشاری هەولێر بڕاوە پاشان بۆ ماوەیەکی کەم هاتۆتەوە، جارێکی دیکە دیسان پچڕاوەتەوە، ئەمەش لەرووی هونەرییەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کردووین، بەتایبەتی سەبارەت بە تۆڕی ئاو(شبکة المیاه)ی هەولێر و کردنەوەی ئەو تۆڕەو خستنەوە سەر بیرەکانی ئاوو بەستنەوەی جارێکی دیکەو کردنەوەی، ئاسان نەبووە. من هەر لە ٨/٣١ـەوە دەست پێ دەکەم کێشەکە چۆن دەستی پێکرد. لە ٨/٣١ ـەوە کە ئاگادارن کارەبا لەشاری هەولێر پچڕا، ئەوە بوو کە پەیوەندیمان کردووتیان گرفتی هونەرییە. ئێمە تەکنیکارەکانی خۆمان نارده ئەو شوێنانەی کە بەدەست هێزەکانی پارتی وەبوون، بەلاّم هیچ شتێکی وامان نەدۆزییەوە تاکو هێزەکانی ئێمە گەیشتنە دوکان، ئەوەبوو دەرکەوت ئەو کارەبایەی کە دەگاتە کۆیە لە دەربەندیخانەوە دێ لەبەر ئەوەی کارتەکانی دوکانیان دەرهێنابوون و بردبوویانن، وێستگەی دوکانی لەکارخست بوو، کە «٥» یەکەیە هەر یەکەیەک «٨٠» میگاوات بەرهەم دێنێ کە دەکاتە «٤٠٠» میگاوات، بەڕاستی ئەو کارتانەی کە دەرهێنرابوون خۆمان چووین سەردانی وێستگەکەمان کرد دوو جۆرە کارت بوون، یەکێک لەکارتەکان کە پێی دەڵێن کارتی هەست «حس» ئەوەکەی تر کە کارتی خێراییە کەبێ ئەو کارتانە ئیش ناکەن، کارتەکان بەشێوەی بیهۆکن کە یەکی «٢٠» کیلۆغرام قورسە. «٩٥» کارت نزیکەی لە پەنەلەکان دەرهاتبوون. لەهەر «٥» یەکەکە کۆمەڵەیەک لەو کارتانە لە کۆگا دا هەبوون کە هەموویان بردبوو ، ئەو کارتانەی کە لەوەرشەشدا هەبوون، بۆ چاککردنەوەیان، ئەوانیشیان بردبوو. کۆی ئەو کارتانەی کە بردبوویان نزیکەی «٣٥١» کارت بوو، واتا هیچیان نەهێشت بووەوە. تەنانەت یەدەگ و ئەوانەی کە بۆ چاککردنەوەش هەبوون. ئەوانیشیان بردبوو، ئەوەبوو هەوڵ و کۆششێکی زۆرمان دا کە ئەو کارتانە بەدەست بێنینەوە بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان (UN)، بەلاّم نەمانتوانی، چونکە کارتەکان دیارنەبوون، ئاشکرا نەبوو کە لەکوێ بوون، پاشان کە هێزەکانی ئەوان گەڕانەوە کارتەکانیان هێنایەوە. جارێکی دیکەش وێستگەکەیان بەئیش خستەوە، بەلاّم بۆ جاری دووەم هەر لە ١٨/١٠/١٩٩٦دیسان کارەبایان لە هەولێر بڕییەوە تاکو ٢٨/١٠ بۆ ماوەی (١٠) رۆژان هەولێر بێ کارەبا مایەوە، ئەوجا ئەوەبوو بەرنامەیەکی وایان دانا کە لە ٢٨/١٠ـەوە تاکو رۆژی ١٩٩٦/١١/٦ لەسەعات ١٢ی

شەوەوە کارەبایان دەدا بەهەولێر تاکو ٦ی بەیانی و، ئەوەش هیچ جۆرە سوودێکی لێوەرنەدەگیرا، وەک خۆتان ئاگادارن لەو کاتەدا کارەبا بەرادەیەکی زۆر کەم بوو کە لە ٢٠ ٪ پێویستیەکانی هەولێری دابین نەدەکرد. یەک مانگ هەر کاتێ کە کارەبا لە هەولێرێ پچڕاوە، هەڵساوین بەدانانی «٢٧» فیدەر، ئەوانە «٩٠» بیری ئیرتیوازی زیاتر ئاو دەدات. ئەو بیرانەمان هەموو بە ماتۆڕی بەرهەمهێنانی کارەباوە بەستۆتەوە وبەهۆی ماتۆڕەوە ئیشمان پێ کردوون بۆ ئەوەی چارەسەری ئاوی هەولێر بکەین. جگە لەوەی کە وێستگەی ئیفراز لە(٤٠ ٪) تا(٥٠ ٪)ی ئاوی شاری هەولێر دابین دەکات ئەوەش بەخەتێکی تایبەتی توانیمان لەو بەرەوە لەلای ئاکرێ وە بۆی رابکێشین بۆ ئەوەی چ نەبێ ترومپایەک یان «٢» ترومپا لەو وێستگەیە بخەینە ئیش و ئاوی هەولێری پێ دابین بکەین. ئەو کارانە هەمووی کراون. بێگومان ئێمە «١٠» تیم زیاترمان هەیە لەناو شاری هەولێر خەریکی تۆڕەکەی ئاو بوون شەوو رۆژ ئیشیان کردووە. بێگۆمان تۆڕەکەش هەموو جارێ تەحویل کراوەو کراوەتەوەو بەستراوەتەوە، لەوانەیە خەڵک ئاگاداری ئەو هەموو هیلاکییە نەبووبن، چونکە بەتایبەتی مەسەلەی ئاو مەسەلەیەکی ئاسان نییە، بەڕاستی ئێمە بەبەردەوامی پەیوەندیمان لەگەڵ (د.رۆڤین)کردووە ئەوانیش پەیوەندییان لەگەڵ نووسینگەی خۆیان لە سلێمانی کردووە بەهۆی ئەوانەوە توانیومانە هەندێ کاریان تێ بکەین، بۆ ئەوەی کارەباکەمان بۆ بگەڕێننەوە. ئەوەبوو لەم دواییەدا پاش هەندێک پەیوەندیی لەگەڵ (UN) دا نوسینگەی ئەوان ئاگاداریان کردینەوە کە ئەوان ئامادەن کارەبامان پێ بدەن، بەمەرجێ ئێمە پابەند بین بەم بڕە پارەیەی کە لەسەرمانە مانگانە بیدەین. ئێمەش یەکسەر رازی بووین ، بەڵام بەمەرجێ ئەوانیش پابەندی بەبەشە کارەبای هەولێرەوە بکەن. هەولێر لە (٥٤ ٪)ی ئەو بەشەی بەردەکەوێت کە بەرهەم دەهێندرێت چ لەدوکانەوەو چ لە دەربەندیخانەوە ، ئەو ناوچانەی کەرکووک لە(٩ ٪)ی بەر دەکەوێت، شاری سلێمانی(٣٧ ٪)ی بەر دەکەوێت، جا ئەگەر بەرهەم هێنانەکە لەدوکان بێت یان لە دەربەندیخان جیاوازی نییە کۆی گشتی بەو جۆرە حساب دەکرێت. ئێستاکەش ئەوە دووسێ رۆژە کارەباکەمان بەبەردەوامی پێ دراوە، بەڵام پاش یەک دوو رۆژی دیکە کارەباکە کەم دەبێتەوە، داشکانی دێتە سەر، لەبەر ئەوەی ئێمە دەستنیشانی «٢» تەکنیککاری خۆمان کردووە، «٢» لە ئەندازیارەکان بچن کۆبوونەوە بکەن لە دوکان لەگەڵ تیمەکەی ئەوان دانیشن بۆ ئەوەی بەرنامەیەک بۆ ئاوەکە دابنێن، رێژەی ئاوەکە چەن سەرف دەکرێ و چەن پاشەکەوت دەبێ، بەپێی ئەو رێژەیەو، بەپێی ئەوەی کە بۆ ئێمە دانراوە دەستنیشانی رێژەی کارەباکە بکرێت. پەیوەندیی تەلەفۆنیش هەیە لەبەینی ئێمەو ئوێستگەکانی دوکان و دەربەندیخاندا، ئەوەش دوو رۆژە چاکمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەم وکوڕیەک وبچڕانێک هەبێ ئاگاداربین، ئێستا لەو دوو رۆژەدا ئێمە ناتوانین ئەو خەتانە لە «٨٠» میگاوات زیاتر باربکەین لەبەر ئەوەی خەتەکان ئەنجامی ئەو شەڕو پێکدادانەی لەبەینی دوکان و هەولێردا هەبووە زۆر گوللەی پێکەوتووەو لاواز بووە ئەگەر زیاتری باربکەین لەوانەیە

هێڵەکە بپچڕێ. لەرووی هونەرییەوە ئەو برە کارەبایەی کە تائێستا هاتۆتەوە هەولێر رێژەی نزیکەی «١٤٠» میگاوات بووە، بەو دوایە کە داویانە وە ئەو (١٤٠) میگاواتە تا رادەیەک دەتوانێ پێداویستییەکانی هەولێر و دەوروبەری دابین بکات. بەڵام هەولێر ئێستاکە ئەگەر بەتەواوی کارەبای پێ بدەی «٢٠٠تا ٢١٠» میگاواتی پێویستە و، ئێمەش چاوەڕوانی ئەو یەک دوو رۆژە دەکەین، تا بزانین بۆ ئەوەی دەستنیشانی خشتە بکەین لەگەڵ داشکانەکەو، ئاگاداری هاوولاتیان دەکرێتەوە. ئەوەش بەکورتی پووختەیەک بوو لەسەر کێشەی کارەبای ئەو ماوەیە، جا ئەگەر پرسیارێک یا روونکردنەوەیەک هەبێ ئامادەم روونی بکەمەوە بۆ جەنابتان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە. ئەوە کورتەیەک بوو لەوکێشەیەی کە بەکورتی خستیە پێشتان. ئێستاکەش دەرگای گفتوگۆ و پرسیار دەکرێتەوە. هەر ئەندامێکی پەرلەمان چ تێبینی و روونکردنەوەیەکی هەیە بفەرمووێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزناکەم لەسەر خزمەتگوزاری کارەبا زۆر پێدا بچم و چەند پەیوەندی بەژیانەوە هەیە، چونکە کارەبا لە دهۆک کاتی خۆی بڕا زۆر بەسەر ئەوەدا چووین. بڕینی کارەبا وا دیار دەکەوێ پەیوەندییێکی راستەوخۆی بەباری سیاسیەوە هەیە. باشە ئێمە چ هەنگاومان هاویشتووە یان وەزارەت دەی هاوێت بۆ شتێکی داهاتوو تاکو خۆمان دڵنیا بکەین؟ بۆ نموونە ئایا هەوڵ دراوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کارەبا ببەسترێتەوە بۆ نموونە هێڵی موسڵ بێ یان هێڵی کەرکووک بێ؟ ئەگەر هەشبێ چەند ستوون کەوتووەو نا تەواوی چییەو، چی دەوێت و چ پەیوەندیەک لەگەڵ لایەنەکانی حکومەتی کراوە بۆ ئەم بابەتە؟ ئەوەی تر من هزر دەکەم هەر دیسان مەسەلەکە سیاسییە، کە کاتی خۆی کارەبا لە دهۆک بڕا لە ئەنجوومەنی لۆردەکانی بەریتانیا باسی کارەبای دهۆکی کرا، «لۆرد ئێڤری» بەتایبەتی پرسیارێکی، کە پێی دەڵێن (ئەنسەر کوێسشن) رووبەرووی وەزیری «ماوراء البحار»ی بەریتانی کردبوو داوای کرد کەوا بەزووترین کات حکومەتی بەریتانی گوشار لە حکومەتی عێراق بکات کارەبا بۆ دهۆک بگەڕێنێتەوە. وا بزانم بۆ ئێمەش وا باشە کەوا هەر دیسان بۆ ئەو لایەنانە ئەم زانیاریانەیان بدەینێ کەوا کارەبا لەو ناوچانە بڕاوەو زەرەرێکی زۆری لە خەڵک داوە تاکو ئەوانەش زانیاریان هەبێ، بەتایبەتی مەبەستم «لۆرد ئێڤری»یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشان شاری هەولێر بە «٣» هێڵ کارەبای بۆ دەهات، ئەو هێڵەی کە لە دوکانەوە دەهات، هێڵێکی تر لە کەرکووکەوە لەڕێگای وێستگەی «دووبزەوە» دەهات، هێڵێکی تر لە موسڵەوە دەهات. بەڵام پاش راپەڕین وەکو ئاگادارن ئەو هێڵانەی نێوان هەولێر و کەرکووک، هەولێرو موسڵ بچڕاون، هیچیان نەماون، تاوەرو تەبڵ وشتەکان هەموویان دزران. ئەو ماوەیەی کە تێدا دزراون نزیکەی (٤٠ـ ٤٥) کیلۆمەتر دەبێ، پێویستی بەکەرەستەیەکی زۆر هەیە کەلای ئێمە دەست ناکەوێت زۆری تێدەچێت ئەگەر بشکرێ وحکومەتی ناوەندیش رازی بێ، بەلانی کەمەوە (٣) مانگی دەوێت بۆ جێبەجێ کردنی لە هێڵی (١٣٢) واتا بەو ئاسانییە نییە، ئێمە هەوڵمان داوە پەیوەندیی لەگەڵ تەکنیکارەکانی موسڵ و کەرکووک بکەین، بەڵام دیارە لەوێش هەر پێویستی بەبڕیارێکی سیاسی هەیە بۆ بەستنی وەک ئاگادار کراوین، بەڵام هەوڵ دراوە لەبارەی ئەوەی کە دەرەوە ئاگادار بکرێ ئێمە لێرە رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکانمان ئاگادار کردووە، هەر دەم لەگەڵماندا بووە تەنانەت لەو کۆبوونەوەی ئێمەدا لە ئەنقەرە لەگەڵ نوێنەری یەکێتی کە ئەوان گوتویانە گرفتی کارەبا هونەرییە، نوێنەری ئەوان وتویەتی: نەخێر گرفتەکە سیاسییە، چونکە من ئاگاداری وەزعی کارەبام، واتا دەربارەی ئەو شتە زۆر بەراشکاوی دەستی خستۆتە سەرو ئێمە وەکو گوتم سەبارەت بەوانەوە خەریک بووین کە لە ئاکرێ وە هێڵێکمان هێناوە بۆ مەسەلەی ئاو، واتا هەولی ئەوە دراوە کارەبا لەوێوە بێ، بەڵام هێڵی ١٣٢بەو ئاسانییە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئیبراهیم تەقریبەن بەشێکی زۆری پرسیارەکانی منی کرد، بەڵام من پرسیار دەکەم کە هەتا کەی ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر کارەباوە هەبێ؟ هەتا کەی ئێمە چارەیەک نەکەین؟ بە بۆچوونی من ئەگەر بکرێ، هەوڵ بدەین بەماتۆڕێکی گەرم کردنیش بێ چارەی بکەین، ئەو سەرچاوەی کارەبایە وادیارە زۆر چەسپاو نییە، هەموو دەم هەڕەشەی پچڕانی لێ دەکرێ، چ لەلایەن یەکێتی وچ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ وتەقەلالای وەزارەتی پیشەسازی جێگای رێز و پێزانینە، حەزدەکەم تەقەلالای تریش بکەن بەڵکو بکرێ ماتۆڕی بەرهەم هێنانی گەرمی وکارەبایی پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی هەر نا کەمێک لەو گوشارەی سەر خەڵک کەم بکەینەوە، ئەگەر نەشتوانین گوشارەکە بە یەکجاری لابەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان دەزانن شارێکی گەورەی وەک هەولێر کە «٢٠٠» میگاواتی دەوێ تەقریبەن بەهیچ جۆرە مۆتۆرێکی بەرهەم هێنەری کارەبا تێر ناکرێ، بەڵام بۆ پرۆژەکانی ئاو لەشاری هەولێر ئێمە

پێشنیاری ئەوەمان کردووە، داواشمان کردووە لە(UN)، تەنانەت لەحکومەتی ناوەندیش کە مۆتۆری بەرهەم هێنانی کارەبای هەیە بەغاز نەک ئەو مۆتۆرانەی رادەی (٨ تا ١٠) میگاوات دەبێ، واتا ئەگەر (٢) مۆتۆری بەرهەم هێنانی کارەبا لەوانە دابین بکرێت دەتوانین کێشەی ئاوی هەولێر چارەسەر بکەین، بەڵام وەکو ئەوەی کارەبا بۆ هەولێر چارەسەر بکرێت بەو مۆتۆرانە ئەمە لەدەسەڵاتدا نییە ئەو وزە گەورەیە بەرهەم بێ، جا لەبەر ئەوە بەمۆتۆررەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا ناکرێت تەنیا ئەگەر بەپرۆژەیەکی وا بتوانن هێڵێکی لە موسڵ یان لەکەرکووکەوە بێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر تەبام لەگەڵ وەزیری، بەڵام وەکو یەدەگەک، راستە کارامە نییە، راستە زەحمەتە، بەس سەرچاوەی سووتەمەنیمان هەیە، واتا بۆی هەیە بتوانن تۆزێ گوشار کەم بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. قاسم. جەنابی وەزیر چ تۆژینەوە نییە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کاتی خۆی وەکو روونم کردەوە بەرێگای مۆتۆری بەرهەم هێنەری کارەباوە بوو کە ناکرێ، بەڵام ئەگەر وێستگەیەکی هەڵم دروست بکرێت لەشوێنێک. دروست کردنی وێستگەی هەڵم بەو شێوەیەی کە لە دوبس هەیە، دەکرێ، ئەگەر دارایی پێویست هەبێ و کۆمپانیایەک بیخاتە ئەستۆی خۆیەوە ئەویش لای کەمی ماوەی ساڵێکی دەوێ بۆ دروست کردنی، واتا وائاسان نییە، ئەم گرفتەی ئێمە هەمانە گرفتێکی کاتیی نییە، واتا ئێمە کە دەبزوین دەبێ دەستبەجێ ئەوەندە میگاواتەت هەبێ بۆ پرۆژەی ئاو، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێ شتێکی وا دروستکەی کە کارەبا بدەی بەهەموو شاری هەولێر ئەوە بەپێی پلانێک دەبێ یەک دوو ساڵی دەوێ، و ئاسان نییە، بەڵام هەوڵدان پێویستە بکرێ منیش کۆکم لەگەڵ ئەوەدا، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدڵنیاییەوە ئیشی جەنابی وەزیر ئاسان نابێ بەگوێرەی ئەو وەزعەی ئێستا. سەبارەت بە کارەباوە هەندێ رام هەیە ئەویش ئەوەیە، ئایا ئەو کارەبایەی ئەمان دەنێ برەکەی دیاری کراوە، یان بەپێی یەکەیە کە سەرف ئەکرێت؟ ئەگەر بەپێی یەکە بێ کە سەرف ئەکرێت وەزارەتی پیشەسازی زەرەرێکی زۆر دەکات، کە کەمی ئەو کارەبایەی کە سەرف دەکرێت بکەوێتە ناو کارەبا ژمێرەکانەوە کۆ دەکرێتەوەو دەبێتە پارە بۆیان. ئەوە لایەکیان، لایەکی کە سەبارەت بە ئاوەوە ئەو کارەی کە خۆیان کردوویانە بەهۆی مۆتۆری بەرهەم هێنانی کارەبای بچووکەوە بیرەکان ئیش پێ

بکەن، وابزانم ئەوە تەنها چارە بێ یان ئەگەر بتوانن وەکو چۆن هەندێ گەرەک کارەباکانیان ئەدەنێ بەبەردەوامی ئەوە ئەوانیش وا لێ بکەن، ئەگەر هەر کەمیش بێ بیدەن بەو شوێنانە ئەگەر بتوانرێ بکرێ. ئەگەر چی ئەوە کارێکی ئاسان نییە. سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو کارەبایەی لەدوکانەوە دەگاتە هەولێر بە(٢) هێڵ دێ، بە وێستگەی ئازادی وباکوور، هێڵێکیان کۆیەو حاجیاوای لەسەرە ئەو بڕەی کە دێت و چەن بۆ ئەوێ دەچێ ئێمە لێی دەردەکەین، ئێمە بەپێی یەکەکان حساب ناکەین، چونکە وەکو کاک حەمید فەرمووی راستە ئەوە زەرەر دەکەین لەو حسابە، ئێمە بەڕێژە حسابیان بۆ دەکەین: وێستگەی دوکان لەگەڵ دەربەندیخان چەن بەرهەم دەهێنێ لە(٥٤ ٪)ی بەرهەم هێنانەکە بۆ هەولێرە، لە(٣٧) ٪ی بۆ سلێمانییە، (٩ ٪)ی بۆ کەرکووکە. ئەوە کاتێ ئەو ڕێژەیە حساب کراوە کە لەمانگی (٨،٧،٦)، کارەبا بەبەردەوامی لەو شوێنانە هەبووە، ئامارێک کرا کە هەولێر چەندی پێویستە، چەند لەکارەبا دەگات کە بە(٢٤) سەعات کارەبا هەبێ. ئەوکاتە کە هەبوو سلێمانی چەندی پێویستە، کەرکووک چەندی پێویستە؟ ئەو ڕێژەیە دەرهێنراوە جا ئەگەر بێ لەو یەکانەی کە ئیش دەکەن ئێستا(٢) یەکە لەدوکان ئیش دەکات،یەکەیەکیش لەدەربەندیخان، کۆی ئەوە چەند بەرهەم دێنێ دەبێ ئەم ڕێژەیە بدرێ بەئێمە نەک بەپێی وەحدات حسابی بۆ بکرێت، ئێمە حسابی ئەوە دەکەین لەوێستگەکەوە چەن میگاوات دێ، لەڕێگا چەند لقی لێ دەبێتەوە، چەند بۆ کۆیە دەچێ وچەند بۆ حاجیاوا دەچێ، چەند دەگاتە وێستگەکانی ناو هەولێر؟ جیاوازیەکە دەر ئەهێنین جا ڕێژەی لەدەست چووەکەش تەنانەت حسێب دەکرێت، بەڵام ئێمە بەو ڕێژەیەی کە دانراوە بۆ هەولێر دەبێ پابەندیی بەوە بکرێت، هەر لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەیەکی هاوبەشمان دروست کردووە بۆ ئەو مەبەستە، ئەندازیارەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوان دانیشتن و پابەندین بەو صیغەیە بۆ ئەوەی ئێمەش پابەندیی دارایی خۆمان بەرامبەر ئەوان بنوێنین و پارەکەیان بۆ بنێرین. بێگومان ئەوە حساباتی پێ کراوە. ئەوەش ئاشکرایە ڕێژەکە دەرهەق بە ئاو ئەوەراستە ئێمە بۆ بەرنامەی وەزارەت کە خستوومانە روو ان شاء الله دێتە بەردەم پەرلەمان بۆ راوەرگرتنی. یەکێ لەبڕگەکان ئەوەیە بۆ ساڵی ١٩٩٧ کە تۆڕێکی تایبەت بۆ پرۆژەکانی ئاو لە هەولێر دروست بکەین، واتا تۆڕی بیرەکان و پرۆژەی ئاو هەموو جیا بکەینەوە لەماڵەکان و لە کارگەکان و ئەو شوێنانە، ئەوکاتە ئەو تەگەرەیەمان نامێنێ واتا ئێمە ئەگەر تۆڕێکی تایبەتیمان هەبێ، ئەوکاتە مۆتۆری بەرهەم هێنانی کارەبا هەبێ ئەتوانی سوود لە هەموو تۆڕەکان وەرگری. ئێستا ئێمە ئەم ماوەیە مۆتۆڕێکی کارگەی جگەرەمان هەبوو وزەکەی (٢) میگاواتە ئەبەوە نزیکەی (٣٠ـ ٣٧) بیرمان پێ بەئیش خست، باقیەکەی بەو مۆتۆڕانەی کە لەسەر بیرەکانمان دانا بوون جودا بوون، لەگەرەکەکان ئەوەی کە لەتۆڕ دوورەو پچڕاوە هەر(٤ـ ٥)سەعات لەسەر بیرێکمان دادەنا، بەو جۆرە نزیکەی(٩٠ )بیرمان

بەمۆتۆری بەرهەم هێنانی کارەبا ئیش پێ دەکرد، باقیەکەشی لەسەر پرۆژەی ئاوی ئیفراز بوو، پرۆژەی ئاوی ئیفراز کە ئاوی هەولێری لە(٤٠٪ تا ٥٠٪ )بە مەزەندە دابین کردبوو، سوپاس.

**بەڕێزسەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی وەزیری وزە باسی کەمکردنەوەی کرد کە لەماوەیەکی کەم دەست پێ دەکات. بێگومان سەبارەت بەوە کەوا خشتەی ساڵانە هەیە کە ڕێژەی ئاسایی ئاوو ڕێژەی کەم کردنەوە ئەبێتە چەند، لە هەموو یەکەکاندا لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئیش بکات و هی دوکان و هی دەرەوەی دوکان بزانین بە مەزەندە چەند کەم دەکات؟ (١٤٠) میگاوات بێتە ئێرە چەند کەم دەکرێتەوە لەو حاڵەتەی کە ئێستا هەیەو، ئەوە بە سەعات چەند دێتە شاری هەولێرەوە، چەند سەعات مابێ کە(٢٤)سەعات کارەبا نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوە پێویستی بە تاوتوێ هەیە کە ڕادەی ئاو ئێستا چەندە دەبێ بزانین، هەر بۆ ئەوەش ئێمە دەستنیشانی (٢) کەسمان کردووە کە بچنە ئەوێ ڕێژەکەمان بۆ بێنن، ئاشکراشە پار ئاو کەم بوو بەشێوەیەکی گشتی مانگی (٨،٧،٦)شەوان کارەبایان بە بەردەوامی دا، ئاوێکی زۆریان سەرف کردووە، ڕادەی ئاوەکە زۆر دابەزیوە. ئێستا چاوەڕوانی باران دەکرێ و حەوزەکە ئەو برە ئاوەی کە لەوانەیە بێتە سەری لەگەڵ ئەوەی کە لێی دەڕوا دەبێ هاوکێشەیەکی بۆ بدۆزینەوە، جا لەبەر ئەوە لەوانەیە(٥٠٪ ، ٤٠٪) دادەبەزێ وەکو مەزەندە دەکرێ، بەڵام تا ڕادەی ئاستی ئاوەکەمان بۆ نەنێرن ئێمە ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین کە چەند دادەبەزێ. ئێمە خەڵکی پسپۆڕ دەنێرین قسەیان لەگەڵ دا دەکەین، ڕێنماییان دەکەین کە بچن لەوێندەرێ بەپێی ئەو خشتەی ساڵانی پێشوو کە ئێستا بەرزیی ئاوەکە چەندە، ئەوان بەنۆرە ئیشی پێ دەکەن. خۆ هەر لەدوکان نییە ئەگەر یەکەیەک لە دەربەندیخان بێ (٢)لە دوکان بێ ئەوە هەر (٥)یەکەی دوکان موستەحیلە بەجارێ ئیشی پێ بکەن، چونکە لەوانەیە بەشی (٢) هەفتە زیاتر ئاو نەکات وئاوی تێ دا نامێنێ و ڕادەیەکی دیاریکراویشی هەیە ئەگەر لەوە نزمتر بوو ئاوەکە، باش نییە بۆ تەولید، لەبەر ئەوە بوشی لەرینەوەکان و شت دەبێ زەرەرێکی زۆر لە تۆربینەکان دەدات. جا لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ ئیشێکی وابکەین کارەباکەمان بەردەوام بێ ئەگەر ١٠٠٪ یش نەبێ بەس بەبەردەوامی هەمان بێ تا ئەو ڕۆژەی کەباران دەبارێ و حەوزەکە ڕادەی ئاوی لێ بەرز دەبێتەوە و زیاد دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو برادەرانە کە باسی کێشەی کارەبایان کردو بەڕێز کاک د. ئیدریس روون

کردنەوەیەکی باشی لەسەر ئەوە کرد. رای من جیاوازە، لە بنەڕەتدا کارەبا هەیەو ئەبێ بزانین تاوانی برینی ئەو کارەبایە لەسەر چ بنچینەیەک بنیاد نراوە؟ ، کارەبا کارەبای هیچ حزبێ نییە، هی هیچ کۆمەڵێ نییە، ئەوانەی کارەبایان دزیوە کێن؟ تاوانبار بکرێن. بەڕاستی ئەوان مافێکی میللەتیان خواردووەو تاوانێکیان دەرحەق بەگەل کردووە، ئەگینا ئەوە چەند دادەبەزێ و چەند زیاد دەکات، کەی باران ئەبارێ ئەوە پەیوەندیی نییە. دوای ئەوە بەڕاستی هەرچەندە ئەوە روونکردنەوەیەک بوو، بەڵام زامن چییە بۆ ئەوەی کابرایەکی جاهل هەموو رۆژێ نەیە کارتەکە بخاتە گیرفانی و بیبا وبی دزێ؟ ئایا بەهۆی رێکخراوەکانەوە، بەهۆی خەڵکی خێرخوازەوە ئەتوانرێ گوشارێکی وای لێ بکرێت کە ئەم کابرایە نەفامە هەموو رۆژێ کارتەکە نەی نێ و نەیبیا و تاوانێکی گەورە دەرحەق بەمیللەت نەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کاتی خۆی ئێمە لەڕاگەیاندنیشدا بڵاومان کردەوە، بێگومان تاوانە دەرهەق بەو میللەتە کراوە ئەوە شکی تێدا نییە، چونکە کارەبا برین لەدوو شاری گەورەی پێشتر لەهەولێر و سلێمانی ئێستاش لە هەولێر، ئەوە تاوانێکە نکۆڵی لێ ناکرێ و هەمووکەس دەیزانێ. ئەمە (٣) کەس ئەم شتەیان ئەنجام داوە، بەفەرمانی سەرکردایەتی سیاسی یەکێتی، سەلام سەعید قەزاز کە بەڕێوەبەری کارەبای دەربەندیخان و دوکان بووە، بە ئەمری ئەویش دیارە ئەمری پێکراوە لەسەرەوە ئەندازیارێکی تر کەناوی صبحی هادیە، یەکێکی دیکە کەناوی محەمەد سلێمانە، تەبعەن چەند کەسێکی کەش بەپێی زانیاری ئێمە بەشداری ئەو تاوانەیان کردووە، بەڵام ئەو سێ کەسە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە. ئێمە وەکو وەزارەتی پیشەسازی نیازی ئەوەمان هەیە کە داوایەکیان لەسەر تۆمار بکەین و بیدەینە نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئەمانە تاوانیان لەدژی میللەتی خۆیان ئەنجام داوە، بێگومان شێوەی داواکە چۆن ئەبێ، ئێمە لە برا یاساناسەکان ئەپرسین دوایی ئەو شتانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کاک د. ئیدریس باسی چەند خاڵێکی کرد بۆ برینی تاوەرەکان، باشە لەموسڵ بە تەنها کارەبا دێت بۆ هەولێر؟ یان لەکەرکوک بەتەنها دێت؟ یان ئەبێ هەردووکی پێکەوەبێ، ئەگەر بەتەنها ببێ ئەوەی موسڵ چەندە بەجیا ، ئی کەرکووک چەندە؟ واتا بە هەردووکی وەکو جەنابت دەڵیی (٤٥)ـە کە جیا بەجیا چەند دەبێت؟ ئەوە رەنگە کە گوتت بەهەردووکی(٣) مانگی دەوێ ئەی بۆ یەکێ چەندی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانرێ تەنها لەکەرکووک وەربگیرێت یاخود تەنها لە موسڵ، چونکە تۆڕی عێراق تۆڕێکی داخراوە ئەوە هەرکەس بەڕێگای خۆیەوە دێت پەیوەندیی بەیەکەوە نییە، دەتوانین چ هێڵێکی لە موسڵ بێنین، چ لە هێڵی(٣٣)ش هەیە لەبەینی ئێرە هەتا ئاسکی کەلەک، هەتا پردەکە تەنها لەوێوە پێویست دەکات، لەموسڵیشەوە ماوەیەک هەیە (٣٦)ەکەی بۆ تەواوکەین ئەو(٣٣)یە تەنها سوودی لێ دەکرێت تا رادەی (١٥)میگاوات بۆ پرۆژەی ئاو. ئێمە کاتی خۆی بیرمان لەوەش کردەوە کە ئەگەر هەر نەبێ ئەو(٣٣)یە چونکە ئاسانە ئەوە ومەسرەفەکەشی کەمە رابکێشین. دەتوانین ئەوە بۆ ئایندە پرۆژەی ئاوی پێ دابین کەین، واتا ئەگەر حاڵەتێ بوو کارەبا بەتەواوی پچڕا پرۆژەکانی ئاو لەگەڵ رووناک کردنەوەی ناو شار دەتوانین ئەو دوو شتە دابین کەین، بەڵام کارەبا دانی ماڵەکان هەرگیز ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێک بۆ ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە ئایا توانای راکێشانی هێڵێکی چەسپاو وبەردەوام بۆ پرۆژەی ئیفراز لەناوچەی بەردەرەش یان دهۆک وەک بەدیلێک هەیە؟ کاتێ ئەوەی تر بچڕا ئەوە ئامادەبێ بۆ بەکار هێنان!، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسم کرد، کە هێڵێکمان لە ئاکرێوە هێناوە ئەوەی ئاکرێ پەیوەندیی بەدهۆکەوە نییە، ئاویش بە هێڵێکی تایبەتی لەبۆ ئاکرێ دێت، ئەوەی دهۆک لەموسڵەوە بۆی دەچێ ئەویش بەهێڵێکی دیکە، هێڵێکمان لەوێ، بۆ پرۆژەی ئیفراز هێناوە، بەڵام هێڵەکە لەبەر ئەوەی بە(١١)دێ دا تێپەڕ دەبێ هێزەکەی زۆر نییە، بۆی هەیە هەر بتوانێ تورمپایەک یان دوان ئێش پێ بکات لەکۆی (٣) ترومپاکە، ئەوە بەردەوامە بەڵام ئێستا کە کارەبا هەیە ئێمە بەو کارەبایە دەیدەینەوە، بەڵام کە کاتێ کارەبا نەبوو ئێمە بەوە ئیشمان پێ دەکرد، ئاوی هەولێر کە دەهات لە پرۆژەی ئیفرازەوە بەرێگای هێڵی ئاکرێوە تێرکارەبا دەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێک دەکەم، ئەو رێگەو بانە نازانم ئێستاکە کراوەتەوە، نەکراوەتەوە، ئاساییە؟ پاش ئەوەی کارەبا هاتووە یەک دوو مەسەلەی خزمەتگوزاریی و کارەبا لەگەڵ رێکخراوی (UN) چ رێکخستنێک هەیە بۆ سەرپەرشتی کردن یان نا؟ ئەگەر تۆزێ ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، هەر چەندە لەقسەکانتان دا زۆر لایەن روون کرانەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بەردەوام ئاگاداری نووسینگەی (UN) دەکەین لەهەر گۆڕانکارییەکەوە کە لەکارەبادا ببێ، لەو بڕەی کە ئێمە دەماندرێتێ، لەو سەعاتانەش کە پێمان دەدرێت. ئەوان نووسنیگەیەکیشیان لە سلێمانی دا هەیە بەرێگەی نووسنیگەکەی خۆیانەوە پەیوەندیی بەسەرکردایەتی یەکێتییەوە دەکەن لە سلێمانی وگوشاریان لەسەر دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی کارەباکە. هەتا ئێستاکە ئەو شتە هەر کاری پێکراوە، بەڵام ئێستا ئێمە لەگەڵ هونەرکارەکانی ئەواندا خۆمان رێکخستووە، پاش ئەوەی ئامێری پەیوەندیی کردنی وێستگەی ئازادی وسلێمانیمان لەگەڵ دوکان چاک کردوونەتەوە ونیازی ئەوەشمان هەیە هونەرکارەکان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەن پێکەوە بۆ ئەو بابەتە هونەریانە کە هەنە، بەڵام هەرشتێ بە بڕیارێکی سیاسی بێ ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە دا نییە کە بیکەین، بەڵام بۆ کێشەی دیکە ئێمە پەیوەندیی تەواومان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

زۆر سوپاس کاک د. ئیدریس، ئەگەر چی تر نییە بۆ مەسەلەی کارەبا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی نرخی یەکەکانی کارەبا زیادی کرد لە ساڵی ١٩٩٥و کوتلەی وەزاری (P.D.K) لە بڕیارێکی وای دا کە ئەو بڕیارانەی لێرە دەرچوون لەکار بخرێن و، لەبەر ئەوەی کە کرێی کارەبا زۆر زۆرە نازانم وەزارەتی پیشە سازی و وزە چاوی بە لەکارخستنی ئەو نرخانە خشاندۆتەوە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاری ئەوەمان وەرگرتووە، ئیستا لیژنەیەکمان دروست کردووە، لیژنەیەکی شارەزا دەربارەی ئەو شتەوە، بێگومان دوو جۆرە پێناسە هەیە، بازرگانییش هەیە، کارگوزارییش هەیە، ئێستا ئەوە خەریکین چاوی پێدا دەخشێنینەوەو بەپێی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. ئیدریس، وابزانم ئەم خاڵە تەواو ئەگەر چ شتێ نەبێ ئەچین بۆ خاڵی تر، زۆر سوپاسی کاک د.ئیدریس دەکەین، کە تەشریفی هێناوە ئەو بابەتەی بۆ باس کردین و ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئەو کراوە وەڵامی دانەوە. لەم بارەیەوە سوپاسی برادەران دەکەین کە بەشدار بوون لەو گفتوگۆیەدا.. خاڵی ترمان دەربارەی ئاوارەکانە. ئێستا بەپێی ئەو چەند دانیشتنەی کردمان ئێمە لەگەڵ ئەو برا ئاوارانەماندا وێنەیەکمان لەبەر دەست دا هەیە، هەروەها

لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی ئاوارەکانەوە، لەم ماوەیەدا چەند چالاکییەکیان نواندووە، سەردانی کاربەدەستانیان کردووە، سەردانی ئاوارەکانیان کردووە، راپۆرتیان هەیە لەسەر ئەو بابەتەوە، بەڵام پێش وەخت حەز ئەکەین ئاماژە بەوە بکەین کە ئاوارەکان ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا پایەخیان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا نەگەیشتوّتە ئاستی ئەوەی کە ئێمە بیکەین بەکێشەیەک، بیکەین بە دیاردەیەک کە سەرنجی خەڵکی خۆمان بەتەواوی وخەڵکی تریشی بۆ رابکێشین، چونکە کێشەکە لەوە دەرچووە کە پەیوەندیدار بێت بە(١٠٠٠)نەفەرێک(٢٠٠) خێزانێک (٣٠٠)خێزانێک. ئێوە ئەزانن کوردو ئاوارە لەزووەوە دەست لەملانی یەکن، کوردو ماڵ ویرانی لەمێژەوە شان بەشانی یەک بە هێلێکی ئاوادا دەڕۆن، مێژووی ئێمە مێژوویەکی تراژیدییە لەو مەسەلانەدا، بەڵام لەم(١٥-١٦)ساڵانەی دوایەدا کێشەی ئاوارەو ئاوارەبوون لە قاڵبی خۆی دەرچووە بە هۆی ئەو سیاسەتانەی کە رژێم دژ بە گەلی کورد بەکاری دەهێنا. دەیەها هەزار خەڵکی ئێمە لەشار وگوندەکانی خۆیان دەر بەدەر بوون بەحوکمی ئەوەی کوڕی، باوک، مێرد، برا، خزمێکی نزیک بەشداری چالاکییەکی سیاسی بووە. خەباتی کردووە بۆ گەلی خۆی کەس وکاری کەوتوونەتە بەر شاڵاوی دوژمن. کاتی خۆی ناوچەکانی شۆڕش بەدەیەها، بەسەدەها، بەهەزارەها، خێزانی دەر بەدەر لەشارو گوندەکانی خۆیانی لێ نیشتەجێ بوون، یەکەم شەپۆلی ئاوارەو ئاوارەبوون بەتایبەتی بەو ناوەوە لەساڵی١٩٧٤و١٩٩٧٥بوو، کە سەدەها هەزار خەڵکی ئێمە ئاوارەی ئەودیو بوون و لەئێران نیشتەجێ بوون. سیاسەتی رەگەز پەرستیی دژ بەکورد بۆ بەعەرەب کردن وراگوێزانی ناوچەکانی کوردستان و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمان ملیۆنەها خەڵکی کوردی ئاوارەکرد بەناردنیان یان راگوێزانیان بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق وچ لە نیشتەجێ کردنیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان کە ئێستاکەش تا ئەوڕۆش بە(١٠)یەها ئۆردوگا لەبەر چاومانە. دەوروبەری شارە گەورەکان بۆتە نموونەیەکی ناشارستانی ودیاردەیەکی یەکجار یەکجار ناخۆش وبێ وێنە. دووەم شاڵاو یاخود دووەم گەورەترین کۆچ رەوی ئاوارە بوون لەساڵی ١٩٩١وەکو ئاگادارن دەستی پێکرد، دوای ئەوەش بەحوکمی باری ناوخۆمان وشەڕی ناوخۆمان دەیەها، هەزارەها خێزانی ئێمە تووشی دەر بەدەری ومـاڵ ویرانی وتالان بوون، سەرەڕای نەبوونیی و نەداریی ئەیبینین ئەمڕۆ لەشارەکانمان بەتایبەتی پایتەختی هەولێر هەزارەها خێزانی ناوچەکانی گەرمیان وسلێمانی وکۆیە وقەڵادزەو رانیە لێرەن، ئەمە سەرباری وەکو وتم سنووری زیاتر لە(١٠٠)هەزار ئاوارەی ئێمە کە بەشێکیان لە(٧٥)ەوە هەتا ئێستا هێشتا لەئێرانن. کۆچ کردن لەکوردستان بووەتە دیاردەیەکی زۆر زۆر ترسناک. جگە لە گەنج ولاو، ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر دەچێتە دەرەوە، کۆچ دەکا لە کوردستان. کۆچ کردەکانی کورد ئێستاکە لە دەرەوەی وڵات خۆی لەخۆیدا قەوارەیەکی یەکجار گەورەی وەرگرتووە، ئەگەر هەروا بروات ئەم دیاردەیە قەوارەی گەورەتر دەبێ، بەو باری کە هەمانە، حەقە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانە بیرێکی ورد لەوە بکاتەوە وتاوتوێیەکی باش بکات، گفتوگۆیەکی هێمنانە

لەسەر ئەم بارە ئەنجام بدات. مەرج نییە بەم دانیشتنە یان دانیشتنی تر، بۆی هەیە زۆر دانیشتنی گەرەک بێ، ئەمە پسپۆڕیی پێویست بێ، شان بەشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ودڵسۆزان هەوڵ بدەین چارەیەک بۆ ئەم وەزعە بدۆزرێتەوە، هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین سەرنجی خەڵکی تر ڕابکێشین بۆ ئەم دیاردەیە، چونکە لەوە ئەچێ لە ئاکامدا لە توانای حکومەتی هەرێمیش دا نەمێنێ، بۆ بەخێوکردنیان و بۆ ئیدارەکردنیان، چونکە وەکو وتم، تەنها ئەو سەد هەزار خێزانە نییە، بەڵکو ئەمڕۆ سەد هەزار زیاترمان لەئێران بەهیوای ئەوەنە ڕۆژێکی زووتر بگەڕێنەوە خاکی خۆیان، بەلام نەتوانای ئابووریمان، نەبارمان، یارمەتی ئەوە نادات. لەو باری دواییدا زۆر لەئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد ئەم بابەتە باس بکرێت. کاتی خۆی ئەگەر لەبیرتان بێ ئێمە لە ساڵەکانی (٩٢)و(٩٣)دوای ئەوە ئێمە لەو پەرلەمانە لیژنەیەکمان دروست کرد بۆ ئاوارەکانی ناوچەکانی گەرمیان وئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان، کە بەسەدەها خێزان هاتن یاخود ماونەتەوە وەزعیان زۆر زۆر ناخۆش بوو، ئەو لیژنەیە بەگوێرەی توانای خۆی سەردان وهەندێ مەسەلەی بۆ کردن، بەلام دیسان بە حوکمی باری سیاسی ناوخۆمان بەداخەوە نەپەرلەمان توانی لەو کێشەیە بەجیددی تر بکۆڵێتەوە، نەماوەی هەبوو، نەئەو لیژنەیەش توانی وەکو پێویست بەدەوری خۆی هەستێ، جگە لەو ئیشانەی کە لەسەرەتاوە دەستی پێ کرد لەسەر پێشنیاری زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان وا مان بەباش زانی ئەم دانیشتنە تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆ کردنی بارودۆخی ئەم ئاوارانە، چ بکەین، چ نەکەین، چ پێویستە بکرێ بۆیان؟ وەکو پێشنیارێکی سەرەکیش بۆچوونێک هەیە، ئەگەر هەوڵ بدرێت بیر لەوە بکرێتەوە ئایا دەکرێت ئێمە لەدام ودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەک دەستنیشان بکەین یا دروست بکرێت بۆ بابەت وپەزێرایی کردنی ئاوارەکان وخەڵکی پەنابەریشمان لە دەرەوەی وڵات؟ چونکە لە وڵاتانی تر، هەر باوەڕ ئەکەم بەقەدەری ئێمە لەوانەیە کە متریانیش لە پەنابەرو ئاوارە هەبێ، وەزارەتیان هەیە، فەرمانگەیان هەیە بەو ناوە. ئەمە بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێ دەهێڵدرێ، جا هیوادارم بەسەرێکی ساردو بە هەستێکی پڕ لە لێپرسراویەتییەوە بیر لە ژیانی ئەو خەڵکە بکەینەوە، هەوڵ بدەین گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین چ بریاربێ، چ پێشنیاربێ، چ ئامۆژگاری بێ، مەرج نییە وەکو وتم لەم دانیشتنەدا، بەڵکو پێویستی بەدانیشتنی تریش ئەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە. ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین لەسەر توانای پەرلەمان، لیژنەیەکی بالا بۆ ئاوارەکان دامەزراوە، ئەمە لەپایتەختی هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی ئەکرێن. جەنابی وەزیری ناوخۆ سەرپەرشتی دەکات، لەوانەی کە تێدان وابزانم زیاتر لەهەمووی لە هەولێرو لەپارێزگاری هەولێرەو، نوێنەرانی توێژەکانی ترن و خەڵکی دام ودەزگای تری رەسمی. لیژنەی ئاوارەکان سەردانێکی پەرلەمانیان کرد، وێنەیەکیان دایە ئێمە هەتا ئێستاکە چیان بۆ کراوەو چیان لە پێشە؟ دوو سێ خاڵی سەرەکی هەیە لەڕاستیدا (١) پێش هەموو شت ئەگەڕێین جێگەیەک بۆ ئەم خەڵکە بدۆزینەوە، (٢) هەندێ

کۆمەک و هاوکاری بە پەلەیان پێ بدرێت، هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە ئەوانەی کە ئیش و کاریان هەبووە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لێرە چارەیەکیان بۆ بکرێت. هەوڵیش ئەدەین لە شارەکانیش لیژنەی تر دروست بکرێت بۆیان. وەکو ئاگادارن ئێوە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەست پێشخەریەکتان کرد کە ئێوەو کارمەندانی پەرلەمان بەحدودی (١٠٠) هەزار دینارتان پێشکەش بەو لیژنەیە کرد، بۆ ئەوەی بتوانن وەک بەشداریەک لە ئێوەوە بۆ ئەوان، هەم دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ بکرێت و هەم ببێتە دەست پێشخەریەک بۆ ئەوەی دام و دەزگای تری هەرێم و خەڵکی کوردستانیش کۆمەک و هاوکارییان بکەن. من لێرە زیاتر قسە ئەدەم بەئێوەی بەڕێز، چونکە حەزم کرد ئەو خاڵانە روون بکەمەوە، پێشەکی حەز دەکەم لە لیژنەی ئاوارەکان کە سەردانیان کرد، ئەگەر برادەرێک کورتەیەک بدات بە ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بزانن چییان کردووە، پاشان دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە حەزدەکەن لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، وەکو گوتم مەرج نییە ئێمە تەنها بەم دانیشتنەیە، بەڵکو وای بۆ دەچم دانیشتنی تریش پێویستە، بابەتەکە زۆر زۆر گرنگە و، گرنگی خۆی هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیاردەی خانەبێزاریی لەلایەکەوە کە پتر واتاکەی لەوە دایە وڵات بێزاریی، لەلایەکی ترەوە کۆڵ بەکۆڵی بوون و ئاوارەیی و دەر بەدەریی کە بوونەتە رەنگ و رواڵەتێکی ئەم گەلەی ئێمەو، دوور نییە ئەگەر بڵێم جامەی نەی مەولانا جەلالەدینی رۆمی رۆژانە هەزار جار تیا ئەژێتەوە لەو هەڵکەوت و دابڕبوونە کە تراژیدیای مرۆڤی کوردی تیایە بۆتە دیاردەیەک و، راستیەکی زیندووی ئەمرۆمانە، رواڵەتێکی تفت و تاڵە جێی داخێکی گەورەیە بۆ هەمموومان، لەبەر ئەوە چارەسەرکردنی پێویستە، چونکە ئەمە چ لەرووی دەروونییەوە، چ لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، چ لەلایەکانی تری خوێندن وکارو پیشەو بژێوی هەموو روویەکەوە بەلای خراپەکاری دا کەوتۆتەوە، جگە لەو شکاندنەوەی کە لەرووی دەروونییان ئەیکا، ئاسەواری دەمێنێت وکاردەکات و دەکەوێتە سەر نەوەکانی ئایندەش، بۆیە بن برکردنی دیاردەی ئەو دابڕبوونە کە ئاوارە بوونە، کە بەزۆرە ملێ دەربەدەر بوونە ئەبێ چارەسەرێکی بۆ بکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم دەزگایەکی چەند باڵی و چەند لایەنی دروست بکرێ کە بتوانێ هەموو جۆرە ئاوارە بوون و دەربەدەریی و دەرکردن و کۆڵ بەکۆڵییەکان لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەری بکات، بتوانێ پرۆژەیەک لەو رووەوە وەکو کارنامەیەک پێشکەش بکرێت بەزووترین کات، تاوەکو بچێتە بواری کارکردنەوە، چونکە کارەکە ئێستا بەڵایەک و کۆسپێکی گەورەو قورس وگرانە لەسەر باری ئەمرۆمان، چارەسەریشی پێویستی بەپەلەیەکی دەست بەجێ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی ئاوارەکان لەکوردستان دا روانگەیەکی زۆری تێدایە، بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆن و بەشێکی بۆ تازە، لەئەنجامی زیادبوونی شۆفێنستی ودیکتاتۆری لەعێراقدا خەڵکانێکی زۆر راگوێزراون. ئەوە هەتاکو ئێستا ئاساری ماوە لەگەڵ ئەوەی کە(٥)(٦) ساڵە لەدوای راپەڕین، میللەت چاوەڕێی دەکرد ئەو خەڵکانە بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە بنیاتنانی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هاتاکو ئێستا نەمانتوانی ئەم شتە چارەسەر بکەین. هەروەها گرفتێکی زۆر ناخۆشتر هەیە، ئەوەی رابردوو ئەنجامی شۆفێنستی ودیکتاتۆری رژێمی عێراقی کۆن بوو، باشە ئایا چی بڵێین بۆ ئەو دەر بەدەرانەی کە بەدەستی خۆمان دەر بەدەر دەبن لەشارەکانمان ئەنجامی ئەو شەڕە ناهەمـوارەی لەکوردستان دایە؟ ئەوە بەرەو(٣)ساڵ دەڕۆین بەشێکی لەهەولێرەو بەشێکی لەسلێمانییە وبەشێکیش لە دهۆکە وبەشێکی دیکەش لەهەڵەبجەیە ولە زۆر شوێنی تری شارەکانی کوردستانە؟ ناتوانین ئەو گیروگرفتەی خۆمان چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. بەڕای من ئەبێ ئەوە بخرێتە بەرنامەی خۆمان ئەویش بە کۆتایی هاتنی ئەو ئیشانەو چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کارەساتەی میللەتەکەمان تیا ئەژی، هەروەها ئەوانەی کە شەڕیش دەکەن ئەبێ ئەو مەسەلانە زۆر لەبەرچاو بگرن ، نابێ ئێمە حەق بدەین بە خۆمان لەبەر حزبایەتی تەسک بێت یان لەبەر دەسەڵات بێت، یان بۆ سەپاندنی ئەو لایەنە بەسەر ئەو لایەنەی تردا بۆ خۆمان خێزانەکانی خۆمان دەربکەین لە شارەکان، دەر بەدەریان بکەین بە منداڵیانەوە وبەپیرو ژن وبچوکەوە. لەبەر ئەوە ئەم کێشەیە بەڕای من گرفتێکی زۆر گەورەیە وفعلا من لەگەڵ ڕای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم ئەم کێشەیە بە دانیشتنێک چارەسەر ناکرێت وئەبێ لیژنەیەکی تایبەتیش دابنرێت بۆ ئەم گیروگرفتە. ئێمە گرفتی هەمە جۆری دەر بەدەرانمان هەیە و بەردەوامیشە و خەڵکێکی زۆر لە کەرکووک وخانەقین و گەرمیان بە خێزانەوە دەردەکرێن لەو جێیانەو حەتتا ئەوانەش نەعەردیان هەیە و نەئیشیان هەیە، ئەبێ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، ئینجا بە ئیشێک یان بە ئەرزێک، یان هەر نەبێ ئەبێ بەگەرمی پێشوازیان بکەین. لەلایەکی تریشەوە ئەبێ بەڕاستی گیروگرفتی ناوخۆمان چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی زیاتر ئەم گرفتە تەشەنە نەکات و نەبێتە کارەساتێ لەناو کۆمەڵگای کوردستانی وەک شێرپەنجە نەتوانین چارەسەری بکەین. داوادەکەم ئەو بابەتە غەمی لێ بخورێ لەلایەن پەرلەمانەوەو بەزووترین کات، ئەگەر بکرێ لیژنەیەک پێک بهێندرێ بۆ ئەو مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن پێشنیار دەکەم، بڕیارێک دەرچێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕێژەیێکی دیاری کراو دەست نیشان بکرێت لە بودجەی حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوانەی کە دەرکراون

٢

لەسلێمانی و کەرکوک. دەست پێ بکەن بەرێژەیەکی دیاری کراو لەمووچەی برا ئەندامەکانی پەرلەمان، بیست وپێنج یان پێنج لەسەدا، تا چەند پیشکەش دەکەن دیاری بکرێ بۆ ئاوارەکان، هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین ئەو دەست بڵاوییەی پێش ئێستا هەبوو نەختێک دەستی پێوە بگرن، ئەو پارەیەی لەوێ زیادە دەبێ بدرێ بەو برادەرانەی کەرکوک و سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیەی سەرۆکی پەرلەمان دەربارەی ئاوارەکانی ناوچەکان بەتایبەتی کەرکووک و سلێمانی، هەر ئەویش بوو بەڕێزی کە هانی داین بۆ ئەوەی زیاتر لەو بابەتە ئاگاداربین و سەردانێ هەندێ جێگا بکەین. ئەوەی کە زانیاریم هەیە من رەنگە زانیاریەکەشم هەر هی یەک دوو ناوچەش بێ لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان( کاک شێخ جەعفەر شێخ عەلی، کاک سیروان نەورۆلی، کاک جەمید میران ) سەردانی یەک دوو جێگامان کرد. ئەوانە کە لیژنەی ئاوارەکان دیبیان کە ئێستا خەریکی ئیش وکارو جەرد کردنیانن لەسلێمانی( ٩٠٠ ) خێزان ئاوارە بووە، لە ناوچەی هەڵەبجە ( ٥٠ ) خێزان ئاوارە بووەو لیستی تریش هەیە بەردەوامەو هەندێ لەلیستەکانیشمان لەبەردەستایەو، لەهەمان کاتدا جگە لەوە ئاوارەی کە لە ناوچەی خۆیاندا خۆیان شاردۆتەوە واتا دووسێ جۆرە ئاوارە هەن، روویان کردۆتە ناوچەی هەولێرو ناوچەی دهۆک و ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان. کۆمەڵێکی تر ئاوارە هەن لەناوچەو لەخودی ناوچە ئاوارە بوون خۆیان لەبەر زوڵم و زۆرو دەست درێژی کردنە سەر شاردۆتەوە، ئەگیرێن و لێیان دەتۆژرێتەوە ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن. بە بۆچوونی من ئەوانیش بەئاوارە حیسابن، مادام کەسێک دوورکەوتەوە لەخانووی خۆی مانای ئەوەیە هەر ئاوارەیە. ئەمن یەک دوو پێشنیارم هەیە: ئەم ئاوارەی ئێستا زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ئاوارانەی کەروو دەکەنە هەندەران و دەرەوە و ئەوروپاو وڵاتانی تر، ئەوە ئەچێ و بەتەمایە لەوێ شتێکی یاسایی پاش ماوەیەک بۆ خۆی وەدەست بکەوێ، لەوانەیە ئەو وڵاتە دەیژێنێ. بیست و پێنج و بیست وچوار ساڵە لەئێران ماوەتەوە بەڵام، ئەو ئاوارەی کە ئێستا زۆر زۆر سەرگەردانە، ئەوەی هەنووکە، ئەوەش بە بۆچوونی من رەنگە ئەرک و بارێکی زۆر گران بێ لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەوەی کە پێمان بکرێ ئامادەین کە بۆیان بکەین، بەڵام ئەم شتە وەکو بەڕێزتان روونتان کردەوەو برادەران ئەندامانی پەرلەمان رای خۆیان لەسەردا بە بۆچوونی من چ لقێک ،چ وەزارەتێک، چ دەزگایەک بکرێتەوە هەتا ئەم کێشەیە بکرێت بە کێشەیەکی سیاسی لەدەرەوە لەلای رێکخراوەکان و، لەدوو سێ شوێنی زۆر روون و ئاشکراو بەرچاو کۆبکرێتەوە، بۆچی ئەمانە لەسەرچی ئاوارەبوون، لەسەر چی دەر بەدەر بوون؟ هۆیەکی سیاسی ناوخۆیەو دەرەکییەو ناوچەیی یە، هەرێمایەتیە؟ واتا پێوستە

چارەسەرێکی روون و ئاشکرا بکرێ. جێگاکانی ژێر دەسەڵاتی یەک کە ئەو خەڵکەی کە لێیەتی یان لێی بووە خەرێکی تالان ودزی و جەردەیی وبەرێ کردن وئاوارەکردنی خەڵکە. ئەوە یاسا هەیە وئەتوانن حساب لەگەڵ دا بکەن، بەڵام بەراستی پێویست وایە ئەم ئاوارانە زۆر زۆر گرنگیان پێ بدرێ و، تەنانەت لەباری دەرونیشەوە. ماوەیەکە زۆر لەلایەن پەرلەمان و، بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوەو بەرێز حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرنگیان پێ ئەدرێ و، لەلایەن پارێزگاری دهۆکیشەوە کە لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ کۆمەک کردنی ئاوارەکانی کەرکووک و سلێمانی، زۆر سوپاسی ئەکەین و، هەروەها پارێزگاری هەولێر کەئەو لیژنانەیان پێکهێناوە. هەر چ شتێک بۆ ئەم ئاوارانە بکرێ زۆر گرنگە و هەتا لایەنی راگەیاندنیش بەرای من ئەوەی کە بۆیان کراوە کەمە پێویست وایە زیاتر گرنگی پێ بدری، زیاتر یەخەی رێکخراوە مرۆیی ونامرۆییەکان بگیرێ، بۆ ئەوەی بێن بە هاواری ئەو ئاوارانەوە، داوا لە دانیشتوانی دهۆک و هەولێریش بکەین بەراستی ئەوانە بەچاوێکی میوانی عەزیز وخۆشەویست تەماشا بکرێن، بەچاوی ئەوە تەماشا بکرێن. ئەمانە لەبەر ئەوە دەربەدەر نەبوون کە لەبرسان هاتوون یا لەبەر بێ ئیشی، بەڵکو ئەمانە لەژێر فشارێکی گەورەی بێگانەو خەڵکی داردەستی بێگانە دەر بەدەرکراون. خەڵکی وایان تیایە کە لەبنەماڵەیە و دیوەخانی هەبووە، خاوەن عەشیرەتە، خاوەن شەهیدە، واتا هەموو چینەکانی کۆمەڵ کەوتوونەتە بەر ئەو شاڵاوە دڕندانەیە، جا لەبەر ئەوە داوا ئەکەین وەکو جەنابیشتان بەرێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمووتان، گرنگیەکی زۆریان پێ بدرێ، وهەر بەزوویی چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی جێی داخە کە خەڵکی تر لە پەرلەمانی خۆیان دا باسی شارستانیەتی گەلی خۆیان دەکەن، بەڵام ئێمە لە پەرلەمانەکەمان دا باسی دواکەوتنی خۆمان دەکەین ئەویش خۆی ئەنوێنێ لە ئاوارە بوونی کورد بەدەستی کورد وئەم حاڵەتەی کەوا تێی کەوتووین بەراستی زۆر جێی داخە. پێشەکی من زۆر پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کەوا دەزگایەک دامەزرێ بۆ ئەوەی هەمیشە سەرپەرشتی ئاوارەی کورد بکات، چ لەناوەوە بێت، چ لە دەرەوە بێت، سەر بەوەزارەتی مرۆڤایەتی بێ، بەڵام من حەز دەکەم ئێمە لەهەندێ رۆژێن ولەوشتانە دوورکەوینەوە کە هەندێ مرۆ دەیکات لەلایەنی راگەیاندنەوە، واتا خەڵەتاندن نەبێ، ئەوە ئێستا ئەو خەڵکەی کە ئاوارەیە چی گەرەکە؟ ئێمە هەست دەکەین ئەوەی کە لە دەروونمان دا هەیە وەکو یەک وایە، بەڵام رەنگە تەعبیر جیاواز بێ من وا ئەزانم پێشەکی شوێن دابین کردن بۆ ئەو ئاوارانە ئێستا لەم کاتە لەم زستانەدا زۆر پێویستە. جا ئیتر خەیمە بێ، شوقـقە بێ، بینایەی بەتاڵ بێ چ هەیە، چۆن ئەبێ ئەوە شتێکی پێویستە، بەراستی مرۆ نابێ لەوە غافل بێ. دووەم تاکو یارمەتیەکیان پێ بدرێ بەڵکو خۆیان پێ بسازێن هەندێ شت بۆ خۆیان پێکەوە بنێن بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی پێ

بکەن. ئەوانەی کە مووچە خۆرن مووچەکەیان پێ بدرێت ودابمەزرێن لەهەمان ئیش دا لەم دەزگایانەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی، دەبێ تاکە کەسەکان بێ کار نەبن هەروا بێ کار نەسوورێنەوە، شوێنێکی تایبەتی هەبێت تێیدا سەرقاڵ بکرێن. ئینجا ئاگاداری خێرخوازەکان بکرێت بەهانای ئاوارەی کوردەوە بێن، ئاوارەی کورد بەدەستی کورد خۆی لەخاکی کوردستانی خۆیدا. ئەوە دەبێ بکرێ بەشتێک کەوا بخرێتە قاڵبێکەوە گرنگییەکی بدرێتێ. بەڕاستی پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی پێتاک بۆ ئاوارەی کورد شتێکی خراپ نییە. بتوانرێ سەرجەمی ئەو خێزانانەی کە بەڕاستی ئاوارەن (تێکڕای سەر ژمێریان) بەدرێژی بدرێتە ئەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتی ئەو دەزگایە دەکات و پەرلەمان پێ بزانێ، بۆ ئەوەی بەدڵنیاییەوە پێیان بگات. وەکو ئەوەی کەبرای بەڕێز کاک ئەحمەد پێشنیاری کرد لەسەرەوە جەخت دەکەم و پێشنیار دەکەم لەکۆی ئەو بودجەیەی کە بۆ حکومەتی هەرێم وئەم پەرلەمانە دایاننابوو ڕێژەیەکی لەسەدا دوویان بەلانی کەمەوە لەسەدا یەک وەکو دەست پێوەگرتنێک هەردوولا بیکەن بۆ ئەوەی بۆ ئاوارەکان بەکار بهێنرێ، ئەوەی کە بودجەی حکومەت ڕەزامەندی لەسەر کراوە بۆ ئەم سێ چوار مانگە. یا پەرلەمان ئەگەر دەست پێوەگرتنێک بکا، چ لەسەر خەرج کردن یان هەرچۆنێک بۆی ئەکرێت من پێم شتێکی زۆر باشە، ئومێد ئەکەین بتوانین خەڵک بەچاکی وەربگرین یان بەرامبەر بەو خەڵکەی کە هاتوون ئێمە دەیان ناسین ئینسان ئەوەندە زیاتر خۆی بکێشێت ئومێد ئەکەم ان شاءالله پەرلەمان سەرکەوتوو بێت وحکومەتی هەرێمیش ئەو دەزگایە دروست بکا بەهانای ئاوارەکانەوە بێت، ان شاءالله ئەوانیش تارادەیێکی گونجاو دەحەسێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر لە سەدا یەکەکە بێ وابزانم ئێوەی پەرلەمانتار بەشی«حصە»ی خۆتان داوە. لە بودجەکە ئەویش باشە، ئەو پێشنیارانە باشن هەموویان جێگیر دەکەین، پاشان باسی دەکەین. زۆر لە برادەران ناوی خۆیان نووسیوە. شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاوارەکان هەموو دەر بەدەرن، جاران هەتا ئەوانەی کە لەژێر دەسەلاتی حکومەت دەر بەدەرکران هەندێک لە پێویستییەکانی ژیانیان پێ بوو، بەلام حوکمڕانی ئەم جارەی کوردو، دەسەلاتدارانی ئەو ناوچانەی کە بەبێ شەرعی دەوام دەکەن، تیایا دانیشتوون، زوڵم و زۆربیەکەیان لەوە دایە کە بەرووتی دەر بەدەریان کردوون، هەندێ لەمناڵان بەپێی پەتی هاتوون. ئەوانەی کە سەرۆکی ئەنجوومەن هێمای بۆ کردن زۆر لەجێگای خۆیەتی بەمەرجێ جێگایان بۆ دابین بکرێ، بەلام بەزوترین کات، نەک قسەی ئەمڕۆ بێ هەتا دوومانگی تر جێبەجێ نەکرێ و، من لەگەڵ ئەوەش دام کە دام ودەزگایەکی تایبەتی هەبێت لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەر بەئەنجوومەنی وەزیران بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بە بەردەوامی سەرو کاریان بکاو، سەندوقێکی فریاگوزاریی

یاخود سەندوقێکی هاریکاریی هەبێت بە بەردەوامی، چونکە کاری کوردیی ئەمە دوورو درێژە، ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەبات هی ئەمڕۆ نییە و هی بەیانی نییە، هی چەندەها سالّی داهاتووشە، ئەگەر سەندوقی فریاگوزاریی یاخود سەندوقی هاریکاریمان هەبێ هەر فەرمانبەرێک هەموو مانگێک پێنج دینار، یان دینارێکی لێ ببرێت، ئێمە یەدەگێکمان دەبێت کە شتێکی ئاوا ببێت لەپڕ نەکەوینە پەلەپەل، چونکە ئەو کاتە هیچ شتێکمان پێ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بابەتی ئاوارەکان گرفتێکی زۆر گەورەیە، کۆمەلّێک لەوانە، ئەنجامی شەڕی رەگەز پەرەستیی، حکومەتی عێراقی کاتی خۆی «٤٠٠٠» گوندی سووتاندن، ئەوانە چەند کۆمەلّگەیان بۆ دروست کرا لەدەورو پشتی شارەکان، ئەوە گرفتێکە. کێشەی دووەم بۆردومانی ئێرانی و حکومەتی تورکی بۆ قەزای رانیەو قەزای پێنجوێن و، هەروەها شوێنی دیکەی وەک ناوچەی رواندوزو ناوچەی حاجی ئۆمەران. ئەوەش بووە هۆیەکی گەورە بۆ کۆچ کردنی خەلّک بۆ ئێران یان بۆ شوێنی تر. ئەوەی ئێمە کە بۆی دانیشتووین ئێستا ئەو چەند هەزار کەسەیە کە لەشەڕی ئەو دوو حزبەی کە روویدا لە ناوچەکانی شەڕ روویان کردۆتە هەولێر، ئێمە دەبێ ئەم بابەتە تێکەلّ نەکەین لەگەلّ ئەوانی تر. مادام ئەو شەڕە لە نێوان هەردوو حزبەکەدا لە کوردستان ماوە مانای وایە ئەمە خوێن بەربوونێکی بەردەوامە، هەتا چارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد دەبیننەوە. من پێم خۆشە شتی تر لەگەلّدا تێکەلّ نەبێ و، ئەمن پەسەند دەکەم کە لیژنەیەک دابنرێ بەشێوەیەکی گشتی، پاش ئەوەی هەموو لایەنی ئاوارەکان لێک بدرێتەوە بەهەموو جۆرەکانیانەوە، ئەوەی لەزەمانی حکومەت بووە یاخود ئەنجامی بۆردومانی ئێران یان ئەوانەی لە ئەنجامی شەڕی ئەو دوو حزبە بوونەتە ئاوارە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێش ئەوەی ئەو رێکخراوە بیانییە خێرخوازانە بێن بەدەنگی میللەتی کوردەوە، زیاتر خۆمان هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی هەم پەرلەمان، هەم حکومەتەکەمان بەزەیی بە میللەتەکەی خۆماندا بێتەوە. یان ئەوانەی کە دەر بەدەر بوون لەو شارانەی کە هاتوونەتە ناو ئەم ئەرزو مالّەی کە ئێستا لە ئامێزیان گرتووە ئەمە گوناهێکی گەورەیەو بێ ویژدانییەکە، ئەو خەلّکە هەمووی بۆتە ئاوارە، تووشی گەلێ گیروگرفتی سەخت و ناهەموار هاتوون کە ئێستا کەس نییە بەزەییان پێدانێت، کاری کردووە کە رەوشتی دلۆڤانی و بەزەییان کەم بۆتەوە بەرامبەر بەخۆیان و دراوسێیەکانیان. جاران میللەتی ئێمە لەزەمانی رژێمدا یەک کەسمان تووشی ئەشکەنجە و

ئازارو ناسۆرێک و هەتا سجن کردنیش ببووایە، لە زاخۆو حەمرین وگەرمیان وکوێستان یەک کەس تووشی هەر سەختیەک ببووایە هەموو کەس خەفەتی بۆ دەخواردو بەنارەحەتی ئەودا برینی دەکولایەوە، بەڵام ئێستا بەداخەوە، بێ ویژدانی زاڵمان و دوژمنانی گەلەکەمان هەر کەسێک بگرێتەوە بێ ویژدانی وای کردووە رەحمی لە دڵی ئەو خەڵکە هەڵگرتووە. کابرا برایەکی خۆیەتی، چونکە لەگەڵ کۆمەڵی خۆیان نییە ئامادەیە بیکا بەپانکەوەو هەموو ئازارێکی بدات، گەورەترین مەترسی کە ئێستا بەهۆی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکەوە دووچاری میللەتەکەی ئێمە بووە مەترسی بێ رەوشتیە، ئەمە شتێکە زۆر گرنگە، کابرا لەماڵەکەی خۆیدا لەعیززەت و لەسایەی کەسایەتی خۆیدا بەهەموو شێوەیەک بەسەر بەرزی دەژیا، دەیتوانی پارێزگاری لەشەرەف و نامووسی ژن و خێزان و کەس و کاری خۆی بکا، بەڵام ئێستا لە بینایەکی گەورە «٥٠» ماڵ یان (١٠٠)ماڵ زیاتر لەیەک خانوودا کۆئەبنەوە گەورەترین مەترسی کە بۆیان دێ مەترسی رەوشتە، مەترسی ئەوەیە وردە وردە ئەو شیرازەیە دەپچڕێت، ئەو خەڵکە گرد دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە گرنگیدان بەم مەسەلەیە وابزانم لە پێشەوە گرنگیدانە بەوەی کە لەبەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مووچە بدەن بە فەرمانبەرەکان، چونکە ئەمە لەگەڵ ئەوانە هەقە یەک حیسابیان بۆ بکرێ، ئێمە ناچارین بە یەکلا کردنەوەی بودجەی ئەو چوار مانگەی کە باس کرا کە هەمووی پەیوەندیی هەیە بە فەرمانبەر نەک بە مەسرەفی زیادەوەوە، نزیکەی سێ سەد ملیۆن دینار بۆ چوار مانگ تەرخان بکرێ، بۆ ئەم بودجەیەی چوار مانگەی کە پەیوەندیی هەیە بە فەرمانبەرەکان، بە شتە گرنگەکانەوە. یا بڕیار بدرێ لەسەر ئەوەی کە لە (٢٥) هەتا (٥٠)ملیۆنێک تەرخان بکرێ بۆ دیاری کردنی کۆمەڵە زەوی وزارێک کە بدرێ بەو خێزانە نەدارانەی کە کاک ئازاد باسی کردن، ئەگەر هەزار خێزان بێ دیاری بکەین، دوو هەزار خێزان بێ دیاری بکەین لە شوێنەکانی تر، ئەگەر کرا دوو هەزار خێزانی راستەقینە هەبێت ئێستا ئاوارە بوون لە ناوچەی هەولێردا بایەکی پارچە زەوییەکییان پێ بدرێ بادوای ئەوەی پارچە زەوییەکەیان پێدرا با زەمانەت(ضمانە)تی دەست نووسییان لێ وەربگرێ. ئەوەی کە ناچارە کە خانوویەکی هەبێ ژوورێکی تێدا دروست بکا(٥٠٠٠)دیناری پێ بدرێ کە ئەمە لەوانەیە بکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی تریشەوە ئەتوانن و زۆر پێویستە وگرنگە خەڵکانێک کە لەسەر ئێمە ئاوارە بوون لێیان بپێچنەوە ومووچەیان پێ بدرێ وابزانم شتێکی گرنگە. باوەڕتان هەبێت بێ نانی ونەبوونی سەری مرۆ ئەکا بەماڵی دوژمن دا. هەرنان نەبوون بووە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکەکان لەترسی ژیان ڕۆیشتن وئاوارە بوون، دەربەدەریی و ماڵ وێرانیان هەڵبژاردو وڵاتی بیانیان هەڵبژارد. ئێستاش تکامان وایە کە ئەمە شتێکی کارامە بێت سەبارەت بە قوتابییەکانەوە بڕیارێک دەربچێ کە هەر هەموویان وەر بگیرێن، سەبارەت بە کۆلێژو دواناوەندی وئامادەیی یەکانیشەوە، سەبارەت بە فەرمانبەرانیشەوە یەکسەر بخرێنەوە شوێن کاری خۆیانەوە وئەوانەی کە ئیشیان نییە لەم بابەتەوە کە هیچ پەیوەندییان بە ئیش و

کارەوە نییە یارمەتییەکی بەپەلە وبەخێرایی یان لەحکومەتی هەرێمەوە پێ بدرێ. ئینجا دوای ئەوە سندوقی خێرکاری بۆ ئەوەی هەرچی یارمەتیان پێ ئەدات ئەوە جێگای رێزە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نالێم کێشەی ئاوارەکان ،ئەڵێم کێشەی دەرکراوەکان، لەڕاستیدا ئەمە حاڵەتێکی بەردەوامە ئەمانەی کە باسمان کردن چارەسەری ناکا، چونکە ئەمە کردارێکی سیاسی بەردەوامە، رۆژانە دەیان وسەدان خێزان بە بەرنامەیەکی رێک وپێک دەردەکرێن، ئێمە ئەگەر وابکەین نیوەی راستی پارێزگای سلێمانی وکەرکوک وقەڵادزێ ورانیە وئەوشوێنانەی لەژێر دەستی(ی.ن.ک)دان دێنە ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی پارتینە، ئەوان بە بەرنامەیەک ومەبەستیان لەوە داگیرکردنی ماڵ وموڵکیان وداگیرکردنی سامانیانە. دەرکردنیان بەو شێوەیەی کە رۆژانە ئەبینرێن. چارەسەری ئەو گرفتە ئەوەیە کە ئەبێ ئەو کردارە بوەستێندرێت و، وەستاندنی ئەو کردارە چارەسەر کردنی نیوەی گرفتەکەیە. ئەویش بەوەی کە لەپەرلەمانی ئێمە، پەرلەمان وحکومەت هەوڵی ریسواکردنی ئەو کارە درەندەو نامرۆڤایەتییە بدەن. لە هەموو رێکخراوە خێرخوازەکان داوا بکەین، لەهەموو دۆستانی کورد داوا بکەین، دژی ئەم کارە درەندەی(ی.ن.ک)رابوەستن، ئەمە چارەسەرێکی بنەڕەتی دەکات ئەگینا ئێمە هەروا بوەستین کەس پشتیوانیمان نەکات، کەس پشتیوانی لەم ئاوارانە ناکات، بەرە بەرە ئەو کردارە بەردەوام دەبێت، ئەوان بەرۆژانە دەیکەن، هەفتەی(١٠٠) کەس، (٢٠٠) کەس مانگی (١٠٠٠) هەزار کەس، ئەوان رۆژانە خەڵک دەرئەکەن لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین لەوێوە بیوەستێنن گوشارێکی زۆر بخرێتە سەریان، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو برادەرەکان کۆکن لەگەڵ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کە ئەوە دەردێکی گەورەیە، بەدەیەها ساڵە ئەو دەردە بەردەوامە، ئێمە چ زانیاریەکمان نەبوو لەسەر وەجبەی دوایی ئاوارەکانەوە، چەندە خێزانن هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بۆ ئەوان و خاو خێزانی ئەوانچ بۆ ئاکنجی کردن بێ، چ بۆ قوتابخانە بێ، چ بۆ راژەکاری بێ؟ چ زانیاریەکی ئاوامان نەبوو.

دووەم ،چ پارە ئەگەر پاشەکەوت ببێ، لەوانەیە بۆ رادەی نزمی خزمەتگوزاریی و بۆ ژیانی ئەوان پاشەکەوت دەبێ، بەڕاستی ئەوەی کە جەنابت و برادەرانێکی زۆریش هێمایان بۆ کرد، ئەگەر لایەنێکی پسپۆریی حکومەتمان هەبێ بۆ ئەو دەردە شتێکی باشە، بەلایەنی کەمەوە زۆر پسپۆری ئەو مەسەلەیەی تێدابێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تاوتوێ کردنی ئەو زانیارییانە ئەوە شتێکی گشتییە، پۆلین کردنی ئاوارەکان ودەرس کردنی باری ئەوان (بارودۆخیان)، پێش بینی چارەسەر بۆ دوا رۆژی ئەوان، ئەگەر وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی (المديرية العامة)

سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت یان سەر بە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی بێ. هەروەها وابزانم جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد ئەگەر لیژنەیەکی هەمیشەیی هەبێت لەپەرلەمان شتێکی باشە، وابزانم هەر بۆ ئەو پێویستییە جەنابی کاک ئازادیش باسی یارمەتی ئاوارەکانی کردو بەتایبەتی باسی پارێزگای دهۆک هات. ئەو دوو رۆژانە برادەرانیش ئامادەن بەراستی گرنگی پێدانێکی باش هەیە لەئاستی حزب، لەئاستی بەڕێوەبردن، لەئاستی راگەیاندن (اعلام) و لەئاستی رێکخراوەکان و، هەتا مزگەوتەکان کە بۆ یارمەتیدان دەوری خۆیان و ئەرکی خۆیان ببینن لەلایەنی نەتەوەیی بۆ ئەم مەسەلەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەبوو، ئەویش دواخستنی ئەم مەسەلەیە بوو بۆ ئەوەی کە نوێنەری حکومەت ئامادە ببوایە زۆر باشتر دەبوو، بۆ ئەوەی زیاتر روون ببێتەوە لای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لای برا ئاوارەکان و لای هەموو کەس، بزانن هەتاکو ئێستا چییان بۆ کراوە، و چ چارەسەرییەکیان بۆ دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی ئاوارەکان چەندی قسەی لێ بکەین هەر کەمە، چونکە کورد لەبەر ئەوەی کە مافەکانی جێگیر نەکراوەو بەشی هەر ئاوارەو ئاوارە بوون بووە. تەبیعی ئەو کێشەیە هەر بەردەوام دەبێ تاکو میللەتی کورد دەگاتە مافی خۆی، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئێمە باسی لێ بکەین ئەوەیە کە ئێستا چارەسەرێکی دەست بەجێیان بۆ بدۆزینەوە نەوەکە روو بەرووی مردن ونەخۆشی و هەموو جۆرە ترسناکیەکی ژیان ببنەوە. وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی لەسەر پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ورەزامەندیی بەڕێزتان سەردانی لقی(١١)م کرد، حەوت سەدو یانزە خێزان تائێستا سەر ژمار کراون جگە لە سەڵتەکان. هەموویان بێ جێگاو رێگان ،زۆربەی زۆریان لە ماڵان جێگای خۆیان کردۆتەوە، لە ماڵە ناسیارو خزم و کەس وکاریان و بەشێکیشیان لەو بینا رووخاوانە دان کە نەدەرگاو نەپەنجەرە وهیچ شتێکیان تێدا نییە، جگە لەوەشدا هیچ پێویستییەکی ژیانیان نییە. جا پێویستە بە زووترین کات چارەسەریان بۆ بکرێ . من پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی پەرلەمانی لە بەیانییەوە پەیوەندیی بە رێکخراوە خێرخوازو مرۆییەکانەوە بکات، بۆ ئەوەی ئەوان دەوری خۆیان ببینن زۆر بەزووی ئازووقە وخواردەمەنی وکەل وپەلی پێویست بۆیان دابین بکەن. پێشنیاریش دەکەم حکومەتی هەرێم، ئەنجوومەنی وەزیران بەزوویی وهەرچەند برەپارەیەکی کەمیش بێ پێیان بدرێ بۆ ئەوەی لەبرسێتی رزگاریان بێ هەتا چارەسەرێکی هەمیشەییان بۆ دەکرێ. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبوایە یادەوەریی(٣٥) ساڵەی شۆڕشی (١١)ی ئەیلول بێتە هۆکارێک بۆ رزگارکردنی سەرانسەری کوردستان و نەمانی شەڕی ناوخۆ، بەڵام جێگای داخە کە رژێمی ئێرانی شەڕخواز داخیلی خاکی کوردستان دەبێ و دووبارە ئاوارە کردن لەکوردستان بەرپا دەکا. من پێشنیار دەکەم، لەمەڕ دەستێوەردانی ئێران لە کوردستانی عێراق بەیاننامەیەک دەربچێ تیایدا رژێمی ئێران مەحکووم ورسوا بکرێ، هەروەها (U.N) لەمەڕ ئەم دەست درێژیەی رژێمی ئێران ئاگادار بکرێتەوە، داواش لە رێکخراوی(U.N.H.C.R) بکرێ کە خێوەتگایەک بۆ ئەو ئاوارانەی کە لەشاری سلێمانی وکەرکووک روویان کردۆتە هەولێر دروست بکا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژ بەرۆژ ژمارەی ئاوارەکان زیاتر دەبێ، جا من پێشنیار دەکەم دام ودەزگایەک هەبێ یان فەرمانگەیەکی تایبەت بە ئاوارەکان هەبێ کە بە شێوەیەکی رێک و پێک ئیش وکاری ئەو ئاوارانە رێک بخات، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیە ناتوانێ ژمارەی ئاوارەکان زەبت بکا، لەبەر ئەوە ئەگەر فەرمانگەیەک هەبێت فۆرمی تایبەتی هەبێ، چونکە ئێستا زۆر کەس هەیە ناوی نەنووسراوە، زۆر کەس هەیە لەدوو جێگا نووسراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر رێکخستنێکی رێک وپێکتر هەبێ بۆ ئەوەی بزانرێ ژمارەکەیان چەندە، باشترە. جگە لەوە سەبارەت بە هەر یارمەتیەکی کە حکومەت بیدا جێگای خۆیەتی، بەڵام یارمەتیدانی میللی باشترە، ئێمە وا بەباش دەزانین کە لیژنەی تایبەتی بگەڕێ بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆک وئاکرێ و ناو هەولێریش ئەو یارمەتییەی کە خەڵک ئەیدا رەنگە باشتر بێت چونکە ئەبینی پشت بەستنی حکومەتی عێراق لە شەڕی ئێراندا زیاتر لەسەر خەڵک بوو، ئێمە تا ئێستا هیچ یارمەتییەک نەهاتووە کە ئەم وڵاتە لە ژێر زەحمەت دایە جگە لەوە رێکخراوە خێرخوازەکان هەنە لە کوردستاندا بەتایبەتی لەناو شاری هەولێردا، ئەوانە تائێستا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە. بۆ نموونە(ئیغاثەی ئیسلامی) تائێستا چەندین ملیۆن دیناری لەهەندێ پرۆژەدا خەرج کردووە، یارمەتی دانێکی نەکردووە. مانگی سووری تورکی تائێستا بەتانییەیەکی بەیەکێ لەو ئاوارانە نەداوە. ئینجا ئەگەر لیژنەیەک هەبێ بەتایبەتی خۆشیانی تیابێ، ئاوارەکان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، بێگومان سوودی هەیە ومن ئەوە پێشنیارم بوو، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یارمەتیدانی ئاوارەکانی کەرکوک وسلێمانی بەشێکی کەمی ئەو ئەرکە پیرۆزە دەکەوێتە سەرشانی حکومەت، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی دەکەوێتە سەر هاووڵاتییان، ئەبێ هاووڵاتییانی خۆمان دەورێکی زۆر باڵا لەم بابەتەدا ببینن. برادەران هەموویان باسی پارێزگاری دهۆکیان کرد کە پێشی هەفتەیەک پارێزگاری دهۆک داوای کۆبوونەوەیەکی کرد وئێمە چەند ئەندامێکی پەرلەمان لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بووین و هەندێ لێپرسراوانی بەڕێوەبردن، هەندێ لێپرسراوانی لقی یەک وئەنجوومەنی شوورا ئامادە بوون، پلانێکی کارمان دانا بۆ هەڵمەتێکی پێتاک کۆکردنەوە چۆن بکرێ لەوێ. کە دوێنێ چووینە دهۆک بینیان ئەو هەڵمەتە زۆر بەباشی بەڕێوە دەچێت، هۆیەکانی راگەیاندن ورد بوونەوەیەکی زۆر باشی کردووە لەسەر پێتاک کۆکردنەوە. تەلەفزیۆن ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردووە. باری ئەو خەڵکە دەردەخات کە چۆن باریان خراپە وچاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکات، هەروەها خوتبەکانی هەینی دوێنێ لە مزگەوتەکانی دهۆک باسی ئاوارەکانیان کردووە وتاکو هەموو خەڵکەک بتوانێت هاریکارییان لەگەڵدا بکات. جگە لەوە لێژنەیان لە هەموو گەرەکێک پێکهێناوە بۆ کۆکردنەوەی پێتاک. لەم هۆڵە پیرۆزە، ئەمەوێ نامەیەک لەڕاستیدا ئاراستەی خەڵکی دهۆک و زاخۆ وسمێڵ وئاکرێ بکەین وپێیان بڵێین کەوا ئەرکی نەتەوایەتی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەجێ بگەیەنن و هاریکاری برایانی خۆتان بکەن، بەحرکە وبەر حوشتر بێننە بیری خۆیان کاتێ ئەوان ئاوارە بوون خەڵک چۆن هاریکاریی دەکردن، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچی بۆ ئاوارەکان بکرێ هێشتان هەر کەمە، هەروەها پێشتر بریارمان دا بوو بۆ ئەنفالەکان بەڕێوەبەرایەتییەک پێکبهێنری، بەرەئی من بۆ ئەوانیش بەڕێوەبەراتییەک پێکبهێنرێ، چونکە ئەم ڕووداوە لەو ڕووداوە زۆر کەمتر نییە ئەمە یەک، دووەم حەزئەکەم هێما بدەم بەشکستی (٧٥) کە لەرژێمی بەعس خراپتر نەبوو لەو سەردەمەدا، خەڵک ئاوارە بوون، خۆمان هەڵ هاتین دوای بارزانیی نەمر کەوتین زیاد لە(٧٥٠) هەزارکەس ئەگەر من لەبیرم بێت ئەوەندە زیاتر دوای بارزانیی نەمر کەوتین بۆ هەندەران بەڵام قەت نەمان بیستووە پاشی ئێمە یەک کەس بکوژرێت، یایەک کەس ئیهانە بکرێت یان کەرامەتی خەڵک بشکێنرێ، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستاکە ئەبینین سەدەها کەس لەم کوردستانەی ئێمەکوژراوەو گوللە باران کراوە ئەوانە گوناهیان چی بوو بۆ باسی ئەمانە نەکرێت؟ بۆ باسی قەڵادزە نەکرێت (٦٣) کەس گیراون؟ و گوللە باران کراون بەفەرمانی جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵڵا رەسول و، مصطفی قادر کە ئەندامی پەرلەمانە، نازانم برادەران بۆ باسی ئەمەیان نەکرد، بۆ هێمایان نەدا بەم بابەتانە؟ بۆ هێما نەکرێ بەدوو عەشیرەت

لەشەمـیـران و لەتاوە گـۆزێ کـە (٧٨) کـەس ڕەمی کـراون؟ بۆ هێـما نەکرێ بەو شەهیـدانەی سلێـمـانی زیندە بەچاڵ کـراون؟ ئایا ئەمـە لە چ مـرۆڤـێک؟ لە چ دۆسـتـێک دەوەشـێـتـەوە؟ لە چ ئینسـانێک ئەوە دەوەشێتەوە؟ ئەوانە مەجووسن ئەوانە لەو نەتەوەیەن؟ ئەوانیش خۆیان بەرگری لەو قـەومـیـیـەتە دەکـەن کـە جارِ دەدەن دەڵێن هەڵگری ئالآی مـافی مرۆڤین، کـام ماف؟ بەڵام من ئەمـەوێ ئامـاژە بدەم بۆ لۆرد ئـیـڤـری بۆ ڕووداوەکـەی کـەڵەکێن ئەو هەمـوو هەراو هۆریایەی کـە دروستی کرد، ئەگەر زەمیرو ویژدانی هەیە بۆ ئەو هەموو ڕووداوانەی کوردستان بەهەزارەها کەس گوللە باران کراون و زیندە بەچاڵ کراون بۆ وەڵام ناداتەوە؟ حەزدەکەم بۆ ئەو برایە بەرێزە پەنجەی بۆ ڕاکێشم بەڵام بەداخەوە ناونیشانی نازانم، بەڵام یاداشتنامەیەکی بۆ دەنووسم. هەروەها کوشتنی (٤٦) کەس کە لەبەردەمی بارەگای لقی(١١) لە ڕانیە گوللە باران کران، بەخوێنی ئەو (٤٦) کـەسـە تابلۆی (قـطعـە)لقی (١١) ڕەش کـراوەتەوە، حـەزدەکـەم ئەمـانە باس بکرێن، هێـمـایەک بدرێتە ئەمانە ئایا تاوان و گوناهی ئەمانە چی بوو؟ من هەر ئەوەندەم هەیە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز یەحـیـا مـحـمـەد عـەبدولکەریم بەرزنجی :**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەگـرنگی دەزانم شـتـێکی هەنووکـەیی کـە لەدەسـەڵاتی ئێـمـەو حکومـەتدا هەیە بکرێ بۆ ئەو ئاوارانەی کە ئێسـتـا پێویستـیـان بەگوزەران و بەژیانە، پێویستیان بەیارمەتییە، ئەو دەزگایەی کە پێکدێت پڕ بەدڵ بەڕاسـتـی هەمـوومـان پشـتـگـیـریی دەکـەین ،دەزگـایەکـیش پێک بێت بۆ سەرپەرشـتـی ئاوارەکان، چونکە ئاوارە هەر ئەم چەند هەزار ئاوارە نییـە، ئێسـتـا وەکو برادەران هێـمـایان بۆ کـرد، ئاوارەیی بەدرێژایی ڕۆژگـار لەگـەڵ کـورددا هاتووەو تەواویش نابێت. ئەو دەزگـایە زۆر گـرنگە پێک بێت. بەرای من بۆ ئەو لیـژنانەش کـە هێـمـای بۆ کـرا ئێـسـتـا گـرنگە لیـژنـەیەک پێک بێت هەر لەم دانیـشـتـنەدا، نەخـشـەیەکی هەبێ بۆ کـۆبوونەوەی داهاتوو یـابۆ کـاتێکی دیاری کـراوی داهاتوو، کە ئێـمـە چی بکەیـن بۆ ئاوارەکـان؟ بۆ ئەو کـاتەش حکومـەت ئامـادەبێ ئەو لیـژنەیە ڕاپۆرتی خـۆی پێشکەش بکات، ئەوکـاتە بۆچوونی ئەو لیـژنەیە بزانین تا بتـوانین ئێـمـەش قـسـەی لەسـەر بکەین و بڕیـاری لەسـەر بدەین، کـە چی بکەین بۆ ئاوارەکـان؟ لیژنەی ئاوارەکانیش لەپەرلەماندا بەڕاستی گرنگە تازە بکرێتەوە یا بەهێز بکرێ یان بچەسپێ و شێوەیەکی بەردەوامیی وەربگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـیـروان مـحـمـەد نەورۆلی:**

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو قسانەی جەنابت بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت شتێکی زۆر چاکەو لەجێگای خۆیەتی و لەسەدا سەدیش پشتگیری پێشنیارەکەی کاک ئەحمەدیش ئەکەم. ئەمە بارێکی تری هەیە، بەڵام ئێمە ئەو ئاوارانەی کە هاتوونەتە ئێرە لەڕاسـتـیـدا تاچوار ڕۆژی دیکە ئێمە چیمان پێ ئەکرێ بۆیان بکەین؟ ئەوە ناگاتە ئەوەی مانگێگ ئێمە دابنیشین و، بڕیارێک دەر بکەین و، شتێکی

تایبەت دروست بکەین بۆ ئەوانە، بەڵام تاچوار رۆژی تر ئێمە چیمان پێ دەکرێ بۆیان ئالێرەوە دەست پێ بکەین. بەڕاستی چ توانایەک هەیە ئیتر خۆمان ئەیکەین وەکو حکومەت. جا حزب ئەیکا یاخود رێکخروەکان دەیکەن. ماوەیەکی دیاری کراویان بۆ دابنێین چونکە حاڵیان زۆر زۆر شرە بەڕاستی هی وایان تیادایە (١٠) دینار لەگیرفانی دا نییە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر زوو بەپیریانەوە بچین شتێکیان بۆ دابین بکەین ئەوە چاکە نەگاتە پێنج رۆژی تر. ئینجا پێشنیارێکی ترم هەیە سەبارەت بە ئەو کارمەندانەی کەوا ئاوارە بوون ئێستا سەر بەدام و دەزگای دەوڵەتن، تەنسیب بکرێن و مووچەیان بدرێتێ بەمەرجێک بگەرێنەوە بۆ ئەوەی کەوا لێکیان گرێ بدەین لەگەڵ مووچەی فەرمانگەی خۆیان ئەوەش بۆی هەیە بەشێک لەباری ئەوان سووک بکا. جا ئێمە تا پێنج رۆژی تر ئەتوانین چیان بۆ بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەکەم کەس بووم دەستم بەرز کردەوە دیارە کاک فەرسەت نەی دیوە، ئەو قسانەی برادەران کردیان زۆر راستن، بەڵام ئەگەر سەرۆکی حکومەت لێرە بووایە ئەوە چاکتریش بوو بۆ ئەوەی بە پەلە بۆ ئەم ئاوارانەی کە لەم داوییەدا ئاوارە بوون شتێک بکەین، چونکە ئێمە پێشتریش تاقیکردنەوەیەکمان هەیە وەک لیژنەی ئاوارەکان. کاتی خۆی ئەگەر بەبیرتان بێ هەر لەم هۆڵەدا باسی ئاوارەکان کرا، حکومەتی هەرێم بریاری دا پێنج ملیۆن دینار تەرخان بکا بۆ ئاوارەکان و بەپەلە دەست بەکار بین و بچین ئامار بکەین بۆ ئەوەی شتێکیان بۆ دابین بکەین. ئێمە لیژنەی ئاوارەکان بەپەلە چووین ئامارمان کردو دیتمان هەمووی دوو هەزار خێزان مابوو کە بریاردرا خانوویان بۆ بکرێ، پارەیان بۆ کۆ بکرێتەوە، بریارەکە جێبەجێ نەبوو. بۆیە زۆر پێویستە ئێستاش نوێنەری حکومەتی هەرێم یاخود سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یا وەزارەتی ناوخۆ، یاوەزارەتی مرۆڤایەتی، یاهەر هەموو وەزارەتێکی پەیوەندیداربێ نوێنەری بنێرێ، بەڵام بەپەلە، چونکە ئەم ئاوارانەی لەم دواییەدا ئاوارە بوون بەڕاستی ناکرێ هیچ دوایان بخەین چونکە گوزەرانیان زۆر ناخۆشەو هیچ بژێویەکیان نییە. ئینجا من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک ئەحمەد وکاک سیروانیش ئەکەم کە ئەبێ دەزگایەکیان بۆ دابمەزرێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێ و نوێنەری هەموو وەزارەتێکی تێدا هەبێ، چونکە ئەو ئاوارانە لە هەموو وەزارەتەکان تەنگوچەڵەمەیان هەیە، ئینجا ئەبێ پۆلینیش بکرێن، چارەیەک لەم ئاوارانە بکرێ دوایی بیر بکرێتەوە لەو ئاوارانەی تر، چونکە ئەوان هەرچەندە گرفتیان چارەسەرنەبووە، بەڵام باشترن لەم ئاوارانەی لەم دواییەدا هاتوون ئەوان هەرچۆنێک بێ شتێکیان پێکەوە ناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەگەر ئامارێک بکەین دەبینین چواریەکی خەڵکی هەرێمی کوردستان مشەخت

وئاوارەن، چ لەناوخـــۆ چ لە دەرەوە بگرە لە ئێــــران یان ئەمـــــریکا یان ئەورووپا یان دەوڵەتی ئیـــسکەندەنافی، هەتا دەوڵەتی عـــەرەبیش، پەنابەرو مـــوشـــەخـــەتی ئێـــمـــە بەردەوامـــە. لەگـــەڵ ئەوانیشدا ژمارەیەکی زۆر تێکۆشەرو خەباتگێر هەیە، دەیان ساڵ خزمەت و تێکۆشانیان لەنێو بزاڤی ئازادیخوازی کورددا کردووە، ئیمرۆ کەوتوونەتە ژێر باری پیلانێکی نا جوامێرانەوە کە دوورە لەهەموو نەریتێکی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە، ئاوارەکانی سلێمانی وگەرمیان تاکو دەڤـەرێ بادینان یەکجار زۆرن، بۆ نموونە ئیمرۆ نزیکەی(٣٠٠) خێزانی کورد لەناوچەی کـانی مـاسی لەبەر شاڵاوی هێزی تورکیادا رەویان کردو ماڵ وحاڵ گوندو زەوی وزاری خۆیان بەجێ هێشتووەو زستانیش خەریکە دەرگەیان پێدەگرێ. ئەرکێکی نیشتمانییە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم وخەڵکانی تریشدا هاوکاری ئەم تێکۆشەرو خەباتکارە لێقەوماوانە بکەن وجێگاو رێگەیان بۆ دابین بکەن، پێشنیار دەکەم ئەم لیژنەیەی پەرلەمان بۆ ئاوارەکان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو، وەزارەتی مرۆڤایەتی ولایەنە خێرخوازەکان بەرێوەبەرایەتییەکی گشتی دابمەزرێنن، چەند فەرمانبەرێکیان هەبێ بۆ ئاسان کردنی کاروبارەکانیان وهەروەها وەکو وەرەقەیەکی گوشار لەسەر رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان سوودی لێ وەربگیرێت، کە ئەوانە بچن سەردانی مەیدانییان بکەن وبەچاوی خۆیان وەزعی ئاوارەکان ببینن دەتوانن زیاتر گوشار لەسەر حکومەت وجەماوەری ولاتی خۆیاندا بکەن بۆ هاریکاریی پتر. ئەمە یەک، دووەم، گلەییەکی نەرم ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم بکرێت، کە وەک پێویست کێشەی ئەو تێکۆشەرو خەباتگێرە دەربەدەرکراوانەیان نەخستۆتە روو، ئەرکی سەرشانی راگەیاندنە ئێش وژانی ئەو لێقەوماوانە بە دروستی بگەیەنێتە جەماوەرو رابگەیەنێ کە ئەمان لەسەر هەڵوێستی سیاسی ونیشتمانپەروەریی دەربەدەرکراون. دەبێ رۆژانە ئەمە لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەو گۆڤارو لە رادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا نیشان بدەن. پێشنیاریش دەکەم رەسم و باجێک دابنرێت لەسەر ئەو کوردانەی دەچنە دەرەوەی ولات ولەسەندوقێکدا بەناوی هاریکاریی ئاوارەکانەوە کۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو ئاوارانەی کە فەرمانبەرن سەبارەت بە حکومەتەوە ئێمە ئەوانەی کە هاتوون سەردانیان کردووین یەکسەر تەنسیبمان کردوون لەدام و دەزگاکانی خۆماندا، مووچەشیان پێ دەدەرێت. ئەوانەی کە زگورتیشن «سەڵتن» ئێمە جێگەمان بۆ دابین کردوون، لە فەرمانگەکانی خۆماندا لە وەزارەت چەند ژوورێک تەرخان کراوە بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها برێک یارمەتیشمان پێ داون وەکو خەلات یان پاداشت بۆ ئەوەی تا مووچەکەیان وەردەگرن ژیانی خۆیان پێ بەرێوەبەرن. رێکخراوەکان دیارە پێداویستی هەندێک ئازووقەو باسی خێوەتیشیان کرد کە بۆیان دابین بکرێ، هەروەها رێکخراوێ سایەش لەوێ بوو بۆ دەرمان و نەخۆشی، واتا هەندێک

شتی وایان بۆ کراوە. وا دیارە لێرەش پەرلەمانی بەڕێز و لە دهۆک و لە شوێنەکانی کەش کۆمەکی پارەیان بۆ کۆکراوەتەوە، مانای ئەوەیە شتی چاوەڕوان نەکراو بۆ ئەم ئاوارانە کراوە، بەڵام ئەو یارمەتیانە بە بەردەوامی پێم وایە کۆناکرێنەوە، ئەگەر بێت و چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئاوارەکان بدۆزرێتەوە، دەبێت بینایەو دام و دەزگایەکی تایبەتی هەبێت، چونکە ئەگەر یەکێک جارێک یارمەتی دا، دوو جار دای، ئەوە ناتوانی بە بەردەوامی یارمەتی بدات ئاسان نییە، جا ئەمن پێشنیارم ئەوەیە کە دەستەیەک کە سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێ بۆ ئاوارەکان دروست بێ، چونکە بە لیژنە دروست کردن ئەوگرفتە حەل نابێت، بەڵام لیژنەیەکی پەرلەمانی هەبێت بۆ بەدواداچوونی ئیشی ئەو دەستەیە خراپ نییە. ئەوکاتە بۆ هەموو جۆرە ئاوارەکانی کە باس کران دەتوانین چارەسەرێ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرحان عەبدوللا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دووپات دەکەمەوە کە لە هەموو بازگەیەک یان گومرگ هەر سەیارەیەک تێ بپەڕێ «١٠» دینار پیتاک بدات بۆ ئەو ئاوارانە و ئەمەش پارەیەکی خراپ نییە بۆیان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من سێ تێبینی گچکەم هەیە. یەکێک لەوانە بەراستی مەسەلەی ئەو ئاوارانە ئەنجامی شەڕی ناوخۆیە، ئەنجامی ئەو شەڕە نارەوایەیە دروست بووە، ئێمە ناتوانین داوابکەین لە رێکخراوی دەرەوە بڵێین وەرە یارمەتیمان بدە، ئەوانەی کە رادەکەن لە بۆردومانی تورکیا و ئێران یان لە حکومەتی عێراقی دەر ئەکرێن ئەتوانین لە گشت رێکخراوی دەرەوە داوا بکەین، بەڵام ئەم گرفتە ناوخۆییە ئەبێ خۆمان چارەسەری بکەین، چارەسەرێکی بنەڕەتیش ئەوەیە کە ئێمە ئاشت بوونەوەی نیشتمانیی بکەین لەناو خۆماندا، رادەیەکیش بۆ زیادەڕۆیی ئەو حزبانە دابنێین. تێبینییەکی تریشم هەیە، هۆڵی پەرلەمان پێویست نییە بۆ قسەکردن دژی هیچ لایەنێکی سیاسی بەکار بهێندرێ. گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە بکەین و بچینە ناوەرۆکی و، مەسەلەی دیلەکان کە دەکوژرێن ئەوە یەکێکە لە کارەساتی میللەتەکەمان و، داوا دەکەم ئەو برادەرانەی هۆڵی پەرلەمان بابێیننەوە، هۆڵی گشتی میللەتە، پەناگیریی رابگەیەنین بەتایبەتی ئەم داوایە لە سەرۆکی پەرلەمان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە گفتوگۆدا نابێ سڵ بکەین لەوانەی کە دەخرێتە روو. لەناو پەرلەماندا جۆرە پەیوەستێک هەیە بۆ رادەی گفتوگۆ کردن، ئاشکرایە کە باسی زیادەڕۆیی دەکرێ گوێ لەئەندامانی پەرلەمان بگرین چییان لە دڵدایە بیڵێن، هیوادارم بەردەوام ئێمە لەسەر ئەو رێبازە بڕۆین کە وا لەگەڵ مێژووی ئەم پەرلەمانەدا دروست بووە، ئەندامی پەرلەمان ئازادبن لە دەربڕینی بیروباوەڕو، وەسف

کردنی ئەو بارەی کە تێیدا ئەژین و، دیسان وەکو گوتم لەسەر ئەو ڕێبازە ئەڕۆین و بەردەوامین لەسەری کە ڕادەی گفتوگۆی پەرلەمان ئاشکرایە، وابزانم هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەزانێت ئەو سنوورە لە کوێوە دەست پێ دەکات و لەکوێ تەواو ئەبێت. بەم خاڵانە وابزانم بەرنامەی ئەمڕۆی کاری ئێمە دێتە کۆتایی. دوو سێ بابەتی گرنگیش هەیە پێش ئەوەی کە تەواوی کەین، یەکەم دەربارەی ئەو بابەتەی کە باسمان کرد، دەربارەی ئاوارەکان زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری دانانی لیژنەیەکیان کرد. ئەو لیژنەیەش دوو سیفەت وەرگرێ، یەکێ لیژنەیەکی هەمیشەیی، لەڕاستیدا لیژنەی هەمیشەیی ئاوارەکانمان نییە، ئەوی تر لیژنەیەکی کاتیی دەست بەجێ بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بارەی کە ئێستاکە هەیە. ئەوەی هەمیشەیی وابزانم ئەبێ بڕیاری لەسەر بدەین. ئەوە کاتیی ئەتوانین ئەگەر ئێوە ڕێگەمان پێ بدەن. ئێمە لەسەرۆکایەتی دەستنیشانی لیژنەیەکی کاتیی دەکەین هەم ئەو شتانەی کە باس کران ڕەت کردنەکەی وەکو بڕگەیەک بخەینە بەر دەستتان، بەڵام ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا، لەگەڵ ئەو لیژنەیەی ئاوارەکان کە کاتی خۆی هەبوو، لەم دواییەدا ئێمە داوامان لێکردن کە هەموو ئەندامانی، بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان لەسنووری سلێمانی و کەرکووک بن، چونکە ئەوانە زیاتر ئەو خەڵکە سەردانیان دەکەن. ئەندامان وتیان هەموویان پێکەوە بەشداربن ئەوەی هەیە، بۆ ئەوەی بەدواداچوونەوەی ئەو بابەتە بکەن. وابزانم بەردەوامن لەسەر ئەو بەرنامەیەی بۆ خۆیان دانابوو هەتاکو لیژنەیەکی هەمیشەیی پێک دێنین، ئەگەر بڕیاری لەسەر بدەن لەکۆبوونەوەیەکی ئایندەدا ئێمە بیکەین بە بڕیارێک لیژنەی هەمیشەیی یان کاتیی پێک بێت یا ئەوە تاوتوێ بکرێت لە سەرۆکایەتی، لیژنەیەک دادەنێین، سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە بدەین بە جەنابی سکرتێری پەرلەمان ئەو تێبینییانە هەموو کۆبکرێنەوە، پێکەوە دیراسەتی ئەو بارە بکەن و، ئێمە دانیشتنێکی تر دەستنیشان دەکەین بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار، نوێنەری حکومەت لەوانەیە ئەو دوو وەزیرە زۆر پەیوەندیدار بن، یەکێکیان وەزیری کاروباری ناوخۆ، ئەوی تر وەزیری پیشەسازی و وزە لەلایەن حکومەتەوە چەن خاڵێکیان باس کرد کە کراوە .منیش هەوڵم دا ئاماژە بدەم بە هەندێ شت کە کراون لەلایەن حکومەتەوە، دیسان تەئکید دەکەم ئەوەی ئێمە ئاگادار کراوین کە یەکەم کۆمەکێک کراون بەو لیژنە باڵایەی ئاوارەکان کە دروست بووە، هەوڵ بەردەوامە بۆ خاڵە سەرەکییەکانی نیشتەجێ کردنیان و، هەروەها دۆزینەوەی (ڕێگای) کەناڵەکانی یارمەتی دانیان. مەسەلەی دامەزراندنیان هەریەک لە فەرمانی خۆی و لەجێگەی خۆی چ بووە لێرە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم جێگەو فەرمانیان بۆ پەیدا بکات و لەوێ دابمەزرێن و یارمەتی خۆیان وەربگرن و، کاریش بەردەوامە. من تەسەور دەکەم کە بۆی هەیە ئێمەلە ڕێژەی هەندێکیان بێ خەبەر بین بۆیە کۆبوونەوەیەکی تر ئەکەین لەسەر ئەم بابەتە پاش ئەوەی کە پەیوەندیی بەوەزیری پەیوەندیدارو حکومەتەوە ئەکەین و، ئەو لیژنەیەش کە دەستنیشان دەکرێ ان شاءالله سبەی ئەوانیش بەردەوام دەبن لەسەر کاری خۆیان لەگەڵ ئەو پێشنیارانەدا. لێرە ئەم کۆبوونەوەیە وابزانم بەرەو تەواوبوون

ئەرواات ئەگەر چ تێبینییەک هەیە؟ دوو برادەر دەستیان بەرزکردەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەمە بوو، بڕیاردان لەسەر لیژنەکە؟ ئەو لیژنەیە، لیژنەی ڕێکخستنی ئاوارەکان. هەر بۆ لیژنەی ئاوارەکان یان ئەو دووسێ لیژنەیەی کە لەم ڕۆژانەدا دروست بوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر هەمان لیژنە کۆنەکەی ئاوارەکانە، بەڵام ئێمە داوامان کرد لە ئەندامانی پەرلەمان خۆیانیش هەندێکیان هاتوون بەتایبەتی ئەوانەی سلێمانی و کەرکووک و گەرمیان، ئەوان داوایان کرد کە بەشداربن، وتمان هەمووتان دابەش بن لەگەڵ لیژنەی کۆنی ئاوارەکان، کە ئەوانەی ماون لێرە دابەش بن یا بەیەکەوە، چونکە زۆری ئەو ئیشانەی ئی خەڵکی ئەو ناوچەیەن کە ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکانی تریش کەم یان زۆر بەشداربن لەو بارەوە باشە. لە دهۆک لیژنە دروست کراون، ئەوە لە هەولێر وا خەریکن. ڕێگەمان پێ بدەن ئێمە لە سەرۆکایەتییەوە دەستنیشانی چەند برادەرێ ئەکەین زوو ئەوانە کۆبکاتەوە، راپۆرتێکی تایبەتی ئامادە بکات، دوایی بەهاوکاریی لەگەڵ حکومەتدا دانیشتنێکی تر ئەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین بۆ هاوکاریی کردن و ئەو ئیشانەی کە پەیوەندیی بەحکومەتەوە هەیە چ کراوە؟ لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی تازەی ئێوەدا.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەکرێ ئەو دانیشتنە بەپەلە بکرێ بۆ ئەوەی حکومەتیش بێت و بزانین بڕیارێک بدەین بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایە، چونکە ئیشەکە ئیشی ئەم ئاوارانەی ئەم دواییە زۆر بە پەلەیە بەڵکو حکومەت بتوانێ خودانی ئەم بابەتەش بکات ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان هاریکاریی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوە تەنیا دەیخەینە روو، ئێمە نەمان کردووە بە بڕیار، حەز ئەکەین حکومەتیش بەشداربن لەگەڵماندا لەم بیرکردنەوەیە، بەڵکو پێشنیاری باشتر بێتە پێشەوە، بۆیە دانیشتنێکی ترمان پێویستە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو دانیشتنە نزیک بێ شتی چاکە، بەڵام دێمەوە سەر پێشنیارەکەی خۆم، ئەگەر ئێمە

بکرێ تا «٤» ڕۆژی دیکە هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ماوەی مانگێ ژیانی ئەوان دابین بکەین ئیتر دانیشتنەکە کەی ئەکرێ با بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەلایەن حکومەتەوە هەندێک کۆمەک و هاوکاریی دراوە بەو خەڵکەو سەرپەرشتیان دەکات.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەجبەی یەکەم بوو نزیکەی بەبەر( ٨٠٠.٧٠٠ ) کەس کەوت. ئێستا ئەوەندە قەڵەباڵغ بووە نازانین چییان لێ بکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە حکومەت با کارێک بکات، چونکە ئێمە ناتوانین لە خۆمانەوە بڕیارێک بدەین. با حکومەت بێتە ئێرە تا بزانین چ کراوە بۆیان؟ چی نەکراوە؟ لەوانەیە ئەوان کردوویانە. زۆر لەو خەڵکانە کارمەندن لە فەرمانگەکاندا تەنسیب کراون وەکو کارمەندی هەولێر و خەڵکی تر کە مووچە درا بەوان ئەوانیش مووچەی خۆیان وەردەگرن، بۆ نموونە جێگا بە هەندێکیان دراوە، جێگاو ڕێگا بۆ هەندێکیان چاک کراوە ئەوەی ئێستا کاک د. ئیدریس باسی کرد کە پارێزگاری هەولێر پەیوەندیی کردووە بە هەندێ ڕێکخراوی مرۆیی بۆ چادرو هەندێ مەسەلەی یارمەتی تر، ئەوەی دیارە، یا دراوە، یا بەڕێگاوەیە. ئەمە هەمووی بە ڕێگاوەیە ئێمە ئەو کاتە بڕیارێک وەردەگرین کە وێنەکە بەتەواوی ڕوون بێ. ئێستاکە ئێمە ئەترسین بڕیارێک وەربگرین و زۆر شت کرابێ ئەوان مەغدوور بکەین، یاخود هەندێ شت هەنە دیراسەیان پێویستە با پەلەی لێ نەکەین، بەڵام ئێوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەردەوام بن لە پەیوەندیی کردن لەگەڵ ئەو لیژنە بالایە، لەگەڵ دام و دەزگای ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیدا. لە ئاوارەکان بپرسینەوە، نزیکی ئەو گردبوونەوانە بن تاکو بزانن لەکوێن تا بیان بینن، لە ئازارو وەزعەکەیان تێ بگەن، و بیگەیەننە ئێرە بۆ ئەندامانی تری پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت بە ئامادەبوونی حکومەت. لەوانەیە بتوانرێت کۆمەڵێک بڕیاری باش لەبەرژەوەندی ئەوان بدرێت، و ئەوانە موستەحەقی هەموو کۆمەک و هاوکارییەکن، وابزانم هەموو لایەک بە پەرۆشەوە بن، چ لەپەرلەمان، چ لەحکومەت، و چ خەڵکی ئێمەش، بۆ ئەوەی باری ئەوان تۆزێک ئاسان بکەین و بەهاوکاریی هەموو لایەکمان بێت، جا بۆ ئەم دانیشتنەیەی ئێمە هەوڵ ئەدەین بەڵکو لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا و لەسەرەتای هەفتەی ئایندەدا کارێکی وا بکەین کە ئەو کۆبوونەوەیە، یا یەکێک لەو کۆبوونەوانە ئەوە بێت. هەندێ شتی ترمان بەدەستەوەیە بۆی هەیە لەم یەک دوو ڕۆژانەدا تەواو دەبن بۆ کۆبونەوەی ئایندەدا، ان شاء الله ئاگادارتان ئەکەینەوە. لەوانەیە بابەتێکە جارێکی تریش باسمان کردبێت، مەسەلەی لیژنەکانی پەرلەمانی و ئەو شتانەو هیواداریین بتوانین ئێمە سبەی، ئەندامانی پەرلەمان

لێرەن بیان بینین ئیشەکە وا نەبێت بڵێین دانیشتن نییە وخواحافیز. دوای ئەوە لێپرسراوی لیژنە حەقە برادەرانی لیژنە ئاگادار بکاتەوە چونکە ئێمە بەرنامەکەمان هەیە، دانیشین لەگەڵ لیژنە، سبەی لەوانەیە ئێمە بتوانین لەسەرۆکایەتی لەگەڵ دوو سێ لیژنە دابنیشین جا ئەو لیژنەی ئیشیان تەواو دەبێت ئەگەر کۆبوونەوە بەرێگەوە نەبێت ئەوە ئازادن تاکو بانگیشتان دەکەم، بۆیە ئێمە سبەی دادەنیشین لەگەڵ دوو سێ لیژنەدا. ئێستا دووبارەی دەکەمەوە لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری ولیژنەی پەروەردە، باشە ئەو سێ لیژنەیە بەڕای من ئەگەر ئامادەبن بۆ سبەی و ئەگەر لیژنەی تریش هەبێ باشە، یەک دوو لیژنەی دیکەش ئەبینین، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی رۆشنبیری، بۆ دوای نیوەڕۆ، ئەو دوو لیژنەیە دەبینین ئەوە پێنج لیژنە، ئینجا ئەوانی تر دوا ئەخەین بۆ دانیشتنێکی ئاینده. لیژنەی پەروەردە، لیژنەی دارایی و ئابووری و، لیژنەی پێشمەرگەو، لیژنەی یاساو لیژنەی رۆشنبیری ئەوە سبەی ان شاء الله ئێمە میوانیان دەبین، ئەوانی ترکە رۆیشتنەوە ان شاء الله هەوڵ دەدەین لەو هەفتەیەدا ئاگادارتان بکەینەوە، زۆر سوپاستان ئەکەین، ئەو سێ لیژنەی پێشەوەی باسمان کردن سبەی سەعات «١٠»، بۆ دوو لیژنەکەی تر دوای نیوەڕۆ سەعات «٢». لێرە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو دەبێت، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## چوارشەممە رێكەوتی ١٨/١٢/١٩٩٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٢/١٨

*کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨/١٢/ ١٩٩٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*١- بروابپێدانی بەڕێز قادر جەباری وەک وەزیری دادو، سوێندخواردنی یاسایی.*

*٢- بروابپێدانی بەڕێز د. عەبدولحەمید عەبدوڵلا ئاکرەیی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و، سوێندخواردنی یاسایی.*

*٣- بروابپێدانی بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری وەزیری هەرێم و، سوێندخواردنی یاسایی.*

*٤- بروابپێدانی بەڕێز یوسف حەنا یوسف وەزیری هەرێم و، سوێندخواردنی یاسایی.*

*٥- پێشکەش کردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.*

*٦- پێکهێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن.*

*٧- خستنەرووی پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتیی بۆ کاروباری ئاوارەکان.*

*٨- گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی ئاوارەکان بە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەکان.*

*٩- خستنەروو لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانیشتنەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ١٨/١٢/١٩٩٦ بریتییە لە(٩) خاڵ. خاڵی (١): داوا کردنی بروابپێدانی هێژا قادر جەباری پاڵێوراو بۆ وەزیری داد و سوێندخواردنی یاسایی. (٢) داواکردنی بروابپێدان بەڕێزدار دکتۆر عەبدولحەمید عەبدوڵلا ئاکرەیی پاڵێوراو بۆ پلەی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن وسوێندخواردنی یاسایی.

٣- داواکردنی بروابپێدان بە بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری پاڵێوراو بۆ پلەی وەزیری هەرێم و سوێندخواردنی یاسایی.

٤-داواکـردنی بڕواپێـدان بە بەڕێز یوسف حـەنا یوسف پاڵێـوراو بۆ پلەی وەزیری هەرێم و سوێندخواردنی یاسایی.

٥- پێـشکەش کـردنی بەرنامـەی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان لەلایەن بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە.

٦- پێکهێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن.

٧- خستنەڕووی بابەتی پێکهێنانی لیژنەنەیەکی کاتی بۆ کاروباری ئاوارەکان.

٨- گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی ئاوارەکان بە ئامادەبوونی وەزیرە پەیوەندارەکان.

٩- خستنەڕوو ولێکۆڵینەوە لە پڕۆژەی یاسای چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان. ئێستاش بەرنامـەی کاری ئەمـڕۆمـان بە خاڵـی(١) دەست پێ دەکـەین، ئەویش داواکردنی بڕواپێدانە بەڕێزدار قـادر جـەباری پاڵێـوراو بۆ پلەی وەزیری دادو سوێندخـواردنی یاسایی. بەباشی دەزانم کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیران تەشریف بێنێتە ئێرە بۆ سەر سەکۆیەکە، چونکە پاش ئەوەش بەرنامـەی کـاری ئەنجـوومـەنی وەزیران دەخـوێندرێتـەوە. ناوی وەزیرە پاڵێوراوەکان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بخوێنرێتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـانیش بڕوای خۆیانی پێ بدەن وبخرێتە دەنگدانەوە. پاش بڕوادان دەست دەکـەین بە سوێندخواردن.

**بەڕێز د. رۆژ نـوری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پێشنیار دەکەم بەڕێز کاک قادر جەباری بڕوای پێ بدرێت بۆ وەزیری داد.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز قـادر جـەباری پاڵێوراوە بۆ پلەی وەزیری داد، تکایە کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاسـتـان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د. رۆژ نـوری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیـار دەکەم بڕوا بدرێت بە، بەڕێز د. عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ئاکرەیی بۆ پۆستی وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز د. عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ئاکرەیی پاڵێوراوە بۆ پۆستی گواستنەوە وگەیاندن، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەروەها پێشنیار دەکەم بڕوا بدرێت بە بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری وەک وەزیری هەرێم.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری پالێوراوە بۆ وەزیری هەرێم، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەگیرا.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە کۆتاییدا پێشنیار دەکەم بەڕێزان بڕوا بدەن بە کاک یوسف حەنا یوسف بۆ پلەی وەزیری هەرێم.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک یوسف حەنا یوسف پالێوراوە بۆ پلەی وەزیری هەرێم، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. سوپاس. ئەم چوار خاڵە تەواو بوو، ئێستاش بۆ سوێندخواردنی یاسایی داوا ئەکەین کە بەڕێزان هەستنە سەر پێ لەکاتی سوێندخواردنەکەداو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە ناوەکان دەخوێندرێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز قادر جەباری وەزیری داد.

**بەڕێـز قـادر جـەبـاری:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز د. عەبدولحەمید عەبدوڵلا ئاکرەیی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

**بەڕێز د. عـەبدولحـەمـیـد عـەبدوڵلا ئاکـرەیی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم وبە تەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕێز فرەنسۆ هەریری وەزیری هەرێم.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕێز یوسف حنا یوسف وەزیری هەرێم.

**بەڕێز یوسف حەنا یوسف:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لەیاسا رەچاوکراوەکان بگرم و بەتەواویی چاودێریی بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێشکەش کردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێت، پاش ئەوەی کە تەواو دەبێ لە پێشکەش کردنی، دەرگای گفتوگۆ ئەکرێتەوە، ئەگەر چ گفتوگۆیەک هەبێت. باجەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بفەرمووێت.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بسم الله الرحمن الرحیم،**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پاش بڕواپێدان بە کابینەی سێیەم لە وتارێکا هێڵی گشتی سیاسیەتی حکومەتی هەرێممان پێشکەش کردن، بەو هیوایەی لەساڵی داهاتودا بەدرێژی، بچینە ناو بەرنامەی کاروباری حکومەتی هەرێمەوە، ئەنجومەنی وەزیران بەرنامەی کاری خۆی ئامادە کرد، بەڵام بەداخەوە بارێکی وا هاتە پێشەوە کە رەوشەکەی تارادەیەکی دیاریکراوگۆڕی، بەشێوەیەکی وا کە پێویستی بەگۆڕانکاری کرد لە بەرنامەی کاری حکومەتدا، بەڵام سەرەڕای ئەوە مانگێک لەمەو پێش بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئێوە کراوەو، لەو ماوەی پێشوودا هەرچەندە بەرنامە لەپەرلەمان دا نەخوێندرابێتەوە، بەڵام دەست کراوە بەجێبەجێ کردنی

خاڵەکانی ئەو بەرنامەیەی کە خوێندرایەوە، بەدڵنیاییەوە بۆتان روون ئەبێتەوە تا چ رادەیەک وەزیرە بەڕێزەکان لەوەزارەتەکانی خۆیان دا دەست بەکاربوون وئەنجامیان هەبووە لەو بوارەدا.
بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەیە:

# بەرنامەی کاری کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**یەکەم: «دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان «کابینەی سێیەم»**

دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بناغەی فرە حزبییەکی فراوان و بەشداربوونی زۆربەی حزبە کوردستانییە ناسراوەکان و نوێنەرانی چین و توێژو کەمایەتییە نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان و کەسایەتییە بێ لایەن و پسپۆڕەکانی گەلەکەمان لە ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران یان لە ئاستی دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت، خۆی لە خۆیدا نیشانەی سووربوونمانە لەسەر بنەماکانی دیموکراسییەت و شەرعییەت، داکۆکییە لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە دیموکراتیەت و فیدرالیەت، هەروەها پشت بەستنە بەریزی بەرفراوانی جەماوەر.
حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەندە بەخۆی «بەرهەمی خەباتی سەخت و بێ وچانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە و خوێنی هەزاران شەهیدی نەبەرد و قارەمانی گەلی کوردستان و رەنج و کۆششی دەها هەزار کادرو رۆڵەی بەشەرەفی ئەم میللەتەیە، ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی نیو سەدەی بارزانیی نەمرە.. لەهەمان کاتدا، پێکهێنانی ئەم حکومەتەمان سووربوونە لەسەر بەردەوام بوون لە رەوتی دابین کردنی هەموو مافەکانی گەلی کوردستان ومسۆگەر کردنیان و پاراستنیان، سووربوونە لەسەر بنەماکانی دیموکراتییەت، ئاشتی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان «السلطات» و رێزگرتن لەیاساو نەریتەکانی.
شاراوەیش نییە کە لەئەنجامی سیاسەتی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا، گەل و وڵاتەکەمان تووشی زوڵم و زۆر و کاولکارییەکی بەرفراوان و غەدرێکی مێژوویی بووە. ئەو زوڵمانەی دەرهەقمان کراون نموونەیەکی زەقی ئەو تێڕوانینە هەڵە و ناڕەوایەن کە ئاراستەی داوا رەواکانی میللەتێکی وەکو ئێمەی کوردی ئازادیخواز کراون. وەڵامی ناهەموارانەی داواو خواستی پرۆژەی میللەتێک بوون کە هەمیشە ویستوویەتی بە ئازادی و پەنابردنە بەر توانای زاتی خۆی و دوا رۆژ باری ژیان وکاروباری خۆی هەڵسوڕێنێ.
ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون، مۆرێکی رەشن بە تەوێڵی بەرهەڵستکارانی مەسەلەکانی ئازادی و دیموکراتیەت و ئاشتی و مافی مرۆڤ و برایەتی کوردو عەرەب لە

ولاتەکەماندا.

سەر باری ئەو هەموو ناهەمواری و کارەساتەی بەسەر گەلی کوردستاندا لە کوردستانی عێراقدا هات، پاش راپەرینی مەزنی گەلەکەمان دەرگای ئاسۆیەکی رووناک لە گەلەکەمان کرایەوە و هەلێکی لەباری نێودەولەتی لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان رەخسا کە لە پەنایدا توانیمان پەرلەمانی خۆمان هەلبژێرین و حکومەتێکی کوردستانیی پێکبێنین و بەهیوای «پەرەپێدان و پێشخستنی گوزەرانی جەماوەر و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و پتەوکردنی باوەڕو متمانەی دۆستانی کورد لەسەر ئاستێکی جیهانی»دا رێگامان گرتە بەر، بەلام بەداخەوە لەو هەل و بارە گونجاوەدا کە ئومێدێکی گەورەی بەکورد دابوو، لایەنێکی سەرەکی و بەشداری پەرلەمان و حکومەت ئاگری جەنگی ناوخۆی «کورد بەرامبەر بەکورد»ی هەلگیرساند... ئەویش تەنها بەنیازو مەبەستی دەست بالابوون و دەست بەسەراگرتنی دەسەلات و چارەنووسی ولاتەکەماندا بەزەبری چەک و تۆقاندن و لادان «لەرێگای عەقل و مەنتقی ئاشتی و هەولی لەیەک تێگەیشتن و چارەسەرکردنی شارستانییانەو دیموکراسییانەی گرفت و منافەسە ناوخۆییەکان». لە بری پەنابردنە بەر رای گەل و هەلبژاردنێکی ئازادی گشتیی، بەزەبری چەک و لەناکاودا شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی داگیرکرد و پیرۆزیی پەرلەمان و حکومەتی شەرعی و گشت بنەما دیموکراتییەکانیانی لە کوردستاندا پێشێل کرد.

ولات و گەلەکەمان پاش گەڕی یەکەمی ئەم شەڕە شوومە دووسالی دیکە ئازاری ویرانکاری وکورد لەناوچوونی «بەهۆی درێژە پێدانی ئەم شەڕە»وە چەشت، بەرادەیەک شەڕی ناوخۆ بەردەوامی پێدرا کە هەموو ئایندەی گەل و نیشتمانی پێ خرایە بەر مەترسی نەمان و تیاداچوونی یەکجارەکی، بەهۆیەوە باوەڕی دۆستانمان پێیی هاتە لاوازی، وکەندەلانێکی گەورەی خستە رێی سەرکەوتنی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان، بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستانەوە و دەرگای ولاتی بۆ جۆرەها دەست تێوەردانی ناوچەیی و جیهانیی دژ بەخواست و ئاواتی گەلەکەمان خستە سەر پشت.

بەخولی سێیەمی شەڕی ناوخۆ، پێکدادان و وێران کاری گەیشتە هەرەتی. ئەم خولە «جەولەی سێیەم» کە دیسانەوە هەمان لایەن، بەلام ئەمجارەیان بە هاوکاری کردنی راستەوخۆی ئێران رۆژی (١٧)ی ئابی ١٩٩٦ هەلیگیرساندەوە ئەمە لەکاتێکدا کە تەنها رۆژێک پێش ئەوە سەرۆک مەسعود بارزانی لە ئێوارەی ١٦/ئابی/١٩٩٦، بانگەوازێکی نوێی ئاشتیخوازانەی بلاوکردەوەو بەهەموو لایەنێکی راگەیاند بۆ ئاشتبوونەوەو کۆتایی هێنان بەو شەڕەی کە بەرهەمی تەنها و تەنها مال وێرانی و کاولکاری و کورد کوژییە و دوورخستنەوەی گەل و ولاتە لە ئامانج و هاتنە دیی مافەڕەواکانی. درێژەدان بەم شەڕە هیچ بیانوێکی دیکەی نییە، رێگای رێککەوتن

و ئاشتی و هەڵوێستی دیموکراسییانەیش هەمیشە کراوە بووە. ئەو زیانە گەورانەی لە کورد و کوردستان دران دەتوانرا گەل و وڵاتیان لێ بپارێزرێ، بۆیە دەبێ تاوانباران دەستنیشان بکرێن و لەلایەن جەماوەرەوە بناسرێن، شەڕی ناوخۆ حەرام بکرێ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەچەک و زۆرداری قەدەغە بکرێ. دەبێ گشت تواناو نیاز و هەوڵەکان لە بۆتەی بنبڕکردنی ئاگری ئەم شەڕە گرد بکرێتەوە، ئەم شەڕە ئاخرین شەڕی ناوخۆ بێ و ببڕای ببڕای هەڵنەگیرسێتەوە.

بەڕێزان:

بەدەم هەڵات بەرەو سنوورەکان زەرەرو زیانێکی هێجگار زۆر لە دەستگا حکومی و گشتییەکانی هەرێم دراو سەرباری هەموو یاسابەزێنییەک بەدەستی ئەنقەس توربینەکانی وێستگەی کارەبای دوکان لە کار خران، خەستەخانەکانی سلێمانی و دەربەندیخان تالآن کران، هەرچی وەزارەت و فەرمانگەیەک دەستی پێ گەیشتبێ، یان تالآن کران یان سووتێنران، گسک لەدوا پوول و دراوی بانکەکانی ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی درا. کەلوپەلێکی زۆر لە ماشینی قورسی ڕێگاوبان و خاوێن کردنەوەی شارەکان و جۆرەها ئۆتۆمبیل بەماشینە فریاگوزارەکانەوە «اسعاف» ئاودیوکران، دەستی زیان بەشێوەیەک وەشێنرا مەگەر لەدوژمنێکی بێگانەو دڕندە و دڵ ڕەش کاری وا بووەشێتەوە.

ئێستەش حکومەتی نوێی هەرێم میرات گری ئەو هەموو وێرانکاری و تێکدانەیە، میرات گری ئابلۆوقەیەکی سەختی ئابوورییە، میرات گری ڕەوشێکی نادیاری یاسایی دەوڵەتانە بەرامبەر بەو دەزگایانەی کە لە هەرێمدا دامەزراون. ئێمە ئەم ڕاستییانە بە مەبەستی نائومێدی و ڕەش بینی ناخەینەڕوو، بەڵکو دەمانەوێ باری ڕاستەقینەی وڵات و گەلەکەمان وەک خۆی، بێ ئارایشت و جوانکاریی، بخەینە بەرچاو و بۆ هەموو لاو لایەنێکی بخەینە روو کە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی «کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان»دایە چەند قورس و دژوارە. بەڵام ئەوەی دڵخۆشی دەکا و هیوا دەبووژێنێتەوە ئەم ڕاستییانەن:

لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەی دوایی و سەرباری هەموو دەست تێوەردانێک، پایتەختی هەرێمی کوردستان کە بنکەی پەرلەمان و حکومەتە لەژێر دەسەڵاتی تۆقاندن و تاکڕەوی قوتارکرا، پەرلەمان بەزۆرینەی ڕەوایی ویاسایی خۆی کەوتەوە چالاکییەکانی و ڕێگای شەرعییەت بە هاوکاری ئەندامە دڵسۆزەکانی بە ئەوپەڕی هەستکردن بە لێپرسراویەتی نیشتمانیی و نەتەوەییەوە گیرایەوە بەر، شەرعییەت ئازادکرایەوە و، دەرگای لەئاست دامەزراندنەوەی هەموو دەزگا شەرعی و دیموکراتییەکانی خستەوە سەر پشت؛ بارێکی وا ڕەخسا کە لە ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمدا حاڵەتی «کۆسپی» پەنجا بە پەنجا و ململانێکاریی و پاشقول گرتن و ڕێگە گرتن لەکار پێشخستن ڕوو لەنەمان بوو.

رەوشەکە بەر لەگەڕانەوە و دەست تێوەردانی ئەم دواییەی بەهێز و جبەخانەی ئێران، هیوای ئەوە سەری هەڵدابووەوە کە باری ئەزموونە دیموکراتییەکەمان و ئەو هەلەی بۆ گەلەکەمان رەخسابوو بێتەوە سەر بار کە هەرگیز لە بەرژەوەندیی دوژمنانی گەلی کوردستاندا نییە. بەڵام دیسانەوە هەر دەبێ لەهەوڵ و رەنجی ئەوەدابین بەشێوەیەکی «مەدروس» و بەرنامەی داڕێژراو هەموو لایەکی دڵسۆز بەم گەل و وڵاتە دەست بخەنە دەستی یەک، هێزو ئەمەکیان یەکخەن و چی زووە بکەونەوە کارو هەوڵی جیددی و کاریگەر لەمەڕ بووژاندنەوەی شەرعیەت و دیموکراتییەت و بەگەڕخستنەوەی دەزگاکانیان. یەکبوونی ریزەکانی گەل بەگیانی لێبووردن و بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ مەرجێکی سەرەکیی پێشخستنی ئەزموونەکەیە، بەڵام بەو رەوت و «رێ و رەسمە» نا کەبوو بە هۆی ئەم هەموو کارەسات ومالوێرانییە.

ئێستەش بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان «کابینەی سێیەم» ئاشکرا دەکەین بۆ بڕیاردان لەسەری و هاوکاری کردنمان لەهەموو روویەکەوە بۆ جێبەجێ کردنی گشت بڕگەکانی، بەو ئومێد و نیازەی هیواو ئاواتەکانی گەلەکەمان بگەشێتەوەو رەوتی بەرەوپێشەوە چوون و بەئامانج گەیشتنی گەلی کوردستان بخەینە سەر رێی دروستی سەرکەوتن.

**دووهەم: «سیاسەتی دەرەوە»**

١- پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی دراوسێی هەرێم و بنیادنانەوەی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان لەسەر بناغەیەکی دروستی دۆستایەتی و دراوسێیەتی لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئێران و سووریا لەسەر بنەماکانی رێزگرتن لەیەک و دەست تێ وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری و تێگەیاندنیانە کە چارەسەرکردنی دیموکراسیانەی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا و سەرکەوتنی ئەزموونە دیموکراسییەکەی گەلی کوردستان لەم هەرێمەدا هۆکارێکی بەهێزی سەقامگیرکردنی ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکەیە.

٢- پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان گەلی کوردستان و وڵاتە سوێندخۆرەکان «تحالف» بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و روونکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی گەل و دەزگاکانی هەرێم «پەرلەمان و حکومەت» و حزبە کوردستانییەکان، بەرامبەر ئەو مەترسیە دەرەکیی و ناوچەییانەی لەسەریان هەیە و داکۆکی کردن لەسەر پێداویستییەکانی گەلی کوردستان و پاراستنی ئاسایش و گوزەرانیان و بەکاربردنی بڕیاری «٦٨٨»ی نەتەوەیەکگرتووەکان و، بەردەوامبوونی کۆمەکە مرۆییەکان و جەخت کردنە سەر جێبەجێ کردنی بڕیاری «٩٨٦» لەسەر بنەمای ئەو تێبینیانەی کە نوێنەرانی گەلی کوردستان ئاراستەی نوێنەرانی (U.N) یان کردوون سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی هەرێم و دابەشکردنی خۆراک و دەرمان بەشێوەیەکی تایبەت و راستەوخۆ، لەرێی بەڕێوەبردنی

هەرێمـەوە و بەچاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکـان و، دابینکردنی بەشێک لەو «پارەیە» کـە بەشی کوردستانە بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی وڵات و، پەیداکردنی کەلوپەلی یەدەگ و ئامێری پێویستی وێستگەکـان و هێڵـەکـانی ئاو و کـارەبا و ئاوەدانکردنەوەو پێداویستیـە خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

٣. هەوڵی بەردەوام بدرێ بۆ لادانی ئابڵووقە ئابوورییەکانی سەر کوردستان.

٤. خـەباتی دیپلۆمـاسیی لەمـەڕ دیاریکردنی پێناسـەیەکی یاسـایی نێـودەوڵەتی دەرهەق بە کوردستـان و دانان بەمـافەکانی گـەلی کوردستـان بەروونی و راشکاویی وزامنکردنی ئەو مافانە لەعێراقێکی فیدراڵی دیموکراتییدا.

٥. پتـەوکـردنی پەیوەندیی لەگـەڵ وڵاتانی دەرەوە بەتایبـەتی ئەمـەریکاو ئەوروپا و وڵاتە ئیسلامییەکان و عەرەبییەکان و ئاگادار کردنەوەیان لە پێداویستییەکانی گەلی کوردستان لەیارمەتییە مرۆییەکان... و هاوکاری کردن و هەوڵدان بۆ مانەوەی رێکخراوە خێرخوازەکان لە کوردستـاندا و زیادکردنی جۆری یارمـەتییەکانی حکومـەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها پاراستن و هاریکاری کـردنی ئەو رێکخراوانەی کـە لە کـۆمـەکی گـەلی کـوردسـتـاندان بە ئەرکێکی سـەرەکی حکومەتی هەرێم دەزانین و بەپێویستی دەزانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە کارمەندانیان، چ میوان و چ هاووڵاتی، جێگەی رێزو تەقدیرمانن.

**سێیەم: یاسا، مافی مرۆڤ و ئازادییە دیموکراسییەکان**

١. چەسپـاندنی یاسا و لانەدان لێی و رێزگـرتن لە جیـاکـردنەوەی دەسـەڵاتەکـان و پاراسـتنی سەربەخۆیی دادوەریی لەهەموو جۆرە دەست تێوەردانێک.

٢. دابینکردنی مـافی ئازادی بیـروباوەڕی سیـاسیی، ئاییني، نەتەوایەتی، رۆژنـامـەگـەریی و فرەحزبی بەپێی یاسا.

٣. مسۆگـەرکردنی مافە فەرهەنگی و ئیدارییـەکانی برا تورکمان و ئاشووری و عـەرەبەکان لە کوردستاندا.

٤. رێزگرتنی مافی مـرۆڤ لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوان و رێزگـرتنی حورمـەتی ماڵ و مـوڵکی هاووڵاتیان و نەپشکنینیان بەبێ بریاری دادگا.

٥. هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستـیەکانی بەندیخانـەکان بەشێوەیەک کەماف و کەرامـەتی مرۆڤیان تێدا پارێزراو بێ.

٦. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو بنبرکردنی تاوان بەشێوەیەکی زانستیانەی هاوچەرخ.

**چوارەم: «ئیدارەو ئاسایشی هاووڵاتیان»**

ئەرکی هەرە گرنگیی ناوخۆی حکومەتی هەرێم دامەزراندنەوەی بەرێوەبردنەکانە لە هەموو شارو

شارۆچکەکانی کوردستاندا و دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی هاووڵاتیانە دوور لەتاوان و ترس و زۆر لێکردن و تەعەدا ومال داگیرکردن، بۆ ئەم مەبەستەیش حکومەتی هەرێم ئەم کارانەی خوارەوە بەپێویست دەزانێ:

١. ڕێکخستنەوەو بەگەڕخستنەوەی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بۆ چەسپاندنی یاساو نیزام و پشت بەستن بەکەسانی داوێن پاک و دەست پاک و لێهاتوو لەم بوارانەدا.

٢. کەڵک وەرگرتن لەو بەتوانا (کفاءات) و پسپۆڕانەی کە هەن بەپێی دامەزراندنی تازە.

٣. گەڕانەوەی هەموو بەرێوەبەرەکان و پڕکردنەوەی کەلێنەکان و دامەزراندنەوەی هەموو ناوچەکان.

٤. پاراستنی ماڵ و موڵک و گیانی هاووڵاتیان و دام و دەزگا حکومییەکان و کارگەکان و رێگا گرتن لە تاوان و خراپەکاریی و تیرۆرو، چاودێریی گومان لێکراوان.

سزایش بەپێی یاسا دەبێ، بەرامبەر بەوانەی لە یاسا لادەدەن، هەروەها لەناوبردنی سیخوڕیی و بەرەنگابوونەوەی هەموو کارێکی تێکدەر کە دژ بە هەرێم نەخشەی بۆ دەکێشرێ، یان دەکرێ.

٥. پاراستنی ئازادییە دیموکراتییەکان و مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی شێوازی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ململانێی شەخسی بەگشتیی و داکۆکی کردن لەسەر یاسای ئیجرائات لە هەموو دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ دەربازبوون لە حاڵەتی نائاسایی.

٦. داکۆکی کردن لەسەر جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای حزبەکان ژمارە «١٧»ی ساڵی ١٩٩٣ و یاسای سانديكاكان - ژمارە «١٨» ساڵی ١٩٩٣.

٧. کارکردن بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی لە رێگای جێبەجێ کردنی یاسای چەک ژمارە «١٦» ساڵی «١٩٩٣».

٨. رێکخستنی هاتنە ژوورەوەو سەفەری بیانییەکان و کاروباری ئیقامەیان بەپێی یاسا.

**پێنجەم: «پێشمەرگە»**

١. بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدامەزراندن و پەرەپێدانی دەزگاکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ رێکخستن و یەکخستنی هەموو پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی رێکوپێکی هاوچەرخانە «نظامي عصري» لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتدا بەبێ جیاوازیی، بەشێوەیەک کە بتوانێ دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان بپارێزێ.

٢. کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیریی و هۆشیاریی و زانستیی سەربازی پێشمەرگە بەو شێوەیەی کە سەربردنە بەری «ولاء و طاعـة»تی تەنها بۆ گەل و نیشتمان و دەزگا

دیموکراسییەکانی بێ.

٣ـ ڕێکخستنەوەی دەزگای شەهیدان و دیاریکردنی مووچەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بۆ خێزانەکانیان.

**شەشەم: ئابووریی کوردستان**

١ـ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای پلان دانان و دانانی پلانی پەیڕەوکردنی بنەماکانی «بازاڕی ئازاد» بە چاودێریی مەرکەزیی کورت خایەن و درێژ خایەن بۆ چەسپاندنی باری ئابووریی کوردستان.

٢ـ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هەموو داهاتەکان کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بخرێنە بانکەکان، بەگومرگ و باج و داهاتی دیکەی هەموو وەزارەتەکانەوە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو داهاتە وەک پێویست و بەر لە هەموو کارێک مووچەی فەرمانبەران بدرێ و پێویستی ڕۆژانەی وەزارەتەکان و، بەڕێوەبردنەکان و، فەرمانگەکان دابین بکرێ.

٣ـ دەستنیشان کردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ پێداویستیە دراویەکانی دیکە، تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٦. هەر چەندە کاتەکەی زۆر نەماوە، بەڵام وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهاوکاری لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی دیکەدا هەوڵی جیددی بۆ ئەم مەبەستە دەدەن.

٤ـ ڕێکخستنەوەی باجەکانی داهات و خانووبەرە «ضريبة الدخل و العقار».

٥ـ یەکخستن و ڕێکخستنی گشت رسومات و باجەکان و، بەگەڕخستنەوەی بەشی چاودێریی و پشکنینی گومرگی و دەستنیشان کردنی فەرمانبەری زانا و شارەزا و دەست پاک بۆ ئەم مەبەستە.

٦ـ ڕێکخستن و نوێکردنەوەی گشت ڕێپێدان «اجازات» و وەکالەتەکان و سەرافەکان و ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی دەرەوەو لە ڕێگای دانانی ڕێنمایی نوێ بۆ مۆڵەت پێدانی هاوردە و ترانزێت و ڕێگا گرتن لە قاچاغ.

٧ـ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ (UN) بۆ جێبەجێ کردنی بریاری (٩٨٦).

٨ـ پاشەکەوت کردن لە خەرجی خودی حکومەت، وەزارات و بەڕیوەبەرایەتییەکان، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ باری ئەمڕۆی کوردستاندا.

٩ـ بایەخدان بە بانکەکان و دروست کردن و گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوەدا.

**حەوتەم: باری کشتوکاڵی**

١ـ هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی (الأمن الغذائي).

٢ـ چارەسەری یاسایی و عادیلانەی کێشەی زەوی و ئاو و بایەخدان بەچارەسەری گرفتەکانی

جوتیار وموڵکدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی ورێگا گرتن لە دەست تێوەردانی ناوچەیی و تێکدەر لەم رێگایانەوەو هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی یاسایەکی گشتی بۆ کێشەی زەوی و زار کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین بکا.

٣- بایەخدان بەگەڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکانی خۆیان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی تۆو پەینی کیمیاوی و کەرەسەی بەرهەمهێنان بەنرخی گونجاو.

٤- بایەخدان بەدارستان و دارچاندن و زیندوو کردنەوەی دارستانە سروشتییەکانی کوردستان.

٥- بایەخدان بە پێویستیەکانی نەهێشتنی نەخۆشی و دەردە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان و چاککردنەوەی بەروبووم.

٧- خستنەوە گەڕی پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و دەواجنەکان.

٨- بایەخدان بەشێوەی جێبەجێ کردنی بڕیاری (٩٨٦) بەشێوەیەک کە زیان لە جوتیارو ئابووریی جوتیار لە کوردستاندا نەکەوێ.

**هەشتەم: باری پیشەسازیی و وزە**

١- دانانی پلان و پرۆژەی کورت و درێژخایەن لە بواری پیشەسازیی و کارەبا و دەرهێنانی نەوت و کانزاکان.

٢- بەگەڕخستنەوەو چاککردنەوەو گەشەپێدانی کارگەکانی «چیمەنتۆ، جگەرە، چنین... هتد» و پەیداکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و هاندانی فرۆشتنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆماڵی لە دەرەوەی هەرێم.

٣- چاودێریی سازدان و پاکژکردن و بازرگانیی تووتن.

٤- بایەخدان بە کردنەوەی پرۆژەی نوێ و رێگا خۆشکردن بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی «القطاع الخاص» و ئاسانکردنی کاروباریان، هەروەها هاندان و رێگادانی ئیستثماراتی پیشەسازیی لە هەرێمدا وکارکردن لە پێناو راکێشانی سەرمایە بۆ ناو هەرێم.

٥- پاراستنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و هاندانی پیشەسازیی (حیرفي) دەستکرد.

٦- بەگەڕخستنەوەو کەڵک وەرگرتن لە کانە بەردەکان «المقالع» و کانزاکان و بیرە نەوتەکان وکانگاکانی پەیداکردنی وزە.

٧- چاککردنەوەو بایەخدان بە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و هەوڵدانی راستەقینە وبێ وچان بۆ رێگا گرتن لە دزینەوەی ئامرازەکان و بەردەوامبوون لە بەگەڕخستنەوەی وێستگەی کارەبای دوکان.

٨- چاککردنەوەو پەرەپێدانی تۆڕەکانی کارەبا و تەواوکردن و بەیەک گەیاندنی تۆڕەکانی سلێمانی و کەرکووک و دهۆک بەیەکتری.

٩- ئامۆژگاری و هاندانی هاوولاتیان بۆ پاشەکەوت کردن لە بەکارهێنانی وزەی کارەبا.
١٠- دروستکردنی هێڵی کارەبای تایبەت بە پرۆژەکانی ئاو و خەستەخانەکان و دەزگا گرنگەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی بۆ ئەوەی کارەبایان بەردەوام بێ.

**نۆیەم: یارمەتی مرۆڤایەتیی و هاوکاریی:**

١- بنیات نانەوە و پێشخستن و بەگەڕخستنەوەی نووسینگەکانی«مکاتب»ی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی ولات و کردنەوەی نووسینگەی نوێ لە ولاتانی گرنگ و پێویست.
٢- پەیوەندیی کردن لەگەڵ رێکخراوە مرۆییەکان و سیاسییەکان و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانیی.
٣- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پشتگیریی دارایی و مەعنەویی و سیاسیی بۆ هەرێم و گەلی کوردستان.
٤- رێکخستن و بەشداریکردن لە کۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوە جیهانییەکاندا.
٥- پتەوکردنی هاریکاریی «تنسیق» لەنێوان رێکخراوە جیهانییەکان و ئەنجوومەنی وەزیراندا.
٦- هەوڵدان بۆ پەیداکردنی کورسی خوێندن لەولاتانی دۆستدا.
٧- رێکخستن و پەیوەندیی لەگەڵ جالییەی کوردی و رێکخراوەکانیان لە دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی هاوکاریی کردن.
٨- رێکخستنی هاتووچۆ بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و بایەخدان بە خاڵە سنوورییەکان.
٩- دارشتنی یاسایەک بۆ رێکخراوە مرۆییەکانی ناوخۆ و رێکخستنی کاروباری رێکخراوە جیهانییەکان.

**دەیەم: «ئاوەدانکردنەوە»**

١- دانانی پلانێکی گشتی بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان لە بوارەکانی دروست کردنەوەی شارو لادێ وێرانەکان و رێگا و بان و ئاو و بنکە خزمەتگوزارییەکان لەسەر بناغەی سیاسەتێکی دادپەروەرانە و رەچاو کردنی گرنگیی و باری خەباتی هەر ناوچەیەک و رادەی هەژارییان و دانانی سەرەتایەک بەپێی خاڵەکان بۆ دەستنیشان کردنی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانە.
٢- هاوکاریی کردن لەگەڵ رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییە جیهانییەکان بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە.
٣- بەکارهێنانی تێکڕای تواناکانی (کادیر) و ئامێرەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوەدانکردنەوەو بۆ هێنانەدی گەورەترین و چاکترین بەرهەم بەکەمترین تێچوون(کلفة).
٤- دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو بۆ بەکارهێنانی کەلوپەلی خۆماڵی لە جیاتی کەلوپەلی

دەرەوەی ولاّت لەکاری دروستکردنی خانوو و ڕێگاو بان و بەشداری کردنی هاوولاّتیان لە کاری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێداندا و بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاریی و پشت بەخۆبەستن.

٥- چارەسەرکردنی نیشتەجێکردنی ئەو پەنابەرانەی کە لە ولاّتانی دراوسێ ماون و دەگەڕێنەوە کوردستان ونیشتەجێ کردنیان و هاوکاریی کردن لەگەڵ لایەنە حکومی و ڕێکخراوە مرۆییە جیهانییەکاندا بۆ دابینکردنی ژیانی ئەو خێزانانەی دەگەڕێنەوە گوندەکانیان.

٦- بایەخدان بە پلەی یەکەم بە ناوچە ئەنفال کراوەکان و کیمیاباران کراوەکان و ناوچەکانی بارزان.

٧- چاککرنەوە و دروستکردنی ڕێگاو بان و پڕۆژەکان بەپێی مواسەفاتی تەکنیکی (فني).

٨- چاککرنەوەو بەگەڕخستنی ئامێرو ئامرازو کارگەکانی ڕێگاو بان و قیرو ئامادەکردنیان بۆ بەکارهێنان لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکاندا.

**یازدەیەم: پەروەردەو خوێندنی باڵا**

لێرەدا پێویستە سەری ڕێزو نەوازش بۆ هەموو مامۆستایانی کوردستان دابنەوێنین کە زۆربەی هەرە زۆریان بەوپەڕی گیانی لەخۆبووردنەوەو لە بارودۆخێکی نەفسی و ئابووریی زۆر سەخت و ناهەموار پرۆسیسی خوێندن و خوێندنی بالایان لە کوردستاندا ڕاگرتووە. مامۆستایانی کوردستان شاهیدێکی زیندوون بۆ بەرگری کردن و خۆڕاگری و هەستی بەرزی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەگەل و نیشتمان و نەوەکانی دوا ڕۆژ. لەم بوارەدا، «پەروەردە و خوێندنی باڵا» خاڵە گرنگەکانی بەرنامەمانە بەم شێوەیە:

١- بایەخدان بە مامۆستا و ڕێزگرتنیان و دابینکردنی مووچەیان بەڕێکوپێکی و لە هەمان کاتدا بەرزکردنەوەی پلەی ڕۆشنبیریی و زانستییان بەکردنەوەی خولی تایبەت و پسپۆڕیی و پەیداکردنی کورسی خوێندن بۆیان و چاککردنەوەو بەسەرکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی قوتابخانەکان بەگشتی.

٢- پێداچوونەوەی بەرنامەی خوێندن لە کوردستانداو دانانی سیاسەتێکی پەروەردەیی ڕاست و دروستی گونجاو لەگەڵ ماف و خواستەکانی میللەتەکەماندا و بایەخدان بە ئامرازەکانی فێرکردن «وسائل التعليم» و دابینکردنی پێداویستییەکانی چاپخانەی پەروەردە.

٣- گرنگیی دان بەزمانی کوردی لە خوێندندا و ڕێدان و چەسپاندنی خوێندنی زمانی تورکمانی و کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان.

٤- بایەخدان بە هونەرو وەرزش لە قوتابخانەکاندا.

٥- بەگەڕخستنەوەو گەشەپێدانی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاو کارکردن بەپێی یاسا و دەرنەچوون لێی و قەڵاچۆکردنی لادانەکان لەم بارەیەوە.

٦ـ بایەخدانی تایبەت بە زانکۆکانی سەلاحەدین ـ هەولێر ـ و سلێمانی و دهۆک و دابینکردنی پێداویستییەکانی پەرەپێدان و سەرکەوتنیان بەپێی توانا.
٧ـ هەوڵدان بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان زانکۆکانمان و زانکۆکانی دەرەوە لەپێناو پەرەپێدانی زانست و زانیاریی.
٨ـ هاندان و پەرەپێدانی دیراساتی بەرز وەک ماجستێر و دکتۆراە و هەوڵدان بۆ کردنەوەی بەشی نوێ وپێویست و پتەوکردنی پەیوەندیی زانکۆ و کۆمەڵگا و بایەخدان بە توێژینەوەی زانستی «البحث العلمي».
٩ـ هەوڵدان بۆ چاککردن و کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی زانکۆکان و پەیمانگاکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا.
١٠ـ بایەخدان بە پەیمانگاکانمان و کردنەوەی بەشی نوێی پێویست و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

**دوانزدەیەم: «باری رۆشنبیریی»**

١ـ رێکخستنی دەزگاکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ لە کوردستاندا بەپێی یاساو هەوڵدان بۆ ئەوەی پەخشی تایبەتی و سەربەخۆی رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکا.
٢ـ گەشەپێدان و بەرەوپێشەوە بردن و پشتگیریی کردنی بزووتنەوەی رۆشنبیریی و هونەریی و وەرزشیی بەشێوەیەکی گشتی و گەشەپێدانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی ئێستا وەزارەتی رۆشنبیریی دەریان دەکا و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە.
٣ـ گەشەپێدانی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.
٤ـ هەوڵ و کۆششی بەردەوام لەپێناوی پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و چاپکردنی دەلیل و ناساندنی رووی شارستانیەتی گەلەکەمان بە جیهان و سزای توندی ئەو کەسانە بدرێ کە کەلتووری کوردستان ئاودیو دەکەن و مێژوومان بزر دەکەن.
٥ـ هەوڵدان بۆ دروستکردن و زیندو کردنەوەو بەگەڕخستنی بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە کوردستاندا.
٦ـ سازدانی ڤیستیڤاڵ و ئەڵقەی دراسی و پێشبڕکێی هەمەجۆری ئەدەبیی و پشتگیریی کردن و هاندانی گیانی وەرزشیی و وەرزشکاریی.

**سیازدەیەم: شارەوانیی و گەشتوگوزار**

١ـ دامەزراندنەوەی شارەوانییەکان بەپێی پلانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.
٢ـ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو دروستکردن و چاککردنەوەی ئاوەڕۆکان بەپێی پێویست و ئەو پلانانەی کە دانراون لەگەڵ رەچاوکردنی گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و

تەندروستیی و سروشتیی.

٣- چاککردنەوەو قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوشارو شارۆچکەکان بەپێی تواناو دروست کردنی باخ و باخچەی گشتی و چاندنی درەخت بەبەردەوامیی بەشێوەیەک کە شارەکانمان خاوێن ترو جوانتر و گەشتربکا.

٤- رێکخستنی نەخشە سەرەکییەکانی شارەکان و شوێنەکان و ئیفراز و گۆڕینەوەو بەمولک کردنی زەوی نیشتەجێ کردن وبازرگانیی وکشتوکاڵیی و پیشەسازیی.

٥- بایەخدان بە دەزگاکانی گەشت و گوزار و بەکارهێنانیان و پەرەپێدانیان.

**چواردەیەم: «لەرووی گواستنەوەو گەیاندن»**

١- گەشەپێدانی هێڵ و بەدالەکانی تەلەفۆن.

٢- رێکخستنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزاریی هاتووچۆ لەناو هەرێمدا.

٣- دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کەشناسیی «کەش و هەوا».

٤- بایەخدان بە پۆستەو رێکخستنی پۆستەو تەلەفۆن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە.

**پانزدەیەم: «تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتیی»**

١- بایەخدان بە پاراستنی تەندروستیی و کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشییە درمییەکان.

٢- بایەخدان بەعیادە میللییەکان و پەیڕەوی دابین کردنی تەندروستیی.

٣- بەردەوامبوون لە پەیداکردنی داو دەرمان و چاودێریی کردنی نەخۆشخانە و دەرمانخانە ئەهلییەکان و قەڵاچۆکردنی فرۆشتنی داو دەرمان بەبەرەڵڵایی.

٤- بایەخدان بە ئافرەت بەگشتی و بەدایک و منداڵ بەتایبەتی.

٥- بایەخدان بە خانەکانی حکومی بۆ پەککەوتەو بە ساڵا چووەکان و نەوجەوانان و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیان و پۆشاک و پێداویستییەکانی خوێندن و فێرکردن.

٦- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کۆسپەکانی بەر «یاسای کار».

**شانزدەیەم: کاروباری ئایینی**

١- بایەخدان بە مزگەوت و قوتابخانەو شوێنەوارە ئایینیەکان و رێزگرتن لە زانایانی ئایینی.

٢- پارێزگاری کردنی جێگاو شوێنەوارە ئایینیەکان و بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی رێکوپێک.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ میللەتانی ئیسلامی و ئامادەبوونی کۆنگرەکان بەپێی تواناو پێویست.

٤- رێزگرتن لەگشت ئایین و بیروباوەڕێکی ئاینی لە کوردستاندا.

بەڕێزان: ئەمە بوو بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێم، بەڵام رێگام پێبدەن ئاماژە بەوە بدەم کە

سەرباری ئەو هەموو رووداوەو ئەم بارە ئاڵۆزەوە، جۆرە گەشبینیەک لەناو ریزەکانی میللەتدا هەیە. حکومەتی هەرێم هیوادارە کارێکی وابکا جێگەی باوەڕو متمانەی زیادی میللەت بێ و ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو گەشبینییە لەجێی خۆیەتی.

زۆر مەبەستمانە داکۆکی بکەین لەسەر دەست گرتن و پابەندبوون بەهەموو ئیجابیاتی میللەتەکەمان و سەر بەرزیی بە مێژووی خەبات و رێزگرتن لەپیاوە گەورەکانمان و بەزیندو هێشتنەوەی یادیان، گەڕانەوەی لاوانمان بۆ خوو رەوەشتی کوردایەتی راستەقینە. گەڕان بەدوای پیاوی پاک وپشت بەستن بەپاکیی لەکاروباری بەڕێوەبردن و حکومیدا و بەگژاچوونی دیاردەی رەشوەت و درۆ و فرت و فێڵ و بەدواداچوون و چاودێریی کردن و سزادانی کەم تەرخەمەکان و لادەران. ئێمە سوورین لەسەر سیاسەتی ئاشکرا و راست و دروست و نەشاردنەوەی راستییەکان لە جەماوەر.

ئەم حکومەتە حکومەتی حزبایەتی تەسک نییە، ئەم حکومەتە ململانێی لەناودا نییە «کەس کۆسپ ناخاتە رێگای ئەوی تر» هەموو تواناکانمان لەپێناوی ئەوەدا دەبێ کە رەوشتی جەماوەر و گەلەکەمان چاکتر بکەین. سەرکەوتنی هەر وەزیرێک سەرکەوتنی هەمووما نە. لە باری ئەمڕۆدا پێویستمان بەکاری هەموو کارمەندو رۆڵەیەکی بەتوانای ئەم گەلەیە. جێگە بۆ هەموو کەسێکی زاناو پسپۆر کراوەتەوە، سەنگی مەحەک تەنها لێهاتوویی و پاکیی ورژد بوونە لە کارکردندا.

بەڕێزان بەهیوای پەسەندکردنی بەرنامەکەمان لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی گوێگرتن وگرنگیی پێدانتان دەکەم و هەر بژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین. ئەوەی کە پێشکەشی کرد بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەرنامەی کابینەی سێیەم بوو. ئێستاش دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە لەسەر ئەو بەرنامەیە، تکامان وایە کە ئاگاتان لەکاتیش بێ. ناوەکان ئەخوێنینەوە ئەوەی کە ناونووس کراون قسە ئەکەن، ئەوەی کە ناویشی نەهاتووە دوایی ئەتوانێ ناوی بنووسێ، کاک سیروان بابفەرمووێ.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەبارەی کشتوکاڵەوە لە بڕگەی(٣)دا هاتووە رێگەدان بەگەڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکان جا ئەم کارە زەمینەی ئەوێ بۆی خۆشکرێ، بەڕاستی من ئەگەڕێمەوە بۆ دووشتی بنەڕەتی: لەسەرەتاوە لەهەموو جیهاندا کۆچکردن لەلادێ وە بۆ ناوشار هەیە، بەڵام ئەبێ کارێکی وا بکرێ کە ئەو خەڵکە چۆن ئەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان؟ ئەبێ لێرەوە دەست بۆ ئەوە درێژکەین، دووشتی گرنگ لە کوردستان دروست بوو ئەوە لەڕاستیدا هانی ئەو خەڵکەی دا کەوا زیاتر روو

لەشارەكان بكەن. دوو نەخشەی بنەڕەتیی فراوان كردنی شاری هەولێر وسلێمانی كارێكی وای كرد، كەوا خەڵكەكە لەئۆردوگا زۆرە ملێیەكانی نزیك شارەكاندا كۆبوونەتەوەو یەكسەر رووبكەنە سەر ئەو دووشارانە. جاچ كارێ بكرێ بۆ ئەوەی كە ئەو خەڵكانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ئەوە زۆر گرنگە ئەبوایە لەسەرەتاوە چارە بكرایە. من لێرەدا پێشنیارێ ئەكەم بۆ جەنابی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران، هەوڵێكی وا بدرێت كەوا نەخشەی بنەڕەتیی فراوان كردنی قەزاو ناحیەكان دەست پێ بكرێت و چالاكی ئەو دوو نەخشەیە لێرە راگرێت، مەبەست ئەوە نییە كەوا ئێمە لێرە لەتوانای ئەو كادیر وپسپۆڕ وئەندازیارانەی كەوا هیلاك بوون لەو پرۆژەیە كەم كەینەوە یان رێز لەوان نەگرین، لەڕاستیدا ئەوە كارێكە كە زیاتر قورسایی لەسەر ئەو خەڵكەی لەناو شارەكانن دروست بێ وزەوییەكان لەوانەیە بە دادپەروەرانە نەدرێ بەخەڵك. لەوانەیە بەخەڵكێ بدرێ كە دوێنێ لە لادێوە هاتووە یان لە ئۆردوگاكانەوە جا ئەمە بەڕاستی كارێكی وابكرێت شتێكی چاكەو لەوانەیە خەڵكەكە بتوانن سوودی لێ وەرگرن وبتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان. ئەوە یەكێكە لەو حاڵەتانە. حاڵەتێكی تریش هەیە سەبارەت بە لادێكانەوە، لادێی واهەیە لەپێش رەوكردنیان بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێ لەوانەیە سەرجەمی ماڵەكانیان(٥٠)ماڵ بوو بێ ئێستا بووە بە(١٠٠)ماڵ، كە ئەگەڕێتەوە، شوێن نییە خانوی خۆی تێدا دروستكات لەبەر ئەوەی دەورو بەری دێكە هەمووی بووە بە زەوی كشتوكاڵی، لەوانەیە دێیەكەی جێگەی ئۆتۆمبیلێكی نەبێ لێی بچێتە ناوی. لەوانەیە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی وەزارەتی كشتوكاڵ وشارەوانییەكان وئاوەدانكردنەوەو ئەولایەنانە بێ، جا لەڕاستیدا زۆر شت هەیە باس بكرێن لە بەرئەوەی جەنابت دەستنیشانی كاتەكەت كرد من ئەوەندەم توانی بەدرێژی بچمە ناو باسەكەوە، با كارێكی وابكرێت كەوا رەنگ رێژی قەزاو ناحیەكان بكرێ. گەر رەنگ رێژی قەزاكان بكرێ لەوانەیە نزیك ئەبێ لە ناحیەكەوە، ناحیەكەش تەبیعی نزیكە لەدێیەكەوە، بەڵام تۆ لێرەدا رەنگ رێژی گەورەت كردووە، خەڵك ئامادەنییە بڕواتەوە لادێ جارێكی تر كە ئیش وكار لەوێ بكات، ئەگەر شارێكی وەكو هەولێر وسلێمانی دەست كەوێت، بەڕاستی ئەوە ئەبێت بەهۆی هاندانی خەڵكەكەوە بێ. ئەو پێشنیارە ئەكەم كە ئەوە رابگیرێت سەبارەت بەو دوو نەخشە بنەڕەتییە، جا ئیتر چی كراوە چی نەكراوە هەتا ئەتوانێ لایان بدات؟ چونكە ئەمە بەرژەوەندی میللەتی كوردی تێدایە، بەڕاستی بەبێ دادی زەوییەكان دابەش كراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

جا یەك یەك وەڵام ئەدەنەوە یان هەمووی؟

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاوەیس/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕای من هەموو پرسیارەكان بپرسن بابرا وەزیرەكانیش فكرەیەكیان هەبێ. من بەپێی توانای

خـۆم هەوڵ ئـەدەم وەڵام بدەمـەوەو بـەڕای من ئەگـەر کـرا برا وەزیرەکـانیش هەریەکـە ڕای خـۆیان بەرامبەر بەو بابەتە دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەو کـارنامـەیەی کە جەنابی سەرۆک وەزیران پێشکەشی کرد توانیـویەتی گـشت لایەنەکـان بگرێتـەوە وگـەیشـتۆتە ئاستی خواستی ئێمـە، بەڵام هەندێ پرسـیارمـان هەیە لە هەندێ بواری تایبـەتیـدا، بەتایبـەت لەبارەی خـوێندنی باڵا کـە هەندێ لا پێـویست ترە گـرنگیی پێ بدرێت بەتایبەتی کە لەکابینەی یەکەمدا کە لێرەدا بڕیاری دا، لەسەر ئەوەی کە هەندێ کۆلیژ هەیە کە بەپێی ئەم بارودۆخـە زیاتر گـرنگیی پێ بدرێت، پێـداویسـتی زیاترە واتە پێـویست ترەو لە پێشترە، لەوانە وەکو کۆلیژی هونەرە جوانەکان کە بڕیاربوو، وەیا ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکان کە بکرێتەوە، بەتایبەت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا (٣)پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەنە کە قوتابیەکان پلەی دبلۆم وەرئەگرن لە هونەردا کە خوێندن(٥)ساڵە تێیدا، لە دهۆک و لە هەولێر ولە سلێمانی، واتە پێویستییەکی زۆر هەیە بەوەی کە خوێندنی باڵا تەواو بکەن، جگە لە ئارەزوومەند لە قۆناغەکانی تری خوێندنی باڵا کە بەهیـوای ئەوەن بگەنە ئەم ئامـانجە. لایەنی دووەم ڕاگەیاندن کەپێویست بوو بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلیژی پەروەردەدا وەک بـەشێک بکرێتەوە، گرنگیی پێ بدرێت و کۆلێژی پەروەردەش لەبەشی وەرزش کە بەشێکی گرنگەو ئێمە ئەمانەوێ گـرنگیی بەباری وەرزش بدرێت چونکە ئەو لایەنانە کـەلایەنە بزوێن ولایەنە هەرە جـوانەکـانی ژیانن، گـرنگیـان پێ بدرێت ئەویش وابزانم گـرنگیـیـەکی ئەو تۆی پێ نەدراوە وەک لە ئاسـتی لایەنە زانستییەکەوە. بۆیە پێویست دەکات دەستگیرۆیی بکرێ وپشتگیریی بکرێت وبرەوی پێ بدرێ وبەتایبەتی لە خوێندنی باڵادا ئەوسێ لایەنە وەک سەرنجێک لەبارەی ڕۆشنبیریی وەزارەتی ڕۆشنبـیرییەوە وەک ئاگـادارین کە چەن ساڵێکە مەنتقـێکی باو بووە ودژبووە بەهەمـوو ئەوانەی کە، وەکو زانست بدرێتە باری زیاتر، لەلایەنی ئەو دووشتەو ئەودوو سیستەمە ئابوورییە کە بێنە پێشـەوەو کـەش وهەوایەکی ئەوتۆ بگونجێنێت بتـوانرێ مـرۆڤ گـوێ بە بارودۆخی ڕۆشنبـیـریی بدات، ئەبێ گرنگیی بە بودجەی بدرێ. بودجەکەی کە بەتایبـەتی سەیرمان کردووە وەکو ئەوەی کە بەر کـولێ بوو پێشـەکی بۆ سەردەمی ئەوچەن مـانگە کەم بوو، لەئاستی ئەو کـارەی کە وەزارەتی ڕۆشنبـیریی دەیەوێ پێی هەڵسێ چونکە ڕۆشنبیریی بەلای ئێمـەوە سازێژکەری زۆر لایەنی ترە، چ ئەوەیە بینا ئەکـاو چ ئەوەیە سـازێژ ئەکـاو چ ئەوەیە ئەندازەیە، ئەندازیارییـە بۆ ژیـانی نـوێی نەتەوەکەمان، لەبەر ئەوە ئەو دوولایەنە زۆر مەبەستە، سوپاس .

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار، فەرموو کاک عەبدولخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووسێ تێبینیم هەیە، جارێ تێبینی گشتیم هەیە لەسەر ئەم بەرنامەیە، رام وایە ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی باشە ئەبێ زیاتر پێ دابگیرێ لەسەر ئەو شتانەی پەیوەندیدارن بەگرفتەکانی میللەتەوە، نۆرە بڕی بۆ ئەوانەی پێشەوە بکرێ لەبەشی یەکەم کە وەک پێشەکییەک لەسەر ئەو بابەتە ئەویش دابین کردنی نان بۆ ژیانی خەڵکی و، هەروەها ئەو گرانیەی کە لەم وڵاتەدا هەیە کە هیچ ناگونجێ لەگەڵ بەڕێوەچوونی میللەتەکەدا، یەکێ لەوشتانەی کە زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم کابینەی (٣)گرنگی پێ بدا ئەوەیە رێزگرتن وئاسایش و مافەکانی هاووڵاتیانە وئەوەش ئەبێ لەبەشی یەکەم دا بەروونی باس بکرێ لەبەر ئەوەی بەتایبەتی ئەو ماوەیە یاسابەزاندنێکی زۆر لە کوردستان بووە وکەم کردنەوەش هەیە لەئازادی ودیموکراتی لە کوردستاندا، هەروەها باشە رێزی دادوەریی(قضاء)بگیرێ ودەست تێوەردان نەکرێ لە ئیشوکاری، کە ئێستا بووە بە دیاردەیەکی گشتی نا هەر لەم ماوەیە، بەڵکو لەماوەی رابردووشدا. پێویستە گرنگیی بدرێ بە دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی راپەڕاندن ویاسادانان ودادوەریی کە لەو شتانەن کە زۆر گرنگن بنە ئیشی بنەڕەتیی ومن داوا دەکەم مەسەلەی دابین کردنی مووچە بۆ فەرمانبەران وکرێکارەکان بکرێ، هەروەها دابین کردنی مووچەی مانگی (٨،٧)ئەوە سەری ساڵیش تەواو بوو هەتا ئێستا دابەش نەکراوە ئەبێ بەزووترین کات سەرەتای سەری ساڵ دابەش بکرێت، هەروەها دەبێ چاومان لە خانەنشینەکان بێ کە بەشێکی زۆری کۆمەڵن، راستە لەو ماوەیەی دواییدا دوو مانگیان پێ داون بەڵام(١٦)مانگیشیان ماوە ئەوان ئێستا لە گشت کەسێ دیکە وەزعیان خراپترە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەروەها سەبارەت بە خێزانی شەهیدو سەقەتیش سەبارەت بە ئێمەوە یەکێ لەو شتانەی کە پیویستەو هاتووشە لە بەرنامەکەدا بەڵام پێویست بوو لە بەشی یەکەم بهاتبایە. مەسەلەی کارەبا وئاو هەتا کەی بارمان وابێ؟ هەروەها سەبارەت بە دەرمانی خەستەخانەکان. سەبارەت بە فێرکردن وخوێندنیشەوە ئەبێ گرنگییەکی تایبەتیان پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەبێ ئەو مەسەلەیە ئاگاداری بکرێ هەتاکو مەسەلەی فێرکردنی نەتەوەکانی تریش لە کوردستاندا بەتایبەتی ئاشوورییەکان وتورکمانەکان، یەکێ لەو شتانەی کەزۆر بەپێویستی دەزانم کە ئەبێ حکومەت یاساکانی پەرلەمان ئەنجام بدات، هەروەها حکومەتیش ئەبێ بوار بدات کە لەناو پەرلەماندا بەراستی وتوێژ و تۆژینەوە بکرێت. یەکێ لەوشتانەی کە نەهاتووە لە بەشی یەکەم ولە پێشەکیشدا نییە بەڕای من کۆتایی پێهێنانی ئەو رەوشە تایبەتییەیە کە لە کوردستاندا هەیە. ئێستا لەڕاستیدا کوردستان دوو دابڕە وئێمە چۆن چارەسەری ئەو گرفتە بکەین وچۆن ئەبێ ئەو حکومەتە هەوڵ بدات هەنگاو بە هەنگاو ئەو دیاردەیە لە کوردستاندا چارەسەر بکات؟ ئەو بابەتانە پێویستن لە تێکڕای بەرنامەکە. سەبارەت بە بەشی یەکەم لە بەرنامەکە هەست دەکەم کەگیانی حزبایەتی بەسەردا سەپاوە بەتایبەتی گیانی پارتی، سەبارەت

به خۆمەوە وا زەن دەبەم ئەم حکومەتە حکومەتێکی ئیئتلافی هەمەلایەنە دەبێ هەموو حزبەکان لەبەرچاو بگیرێن.
بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەو بەربەرەکانییەی کە هەیە خۆی لەسەر دەسەلات بوو، خۆی لەسەر سەرۆکایەتی و لەسەر داهاتە و بەرای من دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە تەنیا لایەنێک بەرپرسیار نییە، گشتمان بەرپرسیارین لەسەر ئەو رەوشەی کە هێمای بۆکرا کە رووداوەکان زیاتر لە رووداوی (١٧)ی مانگەوە دەستی پێ کردووە، بەرای من وا باشە کە هێما بۆ ئەوە بکرێ کە رووداوێکی گەورە لەکوردستاندا روویداوە کە ئەویش رووداوی (٨/٢١) هاتنی هێزەکانی عێراق بوون و، هەروەها گیانی لێبوردەیی لە ناو ئەو بەرنامەیەدا نابینم کە کاتێک پێویستە حکومەت زۆر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی رزگارمان بێ لەو نەخۆشییەی هاتە ناو کۆمەڵی کوردستان. گیانی لێبوردن و برایەتیی ئەبێ بگەرێتەوە و هەروەها هەوڵ بدەین هەرچەندە لە پێشدا جەختیش کراوە و لە فەرمانگەکاندا مەسەلەی خۆسەپاندنی یەک حزب لەناو کوردستان یان لە دونیاداکە هیچ باوی نەماوە ئەو دیاردەیە لەناو ئێمەدا نەبێ، پێم خۆشە لە بەشی یەکەم دا دەستنیشان کردنێکی زۆر روون هەبێ کە بەلاوەنانی دەست تێوەردانی حزبایەتی وخۆخستنە ژێر باڵی حزبەکان کاری دەزگاکانماندا کە ئێستا دیاردەیەکە زۆر بلاوبۆتەوە هەتا گەیشتە بواری فێرکردن و کۆلیژەکانیش. ئەم دیاردەیە دەبێ زوو چارەسەر بکرێ و هەروەها دوورکردنەوەی ملیشیات بە هەر شێوەیەک بێت لە دەزگایەکانمان وەکو دەزگای فێرکردن.
سەبارەت بە بەشی دوو هەمیش ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی دەرەوە پێم خۆشە ئەو برگانە زیاد بکرێن کە شتی باشی تێدا هاتووە و ولاتانی ئیسلامی ناویان هاتووە، پێم باشە ولاتانی عەرەبیش و ولاتە دراوسێیەکانیشمان تیا باس بکرێن، پێم خۆشە لە پەیوەندییەکانی دەرەوەش لایەنەکانی حزبی لەو نووسینگایانەی کە لە دەرەوەی ولاتن دووربکرێنەوە کە لە حکومەتی رابوردووش دیاردەی حزبەکان دیاردەیەکی زۆر خراپ بوو. کەسانی بە توانا بۆ ئەو دەزگایانە و ئەو نووسینگانەی کە لە دەرەوەن لە پایتەختەکانی جیهان دەسنیشان بکرێن و کارمەندی بەتوانا دابندرێن. لە بەشی ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە یاساو مافی مرۆڤ و ئازادی دیموکراتی پێم خۆشە ئەو برگانە جەختیان لەسەر بکرێت. سەبارەت بە تورکمان و ئاشووری ئەبێ زۆر هەوڵ بدرێ گرنگیی تایبەتیان پێ بدرێ و مافی نەتەوایەتیان بپارێزرێت. هێما بکرێ بە بەر بەست کردنی بەعەرەب کردن لە کوردستان، هیچ هێمایەکی تێدا نییە کە پێویستە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بێنن ئێمە لە کۆتایی چەرخی بیستەمین و بەم بۆنەیەوە کە(٤٨)ساڵە بەسەر راگەیاندنی مافی گەردوونی مرۆڤدا تێپەریوە. سەبارەت بە بەشی چوارەم، پێم باشە هێمایەکی زۆر ئاشکرا بکرێ بۆ بابەتی بەرێوەبردن و ئاسایش کە کۆتاییەک دابنێن بۆ دیاردەی دزین وتالان و دزینی سەیارە و،نابێ بەندیخانەکانی حزبی بمێنن نە لەناو بارەگاکان و نە لەناو هەر بارەگایەکی حزبی، کە بەداخەوە چەند جەخت لەسەر ئەکەین و هەتا لە پەرلەمانیش چەند جارێک لێژنەش دەرچووە ئەو

دیاردەیە هەر بەردەوامە، ئەبێ سنوورێکی کۆتایی بۆ دابندرێت. لە بەشی پێنجەمدا بەڕای من ئەوە پەیوەندیی هەیە بە پێشمەرگەوە. دوور کردنەوەی دیاردەی حزبایەتی لەناو پێشمەرگەدا زۆر جار جەخت دەکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەو دیاردەیە بەردەوامە و دەورێکی زۆر خراپیشی هەیە. یەکێک لەوانەی تر کە لە مەسەلەی پێشمەرگایەتی کە راشکەیەنراوە ئەو رۆژە کە بیستم بەڕێز وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ وەزیری دارایی دانیشتبوون، مەسەلەی مووچەی پێشمەرگەکان دابین بکرێ، بە شێوەیەکی تەواو بۆ ئەوەی دووربن لە لادان و لەهەر شتێکی خراپ کە زۆر تەشەنەی کردووە لەناو ئەو چەکدارانەدا، بەڕای من وا باشە بەرپرسیاریەتی بدرێ لەسەر بنەڕەتی لێهاتویی نەک لەسەر بنەڕەتی حزبایەتی. یەکێک لەو شتانەی کە پێویستە وەزارەت لەسەرەخۆ ئیشی بۆ بکات ئەوەیە کە پێشمەرگایەتی یان مەسەلەی سوپایەکانمان ئەبێ لەسەر بنەڕتی (التجنید الاجباري) بێ نەک لەسەر بنەڕەتی حزبایەتی، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە و، ئەبێ ئیشی بۆ بکەین. سەبارەت بە بەشی شەشەمەوەش کە برگەکانی زۆر باشن، بەڕای من ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە ئابووریی کوردستانەوە، زیاد کردنی دوو سێ برگەی تریش هەیە وا باشە مەسەلەی چاودێریی و تۆژینەوە بە بەردەوامیی هەبێ لەو بوارانە، چونکە بەراستی شتێکی زۆر گرنکە دەستنیشان کردنی کەسانی باش ونەجیب و دڵسوز بکرێ بە تایبەتی بۆ گومرگەکان و بۆ ئەو شوێنانەی کە دارایی تیا کۆدەکرێتەوە، پێم باشە کە ئەوا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا هێواش هێواش ئیشی بۆ دەکرێت. لێژنەیەکی سانسووری دارایی سەرەکی دابندرێ و ئەویش دەورێکی کاریگەری هەبێ بۆ ئەوەی کەرووی خەرج کردن دیاری بکات و کەم بکرێتەوە. لە کاتێکدا میللەتەکەمان زۆر لە رەوشێکی خراپ دایە بە تایبەتی لە بواری کوشتوکاڵ کە بەشی حەوتەمە، دابەش کردنی زەوی و ئاو ئەبێ بە شێوەیەکی دەستنیشان کراو بێ ، دوور بێ لە حزبایەتی و دوور بێ لە خۆپێوەگرتن، ئەو دیاردەیە من ئەوە پێنج ساڵە چاودێریی دەکەم بەداخەوە زەوی کشتوکاڵی و هەروەها زەوی شارەوانییەکان لەسەر بناغەی زۆر خراپ دابەش دەکرێن لەناو کۆمەڵەکەمان دا بۆتە قسەو قسەڵۆکێکی زۆریش، وا باشە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان سەرقاڵ بن بەدانانی یاسایەکی تازە و باش بۆ کشتوکاڵ لە کوردستان دا بە تایبەتی چارەسەری کێشەکانی بکات. بەشی هەشتەم پیشەسازیی و وزە: بەڕای من ئەبێ پێ دابگیرێ لەسەر چارەکردنی مەسەلەی کارەبا و ئاوی پاک بەتایبەتی کە ئەمە گرنگییەکی زۆری لەلایەن دەزگاکانی خۆمانەوە پێ بدرێ و هەروەها چارەکردنی کێشەی کارەبای بیرەکانی ئاوەکانیش ئەبێ گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت و ئەگەر بکرێ نەبەسترێتەوە بەکارەبای گشتییەوە. بەشی نۆیەم: سەبارەت بە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتیی و هاوکاریی خاڵەکان زۆر باشن، بەڵام جارێکی تر جەخت دەکەم کە نووسینگەکانی دەرەوە لەسەر بناغەی حزبی نەبێ، لەسەر بناغەی لێهاتوویی بێ باشە. ئەگەر یاسایێکیش دابنرێ بۆ ئەو کوردە میوانانەی کە لە کوردستان هەمانن یان ئەو بیانیانەی لە کوردستانن و لەسەر ئەو بناغەیەش بێ کە ئەوانە رێزیان بگیرێ لێرانە، بەر لەهەر

لایەنێک بگیرێ کە دەرهەق بەوانە پێشێلکاری دەکات، کە بەردەوام لێیان دەکوژرێ و بەردەوام کارێکی زۆر هەڵە بەرامبەریان دەکرێ، باشە لەو برگەیەش با دەستنیشان بکرێ کە ئێمە هەڵوێستمان هەبێت لە دەست تێوەردانی ناوچەیی کە بە بەردەوامی پێشێلکاری لەسەر سنوورمان دەکرێ وسنوورێکیان بۆ دابندرێت.
سەبارەت بە بەشی دەیەمیش، ئاوەدانکردنەوە، شتێکی زۆر باشە بەڵام خاڵی شەشەم بەپەرۆشەوە تێبینیم لەسەر هەیە، ئەویش کە ئەو شوێنانەی کیمیاباران کراون و ئەنفال کراون پێویستی نەبوو هێما بکرێ بۆ ناوچەی بارزان لەگەڵ ئەوەی کە ڕێزێکی تایبەتیم بۆ ناوچەی بارزان هەیە، ناوچەی بارزان لە سەردەمی مەلەکیشەوە هەر زوڵمی لێ کراوە، بەڵام مەسەلەی دووبارە کردنەوەی ناوهێنانی دێیەکان و ئەوە هەموو کوردستان دەگرێتەوە بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان، باشە کۆڕی تایبەتی بگیرێ بۆ ئاوارەکان بەتایبەتی ئەو ئاوارانەی کە لەلایەن حکومەتەوە رادەگوێزرێن بەبەردەوامیی یان ئەو ئاوارانەی بەداخەوە بەدەستی خۆمان دەریان ئەکەین لەم شارو لەو شار.
بەشی یانزە: سەبارەت بە پەروەردە و خوێندنی باڵا بە رای من باشە جەخت لەسەر دوورخستنەوەی حزبایەتی لە کۆلیژەکان بکرێ و بەرهەڵستی دەست تێوەردانی ڕێکخراوەکانی قوتابیان بکرێت کە ئێستا ئێمە هێواش هێواش دەگەڕێینەوە بۆ سیستەمی سوسیالیستی دەوڵەتەکانی ئەوروپای رۆژ هەڵات. باشە ئەویش چارەسەر بکرێت کە ڕێکخراوەکانی قوتابیان سەربەستییان هەبێ بۆ گشت و هەروەها ناوێکی هەبێت و ببێتە یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی کوردستان. هێمایەکیش بکرێ یان برگەیەک دەستنیشان بکرێ دەربارەی هاندانی گەڕانەوەی مامۆستایان، ئوستادی پسپۆڕ خانوویان بۆ دابین بکرێ لەگەڵ بژێویان و مووچەشیان بۆ دابین بکرێ. ئەوانە تێبینییەکانی منن لەسەر ئەم برگانە، لەسەر برگەی دوانزە ئەوەی دەربارەی رۆشنبیریی زۆر شتی باشە بەڵام وا باشە یەک برگەی تیابێت هانی دانەر و کتێب دانان بکرێ و هەروەها گۆرەپان وقوتابخانەکانمان بپارێزرێن و کەلەپوور قەدەغە بکرێ کە زۆر شتمان ئاودیو کران.
برگەی سێنزدەهەم، شارەوانیی ئەبێ زۆر گرنگیی بدات بە مەسەلەی ئاو و بیرەکان و پاک کردنەوەیان. سەبارەت بە تەلەفۆنکاری، وەزارەتەکە ئەبێت گرنگییەکی باش بدات بە مەسەلەی بەریدی دەرەرە کە بۆتە گرفتێک و هەروەها سەبارەت بە تەلەفۆنەکانەوەش رادەیەک دابندرێت بۆ ئەو خۆپێوەگرتنە و ئەو دابەشکرنە بێ دادیەی تەلەفۆنەکان، زۆریش لەسەر بناغەی حزبایەتی و لەسەر بناغەی خۆپێوەگرتنە، راش دەگەیەنم من ئەوە پێنج ساڵە لەم کوردستانەم ماڵی من تەلەفۆنی تێدا نییە و ئەوە شتێکە زۆر سەیرە دەیڵێم بۆ ئەوەی کە خەڵک بزانێ. سەبارەت بە ئاخر برگەیەوە، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تەندروستیی و کۆمەڵایەتیی باشە گرنگییەکی پێ بدرێ بەتایبەتی پسپۆڕەکان هان بدرێن و مووچەی باشیان پێ بدرێ بەتایبەت ئەو دکتۆرانەی کاری برینکاری دەکەن. داوای لێ بووردن دەکەم ئەگەر نەختێک درێژەم دابێتە قسەکانم لەبەر ئەوەی

کە شتێکی گرنگە، زۆر پیرۆزبایی لەم بەرنامەیە دەکەم، لەو حکومەتە دەکەم کە بتوانێ ئەو بەرنامەیە بهێنێتە دی و جەخت دەکەم کە زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو شتانە کە پێویستی میللەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، وابزانم مافی ئەندامانی تریش هەیە، فەرموو کاک د. قاسم تکا لە برادەران دەکەین ئەوەی کە خراوەتە روو دووبارەی نەکەنەوە چونکە ئەوەی کە باس کراوە پێویست ناکا جارێکی تر دووبارە بکرێتەوە، فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێزد. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی پێشەکی هاتووە کە دەڵێ: تاوانباران دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی لە لایەن جەماوەرەوە بناسرێن، لێرەدا پرسیارم بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە، کە چ هەنگاوێک لەم بارەیەوە نراوە؟ چونکە بەڕاستی جۆرەها تاوانبار لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، خەڵک زۆر ئازارو ناخۆشی بەدەستیانەوە دیوە، ئەوە داواکارییەکی میللەتەو سوپاسی ئەنجوومەن دەکەین بۆ ئەم برگەیە، پرسیارەکەم دووبارە دەکەمەوە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر بکرێ بۆمان روون بکاتەوە کەچ بیرۆکە هەیە بۆجێبەجێ کردنی ئەو برگەیە؟. لە بەشی سێیەمدا باسی زیندان وزیندانییەکان کراوە، من دێتەوە بیرم لە کابینەی یەکەمی حکومەت باسی دروست کردنی زیندانێکی مەڵبەندیی کە مەرجەکانی تەندروستی مافی مرۆڤی تێدابێت کراوە، لێرەدا باس نەکراوە، جا نازانم مەسەلە چییە؟ ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان روون بکاتەوە. بەشی شەشەم لەخاڵی چوارەمدا باسی باجی خانووبەرە وداهات هاتووە. بێگومان ئەم باجە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ داهاتی هەرێم، لێرەدا بە رەنگێکی کلاسیکی هاتووە، ئایا ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ خاڵێک دیاری بکات بە جۆرێکی کۆمپیوتەریی بۆ زیاتر زەبت کردنی داهاتەکانی هەرێم؟ چونکە داهاتێکی جەماوەرە، لەم بارەیەوە زۆر گازاندە دەکرێ، بەڵام ئەگەر سیستەمی نوێ پێڕەو بکرێ لەوانەیە ئەو گازاندانە هیچی نەمێنێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەشی یازدەم خاڵی پێنجەمدا باسی خوێندنی باڵا دەکا، لێرەدا گومان لەوەدا نییە کە ئێمە سێ زانکۆو چەند پەیمانگایەکمان هەیە، زیاتر پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو ئەنجوومەنەی خوێندنی باڵا بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگیی بە خوێندنی باڵا بدرێت وئیشوکارەکانیان رابپەڕێندرێ، پرسیاری من بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەیە، بیر لەوە کراوەتەوە یان نا؟. دەڤەری بادینان ناوچەیەکی بەرفراوانەو نزیکەی یەک ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی، هەر لە کابینەی یەکەمەوە تاکو کابینەی سێیەم هیچ گرنگییەک بە زمانی بادینی نەدراوە، لە بەرنامەکەش هێمای بۆ نەکراوە، من پرسیار لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، ئایا ئەم لایەنە بیری لێ کراوەتەوە؟ هەر نەبێ گرنگییەک بەمە بدرێ، بۆ چی منداڵانی

زاخۆ دەربەست بن کە زاراوەی سۆرانی بزانن و بخوێنن؟ بۆ خەڵکی سلێمانی دەربەست نەبن کە زاراوەی بادینی فێربن؟ ئەوە وەک داواکارییەکی خەڵکی ئەم دەڤەرە زۆرجار باس دەکرێ، حەزدەکەم بەڕێز سەرۆکی شالیارانی هەرێم لە برگەیەک دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د. قاسم، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەرنامەی کابینەی سێ یەمی ئەنجوومەنی وەزیران بەرنامەیەکی تێروتەسەلە هێوادارم فەرسەت هەبێ ئەو بەرنامەیە بێتە دی. ژیان و واقیعی میللەتی ئێمە ئەوەی پێویستە خزمەتی بکرێ. خزمەتی گەل و نیشتمان و، شەڕی وێرانی بنبڕ بکرێ لە کوردستان بەیەک جاری، داوای سەرکەوتن بۆ سەرۆک و پیرۆزبایی لە کابینەی سێ یەم دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو کاک مامەند ئاغا.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی تێرو تەسەلە داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین، ان شاءالله لە جێبەجێ کردنیشیدا سەرکەوتوو دەبن و ئەمە هیوای ئێمەشە، بەڵام من دەمەوێ لێرەدا شتێک بڵێم سەبارەت بە کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. تەماشا دەکەین زۆربەی زۆری ئەندامانی حکومەتی هەرێم لە سەرکردایەتی پارتینە، بەشی زۆریان ئەندامی سەرکردایەتین و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین، مانای ئەوەیە حکومەتەکە سەرچاوەی بڕیارە و ئەو برا وەزیرانەی لە حزبەکانی کەشدان ئەوانیش کە ئێمە هەندێکمان دەیان ناسین وشارەزایانین و هەندێکیشیان دەربارەیان پرسیومانە ئەوانیش لە رادەی خزمەتگوزاریی و شوێنی خۆیاندان، جا لەبەر ئەوە داوا دەکەین کە ان شاءالله لە بەرنامەکانیاندا سەرکەوتوو بن، چونکە وەک بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هێمای پێ کرد و دەڵێ حکومەتی ململانێ نییە، هیچ گیروگفتێک وکەم و کوورییەک نییە کە بێتە رێیان کە بڵێن وەڵڵا ململانە هەیە یا شتێک هەیە، هیچ گیروگرفتێک نییە لە رێیان تەنیا ئەوە نەبێت کە بۆ خۆیان هیمەتیان هەبێت و ئیشەکانیان ئەنجام بدەن. زۆر لە قسەکانی من کاک عەبدولخالق کردی، بەڵام ئەوەی دەمەوێ کە بە باشی جەختی لەسەر بکەم لایەنی دابین کردنی ژیانی خەڵکەکەیە. ئێمە هەموومان دەزانین کە زۆربەی زۆری ئەو شتانە کە روودەدات لە دزی و جەردەیی و تاڵان و ئەو جۆرە شتانە، هەموو هۆیەکەی برسێتییە، ئەوەی جەختی لەسەر دەکەم کە زیاتر گرنگی بدرێ بە چارەسەرکردنی برسێتی خەڵک و باری ناهەمواری خەڵک چاک بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک مامەند، فەرموو دکتۆر ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە ناوی کابینەی سێ یەمەوە پێشکەشی کرد منیش لەگەڵ ئەو هەڤاڵ و برایانەدا کە ئێستا هەڵسان ئەڵێم ئەمە بەرنامەیەکی تێروتەسەلە، هیوادارم ئەو برا وەزیرانەی کابینەی سێیەم و ئەنجوومەنی وەزیران چ بەتاک و چ بەکۆمەڵ بتوانن ئەو بەرنامەیە جێبەجێی بکەن، چونکە لەڕاستیدا جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە لەم بەرنامەیەدا هاتوون نەک لە ئاستی ئێستاکەدا کە هەموومان گلەییمان هەیە بەپێچەوانەوە ئەمانباتە ئاستێکی زۆر بەرزتر و پێشکەوتووتر لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ئەو خاڵانەی کە فراوانن بە بۆچوونی من هەندێک وردەکاریی، یان هەندێک شت هەبوو پێویست بوو باس بکرێ. هەندێکیان بەڕاستی پەیوەندییان بە خوێندی باڵاوە هەیە، کاک ئەحمەد سالار دوو خاڵی زۆر گرنگی پیشاندا بە بڕوای من یەک سەبارەت بە رۆژنامەگەریی و راگەیاندنەوە ئەبێ بایەخی پێ بدرێ لە کۆلیژەکان، لە کۆلیژی پەروەردە یان لەهەر کۆلیژێکی تردا بتواندرێت جێی بۆ بکرێتەوەو مرۆڤی راگەیاندن ئامادەبکرێت بەهەموو بەشەکانییەوە. هەروەها سەبارەت بە هونەرە جوانەکانیش ئەوەش شتێکی زۆر پێویستە هەرچەندە ئێمە لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەی یەکەمەوە بایەخێکمان بە هونەرەجوانەکاندا لەدوای قۆناغی ناوەندی، چەند پەیمانگایەکمان کردەوە، دەبێ ئێستاکە لە ئاستی بەرزیش ئەو بایەخەی پێ بدرێ. خاڵێکی تر هەیە باسی مافی فەرهەنگی و کار گێڕیی برا تورکمان و ئاشووری وعەرەبەکان ئەکا، من ئەوە ماوەیەکە پێشتریش زۆر جار لەگەڵ برا کلدانیەکان زۆر دانیشتووم، هەروەها ماوەیەکیشە لەناو برا کلدانیەکان لە شەقلاوە ئەژیم بەڕاستی ئەوان زۆر جار کە ناوی ئاشووری بەتەنها دێ و ناوی ئەوان فەرامۆش دەکرێ، گلەیی ئەکەن. جا ئومێدەوارم بتوانن لەو شوێنانەی کەوا پەیوەندیی بەوانەوە هەیە هەر کاتێک ناوی برا ئاشووریەکانمان دێ ناوی کلدانیەکانیش بنووسن. سەبارەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە لەهەر شوێنێک کە باسی مزگەوتەکان ئەکرێ حەق وایە ئەوەش فەرامۆش نەکرێ باسی کەنیسەکانیش بکرێ یان بایەخ بە کەنیسەکانیش بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک برادەران گوتیان وادەزانم کە بەرنامەکە بەرنامەیەکی تێر و تەواوە، ان شاءالله ئەبێ جێبەجێ بکرێت. حەزدەکەم ئەوەتان بیرخەمەوە وابزانم لە خاڵی یەکەم دا هەروەها لە کابینەی

یەکەم و کابینەی دووەمیش هاتووە ئەڵێ بایەخدان بە مزگەوت و قوتابخانەو شوێنەوارە ئاینیەکان، ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی، حەق وایە ئەم خاڵە گرنگیی پێ بدرێ، بایەخ بە مزگەوت بدرێ، چونکە مزگەوت چاک کردنەوەی دەوێ... ئەو دوو کابینە کە هەبوون چیان کردووە تائێستاکە؟ بایەخدان بە قوتابخانە. قوتابخانە بێگومان ئەو بایەخەی هەیە تا گرنگیی پێ بدرێ. بۆ نموونە ئێمە چی ئەبینین کە بایەخی پێدراوە ئەگەر نەڵێین بایەخدان بەو قوتابخانانە لەڕێگەی هاوچەرخە کردنیان و چاودێریی کردنی مافی ئەو قوتابیە ئایینیانەی کەوا دەوامی ڕەسمی ناکەن. لە کوردستان ئێمە دوو شێوە قوتابیمان هەیە. ئێمە قوتابخانەمان هەیە ڕەسمیبیە، ئێستا وەزارەتی ئەوقاف بەرێزەوە سەرپەرشتی ئەکات و ماموستای هەیە. قوتابخانەی ئایینیشمان هەیە لە مەدرەسەکانی ترا بە ئازادی ئەخوێن حەق وایە لە بەرنامەی ئەم کابینە بەرێزەدا بێت. لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا مرۆ بەهیوایە کەوا گەشە زیاتر بکات، ڕێزگرتن لە زانایان، من پێم وایە ڕێزگرتن و دابین کردنی مووچەیەک بۆیان کە باری ژیانیان لەسەر سووک کات. ئەڵێین ڕێزگرتن لە مرۆ بەدەست گرتن بەسینگەوە دەبێ، بەڵام دەست بەسینگەوە گرتن بەروتی، پێم وایە کافی نییە. ئینجا کردنەوەی خولی تایبەتیش بۆ ئەو زانایانە کەوا لە ئیمامەتی و خەتابەت گەشەدار تر بن و باشتر خزمەت بکەن پێم وایە لە بەرنامەی وەزارەتی ئەوقافیش دا هەیە. بەڵام لە کابینەدا ئەوە هێمای بۆ نەکراوە بە ڕێزو تەقدیرەوە بۆ ئەمەی ئێستا ئەڵێم تێبینی تریشم هەیە لەسەر بەشی سیاسەت لە بەرنامەی کاری کابینەی یەک و دوودا هاتبوو کاتی خۆی. وا ئەزانم کە دیاری کردنی شێوازی پەیوەندیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا ئەرکی کابینەیە بەڵام لەم بەرنامەیەدا ئاماژەیەکی بۆ نەکراوە و بەشێوەیەکی گشتی هاتووە لەگەڵ ڕێزو سوپاس، ان شاءالله کابینەکەی ئەنجوومەنی وەزیران سەرکەوتوو ئەبێ و هەرکەس لەڕاستی خۆیەوە بە هەموو توانا و ئەوەی پێی بکرێت هاوکار ئەبێ و پشتیوان ئەبێ، خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەک دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک مەلا تاهیر، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی بەرنامەی کاری حکومەت بەرنامەی کارێکی گشتییە و زۆر باشە، ئومێدەوارین کە بارودۆخ یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی بتوانن بیهێنینە دی. چوار پێنج تێبینیی کورتم هەیە. یەکەمیان لەسەر وەزارەتی داراییە، حکومەتی مەرکەزی پشت بەستنی گشتی و ڕاستەقینەی لەسەر داهاتی نەوت بوو، چاوپۆشی لەدووکەرتی سەرەکی کرد لەعێراقدا، کەرتی کشتوکاڵی وکەرتی پیشەسازیی. بەهەمان ڕێگەدا ڕۆیشتین. لە دواییدا پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرهێنا کەوا هەڵسوکەوت لەگەڵ هیچ یاسایەکدا نەکەین کە لەبەغدا دەربچێت لەدوای

۲٦/ ۱۰ که دوا بەدوای خۆکێشانەوەی، حکومەتی ناوەندیی چاوپۆشی کردنی لەباجی هەردوو کەرتەکە هەڵوەشاندەوە، کەچی ئێمە هەتا ئێستا هەر لەسەر ئەمە دەڕۆین، ئەوجا واباشە کە وەزارەتی دارایی تاوتوو ئەم بابەتە بکات و ئەگەر بەباشی زانی پرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمان بکات. دووەمیان وەزارەتی مرۆڤایەتیی، لەڕاستیدا ئەم وەزارەتە لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمدا وەزارەتێکی پشت گوێ خراوبوو، لەو باوەڕەدام کە لەکابینەی سێ یەمدا ببێتە جێگای گرنگیی پێدان وچاودێریی بکرێ. ئەم وەزارەتە بە هاوکاریی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان و ڕەوکردووە کوردەکان لە ئەمەریکاو ئەوروپا ڕژدبن لەسەر کاری خۆیان کەوا قەوارەیەک لەبەرژەوەندی دۆزی کورد لەئاوروپا و ئەمەریکادا دروست بکەن.

سێ یەم: تێبینم بۆ پرۆسیسی پێشکەوتن، مەسەلەی پێشکەوتن بەبێ گۆڕین ناکرێ، گۆڕینی بەرپرسیارەکانی بەڕێوەبردن لە کاتی خۆبواردن لە کارو، نەبوونی لێهاتوویی و لادانداا ئەبێ لەپێویستییەکان بێت.

چوارەم :ڕەنگە خاڵێکی ناخۆشیش بێت، ماوەدانی وەزیرەکان وبریکاری وەزیرەکان بۆ دەرەوەی هەرێم، دەبێ ئەو ماوە پێدانانە کورت بن و زۆر درێژ نەبن.

پێنجەم: پرسیارەک ئاراستەی سەرۆکی وەزیران ئەکەم ئەویش سەبارەت بە بڕیاری (۹۸٦)ـە، کەی ئازووقەو دەرمان بەسەر ماڵان دابەش دەکەن؟ ئەگەر دەستنیشانی مێژووەکەی بکەن، سوپاسیان دەکەین داوای سەرکەوتنیان بۆ ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێشکەشی کرد بەرنامەیەکی زۆر چاکەو هیواداارین خاڵ بە خاڵ جێبەجێ بکرێ. ئەمن یەک دوو تێبینی بچووکم هەیە. لە بەشی پێنجەم لە برگەی سێ یەم دا هاتووە دەربارەی وەگەڕخستنەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی شەهیدان، بەڕاستی ئەگەر بێینە سەر باسی ڕەوشی شەهیدانی پێشمەرگە، بە بۆچوونی من لەهەموو کەسێک مەغدوورترن و ئەتوانم هەر بڵێم پشتیشیان تێکراوە، چونکە بەڕاستی لە هەموو کەس موستەحەق تر شەهیدە. ئەو کەسانەی کە بەڕاستی شەهیدن و لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ بەرهەم هێنانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان قوربانییان داوە و خوێنیان بەخشیوە ئەبینین زۆر لە خێزانەکانیان هێشتا دەست کورتن و ئەو وەگەڕخستنەوە پێویستە لەو بەرنامەیەدا زۆر گرنگیی پێ نەدراوە. من پێشنیار دەکەم گرنگیی بەوە بدرێ کە وەزارەتی پێشمەرگە دەست بەکار بێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ مانگانە شتێکیان بۆ دابین بکات، مانگانە لێیان بپرسنەوە، نەک ئەوەی کە بە

دوو مانگ و چوار مانگ پێیان بدرێ، چونکە زۆرجار ئەبینم لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی دەدەن بەمووچەی فەرمانبەر و دەڵێن نەدراوە، مووچەی پۆلیس نەدراوە، راستە لەسەر سەرم رێزی تایبەتیم هەیە بۆ هەمووان بەڵام بە بۆچوونی من شەهید بەپلەی یەکەم و ،دووەم پێشمەرگە لەهەموو کەسێک موستەحەق ترە، هیوادارم ئەوە بە چاوێکی جیددی تەماشا بکرێ و چارەسەر بکرێ. هەروەها لە برگەی حەوتەمدا باسی چاککردنەوەی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان ئەکات و ئەوە بە بۆچوونی من زۆر جێگای لەبار تر هەیە بۆ دروست کردنی بەنداو. پێشنیاریش ئەکەم ئەویش لە بەرنامە وەکو خاڵێک لەو جێگایانەی کە لەبارن بۆ دروست کردنی بەنداو چونکە بەراستی بەربەست (بەنداو) زۆر گرنگە، هەم بۆ ئاوەدانکرنەوەی کوردستان و هەم لە رووی رووناکی وکشتوکاڵییەوە، داوای سەرکەوتن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئازاد، فەرموو کاک ئەکرەم عیزەت.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکی زۆر باشە، من تێبینەکم هەبوو دەربارەی وەزارەتی کشتوکاڵ. لێرەدا بەهیچ جۆرێک باسی ئەوە نەکراوە چۆن چارەسەری کێشەی زەوی ئەکرێ کە کێشەیەکی لەپێشە لە کوردستان. ئەم کێشەیە هەتا لە چەرخەکانی پێشووش دا هەر چارەسەر نەکراوە، نە لە یاسای ژمارە (١١٧)ی ساڵی (١٩٧٠) نە لە یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی (١٩٧٥) کە من وای دادەنێم ئەمە سەرەتای ئەنفال کردنی زەوی کوردستانە. ئێمە لێرە لەکاتی خۆی لە وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەیەکی زۆر رێک و پێکمان هەبوو، بۆ چارەسەری کێشەی زەوی، زەوی ئێستا هەمووی کراوە بە زەوی میریی ئەو زەویانەی کە تەسویە نەکراون یاخود تەسویە کرابن بریاری بۆ دەرنەچووە بۆی ماوەتەوە، یەعنی چارەسەر نەکراوە ئێمە پێویستە ئەو پرۆژەیە سەرلەنوێ پێدابچینەوە بە زووترین کات ئەنجوومەنی وەزیران تاوتووی بکات و بێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی پتر لێی بکۆڵدرێتەوە. تێبینییەکی تریشم دەربارەی ئەو نەخۆشییانەیە کە تووشی بەرهەمی جوتیاران دەبن یەعنی ئەم رێگایانەی کە بەکار هاتوون تائێستا رێگای سەرەتایین و چۆن چۆنی قەڵاچۆی سن و کیسەڵە و ئەو شتانەیان پێ دەکرێ؟ بە بۆچوونی من ئەبێ ئەمەش چارەیەکی تری بۆ بکرێ. هەروەها دەربارەی نەخۆشییەکانی ئاژەڵ بەهیچ جۆرێک باس نەکراوە و چارەسەر نەکراوە، چارەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئەکرەم عیزەت، فەرموو مامۆستا تەڵحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بایەخ ئەوەندە بە مزگەوت و قوتابخانە ئایینیەکان نەدراوە، پێویست بوو زۆر بەدرێژی باس بکرێ، چونکە بایەخدان بە مزگەوت زۆر حەقە. ئێستا ئەو مزگەوتانەی کە لە دەشتێن دیتمان هەتا ئێستا هیچ خزمەت نەکراون، چونکە وەزارەتی ئەوقاف دارایییەکی ئەوهای نەبووە بتوانێ خزمەتی ئەو مزگەوتانە بکات، ئەمە یەک. بایەخدان بە قوتابخانە ئایینیەکان هەتا ئێستا هیچ خزمەتێکیان نەکراوە لەلایەنی خوێندنەوە یاخود جل وبەرگیان درابێتێ. یان ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی. نازانم ئەو ڕێزگرتنە چییە هەتا ئێستا بۆمان ئاشکرا نەبووە؟ ڕێزگرتن هەر مەرحەبا کردنە یان چاکی و چۆنییە؟ ئەوە ڕێزگرتنەکەیە، بەڵام ڕێزگرتنی ماڵی هەتا ئێستا نەمانزانیە ڕێزگرتنەکەی چییەو داوا دەکەین کە بۆمان روون بکەنەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەداخەوە ئەڵێم بەرنامەی حکومەت بەدەستی من نەگەیشتووە، من نەم دیووە تەنیا لەسەر خوێندنەوەی برای گەورە کاک د. رۆژ وەرم گرتووە، من بە بەرنامەیەکی رێک و پێک و تێرو تەسەلی دەزانم. من پێم وایە هەر شتێک لەوە زیاتر بگووترێت زیادرەوییە، ئینجا باری سەرنجی خۆم لەسەر بەڵگەی قسەی برادەران کە کردنیان دەردەبرم. کاک ئەحمەد سالار یەک دوو شتی چاکی باس کرد. بەڵام تەواوی نەکرد، نازانم ئەو رۆژە لەوێ نەبوو کۆنفراسێکی وەرزشیی هەبوو وەزارەتی رۆشنبیریی سازی دابوو، پێش دوو رۆژ وەرزشەوانەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە رەگەزی ئافرەت لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشیی قەبووڵ نەکراوە و پێویستیان بە مامۆستایانی وەرزشیی هەیە کە دەرچووی کۆلیژی پەروەردە بن، داوا لە برای بەڕێز کاک د.رۆژ دەکەم ئەمە چارەسەری بکات. من دێمە سەر قسەکانی برای بەڕێز عەبدولخالق، کاک عەبدولخالق من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کە داکۆکی کەرم لە پارتی، بەرپرسیارم لە وەڵامدانەوەی هەندێ شت. کە باسی حزبایەتی تەسک دەکرێ من بەرپەرسیارم لەوە. جەنابتان وەکو وەزیر، وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی بەشەکانی خۆتان بدەنەوە، بەڵام ئەو بەشەی کە باسی حزبایەتی تەسک دەکات، کە باسی دەست درێژی پارتی دەکا بۆ سەر کاری بەڕێوەبردنەکان وپەروەردە خۆم بەلێپرسراو دەزانم کە لێرە وەڵامی بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ من دەرگای گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژەیەی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کرد دەکەمەوە. ئەگەر چ قسەیەک لەسەر خودی پرۆژەکە هەیە پاش ئەوە کە وەڵام

دەداتەوە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر هەبوو، بە بۆچوونی ئێوە پێویستە وەڵام بدەینەوە، ئەو قسانە دەخەینە دوای وەڵامدانەوەکەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

پێویست بوو ئەوەی ئێستا جەنابت بەمن دەڵێی بە عەبدولخالق بڵێی، ئەوە لەناو بەرنامەدا نییە لەناو بەرنامەی حکومەت دا نییە، بۆی نییە ئەو باسانە بکات ئەبوایە بەو بڵێی، ئێستا من بۆم هەیە وەڵام بدەمەوە، من لێپرسراوم لە پەروەردەکردن، ئەوەی کاک عەبدولخالق گوتی نەتەنیا حزبایەتی تەسکە، بەڵکو لە حزبایەتی تەسک گەلەک تەسکترە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کاک فرەنسۆ با سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، هەر بەشداری کردنێک هەبوو بۆ دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆیەکە یا تێبینیەک هەبوو، دوای ئەو ئەتوانی زۆر بەرێکوپێکی گفتوگۆی لەسەر بکەی. پرسیارەکەی ئەو، ئەوانەی کە ئەندامانی پەرلەمانن و ویستیان لەقسان هەڵدەنێ لەسەر ئەو گفتوگۆیەی پرۆژەکە، ئەو تێبینیانە بوون کە دەربڕان و ئێستاش جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی ئەو برادەرانە دەداتەوە وەکو پێویست. برادەرانی وەزیرانیش ئەگەر پێویست بوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ماوە بدات، دەتوانن شتێک بخەنە سەر ئەو خاڵانەی کە روون دەکرێنەوە، فەرموو کاک د.رۆژ.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شـــاوەیس/ســـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

حەزئەکەم یەکەم ئەگەر بە پەسەندی بزانن وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە. کاتی خۆی باسیشم کرد ئەگەر تێبینییەک یان خستنەسەرێک هەبێ یان شتێک من درێژەی نەزانم داوا لەبرا وەزیرەکانم ئەکەم وەڵامی بدەنەوە، هەروەها سەبارەت بە قسەکانی کاک فرەنسۆ تەبیعی ئەوە مافی خۆیەتی ئێستاکە بەدوو ناو قسە بکات و بەرگری لە پارتی بکات و مافێکی رەوای خۆیەتی، بۆشی هەیە بەناوی وەزیری هەرێم و ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەهەمان کات دا قسە بکات، بۆی هەیە ئەوە تۆزێک گرفت لە دەورەکەی دروست بکات بەهەر حاڵ ئەویش مافی ئەوەی هەیە کە وەڵامی خۆی بداتەوە و قسە بکات ماوەی بدرێتێ، بەڵام بۆ ئەوەی زنجیرەی بیرەکان ورەوشەکە تێک نەچێت و نەچینە ناو گفتوگۆی لاوەکیەوە، وەڵامەکان بەیەک لەدوای یەک بدەینەوە. پێشەکی حەزدەکەم سوپاسی هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان بکەم کە پرسیارو تێبینیان پێشکەش کردووە و روون کردنەوەیەکیش هەیە حەزدەکەم بیڵێم: نە پەرلەمان نە حکومەت نە ئەنجوومەنی وەزیران لە هیچ شوێنێک لە دنیادا لەحزبایەتی دوور نییە، مافێکی سروشتی مرۆیە کە حزبایەتی بکات، بۆچوونی سیاسی هەبێ، لە رێکخراوی سیاسیدا ئیش بکات، بچێ خۆی بپاڵێوێ تاکو ببێت بەئەندامی پەرلەمان چ لە لیستی حزبێکدا یان بە تاک

ڕەوی و لەو پەرلەمـانە بەرگـری لە بۆچوونی حـزبـەکـەی و لە بەرنامـەی حـزبـەکـەی بکات، جـۆرە تەکتیکێکیش بەکار بهێنێ و بۆ ئەوەی لایەنەکەی تر دۆڕاو پیشان بدات و خۆی بەسەرکەوتوو پیشان بدات بەڵام ئەوە لە ژێر سایەی ڕژێمێکدا دەکرێ کە بەرژەوەندی گشتی تێدا ڕەچاو بکرێ، ئەمە یەک. دووەم: ئەنجوومەنی وەزیران لە هەموو دنیادا بەم شێوەیە، هەر حزبێک کە زۆرینەی هەبێ لە پەرلەمـان ئەتوانێ بەتاقی تەنیـا حکومـەت دروست بکات و ئەو حکومـەتە، ئەو حـزبە بەرپرسـیارە لێی یان ئەو ئەندامەی ئەو حزبە هەڵبـدەبژێرێ کە ببێ بەسەرۆک وەزیران یا ببێ بە وەزیر و ئەرکی ئەو حکومەتە ئەو کاتە ئەوەیە بە تاق و تەنیا پرۆگرامی حزبەکەی جێبەجێ بکات، ئەو پرۆگرامەی کە ڕاگەیەندراوە لەلایەن حزبەکەیەوە کە چۆتە ناو هەڵبژاردنەوە، ڕەوشی سیاسی واش دێتە پێشی یان پێکهاتووی ناو پەرلەمان بەشێوەیەکی وا ئەبێ جاری وا هەیە ئەو حزبە بەتەنیـا بۆی هەیە نەتوانێ حکومـەت پێکبهێنێ و بەتەنیا زۆرینەی یاسـایی پەرلەمـانی ناگـاتە جێ، جـا ئەو حزبانە پەیمان دەبەستن، کـە پەیمانیـان بەست ئیش وکـارو بەرنامـەی ئەو حکومـەتە بریتی دەبێ لە بۆچوون و پرۆگرامی ئەو چەند حزبەی هاوبەندییـان کـردووە، بەڵام ئەمـە لەهەمـان کـاتدا دەوری ئەو حـزبە سـەرەکـییـە ناشـارێتـەوە کـە زۆربەی دەنگی پەرلەمـانی زۆربەی ناو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەیە. هەر حکومەتێکیش وەکو ئەمانەی کە هەمان بوو کابینەی یەکەم و دووهەم، یـان حکومـەتەکـانی لە شـوێنی تر کـە زۆرینەی لەناو پەرلەمـاندا نەبێ یان زۆربەی ناو ئەنجوومەنەکەی خۆی نەبێ لەناو وەزیران تووشی جۆرە ئیفلیجیەک دەبێ، کە ئەتۆ توانای ئەوەت نەبوو کە بڕیار وەربگری لەکاتی پێویستیدا ببیرێنیتەوە بلێ ئەم ئیشە من وای ئەکەم هەرچەندە ڕکەبەری هەبێ، ڕکەبەریی لەشوێنی خۆیەتی ویاساییـەو مـافـێکی ڕەوایە و لەسـەر سەرم و لەسـەرچاوم، بەڵام ئەبێ توانای ئەوەت هەبێ بڕیار وەربگری. کـە بڕیارت وەرگـرت و کـە بڕانتـەوە ئەتوانی بیـخەیتە ئیش و بەڕێوە ئەڕوات ئەوجا ئەو ئیشە باشە یان خراپە بۆ میللەت ئەمێنێ، ئەوان کـە بڕیاری لەسـەر بدەن ئەگەر ئیـشـەکە باش بوو ئەوە سەرکەوتوو ئەبێ، ئەگەر ئیـشـەکە خـراپ بوو ئەوە خـۆی و حـزبەکـەی زەرەر ئەکـەن. بەڵام ئەمـە لە هەمـان کـاتدا ڕێ لەوە ناگـرێ کـە ڕەخنەی لێ بگـیـرێ، ڕەخنە زۆر لە شـوێنی خـۆیـەتی. ڕەخنە هەردەم هۆیەکی هـاندانە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن، کە ئێمە بەو چاوەوە سەیری ئەکەین، بەو ڕوحیەتەوە وەری دەگرین و بۆ ئەوەی دووبارە تەئکید لە ئێمە بکەن سوپاسی هەموو تێبینی و بۆچوونەکانیان دەکەم.

بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکـان، حەزئەکەم وشەیەک هەیە باسی بکەم، زۆر لەبرادەران وتیـان بەرنامەی حکومەت بەرنامەی چڕە، بەڵام بەدوو جۆر وتیان. هەندێکیـان وتیان بەرنامـەکە چڕە، واتا پێـتان ناکرێ، هەندێکیان وتیان بەرنامەیەکی چڕە هەڵیـان داین، کە هەڵیـان داین وەڵامی ئەمانەش ئەدەمـەوە کە پێمـان ئەڵێن پێـتان ناکرێ، ئینجا بێینە سەر بەڕێزان یەکـەیەکە، بەڕێز کاک سـیروان نەورۆڵی باسی مـەسـەلەی گەڕانەوەی جوتیـاران بۆ گوندەکانیـانی کرد کـە ئەمە لەڕاستیدا گرفتێکی گەورەیە لەکوردستان، گرفتێکی زۆر گەورەو بنەڕەتیە و لەهەموو جیهان دا

هەبووە، کۆچ کردن هەیە کۆچ کردن لە گوندەوە بۆ شار، لە شارەوە بۆ دێ، بەڵام لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کۆچ کردنێکی بەزۆرە ملێ بووە پەیوەندی بەگەورە کردنی شارەوە نەبووە. قۆناغی یەکەم دەستی پێ کردووە، کوردستان ویران کراوە کۆچی پێکراوە، دێهاتمان سووتاون، ویران کراون، ئەو خەڵکە بە زۆری هێنراون بۆ ناو شارەکان و بڵاوبونەتەوە، ئەو خەڵکە لەماوەی چەند ساڵێک لەماوەی (١٠) بگرە زیاتر (١٥) ساڵ ئەم خەڵکە فێری ئەوە کراوە کە مووچە وەربگرێ هەر چەند بەرهەم هێنەر نەبێ، مووچەکەی بدرێت ئەگەر بیری لەکارێکی تر کردبێتەوە ئەوە دەستی ناوەتە شێوازی تر، کاسبی بەشێوەی دزییەوە بە رێگای نارەوا بۆ ئەوەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات ونازانم چی، بەهەر حاڵ بارێکی بۆ خۆی دروست کردووە کە بتوانێ بژی وسەربەخۆییەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کرووە، بەڵام سەربەخۆییەک بە شێوەیەکی وا کە بەرهەم هێنەر نەبێ، کارا نەبێ کە کۆمەڵەیەک لە کەسانی ئەو وڵاتە پێش بخات، هیچ نەبێ کە بڵێین باری ئەخلاقی یان باری دەروونی ئەو میللەتە بەرەو پێشەوە بروا، یان راگیر بکات، واتا رەوشتی تایبەتی ئەو میللەتە و لایەنە باشەکانیان بۆ بخرێتە روو، رەوشێکی وا لە کوردستاندا دروست بوو، بەڵام زۆر ئەمە ئەڵێین و باسی مافی مرۆڤ دەکەن بەڵام چارەسەرکردنی ئەم رەوشە، ئەرکی حزبە کوردستانییەکان بوو لە پێشا ئینجا لە دواییدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم رەوشە چارەسەر بکا، کە رێگا درا بەو خەڵکە بچنەوە گوندەکانی خۆیان کە جاران لەوێ بوون، یارمەتییان بدرێ گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە ئەمە هەڵەمەتێکی گەورە بوو کە لە کوردستان کرا، حزبەکان هەموو کردیان، حکومەتی هەرێم کردی، پەرلەمان دەوری تیا بینی لەهەمان کاتیشدا رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە بۆ لادێ بە بۆچوونی من مەسەلەی سنوور بۆ دانانی شاری هەولێر یان شاری سلێمانی یان فراوان بوونی شارو جوان کردنی شار بڵێین یان پرۆژەکانی ناوشارەکان ئەمانە دیاردەیەکی دروست نییە، باوەڕ ناکەم هیچ توێژەرەوەیەک یان هیچ کەسێک لە شارەزایان لە بابەتەکانی شارو شارستانیەتی پێشکەوتن وا رێگا لە فراوان بوونی شار بگرێ لەسەر بنەڕەتێکی زانستی، لەهەمان کاتدا هاندەرێکە بۆ ئەوەی خەڵک بچێتەوە، ئێمە وەکو حکومەت ئەبێ بەدوای رێگا چارەیەکدا بگەڕێین کە خەڵک هان بدەین کە بگەڕێنەوە دێهاتەکانیان. چۆن دێهاتیان ئاوەدان بکرێتەوە ئەگەر گرفتێکیان هەبێ، زەوی نەبێ؟ ئەگەر جێگایان نەبێتەوە، جێگا کۆنەکەیان خراپ بێ جێگایەکی باشتر، یان دێیەکیان بۆ دروست بکەین، ئەگەر ئاویان نەبێ هەوڵ بدەین کانی و بیریان بۆ بکەین، قوتابخانەیان بۆ دابین بکەین واتا کاریان بۆ ئاسان بکەین، هاتوچۆیان بۆ دابین بکەین لەهەمان کاتیشدا پارێزگاری بەرهەمەکانیان بکەین. بەرهەمەکانیان بفرۆشرێ و بازاڕی هەبێ تا بتوانن بژین. بەشێوەیێکی گشتی ئەمە ئەرکی هەموو وەزارەتێکە ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و ناوخۆ بە بەرێوبردنەکانەوە، ئەمانە هەموویان بەیەکەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆی هەیە، ئەوە وەڵامی زۆر لە پرسیارەکان بێت، لەبەرنامەی حکومەت مرۆڤ ئەتوانێ بە دوو شێوە بەرنامەی حکومەت

پێشکەش بکات، مرۆڤ ئەتوانێ هێڵەگشتییەکان بڵێ، بڵێ ئێمە لەسەرمانە لەسەر سیاسەتی دەرەوە دوو سێ شتی وابکەین لەناوەوە ئەوە بکەین، بەتەنیا ناچینە ناو درێژە پێدانەوە، ئەم درێژدادرییەو شتە وردیلانە سەر بەوەزارەتن. هەر کەسە لە وەزارەتی خۆی باسی دەکات و لە ئەنجوومەنی وەزیران باس بکرێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە ئەڵێین هان بدرێ، گەڕانەوەی خەڵک هان بدرێ هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە بەردەوام بێت و ئەمە لەبەرنامەی وەزارەت دا هەیەو تایبەتە، تەبیعی ئەو جۆرە بۆچوونانەش لەهەمان کاتدا مافی ئەوەی هەیە هێشتا زیاترو قووڵتر تاوتووێ بکرێ. تەبیعی بەدڵنیاییەوە کە هەموو بەڕێوەبردنەکان داندرانەوە، ئەوە بەشەکانیش دادەندرێنەوە. تۆ سەیری ڕەنگ ڕێژیش دەکەی ئەگەر توانا هەبوو باری شارەوانیش چاک دەکرێ هەموو بەستراوە بەتوانا و هەم قەزاو ناحیەش واتا ئەم بۆچوونانە لەجێی خۆیاندان و دەبوایە برا وەزیرەکانیش لەسەر ئەو سەرنجە بنووسن، لەکاتی پیادە کردندا بچنە سەری. برای بەڕێز کاک ئەحمەد سالار پرسیاری هەیە دەربارەی خوێندنی باڵا. ئەو خاڵانەی وتی هەمووی لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیران نییە لەبەرنامەی خۆیدا بنووسێ فلانە بەش ئەکەمەوە لەفلان کۆلیژ، یان فلان کۆلیژ ئەکەمەوە، کۆلیژی تازەمان زۆر کردۆتەوە، بەشەکانی تازەشمان کردۆتەوە، بەڵام ئەو کەم وکوڕیانە لەپێش چاو دەگرین بەدڵنیاییەوە کادیری زانستی تەواو هەبێ، ڕاستە بەتایبەتی هونەرەجوانەکان ئەبێ لەسەر ئاستی بڕوانامەی بەکالیۆریۆس بخوێنرێ، بەڵام ئەمە لەجێی خۆیەتی ئەگەر کەم وکوڕییەک هەبێ تائێمە پڕی بکەینەوە. بەشی ڕاگەیاندن کە نییە ئەمە وەکو سەرنج دانێک پێشکەش بەزانکۆی ئەکەین، زانکۆ خۆی سەیرکا ئەگەر کادیری هەبێ ئەو بەشە بکاتەوە ئێمە جەختی لەسەر دەکەین، ئەو پێشنیارانە بۆجێبەجێ کردن لەشوێنی خۆیانن، بەڵام بۆ خستنە ناو پرۆگرام و بەرنامەی حکومەت تۆزێک درێژەپێدانی زۆر وورده، واتا وردەکاری عادەتەن لەخوار ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەست پێ ئەکات، وای ئەکەین. مەسەلەی ڕێزگرتنەکەش، مەسەلەی مامۆستا ڕێزگرتنەکە نەک وەزیری ئەوقاف ئەبێ پلەیەکی لەخوارەوەی بەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف ئەبێ بیچەسپێنێ ئەو ڕێزگرتنە چۆن ئەبێ، بە چ شێوەیەک ئەبێ؟ یان پێویستییە ڕاستەقینەکان لەمزگەوتەکان، فلان مزگەوت ڕووخاوە، فلان مزگەوت وایە. بچیتە ناو درێژەی باسەوە جێبەجێی بکەن، واتا بەگشتی بەشی ڕاگەیاندن و مەسەلەی هونەرە جوانەکان زۆر جێگەی خۆیەتی و بەدڵنیاییەوە هێمایان بۆ دەکەین. لەهەمان کاتیش دا سەبارەت بە پەروەردە کە بەشی وەرزشیی تیایە گرنگیی پێ نەدراوە کاک فرەنسۆش هێمایەکی کردو سەیر دەکەین یەک ئافرەت لە کۆلیژی پەروەردە بەشی پەروەردەی وەرزشیی وەرنەگیراوە، تەبیعی ئەمە وەکو ناتەواوییەکی وەرزشە بۆ هەر دوولا ئافرەت و پیاو، بۆ هەموو کۆمەڵ، ئەگەر لایەکی بیکات لایەکی دیکە پشتگوێ بخرێت ئەمە ناتەواوییەو ئێمە لە دوواوەین، واتا نیوەی ئیشەکەمان ناتەواوە، بۆیە ئێمە هێمامان بۆ کردو کە ڕێ خۆشکەری بۆ هەموو ئافرەتێک بکرێت کە لەو بەشەدا وەربگیرێت. لەهەمان کاتیشدا ئەو بەشە گرنگیی پێ

بدرێت بەگشتی گرنگیی بە وەرزش ئەدەین، نووسراویشە گرنگیی بە وەرزش و وەرزشکاران ئەدین، پێش ئەوەی بەرنامەکەش بخوێنرێتەوە هەر چەندە ئێمە لە بیرمانە کە بەرنامە بخوێنینەوە وەزارەتی پەروەردە کۆنفراسێکی وەرزشی کردووە وهەنگاوی هاویشتووە، هەنگاوی بەکردەوەی هاویشتووە کە کاری وەرزش بەرەو پێشەوە بچێ، هێماش بۆ خاڵێکی کاکە ئەحمەد کە خاڵێکی زۆر گرنگە و ئەوەی لەڕاستیدا ئەبێ ئێمە رەچاوی بکەین ئەویش مەسەلەی گرنگی پێدان بە وەزارەتی رۆشنبیرییە. ئەگەر سەیر بکەن بەراوردی بودجەی وەزارەتی رۆشنبیریی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە یان لەگەڵ هەر وەزارەتێکی تردا بکەین کەم وکوڕیەکی زۆر گەورە هەست پێ دەکرا، گرنگی تەواو بە وەزارەتی رۆشنبیریی نەدرابوو. چونکە پێشکەوتنی هەر وڵاتێک وپێشکەوتنی هەر میللەتێک وهەر کۆمەڵێک بە گرنگی دانیەتی بە رۆشنبیریی وبەئەدەب وبە هونەرو بەزانست. ئەگەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیریی بڵێین یەک لەسەر (٥٠٠)ی بودجەی وەزارەتی تر بێ، ئەوە کەلێنێکی گەورەیە، نابێ بودجەی وەزارەتی رۆشنبیریی وابێ، وەزارەتەکان هەموو بەگشتی ئەبێت لەگەڵ یەکتری داهاوکێش بن، نزیکی یەکتربن، تەبیعی بەپێی پێویستی، بەپێی گەورەیی ئەو وەزارەتەش بەدڵنیاییەوە ئەوە رەچاو دەکرێ ئەوە لەلایەنی وەزارەتی داراییەوە گرنگی پێ دەدرێ؟ بەڕێز کاک عەبدولخالق بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی خستە روو لەڕاستیدا ئەوە مافێکی رەوای خۆیەتی، ئێمەش ئەنجوومەنی وەزیران بەرنامەیەکی تایبەتی خۆمانمان خستۆتە روو، ئەوە مافێکی رەوای ئێمەیە. زۆر لەو شتانەی کاک عەبدولخالق ئەی وت: ئەبێ لە بەرنامەکەدا بوونایە، ئێمە لەناو بەرنامەکانماندا نووسیمانن. ئەگەر بە ووردی بیخوێنێتەوە بەشێوەیەکی گشتی باسمان کردووە، زۆر شتی وت ئەبێ لە بەشی یەکەمدا بێت بەو شێوەیە ئەبوایە بەڵام بەشی یەکەممان هەبوایە. دەبێ هەندێ شت لەبەشی دووەم جیا بکەینەوە، لەسێیەم جیا بکەینەوە لەشانزدەهەمین جیا بکەینەوە کە باسی ئەوقاف لەشانزدەهەمین هاتووە مەبەست ئەوە نییە کە ئێمەگرنگیی بە ئەوقاف نادەین، بەپێچەوانەوە ئێمە گرنگیی بە بەشەکان هەموویان وەکو یەک دەدەین، هیچ جیاوازی نییە بەڵام ناچارین کە زنجیرە دابنێین، رشتەیەک دابنێین بۆ ئەوەی دابەش کردنێک هەبێ لەبەرنامەکەماندا. مەسەلەی لێک جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان و رێزگرتنی دادگەریی یەکەم خاڵە لە پێشەکیش دا باسمان کردووە، لە باسی یاساشدا باسمان کردووە، دوو جار باس کراوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە هێمای پێدا، مافی مرۆڤە، مافی مرۆڤ باس کراوە؟ مافی خۆی پێدراوە، کاتی مووچەی رێک وپێک باس کراوە هێمای بۆ کراوە، مووچە دابەش کردنیشمان دەستی پێ کردووە هێمای بۆ مووچەی مانگەکانی (٧، ٨) کرد ئێمە وەکو بڕیارە لە پێکهاتنی حکومەتی هەرێم بەرپرسیارین کە ئەمانە مووچەی مووچە خۆرەکان هەموو قەرزە لەسەرمان ئینجا ئایا ئێستا پێمان ئەدرێ؟ بەپێ سەیر کردنی باری دارایی خۆمان ئەبێ وەزارەتی دارایی پێمان بڵێ ئەم مانگە ئەتوانم نیوەی مووچە بدەم، دوو مووچە بدەم یا هەر سێک یا دوو قەرزەکە بدەمەوە، ئەمانەمان بۆ

وەزارەتی دارایی بەجێ هێشتووە، هێمایەکی ئاشکرایە بۆ خێزانی شەهیدان کە بەرنامەکە تیایەتی کە ئەبێ خێزانی شەهیدان مووچەیان پێ بدرێ، وەلآمی چەند کەسێکیش بێت راستە بەدڵنیاییەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە وغەدرێکی مێژوویيان لێ کراوە بەلآم ئەو ماوەیە خەتای ئێمە بوو خەتای حزبەکانمان بوو یەکەم. دووەم خەتای بارودۆخی رەوشەکەیە، لە بارێکا ئێمە توانیمان شتێک دابین کەین بۆ خێزانی شەهیدان پێش دەست پێ کردنەوەی شەڕ بوو بەململانەی حزبی لەسەر ئەوەی چ حزبێ زیاتر شەهیدی هەیە، چ حزبێ زیاتر پارە ئەسێنێ لە حکومەتی هەرێم بیدا بەکەس وکاری شەهیدان؟ بەداخەوە زۆر لایەن کە پارەی شەهیدانیشیان وەرگرت نەئەگەیشت بەخێزانی شەهیدان، ئێمە ئەمانەوی ئەمە رێکخەین، ئەمانەوێ دەزگایەکی رێک وپێک هەبێ یەک لا بکرێتەوە بە یەکسانی چەند لەتوانادایە هەر خێزانێک مانگانە بە رێکی وەرگرێ ئەوساکە پێی بگات ئەمە مافێکی خۆیانە، یەکێکە لە ئەرکەکانی هەرە بنەڕەتی حکومەتی هەرێم و بەدڵنیاییەوە ئەگەر هیچ شتێکمان پێ نەکرێ ئەبێ ئەوە بکەین وئەوە لەبیر نەکراوە بەدڵنیاییەوە. باسی فێرکردنی زمانی تریش کراوە. بۆ رێزلێنانی زمانی تر بەفێرکردن وگرنگی پێدانەوە، حکومەتی هەرێم لەسەر یاساکانی پەرلەمان ئەڕوات، وەزارات لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە پێکهاتووەو هەیکەلی دانراوە، ئیش وکار بەپێی ئەو یاسایانە بەڕێوە ئەڕوات. ئێمە بە دڵنیاییەوە هەر بابەتێک کە باسی ئەکەین لە پسپۆڕەکانی خۆمان ئەپرسین ئەگەر لە دەسەلآتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت ئەوە لە کۆبونەوەکەی خۆیدا بڕیاری لەسەر ئەدا، ئەگەر مەسەلەیەکی یاسای یاسادانان بێ کە پەیوەندیی بە شتێکی تازەی یاسادانانەوە هەبێت پێمان خۆشە کە پەرلەمان یارمەتیمان بدات و بۆ پەرلەمانی ئەنێرین، لەو بابەتانە ئێمە زۆر وردین، ئەگەر کەم وکوڕیەک هەبێ پێمان خۆشە پەرلەمان ئاگادارمان بکات بلێ فلان مەسەلەتان نا قانونییە فلآن مەسەلەتان بەپێی فلآن یاسا نەکراوە ئێمە ئەو کاتە رەچاوی یاسا دەکەین.

بەدڵنیاییەوە بەو توانایەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی هەنگاوی باش داوێین. وەزارەتی ناوخۆ وردە وردە خەریکە دەزگا ئاسایی یەکانی دەکاتەوە، چ پۆلیسی بێت چ ئاسایش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ حکومەت بەشێوەیەکی سروشتی وبەپێی یاسا بەکاری پێویست هەڵبستێ. ئەمە هەنگاوی بنەڕەتییە لەپێناوی گەڕانەوەی باری ئاسایی ولابردنی باری نائاسایی. سروشتی باری نائاسایی چوونە ناو هەموو بوارێکی ژیانە، کاک عەبدولخالق راست دەکا هیچ دەزگایەکمان نییە من دەتوانم بلێم شاراوەش نییە هیچ هاوولآتییەک بتوانێ ئیش وکاری خۆی بەشێوەیەکی یاسایی وئاسایی بەڕێوەبەرێ.

مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دێتە پێش چاوی، دەبێ هەموومان لەوە هاوکار بین، خراپ نییە، چونکە وەکو هێمای بۆ کردو لەبەرنامەی حکومەتە هەوڵدان بۆ ئەوەی هاوولآتی لەبارێکی ئاسایی دا بژی، ولە باری نائاسایی رزگاری بکەین. خەڵک دەڵێن نابێت گیانی حزبایەتی هەبێت وەکو باسم کرد وەزارەت وپەرلەمان بەدەر نین لەحزبایەتی و لەگیانی حزبی و ئێمە هەموو ئەندامی هەر

حزبێکین وهەوڵ دەدەین سیاسەتی حزبمان سەربکەوێ، بەڵام هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ئاگاداریی هەمــوو حـزبەکـانی تر بکەین. گـوتت حکومـەت یان پەرلەمـان نابێت حزبایەتی تێـدا بکرێت، پەرلەمان وحکومەت سیاسەتیان جودایە و مەسەلەی ململانێ لەسەر دەسەڵاتە. ئێمە بۆچوونمان لەگەڵ کاک عەبدولخالق هەندێ جیاوازی هەیە وجیاوازێکی روون، بەمافێکی دیموکراتی دەزانین وئێـمـە خـۆمـان بەلایەنی پابەندی یاسـا دەزانین . ئێـمـە خـۆمـان بە لایەنێک دەزانین وداوای هەڵبژاردن دەکەین ودەمانەوێت میللەت بڕیار بدات بە یاسای دیموکراتی دەسەڵات بگۆڕین. ئێمە ڕێزی هەموو لایەنەکان دەگرین، من وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان قسە دەکەم ئەوەی شەڕمان پێ نەفرۆشێ شەڕی پێ نافرۆشین وئەوە بۆچوون وقناعەتی ئێمەیە، لایەنەکەی تر شەڕی دەست پێکرد چونکە بەو شێوەیە کەلێرە دەسەلاتی پێوەر نەگیرا، ئەو دەیویست هەموو شتێک بێت، حـاکـمی هەمـوو شـتـێک بێت، حـوکـمی هەمـوو شـتـێـک بکات وبیـرو بۆچوونی خـۆی بەزۆر بسـەپێنێت، پارتی دیموکـراتی کوردسـتـان هەولێـری داگیـر نەکرد وپارتی دیموکـراتی کوردسـتـان نەهاتە ناوباڵەخانەی پەرلەمانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی نەدا. سـەرکـردایەتی پ.د.ک سێ سـاڵی ڕێک ئابلووقـە دراوە وئەو راسـتـیـیـە هەر بۆ روون کردنەوە ویستم ئەمە بڵێم تەبیعی هەر کەسە خاوەنی رای خۆیەتی وهەرکەسەش ئازادە رای هەر چۆنەک بێت لەم بارەیەوە. باسی دەست تێوەردانی کراوە، ٨/٣١ کێ دەست تێوەردانی کردووە؟ لەم بـارەیەوە باسی ئەوەش کـراوە کـە لە(١٨/١٧)ی ئەم مـانگە کێ دەسـتـی تیـوەرداوە؟ کێ هێزی لایەنێکی دیکەی هێناوە بەدرێژی وپانی بردوویەتی تا ناوچەی سیدەکان و چەکی داوەتێ لەسنوور؟ پاش ئەوە لایەنەکەی تر رۆیشت بوو ولاتی بەجێ هێشت بوو ئەم هەمـوو کاول کاریەی بەجێ هێشت بوو بۆ ئێران، کێ لەئێرانەوە هێنایەوە بۆ ئێرە؟ دەبوایە بەئینسافەوە باسی ئەمەش بکرایە بۆ ئەوەی سەلماندنی بێ لایەنی بکرێ لەو لایەنەوە. گیـانی لێبـوردەیی بەڕای ئێـمـە لەناو بەرنامـەکـەدا هەیە چونکە ئێـمـە داوا دەکـەین شـەڕ نەبێت، ئێـمـە داوا دەکـەین کـێـشـەکـان بەئاشـتـیـانەو بەگیـانی برایەتی چارەسەر بکرێن، ئێمە داوا دەکەین هاوکاریی بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بارەی بۆ مـیـللەتەکـە رەخـسـاوە وئەو رەوشـە بخـەینەوە سـەر بـارودۆخی خـۆی وداوا بکـەین بە شێوەیەکی برایانە بەلێک گەیشتن، بەرێگەی دیموکراتی، بە هەڵبژاردن چارەسەری بکەین. بەڵام ئێمە دژی ئەمەین بەرێگای جاران، پێش دەست پێکردنی شەڕ، ئێمە ئیش بکەینەوە چونکە ئەم رێگایانە شکـسـتـیـان هێنا وباوەڕیش ناکـەم کـەس گـفـتـوگـۆ لەسـەر ئەوە بکا. چەند سـاڵ لەمەوپێش، (٢) ساڵ لەمەوپێش چەند رێگایەکی سەرکەوتو هەبوون، چ لەناو پەرلەماندا چ لەناو کۆمەڵ دا ئەوە راستییە دەبێ رەچاوی بکەین ودەبێ بڵێین تاکە حزبی لەناو ئێمەدا نییە، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ئێمە دژ بەتاکە حزبین، ئێمە لەگەڵ حزبایەتی فراوانین هەر حزبێک بەرگری لەمافی رەوای گەلی کورد بکات، هەر حزبێک بەرگری لەبنەماکانی دیموکراتیەت بکات، هەر حزبێ پشتگیری لە مافی کوردستان بکات، ئێمە بەدۆست وبراو هاوکاری خۆمانی دەزانین.

ئەمە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەر حزبێ رێزی پەرلەمان وحکومەت و ئامانج و بەرژەوەندی میللەتی کورد بگرێت و پێش هەموو شتێکی بخات ئەو حزبە هەموو رێگەیەکی بۆ ئەکەینەوە، هەموو هاوکارییەکی پێویستی دەکەین لە توانای حکومەتی هەرێمدا بێ کە بەئازادی، بەبێ گوشار وبەبێ خۆپێوەگرتن ئیش وکاری حزبی ئەنجام بدات. کەحزب هەبێ، کە کۆمەڵێک حزب هەبن ئەو حزبە ئیشی ئەوەیە دەستکەوت بۆ خەڵک بەدی بهێنێ، ئیش بۆ خەڵک بدۆزێتەوە، لەو دەزگایانەی کە هەنە دەبێ دەستی باڵا بێ، لەناو دەزگاکە سیاسەتی خۆی وپرۆگرامی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام دامەزراندن یان کردن بەمامۆستا لەزانکۆ یان دەستکاری شتێ بکەی بەبێ یاسا وبەناوی حزبایەتییەوە ئەوە پێویستە رەت بکرێتەوە، ئەوە بابێتە پرۆگرامی حکومەتی هەرێم، ئەبێ برا وەزیرەکان هەریەکە لەشوێنی خۆیەوە بەدواداچوونی ئەوە بکات وئەوە نەکات، بە یاسا ئەبێ ئەوە چارەسەر بکرێت ئەگەر هەیە، تەبیعی تازە دروست نەبووە، ئەم حکومەتەی هەرێم نەی کردووە لەم دووسێ مانگە. لەوەتەی هەڵبژاردن بووە وپێش هەڵبژاردنیش لەم وڵاتە هەر حزبایەتی کراوە، هەر لەسەر بنەمای حزبایەتی خەڵک دەرکراوەو گیراوە و راوەدوونراوە وکوژراوە. ئەمە بە رۆژێک ودووڕۆژ چارەسەر ناکرێت، بەرۆژێک ودووڕۆژ لەمێشکی ئەو میللەتە نایەتە دەرێ، ئەمە کاتی دەوێ، ئیشێکی زۆری دەوێ. سەبارەت بە قوتابیانەوە، قوتابی کە رێکخراوێکی هەبێ حەقە ئەو رێکخراوە بواری بدەیتێ، رێکخراوی جەماوەری، ئافرەت رێکخراوی هەبێ پارێزەر ئەبێ رێگەی بدرێتێ، ئەندازیار ئەبێ رێگەی بدرێتێ، بەڵام ئێمە ئەبێ ئەرکمان ئەوە بێ حکومەت یاسای بۆ دابنرێ، یاسای کۆمەڵەکان هەیە، باهەموو قوتابیان لەناو خۆیاندا هەڵبژاردن بکەن. رێکخراو هەبێ بەڵام ئەرکی ئێمەش ئەو کاتە وەکو حکومەت دەبێ ئەو رێکخراوانە بناسێت ویارمەتییان بدرێت بۆ نەهێشتنی گرفتەکانیان، بەڵام ئەو رێکخراوانە دەبێ بەپێی یاسای کۆمەڵەکان و بەپێی یاسا بێ، بەرێگایەکی دیموکراتی سەرکردایەتییەکەی بگۆڕێت، حسابی دیار بێ وپێرەوی ناوخۆی وبەرنامەشی زاندراوبێ. باسی دەولەتە ئیسلامییەکان کراوە، راستە باسی دەوڵەتانی جیهانی کراوە کاک عەبدولخالق نووسینگەکانی دەرەوە، نووسینگەی حکومەت نەبوون، نووسینگەکانی دەرەرەمان نووسینگەی حزبی بووە ئێمە ویەکێتی دانیشتین دابەشمان کردن وەکو هەموو دەزگاکانی تر چونکە حوکمڕانی پەنجا بەپەنجا بووە، ئەوەی تۆ بیکەی منیش دەی کەم، ئەوەی بیکەم تۆش دەی کەی، چوار نووسینگە هەنە دوانیان بۆ تۆ دوانیان بۆمن لەسەر ئەو بنەمایەی ئیشمان کردووە، ئەمە بنەمایەکی هەڵەیە، ئەمە لە بنەڕەتدا یەکێکە لەو شتانەی کە ڕەتی ئەکەینەوەو ئەمانەوێ خەڵکی بەتوانا دابنێن کە نووسینگەکانی دبلوماسیەت بەڕێوە ببات نەک تەنیا خەریکی بەرژەوەندی حزبەکەی خۆی بێ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەرچەندە برا خۆی لێرە نییە، برای بەڕێز دکتۆر شەفیق مرۆیەکی سەربەخۆیە وشارەزایەو لە دەرەوەش بووە، شارەزایی ئەو شتانەیە کە کراوە بە وەزیری مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتەی کە لە بنەڕەتداو چاک دروست نەبووە چاکی بکاتەوە

بیخاتەوە سەر بارە راستەکەی. منیش پشتگیریی کاک عەبدولخالق دەکەم دەبێ زۆر گرنگیی بەبرا تورکمانەکان وبرا ئاشووریەکان وبرا عەرەبەکانمان بدەین کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین مافی نەتەوەیی، مافە مرۆییەکان و رەوشەنبیریەکانیان دابین بکەین، ئەوان دەبێ هەست بکەن کە ئەمە ولاتی خۆیانە بەپێی کێش وقەبارەی خۆیان گرنگیان پێ بدرێت ودەوری خۆیان ببینن بەپێی لێهاتوویی و توانای خۆیان. ئەو پەرلەمانە شایەتی ئەوەیە، برا ئاشووریەکانمان لەم پەرلەمانەدا بەشدارن، لە هەلبژاردن دا بەشداریان کردووە. برا تورکمانەکانمان بەشدار نین چونکە وەکو تورکمان لەهەلبژاردن بەشداریان نەکردووە، لەهەلبژاردن دا بەشداریان بکردایە ئەهاتن، دەرگای حکومەتی هەرێمیش بۆ برا تورکمانیەکانیش کراوەتەوە ولەهەموو بریارێکیش دا ئەوە رەچاوکراوە مافی ئەوان دەستەبەر بکرێت، ئێمەی کورد کە مافی ئەوانە نەدەین مافی ئەوەشمان نابێ کە داوای مافەکانی خۆمان بکەین، ئەوە شتێکی سروشتییە، ئینجا هەر کەم وکوڕییەک هەیە لە دارشتندا دەربارەی برا ئاشووریەکان وبراتورکمانەکان ئەوە دەتوانین بیخەینە سەری و چاکی بکەین، لەکوردستاندا لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت ئەشکەنجە هەبێت ئەوە یاسایە دەبێ لەوەزارەتی ناوخۆ بەرێکوپێکی بەداواداچوونی ئەوە بکرێ، ئێمەش ئەوەمان لەسەرە داوا لەهەموو حیزبەکان بکەین کە گرتوخانەی تایبەتی بەخۆیانیان نەبێ، کە ئەشکەنجەی خەلکی نەدەن، بەلکو رێزی مافی مرۆڤ بگرن، هەموو حزبەکان تێکرا بەبێ هەلاوێردن لە بەرنامەکەی خۆمان دا هاتووە. کاک عەبدولخالق بۆ ئەوەی باری بەرێوەبردن وئاسایش لەلامان رێکو پێک بێ ئەبێ سەر لەنوێ دروستی کەینەوە بەشێوەیەکی وا کە بتوانێ ئەو ئەرکانەی جێبەجێ بکات وئەوە لەبەرنامەکەدا هێمامان بۆ کردووە. کە ئەبێ زامینی مووچەی(پ.م)و شەهید بکرێ وپێشمەرگە رێک بخرێت لەدەزگایەک دا کەپێی دەلێن وەزارەتی (پ.م)دلسۆزی ئەو پێشمەرگەیە بۆ گەل ونیشتمان بێ ودلسۆزی بۆ حزب نەبێ، ئەمە بە قسەخۆش وئاسانە بەلام لەکاتی کار پێکردنی ئیشێکی زۆری دەوێ وهیچ گرەنتیەک نییە ئەمە لەماوەی مانگێکدا یان دوو مانگدا یان(٦) مانگ دا جێبەجێ بکرێت، بەلام دەتوانین وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوبەلێنەتان بدەینێ کە وەزارەتی (پ.م) لەسەر ئەو بنەرەتە ئیش بکات و لەسەر ئەو بنەرەتە بروا بەرێوە. مەسەلەی سەربازی گیری (الخدمة الالزامية) مەسەلەیەکە دەبێ وەزارەتی (پ.م) خۆی تاوتووی بکاو پسپۆرەکان لێکی دەنەوە ئایا چاکترە، چاکتر نییە؟ چارەیەکە بۆ گرفتەکانمان، چارە نییە؟ لەچ رەوشێکا دەتوانی ئەوە بکەی ئەوە شتێکە دەتوانین بۆ وەزارەتی پێشمەرگەی بەجێ بێلین تاوتووی بکەن ورامان بدەنێ. ئێمە وەکو حزبەکان کاتی خۆی لایەنگری ئەوەمان دەکرد کە چەکداری بەو شێوەیە نەمێنێ، بە زۆر کردنە سەرباز بێ وسوپایەکی نیزامی لەسەر ئەو بنەرەتە دروست کەین، هەرچەندە هەمووشتان شارەزان هەندێ ولات (التجنید الاجباري) شی نییە بەلام سوپای هەیە. دەبێ هەردوو سیستەمەکە لێک بدەینەوە چ لەتوانادا هەیە لێ ورد بوونەوەیەکی قوولی باش بکرێت ئەو پێشنیارە پێشکەش بکرێت، ئەو کاتە

مەسەلەی بە سەربازکردنیش بێگومان مەسەلەیەکە دەبێ رووبەرووی پەرلەمان بکرێتەوە وپەرلەمان خۆی بریاری لەسەر بدات. ئینجا بابەتی پیشەسازیی وکارەبا وئاو هەتا شارەوانیەکانیش ئێمە لەحکومەتی هەرێم بە خاڵێکی سەرەکیمان داناون، بۆ نموونە: سەبارەت خاڵە سەرەکیەکان، خزمەتگوزاریەکانی وەکو ئاو پێش هەموو شتێکمان خستووە بۆ نموونە: شاری هەولێر دەبێ کارەبای بۆ دابین بکرێت، شارێکی وەکو هەولێر دەبێ شتی تەندروستی بۆ دابنرێت، ئینجا دەبێ پاک و تەمییزی بۆ دابین بکرێت ئەوانە لەسەرووی هەموویانەوە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، هەر وەزارەتێ سەرپشکی تایبەتی خۆی هەیە وئەوە رەچاوکراوە لەبەرنامەی وەزارەتیش دا هەبێ.

بەزاندنەکانی ناوچەیی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی باسمان کردووە، وتومانە دەرگا ئەو شەڕی ناوخۆییە بوو، ئێستا دەبێ دەرگە داخرێ بۆ هەموو بەزاندنەکانی ناوچەیی. ئەوە راست نییە و ئێمە دەبێ وەکو حکومەت، وەکو پەرلەمان، وەکو ئەحزاب دژی ئەو بەزاندنانە بین، ئەوەی پێمان بکرێ بیکەین وئەوەش داوا بکەین تاکو بزانین کە ئەو لایەنەی بەناو پارێزگاریمان دەکات بامان پارێزێ لەو بەزاندنانە. سەبارەت بە ئاوارەکان داوای چارەسەرکردنێکی هەمیشەیی کرا بۆ ئاوارەکان، لە بنەڕەتدا ئەمە ئەرکی حکومەتە، ئەرکی بەڕێوەبردنە، ئەرکی پارێزگارە، ئەرکی قایمقامە، ئەرکی دەزگای دارایی یە کە شتێکیان بۆ دابین بکات وهەوڵ بدات باری ژیانی ئاوارەکان چاک بکات، هەوڵ بدات ئاوارەکان یارمەتی بدرێن. تەبیعی هەموو دەزگاکانی حکومەت لەوەتەی مەسەلەی ئاوارەی ناوخۆ پەیدا بووە هەوڵێکی زۆریان داوە، ئەگەر هەڵمەتێکی راگەیاندنیان بۆ ئەو مەبەستە نەکردبێ وەکو پارێزگار، یان وەکو بڵێین قایمقامی مەرکەزیان وەکو لیژنەی ئاوارەکانی سەر بەحکومەتی هەرێم ئەو هەموو یارمەتیە نەدەدران، بەڵام بێگومان ئیشێکی زۆر کراوە. ئەو ئیشە زۆرە ئەوە بووە کە لەتوانای حکومەتدا هەیە لەوانەیە پێویستی ئاوارەکان لەوە زیاتر بێ. من خۆم بەتایبەتی بۆم هەیە لەگەڵ لیژنەیەکی هەمیشەیی ئاوارەکان نەبم چونکە مەسەلەی ئاوارەکان ئێمە نابێ بەبێ یاسا بچین بە مەسەلەیەکی هەمیشەیی دابنێین، مەسەلەی ئاوارەکان مەسەلەیەکی کاتییە دەبێ خەبات بکەین ئەو ئاوارانە بەزووترین کات بچنەوە شوێنی خۆیان، بچنەوە سەرماڵ ومولکی خۆیان، بەڵام ئێمە دەبێ بە یاسا بیچەسپێنین، دەستەی هەمیشەیی بۆ دروست بکەین ومادەی تایبەتی بۆ جیابکەینەوە ،لەپێش ئەوە ئێمە دەزگایەکی هەمیشە نەگۆڕی ئاوارەمان دروست کرد ئەمە لەلایەنی نەسیاسی نەبەڕێوەبردن راست نەبوو، بەڕاستی نازانم، بە هەوڵی تاکە کەسیش بۆی هەیە مرۆیەک بەجۆرێک بیر لەوە بکاتەوە، مرۆیەکی تر بەجۆرێکی جیاتر لێکی بداتەوە. ئێمە ئەو پێشنیارەی کەوا کراوە وەکو حکومەت بێگومان تاوتووی دەکەین، ئەوانەشمان داناوە لەڕاستیدا گرنگیان پێداوە، بەرنامەکە هەیە. دەبێ گرنگی بدرێ بەگەیاندن، بە بەرید، بە تەلەفۆنکاری، بەشارەوانی لەڕاستیدا ئەو بەرنامەیە خۆی هەرچەندە هەندێکیان وتیان بەرنامەی تێروتەسەلە هەندێکیان

وتیان چرە بەشێوەوە، هەر وەزارەتێ بەرنامەی خۆی بەتەواوی پێشکەش کردووە، بەوە لەوانەیە ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی ئەوەمان کردبێ چارەسەرێکی ناوەنجیمان لەنێوان شتێکی زۆر کورت وشتێکی درێژدارو زۆر گەورە دۆزیوەتەوە، جا ئەو چارەسەریە ناوەنجیەش دووردرێژە باس کردنی لێرەدا هەموو کاتەکە دەبا، ئەو چارەسەریە ناونجییە دۆزیومانەتەوە هەمووی پێدا گرتنی تێدا هەیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بابەتە درێژەکانی بنەڕەتی گرنگ بە بۆچوونی خۆمان وئەو شتانەی کە دەکرێ بیکەین. تەبیعی هەموو حکومەتێکیش ئەوە هەیە لەبەرنامەی حکومەتەکەیدا وردەکاری ناکات، چونکە سبەینێ خاڵ بەخاڵ خۆی بە بەرنامەی حکومەتەوە نابەستێتەوە من فلان شت دەکەم و فلان شت دەکەم ئەوە سبەینێ ئێمەش ومیللەتیش وهەموو وکەسێکیش دەڵێن ئەی ئەو شتەی بۆ نەکردووە؟ لە رەوشی ئێستاشمان دا هەمووتان دەزانن باری ئابووری کوردستان، باری سیاسی کوردستان بەشێوەیەک لەهەموو شتێکەوە نزیکە لە ئارامی نەبێت. بەرنامەیەکی زیاتر تێروتەسەل وروون و پڕ بەڵێنتری تێدا هەبێت لەوانەیە لە بارێکی زۆر ئارام تر لەباری ئێستا ئەوە ببێ هێشتا زەحمەتە. مامۆستای زانکۆ ئێمە گرنگیمان پێ داون. هەر مامۆستایەکی زانکۆ، جارێ دامەزراندنی ماجستێرو بەرەوژوور بە بەردەوامی وبەبێ سەیرکردن و بێ گوێ دانە حزبایەتیان یان هەر شتێکی تر دەست بەجێ دامەزراوە، وهانی هەموو زانکۆکانمان داوە لەهەر شوێنێکەوە بێن بەپێی توانا ئاسنکارییان بۆ کراوە، ئەگەر سەیر کەن باری زانکۆکانی ئێمە خراپ نییە، بەشێوەیەکی گشتی. واتا لەکابینەی یەکەم ودووەم وئێستاش دەتوانین بڵێین لەڕاستیدا سەرەرای هەموو بارێکی ناخۆشی کوردستان سەرەرای شەڕی ناوخۆ، پێشکەوتنی زانکۆمان بۆ دەرکەوتووە، ئەوە دەسکەوتێکە بۆ گەلی کورد، دەسکەوت نییە بۆ کەسێکی تایبەت. زانکۆ بەردەوام بووە پەروەردەش بەردەوام بووە یەکگرتوو بووە و بەو پێیەش ان شاءالله بەو بەردەوامی ویەکگرتوویە دەمێنێتەوە. د.رزگار دەپرسێ ودەڵێ تاوانبار بناسرێت ولەلایەن جەماوەر وئێمە چی بۆ بکەین؟ فیکرەکەی ئەوەیە بەتەواوی ئەو جیاوازیەی لەسەر ئەو گفتوگۆی کەمن وکاک عەبدولخالق ئێستا کردمان ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە ئەو لایەنەی دەستی بەشەڕ کردووە، ئەو لایەنەی کە ناسراو، کە هەموو کەسێک پەنجەی تاوانباری بۆ درێژ کرد وتی تۆ ئەو شەڕەت دەست پێ کردووە، ئەو کاتە بۆی هەیە (٦)جار بیری لێ بکاتەوە، بەڵام هەندێ وتیان نەوەڵڵا خەتای هەموو لایەکە، گوناهباری راستەقینە دەستنیشان نەکرا نەیان وت تۆ تاوانباری، دیار نەکرا ئەو تاوانبارە لەپەنای ئەوانەوە خۆی شاردۆتەوە ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی تر ئەو شەڕە دەست پێ بکاتەوە وئەم گرفتانە بێتەوە کوردستان، ئەوە هۆکارێکی تەمبێکەرە ناشتوانین سزای بدەین، ناشتوانین دەستی بگرین، بەڵام دەتوانین پێی بڵێین بابە ئەو شەڕە تۆ کردت، ئەمە راست نییە ودەبێ هاودەنگێکی میللی لەسەر ئەوە هەبێ، دەبێ هەموو ئەحزابی کوردستان بگەڕێنەوە بۆ ویژدانی خۆیان. پیشانی بدەین کێ گوناهباری راستەقینەیە، ئەگەر گوناهباری راستەقینە دەستنیشان

بکرابا، بێگومـان جـارێکی تر وابەئاسـانی سێ گـەڕی شـەڕی دەست پێ نەدەکـردەوە، ئەوە بۆچوونەکەیە. باسی بەندیخانەکـانمان و مـەرجـەکـانی مـرۆییمـان کـرد، بەندیخـانەکـانمان چاک بکەینەوە، مەرجەکانی مرۆیی تێدا دەستەبەر بکەین، ئەوە هەموو میللەتی کورد بەڵێنی داوە بە رێکخـراوی مـرۆیی کـە ئاگـاداری لایـەنی مـافی مـرۆڤ بکات وئەوە بەشـێکیـیـەتی ومـرۆ دەبێ لەهەمـوو مـەرجـێکدا، لەهەمـوو رەوشـێکدا بەپێی یاسـا مـافی خۆی هەبێ، ئاگـاداری لایـەنە مـرۆییـەکـان بکەین ولە مـرۆڤـایەتی کـەم نەکـەینەوەو ئەمـە شـتـێکی بنەڕەتییـە، ئەمـە ئەوەی بەدواداچوونی کردبێ پێش ئەوەی بەرنامەکە بخوێنێتەوە باری بەندیخانەی ئاکرێمان تا رادەیەک چاک کردووە، باری بەندیخانەی هەولێر واخەریکین تەواوی دەکەین، باری بەندیخانەکان دەبێ بەشێوەیەکی باش بەڕێوەبچن، بەڵام بێگومان دەبێ لەهەمان کاتیشدا ڕەچاوی ئەوە بکریت ئێرە کوردستانە، ئێرە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەراوردی بەندیخانەی هەولێر لەگەڵ بەندیخانەی لەندەن ناکرێت وئەوە کەسیش نایکات.

لەڕاستیدا باجی داهات وخانووبەرە ئەو باجانە لە عێراقدا چاوپۆشیان لێکراوە و ئێمەو هەموو کەسێکیش شارەزای ئەوەیە داهاتی دەوڵەتی گەورە، دەوڵەتی گەورەی وەکو ئینگلتەرە، وەکو ئەمەریکا، وەکو ئەلەمانیا، دەسکەوتی هەرە بنەڕەتییـان باجی داهاتە. ئێـمە ئەوە دەرگـایەکـە دۆزیومـانەتەوە، بتـوانین بـاش ئەو باجی دەڕامـەتە (ضريبة الدخل) رێک بخـەین. واریداتێکی واهەبێ کـە یارمـەتیـمـان بدات، ئێـمـە تەنیـا نەک بەڵێنی ئەوە بدەین وەڵلا تەنیـا مـووچەی فـەرمانبەران دەدەین، بەڵکو هەوڵ ئەدەین مووچەی پێشمەرگەو شەهیدانیش بدەین، دەتوانین ئەو کاتە بڵێین ئێمە بەرنامەمان هەیە وپڕۆژەمان هەیە ودەتوانین ئەوە بکەین وئەوە بکەین، ئەمە ئەرکێکی سەرشانی وەزارەتی دارایی یە ولە پرۆگـرامەکەشی دا هاتووە، لەبەرنامەی حکومەت داهاتووە، کـە دەبێت زەوابتـێکی وا دابنێـن کـە باجی خـانووبەرەو داهات وئەوانە باش کـۆ بکرێنەوە، رێک بخـرێن، بێگومـان ئەوە کـەلێنێکی زۆر گـەورەمـان بۆ پڕ دەکـاتەوە ودەبێ گرنگێکی تایبەتی پێ بدەین. مەسەلەی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا ببێتە وەزارەتێک، جائیتر تاوتووێ دەکـرێت ئەگـەر ئیـشـەکـە بەو شـێـوەیە رۆیشت بەڕێوە، وبۆی هەیە ئەو کـاتە بیـر لەوە بکرێتـەوە لە ئەنجـومـەنی وەزیران بکرێ بەوەزارەتێک، بێگومـان ئەو کـاتەش نووسراو دەکـرێت بۆ پەرلەمـان، پەرلەمـان دەبێ رەزامـەندی نیـشـان بدا کـە وەزارەتی تازە پەیدا بکەین. تائێـسـتـا ئیـشـەکە، بەباشی رۆیشـتـووە تائێسـتـا پێـویسـتی ئەوتـۆ نەبووە ئێـمـە ئەلقەیەکی زیادە دروست بکەین، یان دەزگـایـەک یا فـەرمـانگـەیەکی گـەورەی زیادە دروست بکەین، بەرژەوەندی زیادەی بخـەینە سـەری، وتوویانە ئەو خـەرجی ئەیدەین بە وەزارەتی خـوێندنـی باڵا ئەیدەین بەوەزیر و بە بریکارو بە بەڕێوەبەری گشتی، بەپێویستیەکانی ئەو وەزارەتە، جارێ لەبیناکردنی کۆلیژەکان و قوتابخانەکان خەرجی بکەین، بۆ چاک کردنەوەی تاقیگەیەک کە تائێستا پێمان نەکراون، یا بۆ دانی هەندێ مووچەی پێویست کە نەدراوە تا ئێستا، ئەمانە هەمووی پێویستین، بێگومان ئەو

پێویستیانە هەمووی چڕ بوون، کەی توانا هەبوو ئەو کاتە مەسەلەی پێکهێنانی وەزارەت زۆر ئاسانە، هەر دوولامان زۆر بەئاسانی ئەوەمان پێ ئەکرێت. گرنگیی نەدان بەزمانی کوردی، گرنگیی بە زاراوەی بادینی نەدراوە لەڕاستیدا هەموو زاراوەیەک دەبێ گرنگیی پێ بدرێت. وەک باوە حکومەت هانی زاراوەکان وفۆلکلۆر وئەوانە دەدات، بەڵام وەکو باوە حکومەت دەبێ هەوڵی ئەوە بدات یەک بخرێن، من ناڵێم زاراوەی سۆرانی، تەنیا دەبێ زاراوەی هەرێمی کوردستان بێ، قەت ئەوە ناڵێم ،ئەوە بۆچوونی من نییە وبۆچوونی حکومەتی هەرێمیش نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمە دەبێ لەهجەیەکمان هەبێ، زمانێکمان هەبێ کە زمانێکی رەسمی ویەکگرتوی هەرێم بێ، زۆر لەم بابەتە کۆڵدراوەتەوە، ئەمە ئەرکی پسپۆرەکانە کە لێی بتۆژنەوە باشترین رێگا چییە چۆن بکرێت ورێزمانی کامیان وەربگیرێ، وشەکانی کامیان وەربگیرێ؟ وئەم بوارە کراوەیە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ کۆنگرە ساز بدات، وەزارەتی رۆشنبیریی دەتوانێ کۆنگرە ساز بدات، زانکۆکان دەتوانن تۆژینەوەی تێدا بکەن. حەقە لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل بکرێت وئەو لایەنە پڕ بکرێتەوە ئەمە کەم وکورییەکە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، نابێ بواری ئەوە بدەین بگوترێ ئەمە سۆرانییە، ئەمە بادینییە، سۆران بەسەر بادینان بیەخێن ئەمە کاری دوژمنەکەمانە، لایەنەکەی تر ئەیەوێ هەتا ئەو شەڕە ناوخۆیە ناوبنێ شەڕی ئەهلی. نایانەوێ بڵێن ئەوە شەڕی دوو حزبە یان شەڕی دوو سەرکردایەتییە، دەیانەوێ بیکەن بە شەڕێکی ئەهلی و بڵێی سۆران لەگەڵ بادینان شەڕ دەکات، ئەوە گەورەترین تاوانە بەمافی میللەتی کورد دەکرێت، ئەوان مەبەستێکیان هەیە، دەیانەوێ ئەو لایەنە بەلایەنێکی شەڕی ئەهلی بێ نەک بەلایەنی حزبایەتی تەسک. ئێمە دەبێ لەو تەڵەیە خۆمان دوور ڕاگرین. کاک سەفەر دەڵێ بەرنامەکەتان تێروتەسەلە داوای سەرکەوتنمان بۆ دەکات زۆر سوپاسی دەکەین. بەڕێز کاک مامەند ئاغا سوپاسی ئەویش دەکەین لەهەمان کاتدا و تێبینییەکەی زۆر راستە ولەجێگای خۆیەتی، لەڕاستیدا بەو شێوەیە کراوە کە ئەو حزبانەی بەشدارییان کردووە لەگەڵ حکومەتدا وهەموو دەسەڵاتدارن وئەتوانن ئەو بڕیارانەی کە پێویستن بەمەسەلەکانی راپەڕاندنیشەوە، هەوڵ بدەین جێبەجێیان بکەین ومەسەلەی برسیەتیش مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بنەڕەتییە، ئەمڕۆ ئەو خەڵکە برسیەتی، پێویستە ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەوەی پێمان بکرێت بۆیان بیکەین، وەک دەزاندرێ تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەیە لەبەردەستان دایە، بێگومان وەزیری دارایی کە باسی بودجە دەکات کاتی ئەوەشە کە بودجە ئامادە کراوە بەم زووانە تەواو دەبێ باسی هەموو داهاتەکانتان بۆ دەکات کە چەندە، باسی هەموو خەرجی پێویستیشیان بۆ دەکات کە چەندە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانەیە نەتوانین باری ئەو خەڵکە هەمووی بەجارێ چاک بکەین، بەڵام بێگومان دەتوانین هەوڵێکی بۆ بدەین کە یارمەتیان بۆ زیاد بێ ،بارێکی وای بۆ برەخسێنین کە بتوانێ باری ئابووری وژیانی چاکتر بێ. ئێمە ئەگەر بتوانین مووچە بدەین ئەوە بێگومان باری بەشێک باش دەبێ، ئێمە

بتوانین مووچەی هەموو (پ.م)و خێزانی شەهیدان بدەین باری بەشێکی تر چ ب دەبێ، بتوانین ئارامی دروستکەین ئەوە تەبیعی جووتیار دەتوانێ بەروبووم بەرهەم بێنێ وکرێکار دەتوانێ ئیش بکات، دەتوانێ کاسبی خۆی بکات لەبارێکی ئاساییدا ژیانی باش دەبێت، لەهەمان کاتیشدا ئێمە هیوایەکی گەورەمان هەیە ونایشارینەوە وهیوای میللەتی کوردیش هەمووی بەبڕیاری «٩٨٦»ە ئەو وڵاتانەی کە گرفتی وا گەورەی برسییەتی وگرانی تەخت دەکەن عادەتەن بەرێگا گەلی وا چارەسەر دەکەن، کە لەدەرەوەی دەستکەوتە ئاساییەکانی حکومەتە وئەو وڵاتانەی نەوتیان هەیە یان شتێکی تایبەتیان هەیە دەیفرۆشن وسەرچاوەیەکی دەسکەوتیان دەبێ کە دەتوانن پرۆژەی بێ جێبەجێ بکەن ودەتوانن باری ژیانی خەڵکی پێ چاک بکەن، ئێمە ئەو رێگەیەمان لێ داخراوە. عێراق بەگشتی نەوتی هەیە دەتوانێ بیفرۆشێ وبێگومان مافێکی سروشتی کوردە کە بەشێک لەو نەوتەو بەشێک لەو پارەی نەوتە بۆ ئەم میللەتە بێ بەپێی رێژەی دانیشتووانی کوردستان، ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی دیاری کردووە ئەگەر عێراق هاتوو نەوتەکەی فرۆشت وخۆراکی پێ کڕی بەشێک بەپێی رێژەی دانیشتووانی کوردستان دیاری کراوە لەژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێم و لێمان دابەش دەکەن، ئەوە لایەنێکی گەورەی هۆی بژێوییان بۆ چارەسەر دەکات، تەبیعی برادەرێکیشمان پرسیاری ئەوەی کرد دەڵێ کەی ئەوە پیادە دەکرێ؟ ئەوە کاک ئیبراهیم باسی کرد، من پێشەکی ئەوە وەڵام ئەدەمەوە، ئەوە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نازانێ کەی دەبێ، دەقاودەق مەوعیدەکەی نازانێ، بەڵام بێگومان نەوتەکە رۆیشتووە، ئەوە پرۆسەیەکە کە نەوت ئەفرۆشن خۆراکی پێ دەکرن، دەیگوازنەوە و دێتە ئێرە، ان شاءالله ئەویش تا زووتر بێ باشترە. ئینجا هەندێ دەڵێن مانگێ، هەندێ دەڵێن(٢) مانگ، بەڵام بەتەواوی ئێمە ناتوانین بڵێین فلانە کاتە، کاک د.ناسح جەختی کردۆتە سەر قسەکانی کاک ئەحمەد سالار، منیش جەختم لەسەر ئەوە کردەوە لەبەرنامەکەش داهاتووە ئەو شتانە هەق بوو جیابکرێنەوە وسوپاسی دەکەین. هەروەها هێمای بۆ ناوی کلدانی کردووە تەبیعی ئەو شوێنەی ئەگەر بەپەسندی بزانن و ئەو شوێنەی کە پێویستە ئەگەر ئێمە گرنگیی دانە بەبرا کلدانیەکان ئەوە شتێکی رەوایە، مافی خۆشیانە. هەروەها باسی موسلمانەکان، بەرێز کاک مەلاتاهیر وەکو وتم پێشەکی ئێمە ئەوەندەمان پێ کراوە بەگشتی باسی کەین وەکو مامۆستایانی ئایینی مافی خۆیانە بپرسن ئەم گشتییە چییە، چی دەکەن، چی ناکەن؟ ئێمە بۆ نموونە یەکەم جارە وامان کردووە کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەدەر لە هەموو رێکخراوەکانی تر حسابێکی تایبەتی بۆ یەکێتی زانایانی ئیسلامی بکەین کە ماوەیەکی زۆرە دەرماڵەیان نەبووە و ئەوەمان چەسپ کردووە، ئەوە بەم زووانە دەکرێ بەبڕیار، رێنومایی دراوە بە وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ئەوقاف خۆشی بەرپرسیارە بگەرێ بزانێ چ مزگەوتێ پێویستی بەچی هەیە؟ ئەگەر کەم وکورتیەک هەبێ ئەوەی پێمان بکرێ دەیکەین ئەوەی پێشمان نەکرێ ئەوە لەتوانای ئێمەدا نییە، جەختی ئەوەشمان بۆ بکەن ئێمە داوامان کردووە بگەرێین

چارەی بۆ بدۆزینەوە. چارەسەری مەسەلەی (حەج ) ئەوە ئەرکێکی سەر شانی ئێمەیە، ئەرکی هەموومانە ئەگەر پێمان بکرێت ئاسانکاری بۆ هاوولاتیانمان بکەین کە بچنە حەجی خۆیان، ئێمە ئەوەمان لەسەرە، ئەرکی سەر شانمان ئەوەیە یارمەتیان بدەین وهەولیان بۆ بدەین، وەزارەتی مرۆڤایەتی بێت چ وەزارەتی ئەوقاف بێ چ حزبەکان بن، هەر حزبێ بێ رێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە با کورد ئەو دەرگایەیان لێ بکرێتەوە کە چەند ساڵە لێی بێ بەشن، بریارمان داوە، داوامان کردووە کە وەزارەتی ئەوقاف لەسەر داوای خۆشیان کە دەوراتی تایبەتی بکرێتەوە، خولی تایبەتی بۆ خەتیب وبۆ واعیز ئەمانە بکرێتەوە لەهەمان کاتیشدا گرنگیمان بە قوتابخانە ئایینیەکان داوە ئەگەر گرفتێکی یاساییان هەبێ، لەکۆلیژەکان وەربگیرێن یان وەرنەگیرێن، وامان کردووە وەربگیرێن، چارەیەکمان بۆ دۆزیوەتەوە لەرێگای پەروەردە، لەرێگای وەزارەتەکانەوە دەتوانین ولەوانەیە بەشێک دابین بکرێت، لەوانەیە هەموومان پێ دابین نەکرێت، نازانم تەبیعی ئەوە دەگەرێتەوە سەر تواناکانی حکومەت. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر توانا هەبێ ئەبێ حسابی ئەوە بکرێت یارمەتی مامۆستایان بێ نەک تەنیا بەقسە رێزیان لێ بنێین و لەلایەنی داراییشەوە ئەگەر توانا بێ حسابێکی وامان بۆ بکەن ئەو کاتە ئەوان بۆچوونەکانی خۆیانمان پێشکەش کەن وەک وەزارەتی دارایی باسی بکەین. چەند لەوانەیە ئێمە تەرخانی کەین بۆ وەزارەتی ئەوقاف کە بیدا بەمامۆستایانی ئایینی ئەوە بەکورتی باسم کردو هیوادارم لەکەم وکوریم ببورن.

سەبارەت بە حکومەتی هەرێم وحکومەتی مەرکەزی ئەوە یاسایە پەیوەندیی بەحکومەتی مەرکەزی ودەسەلاتی پەرلمانەوە هەیە، پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چۆن ئەبێ؟ ئەوە دەسەلاتی پەرلەمانەو پەرلەمان بریاری لەسەر دەدات چ بریارێکی دەرکرد پەرلەمان، حکومەت پابەندی ئەوە دەبێت. سوپاسی کاک ئیبراهیم دەکەین کە دەڵێ بەرنامەکەتان زۆر باشە و هیوادارم بادرودۆخ یارمەتیتان بدات، ئێمەش هیوادارین بارودۆخ یارمەتیمان بدات پێکەوە ان شاءالله ئەوەی لەسەرمانە جێبەجێی بکەین. باسی مەسەلەی داهاتی باجی خانووبەرەمان لەبەرنامەکەدا کردووە، وەلامیش درایەوە. وەزارەتی مرۆڤایەتی هەرچەندە وەزارەتێکی مرۆڤ پەروەر بوو، بەلام وەزارەتی نەبوو، ئەوەش ناشارمەوە، بۆی هەیە کاک عەبدولخالقیش باش بزانێ ئێمە وەکو دوو حزب هەوڵمان داوە وەزارەتێکمان هەبێ کارتۆنی داینێین ناویان ناوە وەزارەتی مرۆڤایەتی، لەپێشەوە هەوڵ بدەین پەیوەندیمان پەیوەندیی حزبایەتی، بێ وامان کردووە. وەزارەتی مرۆڤایەتی ئێستا لەسەر ئەو بنەرەتە دروست نەبووە، لەسەر ئەساسێکی ئاسایی وحکومی دروست بووە دووبارە رێک دەخرێتەوە ودووبارە نووسینگەکانی دەرەوەش رێک دەخرێنەوە، هیچ بەرهەڵستیەک نییە باهەر حزبەو نووسینگەی حزبی خۆی هەبێ لەدەرەوە، باهەر حزبێ تائێستا چۆن بووە باهەر وابێ، پەیوەندیەکانی خۆی پێش بخا، بەلام لەهەمان کاتدا حکومەت دەبێ دەزگایەکی تایبەتی خۆی هەبێ ودەزگای حکومەت دەبێ ئاگای لەچالاکیی هەموو رێکخراوی بێگانە هەبێ لە ولاتدا، ئینجا ئەوە هاوکاریی تەواوی وەزارەتی مرۆڤایەتی و

وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت وهەنگاوی بنەڕەتیمان هاویشتووە ان شاءالله ئەوەش جێبەجێ دەکرێت، بێگومـان ئەرکی سـەرشـانی حکومـەتە ئەگـەر فـەرمـانبـەری بەرێوەبردنی باش نەبێ، واتە لە ئیـشـەکەی دا باش نەبێ یان بەزاندن بکات خـراپی بکات بیگۆڕن، بێگومـان ئەرکی ئێـمـەیە، ئەرکی وەزیری ناوخۆیە کە بەدوایدا بچێ وچاودێریی بکات. مۆڵەتەکانی وەزیرەکان وبریکارەکان بۆ دەرەوەی هەرێم دەبێ کـورت بێ، راسـتـە دەبێ کـورت بێ، دەبێ کـەم بێ، بەڕای من سـاڵی جارێک زیاتر نەبێ. دەڵێی چی کاک ئیبراهیم دەبێ ئاگادارمان بن خێزانی زۆرمـان لەدەرەوەن. کـاک ئازاد خـاڵەکـانی راستن، پێـشـمـەرگـە پشت گـوێ خـراون، شـەهیـدان پشـتـیـان تێکراوە، ئەرکێکی گەورەی سەرشانی هەرێمە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە بکا ودەبێ وەزارەتی دارایی لەوەدا ئاگای لێیان بێت پێش ئەوەی پارە بۆ وەزارەتەکان سەرف بکات، دەبێ حسابی ئەوە بکات پارە بۆ شەهیدان سەرف بکات، ئینجا بۆ پێشمەرگە سەرف بکات، پاشان بۆ خەڵکی تر، ئەوە راستیییە، ئەو راستیییـەشمان لەبەرچاوە ان شاءالله ڕەچاوی دەکەین. کاک ئەکرەم عزەت نەجیب باسی دەردی گشـتوکاڵی وئاژەڵیـەکانی کردووە ئەوە باس کراوە، لەبەرنامـەکەدا باس کراوە ئەوە دەردی کشتوکاڵی وئەوە ژینگەی ئاژەڵی وچارەسەرکردنیـان، بەڵام تەبیعی درێژەی پێ نەدراوە، من نەچوومـەتە ئەو درێژە پێدانەوە، بەڵام ئەوە ئەرکی وەزارەتی کـشـتـوکـاڵە، بۆ خۆی کۆنفراسی تایبەتی گرتووە، هەنگاوی چاکی هاویشتووە وئیشـەکەی بەرەو پێشەوە رۆیشـتووە زۆریش بەرەو پێـشـەوە رۆیشـتـووە نەک کـەم، کـۆنفراسـێکی سـەرکـەوتوویان بەسـتـووە ئیش وکـاری وەزارەتمان بەرێک وپێکی بەرێوە بردووە، من لـەوە دڵنیـام ئیش وکـاریان بەرێـک وپێکی بەرێوە بردووە. مـەسەلەی یاسای زەویوزار ئەمەگرفتێکی بنەڕەتییە لەکوردستـان بە دانیشـتنێک ودوو دانیـشتن لەوانەیە چارەسەر نەکرێت، ئێمەی کورد دەمـانەوێ هەموو کەسێ رازی بکەین کەس زویر نەکەین، ئێمەی کورد دەمـانەوێ کـەس غـەدری لـێ نەکرێت یان کەس غـەدرمـان لێ نەکات، خۆمـان غـەدر لەهەمـوو کـەس بـکەین، ئەمـانەمان هەمـووی دەوێ، چارە کردنی ئەو مـەسـەلەیە بـەو شـێـوەیەی کە بۆی چووین تـائێـسـتـا زۆر زەحـمـەتە من بەئاسـانی نابینم و وەزارەت خۆشی ئامـادەیەو خـەریکەو پرۆژەی بەدەسـتـەوەیە، بەڵام تەوەرەی بنەڕەتیی تاوتووکەی لەسـەر ئەو بنەڕەتەوە داناوە کە دادی کۆمەڵایەتی دابین بکەین، کەس دژی ئەوە نییە دادی کۆمەڵایەتی دابین بکرێت، کەس بێ بەش نەبێ وچارەکـە بنەڕەتیش نەبێ، لەسـەر ئەو بنەمـایە بێ، تۆ مـەسـەلەی زەوی لەسـەر چ بنەمـایەک چارە ئەکەی؟ دەبێ ئەو بنەمایە خزمەتی پێشکەوتنی بەرهەم هێنانی کشـتـوکاڵی بکات، دەبێ خـزمـەتی وڵاتـەکـە بـکات، ئەوە وەزارەت خـۆی خـەریکی ئەوە ئەبێت، پرۆژەکـان ئامـادە دەکـا ولەئەنجـومـەنی وەزیرانیش باسی دەکرێت وئەو کـاتەی پێـویسـیـتی بەگـفـتـوگـۆی زیاتریش دەبێ لەپەرلەمـان، جەنابی مامۆسـتا مەلاتەلحەش وەڵامم دایەوە لەگەڵ وەڵامـەکانی تر. برای بەڕێزیش کـاک فـرەنسـۆ، ئەوە بەدڵنیـاییـەوە پێـمـان وتووە مـەسـەلەی پەروەردەی وەرزشیی بە سـەرۆکی زانکۆمـان ووتوە بەمەرجێ پلەی کۆلێژی پەروەردەی هەبێ هەر ئافرەتێ بیـەوێ بچێـتە کۆلێجی

وەرزشـیی دەبێ ئاسـانکاریی بۆ بکەین هەرچەند کـاتـیشی بەسـەر چووە ئێـمـە وەری دەگـرین، لەهەمـان کـاتـیـشـدا داوامـان کردووە بزووتنەوەی وەرزشی ئافـرەتـان هان بدرێ بۆ ئەوەی بەگشتی ئەوان پێشکەوتووبن. ئەمە تێبینییەکانی من بوون لە وەڵامدانەوە، دەبێ ببوورن ئەگەر کاتێکی زۆرم لێ گرتبن وپێم خۆشە برا وەزیرەکـان ئەگەر تێبینییـان هەبێ هەموویان قسەی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

زۆر سـوپاس بۆ ئەو وەڵامـانە، ئینـجا ئەگەر برا وەزیرەکـانیش بیانەوێ قسـە بکەن با ناوەکـانیـان بنووسین، کـاک فـرەنسـۆش بنووسین چونکە لەگەڵ برا وەزیرەکاندایە. بەڕێز وەزیری ناوخـۆ، بەڕێز وەزیری کـشـتـوکـاڵ، بەڕێز وەزیری پیـشـەسـازیی و وزە، بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری، بەڕێز وەزیری پەروەردە. فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فــــازڵ مـــیـــــرانی/وەزیری ناوخـــۆ:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

پێشـەکی پیـرۆزباییـتان لێ دەکـەم، ئەمە یەکێکە لەکۆبوونەوەکـانی هەرە سـەرکـەوتوو و بابەتیی، پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو تێبینییـانە من پێشـەکی بەکـورتی دەڵێم وەکو پارتیـەک ئێمە پارتی دیموکراتی کوردستـان زۆربەی پەرلەمـانمان بەدەستـەوەیە، بۆیە زەمـینە خۆشکـەرین کە دیموکراتیـەت لەناو ئێـمـەداو ئینجـا لەناو پەرلەمـانـدا خـۆی بنوێنێ، ئینجـا بیگوازینەوە بۆ نـاو جـەمـاوەری گەلەکەمـان، هەر بەمەش دەتوانین سەنگەری خۆپاراستن وبەرەڤانی لەخۆمـان بەهێزتر بکەینەوە. قسەکـانی کاک عەبدولخالق ئەو بۆچوونەی ئێمە ئاسان دەکا و وەڵامەکـانی کاک د.ڕۆژیش دووبارە بۆ ئەنجامدانی دیموکراتیەت وگوێ رایەڵی بیروبۆچوونەکـانی تەرخان کرد، ئەگەر چەند کەسانێک لەناو ئێمەدا وابیر بکەنەوە کە دەبێ کـاک عـەبدولخالق یـان برادەرانی تر وەکو ئێمە بیر بکەنەوە دەبووین بەحزبێک، بۆیە لەیەکتر دابڕاوین چونکە ئێمە هەربەکە بۆچوونی خۆمـانمان هەیە، دوای ئەوە ئەم بۆچوونە زۆر پیـرۆزە وئەم کـۆبوونەوەیەش زۆر سـەرکـەوتـوو بووە من تێـبـینیـم لەسـەر سێ خاڵی گشتی هەیە، یەکێک لەوانە ئێمەی کورد حەق وایە سیـاسەت چ پەرلەمـان چ حکومەت بەســۆز(عـاطفـة) نەکـەین، دەبێ بەبۆچوون وبەواقیـع بێت. هەندێک جار سۆز زاڵ دەبێ بەسـەر بۆچوونەکـانی ئێمەدا، ئینجا سۆزی سیاسی بێ، یان سۆزی میللی بێ، بەتەواوی چوارچێوەکانی دەسـەڵاتی بەجێ هێنانی ئەو بۆچوونە لەبیـر دەچێـتـەوە کە ئەمە ئەڵقـەیەکی کـەم دەبێ لەتەواوی بۆچوونەکـانی ئێمـەدا. هەندێ مـەسـەلە لەدەسـەڵاتی حکومـەتی تەواویش دا نییـە نەک پەرلەمـانی ناوچەیی، بەڵکو حکومـەتی فـیـدراڵـیش. بۆ نموونە ئەمـڕۆ داواکـارییـەک یـان سـبـەینێ گـوتنێ هەبووە ئەڵێ رەگەزنامەی عـێـراقی بدەن بەفـڵانە کوردی تورکـیا، نـاڵێن رەگەزنامەی کوردسـتـان، خۆ ئەگەر گوتت رەگەزنامەی عێراقی ئێمە بەشێکین لەعێراق، ئێمە بریکاری حکومەتی عێراقمان

بەدەستەوە نییە، نە لەڕووی سیاسییەوە، نە لەڕووی ڕاپەڕاندنەوە ڕەگەزنامەی عێراقی بە خەڵکێک بدەین، ئەمە دێتەوە سەر مەسەلەی دراوو مەسەلەی زەوی وزاریش. بابەتێکی کاک د.ڕۆژ زۆر داکۆکی کرد من هەمان تێبینم هەبوو، لەهەموو دنیادا بەرنامەی حکومەت مەنتووق وارید دەکرێت، درێژەی مەنتووقەکان دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتەکان، برادەران زۆر چوونە سەر وردەکاریی کەچی دەکرێت وبەپێویستی دەزانم وردەکاریەکە ئێمە لەپەرلەمان لیژنەی پسپۆرمان هەیە، لیژنەی کشتوکاڵیمان هەیە، لیژنەی یاساییمان هەیە، ئەو لیژنە کشتوکاڵیانە بۆیان هەیە هەم ئاهەنگی بکەن لەگەڵ وەزارەتی پسپۆردا چ پێش ئەوەی یاساکان وبۆچوونەکان بێن بە یاسا هەماهەنگیەکە بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە هەر بڕیارێک، هەر یاسایەک بدەین رووتەختی (أرضیة) یان پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی لەبەرچاو بگرین، بۆیە دەبێ ئەم لیژنانەی پەرلەمان هەمیشە بەیەک گەیشتنیان هەبێت لەگەڵ وەزارەتی پسپۆڕدا. ئیتر لیژنەی کشتوکاڵی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵدا، بۆ ئەوەی پەرلەمان یاسایەک دەرنەکات کە حکومەتی هەرێم پێی جێبەجێ نەکرێت. ئەوسا دەبێتەوە ئەرکێک هەم پەرلەمان دووچاری بەرپرسیاریی دەبێ، چونکە بڕیارێکی یاسادانانی «تەشریعی» داوە، کەسێک نییە بۆی جێبەجێ بکات وئەویش باش نییە وحکومەتی هەرێمیش بەرامبەر بەپەرلەمانی خۆی چاو بەرەژێر نابێ کە بڕیارێکی پەرلەمان هەیە وناتوانێ جێبەجێ بکات، ئەمە دەمانتوانی کورت تری بکەین. گفتوگۆیەکەی خۆمان هەرچەندە جەخت دەکەم کە گفتوگۆیەکی زۆر ئیجابی و زۆر نەوعی و تێروتەسەل بوو. مەسەلەی تر، مەسەلەی زیندانەکان باس کرا من دەڵێم پێش ئەوەی ئێمە بیر بکەینەوە زیندانەکان گەورە بکرێن وچاک بکرێن ئێمە بیر بکەینە زیندانیەکان کەم بکرێنەوە، ئەرزیەتی تاوان و هۆکارەکانی تاوان یان بیانووی زیندانی کردنی خەڵک لەناو ببەین ئەوەش پەیوەندیی هەیە لەگەڵ پەروەردەی کۆمەڵایەتی و وشیارکردنەوە بەچارەسازی کۆمەڵگە لەناو خۆمان ولەحزبەکان ولەکۆمەڵگاوە. ئەمە یەکێک وئەوی تر مەسەلەی یاساییە، من ئەمە بەگرنگتری دەزانم. بابەتێکی تر هەندێ جار ئێمە باسی خۆمان وەکو کورد وپەرلەمانتار دەکەین یان وەزیرەکان هەندێ زاراوە بەکار دێنن، لەڕاستیدا من ناڵێم دەرکی تایبەتمەندییەکانی ئەو زاراوەمان کردبێ، بەڵام باری خۆمان قورس دەکەین بەزاراوە، مەسەلەن دەڵێ لۆبیەکی کوردی دروست بکەین لەئەوروپاو لەئەمەریکا، بێ ئەوەی خۆمان بەشوێن قەبارە یان توانا یان تێگەیشتن لە (لۆبی) بکەوین ئایا کورد وەکو کۆمەڵگایەک لەهەندەران پێدوایستییەکانی (لۆبی) هەیە یان نا؟ لۆبی دوو شت دەگرێتەوە، یان هێزێکی سیاسی یان هێزێکی ئابووری. هێزێکی سیاسی کە لەم وڵاتە یان وڵاتی تردا بتوانێ کۆنگریسمەن، پەرلەمانتەرێک بەدەنگ بێ، جالیەیەکی کارا بێ، چەندی دووربێ ،خەڵکێک مامەڵەتیان لەگەڵدا بکەن، گوێت لێ ڕاگرن و تۆ دەتوانی کار لەم حزبانە بکەی نوێنەر بگەیەننە ئەو پەرلەمانە یان ئەو کۆنگرەیە، هێزی تری مەعنەوی لۆبی کە هێزی ماددییە سەرمایەدارەکان ئەگەر (رجل اعمال) ی کۆمپانیای گەورەت هەبێ پارەی پاڵێوراوەکانی

هەڵبژاردن بدەن بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو نوێنەرە دەرچووێنێ لەبەر ئەوەی هەندێ جار ئێمە شانی پەناهەندەکانی فەقیری خۆمان قورس دەکەین کە چەند ساڵە هەوڵ دەدەن واتە من ئەمەم وەکو زیاد کردن هێنایەوە، واتە هەندێ جار بۆچوونی ئێمە لە خەڵکی خۆمان زۆرترە، لەتواناى ئەو خەڵکە پترە، برادەران ئەوانەی بەئیجابیەتەوە دەڵێن بەرنامەیەکی چرە، شتێکی چاک بوو، بەڵام ئەوانەی بەسەر سورمانەوە دەیانگوت ئەمە تێروتەسەلە؟! داوایان لێدەکەم کە تێروتەسەلتری بکەن وپێشنیاری باش پێشکەش بکەن، ئەمە راستیە، دیاردەیەکی باش نییە. دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، دڵنیابن ئێمە وەکو حکومەت هەمیشە پەیڕەوی یاساکانی پەرلەمانی خۆمان دەکەین وخوا رێنمایمان بکات بۆ خزمەتی گەل، سەرکەوتووبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک محەمەد نووری.

**بەڕێز محەمەد نووری بازیانی/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله رب العالمين**

**والصلاة والسلام على نبي العالمين.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من هەندێ شتم هەیە حەز دەکەم روونی بکەمەوە. برایان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ هەندێ خاڵ کرد بەتایبەتی گرفتی زەوی وزار. لەڕاستیدا دەمەوێ ئەمە بەروونی ئاشکرا کەم کە ململانێی زەوی وزار گرفتێک نییە ئەمڕۆ دروست بووبێ یان ئەوەتا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە دروستی کردبێ، واقیعی ئەو ململانێیە لەو رۆژەوە هەیە کە حەزرەتی نوح دەفەرموێ(ربي انزلني منزلاً مباركاً وانت خير منزل) زەوییی کوردستانیش لای ئێوە ئاشکرا بووە خاکێکی بەپیت وبەرەکەتەو هەم لەقورئانیش دا هێما هەیە کە خوا ئەفەرموێت(واستوى على الجودي) جودێ لە جوهدەوە هاتووە واتە ئەو دارو دارستانەی کە تێیدایە بەخشێندراوە(معطاء)وفیعلەن ململانێیە لەسەر زەوییەکانی کوردستان، داگیرکەران تاکو ئێستا چاویان لە خاکی کوردستانە ئەو گرفتەش گرفتێکی رەگ وریشاڵە هەر شتێکیش ئەگەر رەگ وریشاڵی نەزانین ناتوانین چارەسەری بکەین. بۆ ئەو مەبەستە لەڕاستیدا هەتا کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو ئەو کێشانە هەر لەسەر دەمی پاشایەتییەوە پێش ئەوە هەر لەسەر دەمی حکومەتی عوسمانییەوە گەلێ کێشە هەبوون لەواقیع. من هێما بۆ قسەکەی کاک عەبدولخالق دەکەم کە دەڵێ هیچ نەکراوە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەنیم چونکە ئەگەر ئاگاداری وەزارەتی کشتوکاڵ بێ، ئاگاداری ئەو کۆنگرانە بێ کە ئێمە دەیگرین ودانیشتووین ودراسەمان کردووە زۆر شت کراوە الحمدالله، بەڵام سەرەتای تێروتەسەلە شتی زۆرمان لەپێشە، بەڵام هەموو تێروتەسەلەیەک لەیەک هەنگاوەوە دەست پێ دەکات. ئێمە هەنگاومان ناوە ان شاءالله ئەو گرفتانە ناهێڵین بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە تاوتوویەکیووردمان

کردووه هەم لەو یاسایانەی کەوا دانراون، بەتایبەتی یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ کەوا، پێشکەشی پەرلەمان کراوە، پەرلەمانتاران دەزانن من جارێکی دیکە پێداچووممەوە وپسپۆران دراسەتیان هەیە لەسەری هەتا ئەوانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانیش کراون بە بۆچوونی ئێمە ئەوە نییە کە ئێمە دەمانەوێت، واتە لە بنەڕەتی یاسایەکەش دا تێبینی هەیە. یاسای (١١٧) ئاشکرایە لای ئێوەی بەڕێز وخۆشەویست لەسەرتاسەری ناوچەی ناوەند وباشوور جێبەجێ دەکرێ، یاسای(٩٠) هەندێ بابەتی سیاسی کەشی تیایە ئەوانە کە لەلای ئێمە چارەیان بکەین، دەبێ لەسەرەتاوە یاسایەکمان هەبێ، من لەگەڵ کاک فازڵ دام، بەڕاستی هەرشتێ ئێمە دەیکەین دەبێ راستگۆیانە تەماشای بکەین، تەماشای باری کوردستان بکەین وەکو کاک د.رۆژیش هێمای بۆ ئەوە کرد، لەڕاستیدا ئێمە بمانەوێ ونەمانەوێ بەینی رۆژێک ودوو رۆژ بوارمان نابێ، باسی حزبایەتی بکەین کە ئەوە لەکابینەی یەکەم ودووەمدا یەک لەهۆیە سەرەکییەکانە کە زوڵمێکی زۆر کراوە لەڕەش وڕووتی میللەتەکەمان بەتایبەتی چینی جووتیاران، توقع بکرێت کە(٨٠٪) ئەو میللەتەیە ئەوە دراسەت کراوە، یەکەمین شت کە ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەنجامی ئەو ململانە حزبییە ئەوەش ان شاءالله ئاواتەخوازین لەم کابینەیەدا ئەو ململانێ حزبایەتیە سیمایەک بێ بۆ بەربەرەکانی کردن، بۆ خستنەرووی رەوشەکان پاڵپشت کردنیەتی کە الحمدالله تارادەیەک ئەو شتە دەرکی پێ دەکەین وهیوادارم بەردەوامیش بێ، واتە ئەوە گرفتی ململانەی حزبایەتیە. خاڵێکی کە بەڕاستی دەمەوێ لێرەدا هێمای بۆ بکەم و پاڵپشتی پەرلەمانتارەکانیش بم، زۆر شت هەنە کاتی خۆی کراون لەبەر ئەوەی فەسادێکی ئیداری هەبووە بەتایبەت وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ وەزارەتەکانی کەش دا قەناعەتم هەیە ئەو فەسادە ئیدارییە چارەسەر نەکەین هەتا یاسایشمان وا لەدەست بێ، جێبەجێ کردنی زۆر زەحمەتە واتە ئەو فەسادە ئیدارییە هەموومان دەبێ پاڵپشتی یەکتری بین بۆ نەهێشتنی وەکو برا پەرلەمانتارەکان هێمایان بۆ کرد، واتە دڵسۆزترین کەس هەڵبژێرین هەمیشە بەچاکی بزانین ودڵسۆزیش بێت ئیتر (بغض النظر عن المعتقد). ئەوە شتێکە لەدەرەوەی فەرمانگە دەیکەین بەڵام خزمەتگوزاری وەکو شتی تر نەبێ وئەو شتە رەچاو بکرێت. حالەتێکی کەش هەر لەو دراسەتەمان داهاتووە کە بەڕاستی لەدوو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو وەزیرانە دەبێ کە پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵیان پێ سپێردرابوو هیچ رژدییەکیان نەبووو لەکێشەی زەویوزاردا لەگەڵ ئەوەی دەست تێوەردانێکی ناوچەییش هەبوو، دەست تێوەردانی سیخوڕی (مخابرات)بوو، چونکە لەبنەڕەتی کێشەکە من هەندێک بەشداریم تێدا کردووە بەتایبەت گرفتەکانی میراودەلی لەگەڵ بزووتنەوەی جووتیاراندا، ئێمە گەیشتینە ئەنجامێک کاتی خۆی، دەست تێوەردانێک هەبوو وبۆ ئەوەش کەکاک عەبدولخالق تێبگا نوێنەری هەردوو لایەن هاتوون و گوتوویانە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو دەرەنجامەی سەر راستییەکیان تێدایە بۆ چارەکردنیان، لەئێستاوە زەمینە سازیمان کردووە وئێستا بۆی هەیە لەتەلەفزیۆنیش ئەوە نیشان بدرێ نوێنەری هەردوولا هاتوون لەبنەڕەتەوە لە

کێشەکانمان کۆلیوەتەوەو کێشەی پشدەر کە گرفتێکی نمرەیەکە، سەبارەت بە ئێمەوە کە هێمای بۆ کراوە، چارەشمان بۆ داناوە لەبەرئەوەی بواری ئەوە نییە چۆنیەتی چارەکردنەکەی باس بکەین، چارەکردنەکەشی لەدیدی ئێمەوە بەدوو حاڵەت دەبێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بابەتانە بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ ووەزارەتی (پ.م) ئەمە کە دوو وەزارەتی گرنگن بەپاڵپشتی پەرلەمانتارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وجەنابی د.ڕۆژ وەکو سەرۆک وەزیران و گرنگی پێدانی زانائاییینەکانەوە چارەسەر دەکرێن. لەڕاستیدا ئەو گرفتانە زۆربەی زۆری بە بۆچوونی ئێمە هەندێکیان بە مەسەلەی شەرعی هەندێکی بابەتەکانی عورف وعادەت ئێمە کێشەکانی پێ چارە دەکەین. یاسایەک هاتووە بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکە بکات، ئەگەر گرفت نەبێ دەتوانین برگەکانی ئەو یاسایە هەمووارکاری بکەین. من بەشارەت ومزگێنی دەدەم بە جووتیارەکان، بەڵێنیش بە ئەنجوومەن دەدەم بۆ چارەکردنی کێشەکان و کە ئێمە الحمدالله کۆنگرەیەکمان گرت (٦) پسپۆری نەتەوەیەکگرتووەکان بەشداریبان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد، بەسەرۆکایەتی کاک د.ڕۆژ کۆنگرەکە کرایەو، نەدوەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو. تەنانەت ئەو پسپۆرە بیانیانەی کە هاتبوون لەڕاستیدا کاغەزمان پێشکەش کردن بۆ برگەی ژێرخانی کشتوکاڵی کۆمەڵگای کوردەواری، جارێکی کە بکرێتەوە وگرنگیشمان دا. بۆ مزگێنیش بۆ نەخشەکێشان و بەدواداچوون( ٢٠ ) ملیۆن دۆلار حەقە دڵخۆشکەرمان بێ کە بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر بێتوو جێبەجێ بکرێت دەستی پاکیش هەبێ لە جووتیارەکان، برواتان بێ لەبوارێکەوە ئەچینە بوارێکی تر، هەروەکو مزگێنیەکیش بەهەمووتان دەدەم یەکێ لەو پسپۆرانە هی سن وکیسەڵەیە، کە برا پەرلەمانتارەکان هێمایان بۆ کرد ان شاءالله تعالی سەرەتای دەست پێ کردنیەتی واتا دەستی پێ کردووە بڕیاری (٩٨٦) ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ یەکێکی پسپۆر لەو (٦) کەسە هاتۆتەوە وئێستا ئێمە لیژنەمان پێکهێناوە وکەسانی ئاسایشمان داناوە بۆ ئەوەی کە خزمەتی ئەوە بکرێ. سەبارەت بە سن وکیسەڵەش لەڕاستیدا ئەمن هێمایێک دەدەم چونکە ئەوە وردەکارییە، سن وکیسەڵە هاتووە، چونکە خوای گەورە بەهانامانەوە هاتووە بابڵێین ڤایرۆسێکی تایبەتی بۆ دروست کردووە خۆی دەیکوژێ. ئەوە بەسەرکردنەوەمان هەیە. بە سەرکردنەوەی یەکەم ئەوە دەرئەچێ وجارێ پارەیەکمان بۆ دەست نیشان کردووە، بەسەرکردنەوەی یەکەمی سەرەتای زستان وبەسەرکردنەوەی دووەمی کۆتایی زستان بۆ ئەوە دەست نیشانی ئەو ناوچانە بکەین وسەر بکەینە سەریان ئەوەش دڵنیاتان دەکەم ان شاءالله پیادەکردنی قانوونی (٩٨٦) دەکەین، کۆی بیلدۆزەراتمان دەست نیشان کردووە کەلەڕاستیدا نەک خۆمان بۆ ئەوە داناوە بوارمان چاکەین، بەڵکو ژێرخانەکە جارێکی تر بەیاریی خوا چادەکەینەوە جا لەکۆتایی دا هیوادارم ان شاء الله هەموو لایەک سەرکەوتوبن و زیاتر پاڵپشتی بن والسلام علیکم ورحمەوالله وبرکاتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ وئاودێریی بۆ ئەو روون کردنەوەیەی. فەرموو جەنابی وەزیری پیشەسازیی و ووزە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر (٣) خاڵ. یەکەمیان کاک عەبدولخالق وتی تاکەی کێشەی کارەبامان وابێ؟ من پێم ووت پێش ١٩٩١ کەهەولێر لە(٣) سەرچاوەوە کارەبای وەردەگرت یەکیان وێستگەی دووبز بوو، یەکیان موصل بوو، یەکیان دوکان بوو، ئەو کاتە چڕی دانیشتوانی هەولێر بەو پلەیە نەبوو، پێداویستی کارەبا بەو شێوەیە نەبوو ئەوجا لەو سێیەوە پێداویستی کارەبای هەولێر دابین دەکرا. پاش راپەڕین، پاش ئەوەی کە کارەبا لەناوچەکانی ئێمە پچڕا، لە شاری هەولێر وسلێمانی تەلەکان کارەبای لەسەر نەبوو ئەوەبوو بەهۆی ئەوەی کە هەموو ئەوەی لە هێڵی کەرکووک و ئەوەی لە موسلەوە دێت هەمووی دزران و تێکدران تەنها ئەوەی کەمایەوە لەدوکانەوە کارەبا دەهاتە هەولێر. ئەوەی کە لەدوکانەوە دەهات بەشی هەولێری نەدەکرد، بەیەک، [illegible] دەهات پێویستی بەوە دەکرد کە هێڵێکی هاوتەریب بۆی بێت. دووەمیش برە ئاوەکەش ئەوە نەبوو کەبەشی هەولێر وسلێمانی بکات. جالەبەر ئەوە هەتا ئەو دوو هێڵە جارێکی دیکە دروست نەکرێنەوە لەکەرکووکەوە بۆ هەولێر کارەبای بێت هەولێر بە بەردەوامی چاری ناکرێ. یەکێ لەهۆیە بنەڕەتیەکانی تریش کەم سوتەمەنییە. خەڵکەکە لەبەرکەمی سوتەمەنی زۆربەی هێنەرو شتی وا بەکاردێنن کارەبایەکی زۆر سەرف دەکەن کار لەبەر ئەوە [illegible] کەنەتوانین کارەبا لەوەی کە هەیە زیاتر بدەین وئاگاداری خەڵکەکە دەکەینەوە، تائێستا پابەندی ئەوە نابن کە تەنها کارەبا بۆ شتی زۆر زەرووری وپێویست بەکار بێنن، ئەم سێ هۆیە سەرەکی یە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین کێشەی کارەبا بەبەردەوامی چارە بکەین ئەوە خاڵێکیان، جگە لەوەی کە ئەوماوەی دوایی کەبەسەر هەولێر داهات ودزینی کارتەکان وتێکدانی سیستەمی کارەبا وناتەواویەکی زۆر بە سیستەمی کارەبا گەیشت، خاڵی دووەم ئەوەبوو کە کارەبای گشتی چووە بۆ بیرەکان کە دەبەسترێت بەکارەبای گشتییەوە، ئەمە لەبەرنامەی کابینەدا هەیە کە ئەو شتە بکرێ کارەبای بیرەکان و پرۆژەی ئاوەکان جیابکرێنەوە لەگەڵ کارەبای گشتی، بەڵام لەبەر ئەوەی پێویستی بەکەرەسەو موادێکی زۆر هەیە ئێمە ناتوانین ئەوە جێبەجێ بکەین، بەڵام پێداویستەکانی خۆمان لەگەڵ پیادەکردنی بڕیاری (٩٨٦) پێشکەش کردووە وپارەیەکیشی بۆ تەرخان کراوە ئەگەر بێتوو ئەو مەوادانە بێن ئەو پرۆژەیە بەئەنجام دەگەیەنین. حەزم کرد روون کردنەوەیەک لەسەر خاڵەکەی کاک عەبدولخالق بدەم لەمەڕ تەلەفۆن، من(٥) ساڵە لەوکاتەی کە بەرەی کوردستانی دەسەڵاتدار بوو پاش دروست بوونی

کابینەی یەکەمیش هیچ فراوان کردنێ لەتەلەفۆنکاری نەکراوە، واتە لەژمارە وخەت وشتی وا، بەرەی کوردستانی کەماوەیەک دەسەڵاتداریی هەبوو کۆمەڵێک تەلەفۆنی دام ودەزگاکانی حکومەتی مەرکەزی و هی ئەمن وئیستخبارات کەلەبەر دەستیان دابوو، هەموو حزبەکان نەک هەر پارتی و یەکێتی دابەشیان کردن بەسەر خۆیاندا، ئەو تەلەفۆنانەی ماوەتەوە کە ئێمە کابینەی یەکەم دەستمان بەکار کرد هەر کەس تەلەفۆناتی خۆی برد، واتە تەلەفۆنی خۆی دەگوێزایەوە لەم سرینەوە، بۆ ئەو سرینەوە هەر ئەو تەلەفۆنانەش بوون هیچ بەدالەیەکی تازە دانەنراوە بۆ تەلەفۆن. هەندێ لەبرادەرانی ئێمە کە لەسەرکردایەتی بووم کە داوای تەلەفۆنیان کردووە چوون بەپارە کڕیویانە لەخەڵک واتە ئێمە نەمان داونێ، کاک فازڵ میرانی یەکێکە لەوان کە لێرە دانیشتووە، واتە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش نەیان دراوەتێ. ئەوە نەبوو ئێمە تەلەفۆن نەکڕین، چونکە بەدالەمان نەبوو، تەلەفۆنیش تەعلیماتی خۆی هەیە، بەشداربوونە دەبێ پارە بدەین. ئەو برادەرانە دەیانەوێ بێ پارە (بەلاش) تەلەفۆنیان هەبێ، شتی وانابێ. ئینجا ئەمە هەر بۆ روون کردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رێم پێ بدەن پێشەکی پڕ بەدڵ سوپاسی برای بەڕێزم کاک د.رۆژ بکەم کە ئەوەی پێویست بوو لەسەر پرسیار وپێشنیاری برا بەڕێزەکانی ئەندامانی پەرلەمان، وەڵامی دایەوە. بە پێویستی دەزانم منیش هەر لێرەوە سوپاسی برایانی ئەندامانی پەرلەمان بکەم بۆ ئەوەی کە ئەو رەئیەیان دابوو لەگەڵ ئەو پێشنیارو بۆ چوونانەی تایبەتی خۆیان کە هەیان بوو بۆ خزمەت کردنی ئەو بەرنامەیەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا باشتری بکەن. منیش بەش بەحاڵی خۆم بەپێویستی دەزانم سەبارەت بە وەزارەتی دارایی وئابووری چەند روون کردنەوەیەک بدەم هەر چەندە کاک د. رۆژ روون کردنەوەکانی پێشکەش کرد، لە راستیدا ئەم کابینەیە ئەم ئەرکەی وەرگرت لەکاتێکی زۆر ناسکدا بوو بەتایبەتی وەزارەتی دارایی وئابووری بەرنامەکانی خۆی رێکخست، ئەو توانایەی لەبەردەست دا نەبوو هەر وەکو برادەران هێمایان بۆ کرد هەموو بۆ چوونەکانیان و هەموو داواکانیان جێبەجێ بکرێت لەکات وساتی خۆیدا. لەراستیدا من وای بۆچووم لەم کۆبوونەوەیەدا هێمایەک بەکاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان وبەتایبەتی وەزارەتی دارایی وئابووری دەدرێ چونکە لەراستیدا هەر وەکو ئێوە ئاگادارن گەورەترین کێشە، کێشەی وەزارەتی داراییە، چونکە کاری حکومەت هەمووی لەسەر وەزارەتی دارایی وئابووری بووە، سەرەرای ئەوەی کە هاوڵاتیانی ئێمە و میللەتی ئێمە چ چاوەڕوانییەکیان هەیە سەبارەت بە هەنگاوەکانی ئێمە، لەگەڵ ئەوەش دا من پێم خۆشە ئاگاداری ئەو برادەرانە بکەم کە زۆر جەختیان لەسەر مەسەلەی مووچە کرد، گرنگ ئەوەیە ئێوەی بەڕێز ئاگادارن هەر وەکو لێرە بەڵێنمان پێدان ئەوکاتەی کە بڕوامان پێ دراوە پێش هەموو

شتێک بەپێ ی ئەو یاسایەی کە ئێوەی بەڕێز داتان ناوە هەنگاوی بۆ دەهاوێین. هەنگاوی یەکەمی ئێمەش، بەرنامەی وەزارەتی دارایی بودجە بوو بۆ ئەو چوارمانگەی دوایی ساڵی ١٩٩٦ کە لەرێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراو پاشان بەرز کرایەوە بۆ ئێوەی بەڕێز لێرەش پاش گفتوگۆکردن پەسندکرا، ئەمە خۆی لە خۆی دا هەنگاوێکی پیرۆزە کە ئەم حکومەتە لەسەرەتایەوە بەپێی یاسا بجولێتەوە. دروستەو بۆی هەیە کەم و کوڕی هەبووبێ لە ئامادە کردنی بودجەی ئێمە بۆ ئەو چوارمانگەی دوایی ١٩٩٦، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خاڵێکی تایبەتی هەبوو سەبارەت بە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییەوە، برە پارەیەک پێشنیار کرا بۆ ئێمە کە لەژێر دەسەڵاتی ئێمە دابێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە ئەو برایانە ئیشارەتیان پێدا. ئەوە وەکو تێبینی دەکرێ لە هەواڵەکان، لەرۆژنامەکانەوە، ئەو برا وەزیرانە کەسەردانی وەزارەتی دارایی وئابووریان کردووە لە نزیکەوە بەتەئکید بۆ چارەسەرکردن وباس کردنی گیروگرفتەکانی وەزارەتی خۆیان بووە، لەهەمان کاتیش دا ئێمە هەنگاوی پێویستمان هاویشتووە. هەوڵەکەش لە ئێمەوە بۆ برا وەزیرەکانی خۆشەویست کە هەتا ئەو رادەیەی وەزارەتی دارایی لە توانای دا هەبووە هەنگاوی بۆ هاویشتووەو، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی ئەو بەڵێنەی کە لێرە بەئێوەی بەڕێزی دا مانگ بە مانگ وەکو کاک رۆژ فەرمووی مووچەی ئەم خەڵکە بدا. لەکاتێک ئێمە دەستمان کرد بە دابەش کردنی مووچەی خەڵکی خۆشەویستمان، لەڕاستیدا لە کابینەی دووەم دا ئەوکەسانەی کە حکومەتیان لە دەست بوو بەدەیەها هەزار کەسی تریان زیاد کرد بۆ سەر میلاکاتی وەزارەتەکانی هەرێم. ئەمە خۆی لە خۆی دا ئەرکێکی زۆرە بۆ وەزارەتی دارایی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیش دا سیاسەت و بۆچوونی ئەم کابینەیە ئەوە بوو هیچ جیاوازی یەک نەکرێت و ئەوەی بریاری بۆ دەرچووە رێزی بۆ دابنرێ ومووچەکەی چەندە بۆی دابنرێ و، تائێستاش ئەوە بەردەوامە. بەنسبەت دواکەوتنی مووچەی خانەنشینەکان وپەک کەوتوەکان یان ئەنفالەکان خۆی لە خۆی دا زۆر ئاشکرایە ئەگەر بمان توانیبا لەهەمان کاتدا کەمووچەکانمان دەدا ئەوکاتەش هی ئەو برایانەشمان دەدا. تەبیعی ئەوە ئەو توانامان نەبوو بۆیە بەرنامەیەکمان بۆ دارشت، پاشەکەوتێکمان بۆ کرد، ئەوکاتە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد کە ئێمە ئێستا وەکو وەزارەتی دارایی وئابووری ئامادەین کە ئەو هەنگاوە بهاوێژین و، لەلایەکی تریشەوە تەبیعی ئێوە ئاگادارن لەسەرەتای دەست پێ کردنی کاری حکومەت لە بنەرەتدا زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی ئێمە کاول کرا بوون وشکێنرابوون و تالان کرابوون لەگەڵ بەرێوەبردنەکانی تریش ئەمە بۆ خۆی پارەیەکی زۆری دەوێ. خانوویەک کەتێک بچێ دەست بکرێ بەدروست کردنەوەی زۆر زۆر زەحمەتی زیاترە لەوەی کە لەسەرەتاوە دەست پێ بکرێ، لەڕاستیدا بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆرمان خەرج کرد ناچاریش بووین چونکە ئەگەر وەزارەتەکانمان رێک نەخرابان، دام و دەزگاکان نەکەووتبانە سەر رێگای خۆیان، ئۆتۆماتیکییانە کارەکانیان وەکو ئێستا کەدەبینین بەرێوەنەدەچوو. نازانم هێما نەدراوە بەماندووبوونی ئێمە کەوابزانم جیاوازیەکی زۆری هەبووە

سەبارەت بە کابینەی یەکەم ودووەم کەشەو ورۆژ ئێمە لە خەبات دابین بەتەئکید ئیوەش ئاگادارن، بەڵام هەندێ برادەران وای بۆ دەچن یان وا هەستم کرد کە دوورن لە ئێمە وکارەکانی ئێمەوە. ئێمە ووتمان لە خزمەتداین دەرگای ئێمە کراوەیە بەتایبەتی بۆ ئیوەی خۆشەویست هەر پرسیارێکتان هەبێ ئەگەر پێویست بەوەڵامێکی بەپەلە هەبێ ئەوا دەتوانن تەشریف بهێنن بۆ وەزارەتەکەمان لەنزیکەوە بۆ ئەوەی روون کردنەوەی پێویست بدەین، ئەگەر لە حاڵەتێک دا ئێمە لە بارێک دا بووین یان وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵنەستابین، دیسان دەتوانن ئاگادارمان بکەنەوە تاکو کاری خۆمان راست بکەینەوە، مەرج نییە مرۆڤ هەڵە نەکات. لە هەندێ کاتیش دا سەبارەت بە پێداویستە گرنگەکان کەبرای بەڕێزم عەبدولخالق هێمای بەهەندێ لەو شتانەدا، وەکو دەرمان بۆ نەخۆشەکان، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەهەمان کات دا کە لە وەزارەتی تەندورستییەوە داواکرا کەرەوشێکی وا تایبەت هاتۆتە پێش، جاران کە لە رێگای رێکخراوەکان ورێکخراوە خێرخوازەکانەوە بۆیان دابین دەکرا، ئێمە ناچارین چونکە دەرمان شتێکە پێویستەو گرنگە بەنامەیەکی تایبەتی داوامان لەسەرۆکایەتی کرد لەهەمان کات دا کە پارەشمان نەبوو وەکو پێویست، بەرەورووی گیروگرفتی بەڕێوەبردنەکان ومووچەکان بووین، پارەی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردو پارەکەش ئامادەیە، چاوەڕوان دەکەین کەوەزارەتی تەندورستی بێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەزررترین کات دەرمانەکان دابین بکات، تەبیعی دەرمانی پێویست ئێستا هەیە، ئەوەنی یە کە لە نەخۆشخانە دەرمان نەمابێت ، لەهەمان کاتیش دا شوێنێکی تر هەیە وەکو مزگەوتەکان وشوێنەکانی تر، کاک فازڵ ئیشارەتی پێ دا کە سیاسەتی ئێمە وبۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە هەوڵی جددی بدەین تا پێمان بکرێ زیندانەکان کەمتر بکەینەوە خەڵک زوو چاکسازی بکەین، سیاسەتی حکومەتیش لە کۆبوونەوەکانیش دا هەفتەی جارێکە ڕۆژانی چوارشەممە ئەنجام دەدرێ هەرجارە دوو وەزارەت گیروگرفتەکانی خۆیان دەردەبڕن لەوێ بڕیاری پێویست وەرئەگیرێ و ئەوشتانەی کە لەوێ باس دەکرێن پێویستە هەنگاوێکی بۆ بهاوێژرێ لەهەمان کاتدا هەنگاوەکانی بۆ دەهاوێژرێن وکاری بۆ دەکرێ، یەک لەو هەنگاوانە ئێمە رانەوەستاین لەسەر ئەوەی کە بارودۆخ چی بەسەر دێ، ئەو برە پارەیەی کە دەستنیشان کراوە بۆ ئێمە پاش ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەردرا پارەکە لە توانای وەزارەتی ناوخۆ دانراوە بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە تەواو کردنی. لەهەمان کاتدا دامودەزگای ئاسایش چونکە ئێمە لە سەرەتایی کارەکەمان دا هێمامان بەوە کرد کە یەکەم هەنگاوی ئێمە ئەمن وئاسایشی ژیانی ئەم خەڵکەیە، زۆر کراوە، وەزارەتی داراییش بەتایبەتی خەرجیەکی زۆری بۆ کردووە، چونکە ئەمن وئاسایش پێویستی بەوە هەیە کە هۆیەکانی یاسایش بۆ دابین بکرێ ئەو رێگەچارانەش پێویستی بەپارەیەکی زۆر هەیە. لە هەمووش گرنگ تر من لێرە بە پێویستی دەزانم سوپاسی برای بەڕێز کاک مەسعود بارزانی بکەم هەروەک لێرە بەڵێنیان دا کە پشتگیریی یاسا دەکەن وپشتگیری حکومەت دەبن وپشتگیری پەرلەمان دەبن وبۆ ئەوەی یاسا بچەسپێ ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی

وئابووری داوای هاوکاریمان له بەرێزیان کرد کە هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین هەموو خاڵەکانی گومرگی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و، هەموو ئەو چەکدارانەی کەهەنە هاوکاریی بکەن بەسوپاو لیواو هێزەکانی ناوچەکە ولەگەڵ برایانی حزبەکانی تر کە هێزیان هەیەو، دەتوانم بلێم ئێمە لە ٩٠٪ سەرکەووتووبووین لە هەنگاوەکان، لە کۆنترۆڵی داهاتی ئەم میللەتەدا وئەم سەرکەوتنە بوو کە توانی ئەمڕۆ لێرە هێما بەوە بدا کە توانی تا ئێستا مووچەکانی بەشێوەیەکی رێک وپێک بداو، نایەتە پێش چاوم ئەگەر دوو رۆژ دواکەوت کاری لە رەوشەکە کردبێ، دوو رۆژ سێ رۆژ، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی لەهەمان مانگ مووچەکانیان پێ دراوە، لە هەمان کاتیش سەبارەت بە داهاتی تریش کە هەر وەزارەتە بە شێوەیەکی تایبەتی داهاتی خۆی هەیە، ئێمە چەندین لیژنەمان دەرکردووە بە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، برا وەزیرەکانیش ئاگاداری ئەو لیژنانەن تا چ رادەیەک سەرکەوتووبوون لە کارەکانیاندا، هاوئاهەنگیەکی تەواویان کردووە لەگەڵ یەک دا بۆ ئەوەی بتوانین ئەو داهاتەی کە لە بەر دەست دایە بەشێوەیەکی رێکتر کۆبکەینەوە ومەرکەزی بێ. تەبیعی تا ئێستا وەکو پێویست پێش ئەوەی کە کابینەی سێیەم ئەرکە کەی خۆ لە ئەستۆبگرێ لەراستیدا داهاتەکان کۆنەکراونەتەوە، وەکو سەیری بەراییەکەی پێشوومان کردووە، بەڵام ئێستا وەکو تێبینینی دەکەم لەم سێ مانگەدا من ناڵێم زۆر زۆر باش بووە، بەڵام جیاوازیەکی کردووە، ئەو جیاوازییە خۆی لەخۆی دا هاندەرە بۆ ئێمە کەزیاتر خۆمان بۆی ماندوو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. جەرجیس حەسەن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من زۆر تێبینیم هەبوون بەڵام وەڵامی کاک د. رۆژ زۆر بەتیروتەسەلی و، راکانی ئێمەشی دەربڕی وائەزانم پێویستی بەوە نییە کە ئێمە ئەو وەڵامانەی کە ئەو زۆر بەرێک وپێکی دایەوە ئێمە دووبارە بیکەینەوەو، ئەمن زۆر سوپاسی کاک د. رۆژ ئەکەم بۆ ئەو دەربڕینە، بەڵام هەر دوو تێبینی بچووکم هەیە ئەویش گشتییە حەز ئەکەم لە داهاتووشدا رەچاوی ئەم دوو تێبینییەم بکەن.

**یەکەم:** بەرنامەی وەزارەت لە هەندێ خاڵی دیاریکراودا پێک دێت لەسەر بنەمای پێشکەش کردنی بەرنامەی وەزارات کە درێژترە لە بەرنامەی ئێستا کە دانراوە. هەر کەسێک بیەوێت کە بەندێک بخوێنێت یان درێژەی (برگەکانی)، ئەو بەندە لە وەزارات دا هەیە زۆر زۆر بە درێژی وبەرێک وپێکی هەیەو بۆی هەیە تێبینی خۆی هەبێت، بەڵام بەدرێژی لەوێ هەیە چونکە ناکرێ ئێمە باسی هەموو شتێک بەدرێژی بکەین لێرەدا و ئەو کاتەمان نییە لەبەر ئەوە پێویستە زۆر زۆر رەچاوی ئەو خاڵە بکەن بەووردی. ئەمە خاڵێک.

**دووەم:** خاڵی بایەخ دان بە خاڵێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو دوو لایەنی هەیە، لایەنەک هەیە کە زۆر زۆر پێویستی توانای دارایی دیاریکراوە بۆ چارەسەرکردنی، بۆ نموونە

بلێین له بارەی زانستەوە مەسەلەی تەختەی دانیشتنە، بینایە، هەندێ شتی دیکەیە، ئەمە شتە ئانیەکەیە تو دەست پێ دەکەیت بەڵام شتی دی هەیە کە پەروەردەییە. سیاسەتی پەروەردەیی دەبێ تاووتوویێکی دوورو درێژی هەبێت بۆ ئەوەی بزانی سیاسەتی پەروەردەیی داهاتوو چیە؟، چی ئەکات وچ گۆرانکاریەک دەبێ؟.

سیاسەتی پەروەردەیی رەنگە بەتەنها نەکرێ بەڵکو بەچەندەها پسپۆر و بە کۆنفراسێکی دیاریکراو ئەکرێ، کە ئەو کۆنفراسە بکرێ ئەنجامی پێشانی پسپۆرانی تر بدەین وپێشانی پەرلەمانی بدەین، خۆمان تاوتووی بکەین ئەنجامی چۆنە ولە دوای ئەو ئەنجامە دەست پێ بکەین فیعلەن بۆ گۆرانی ئەوەی کە هەیە، لەبەر ئەوە زۆر ئاسان نییە مرۆ کە ئەڵێت من گرنگی بەلایێکی دەست نیشان کراو ئەدەم، ئەوە گرنگە بڵێت من گرنگی پێ ئەدەم چ لە لانی پەروەردەیی چ لەلایەنی تەکنیکی چ لەلایەنی پیادەکردنی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم خاڵەیە پێویستە زۆر زۆر بەتێروتەسەلی باس بکرێ. خاڵێکی تر هەبوو کە عەبدولخالق خستیەروو، بە راستی کاک عەبدولخالق ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو پیسیەی بووە تا ئێستا، ئەو حزبایەتیە بووە تا ئێستا ئێمە بتوانین ئەوەش بگۆرین ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئێمە، چونکە بەراستی ئەوە پیسی بوو هەتا ئێستا وئەو دەست تێوەردانی لاوەکی بووە هەتا ئەو کاتە ئەو ناهاوتاییەی کە بەکاری هێناوە لە پەروەردەدا، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوانە بکەین سەرکەوتووین و زۆر زۆر سوپاس.

**بەرێز عومەر عوسمان ئیبراهیم/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو سێ لە برادەران باسی رەوشی پێشمەرگەیان کرد، یان دەتوانم بڵێم باسی وەزارەتی پێشمەرگەیان کرد. تەبیعی زۆر بە بەرچاو روونیەوە پێشەکی زۆر سوپاستان ئەکەم، سوپاسی کاک د. رۆژیش دەکەم کە هەمان تێهەڵچوونی کردو وەڵامی دانەوەو هەندەک شتی بەدرێژی باس کرد. منیش هەندەک شت هەیە بۆتانی روون کەمەوە.

یەکەم: وەزارەتی پێشمەرگە تەنها دەزگایە، تەنها وەزارەتە لەبنەرەتەوە هیچ بنەمایەکی نەماوەتەوە تا ئێمە بتوانین لەسەری دابنیشین وبەردەوامی بەکارەکانی خۆمان بدەین بەڵکو لەبن و بناخەوە، لەسەرەتاوە دادەمەزرێتەوە. هەر وەزارەتەک کە چوو دەستی بە دەوامی خۆی کرد دەتوانم بڵێم لە فەرمانگەکاندا تەنانەت فەراشەکەش ئامادە بوون کە ئەوە ئیش و هەندێ ئاڵ وگۆری وشتی تێدا کرا، بۆیە ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە ئەرکێکی زۆر ئاسان نییە، بەڵکو گرانە وپێویستی بە دیراسەتێکی زۆر هەیە، دەبێ زۆر بەرێک وپێکی بنەمایەکەی بۆ دابندرێ تا بتوانین دەست بەکاری خۆمان بکەین. بێبنە سەر پێشمەرگە، پێشمەرگە بەش بەحاڵی خۆی یەکەمین کەسە کە گیانی لەسەر دەستە، ئەرکی زۆر گرانە، ئێستا ئێمە رۆژانە کە دەبینین لەبەر ئەو بەفروبارانە لەسەر ئەوشاخانەیە، ئێمە ئەرکی خۆمان هەیە، ئەو فەرمانبەرانەی تر کە لە جێی گەرم وخۆش دان، کە ئەرکەکەیان تەواو بوو دەچنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام پێشمەرگە لەسەر ئەو

شاخانە، سەرماو سۆلی زستان دەکێشن و لە هەمان کاتدا هەموو کاتێکیش رووبەرووی نەمان وکوشتن و شەهید بوون دەبنەوە، بۆیە دەبێ زۆر بە گرنگی پێدانێکەوە تەماشایان بکرێ، گرنگییان پێ بدەین کە بەڕاستی یارمەتی ئەوان پێشی یارمەتی هەموو فەرمانبەر و هەموو کار بە دەستێکە. هەر ئەوە سنوور دەپارێزی، پەرلەمان و حکومەتی دەپارێزی، ئەگەر پێشمەرگە وجودی نەما ئەو کیانەی دامانمەزراندوە بەسەر یەکدا دەشکێتەوەو خراپ بەسەر وەزعەکەمان دا دەشکێتەوە بەسەر وەزعی کوردستان. بابەتی شەهیدیش، زۆر سوپاسی برای بەڕێز وخۆشەویستمان سەرۆکی پارتیمان کاک مەسعود بارزانی ئەکەین کە زۆر جار داکۆکی لەسەر ئەو بابەتە دەکات کە گرنگیی تایبەتی پێ بدرێ، هەر ئەویش بوو پێشنیاری کرد دەزگایەکی تایبەتی بۆ شەهیدان دابندرێ، هەتا زۆر جار دەی گوت لە ژێرچاودێریی تایبەتی خۆمدا بێ، بۆ ئەوەی هیچ کاتێک کەس نەتوانی پشتگوێی بخات، یارمەتی بە خێزانی شەهیدان وخۆشک و برای شەهیدان بدرێ وشەهیدەکان جێگای رێزو تقدیر وگرنگیی پێدانی هەموو لایەک بێ. بابەتی بە سەربازی گرتن(الخدمة الالزامية) تەبعەن ئەو بابەتە کە ئەمن ناتوانم تاکە کەس بەتەنها بڕیاری لەسەر بدەم پێویستی بە تاوتووکردنێکی زۆر هەیە ئەویش دەبێت هەموو لایەک تێدا بەشداربێت، چونکە ئیجابیات و سەلبیاتی زۆری تێدایە، پاش ئەوەی کە بزانین بەرژەوندی میللەتەکەمان و حکومەتەکەمان و کوردستان لە چ دایە ئەو کاتە بڕیاری لەسەر بدرێ بتوانین لە تەجنیدی هەلاوێرین یان بە چ شێوەیەک بێ ئەو کاتەی بڕیارەکە کە جێی خۆی گرت جێبەجێی دەکەین إن شاء الله. لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی ئەو برایانە دەکەم کە پشتگیری رەوشی ژیان و گوزەرانی برا پێشمەرگەکان بوون، ئەمنیش دەنگی خۆم دەخەمە سەر دەنگی ئەوانەوە وداوای سەرەکی منیش هەر ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەناوی خوای گەورەو دلۆڤان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پاڵپشتی کاک فازڵ ئەکەم، هەرگیز بۆ ئەوە نەچووم کەسێک کە لە حزبی من نەبێ وەکو من بیربکاتەوە، هەریەک بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەر کەسێک کە هەندێ شت هەڵدەسەنگێنێ ئەبێ نەختێک بەویژدان هەڵی بسەنگێنێ. من تەنها باسی حزبایەتی تەسک وناحزبایەتی تەسک ئەکەم، جەخت دەکەم ئەو قسانەی برای بەڕێز کاک عەبدولخالق لە حزبایەتی تەسک گەلەک تەسکتربوو، دیسان دەڵێم ئێمەی پارتیی ئەو کەم وکوڕیەی هەیە کە نازانێ حزبایەتی تەسک بکات، واتە گەورەترین کەم وکوڕی پارتیی ئەوەیە کە نازانێ حزبایەتی تەسک بکاونەی کردووە، ئەگەر حزبایەتی تەسکمان بکردبایە دوێنێ ئەو پۆلیسانەی کە وەکو کەو لەسەر تەلەفزیۆنیان دەخوێند(تی ئێن تی)دا ئەنێن وبۆمبایان دادەنێن، ئەمە حزبایەتی تەسکمان دەکرد کە هاتنە پارێزگا پێمان گوتن بڕۆنە لای ئەو کەسەی کەتۆ پارێزەری ئەو بووی، بڕۆ بۆ ماڵی خۆت

دابنیشه، بەڵام چونکە حزبایەتی تەسکمان نەکردووە لەوێ بوون ئازادانە کاریان دەکرد، ئازادانە ئیشی خۆیان دەکرد. بۆمبای یەکەمیان دانا هیچمان نەکرد، ئی دووەمیان دانا هیچمان نەکرد، ئی سێ یەمیان دانا هیچمان نەکرد، کەچی هەموو ئاگامان لێ بوو دەمانزانی کێ دەیکا. ئی چوارەم کە دەنگی لێوەهات تەقیەوە گوتمان بیانگرن ئەوە یەک. دووەم کە حکومەتی هەرێم بڕیار دەدات قوتابیانی کوردستان هەڵبژاردنێک بۆ خۆیان بکەن، سەرکردایەتی بۆ قوتابیانی کوردستان هەڵبژێرن، هەموو قوتابیەکی کوردستانی دەنگ بدات دەستەی سەرۆکایەتی بۆ خۆیان هەڵبژێرن ئەمە حزبایەتی تەسکە؟ بەڵام کاک عەبدولخالق کە ئێستا ماوەیەکە حزبێکی تازەی پێکهێناوە ئەو ئەبێ یەکێتی قوتابیانی تایبەتی خۆی هەبێ و هەوڵیش بدات هەرچی بتوانێ قوتابیانی دونیا بێنێتە ناو قوتابیانی خۆیەوە، ئی من حزبایەتی تەسکە، بەڵام ئی ئەو حزبایەتی فراوانە، کاک عەبدولخالق دەڵێ: نابێ هەموو شت لەسەر بنەمای حزبایەتی بێ، کەچی خۆی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، لەسەر بنەمای حزبایەتی نەبایە نەدەهاتە ناو پەرلەمان. کاک عەبدولخالق باسی دەست تێوەردان لەئیش وکاری پەروەردە دەکات. من حەزدەکەم بەیانی لەو شوێنەی دەوام دەکەم بێتە لام، هەندێ دەست تێوەردانی نیشان بدەم. بەپێچەوانەوە ئەوەی من حەزی پێ بکەم کە دەست تێوەردان بکرێ لەئیش وکاری پەروەردە هەرگیز ناکرێ لەئێمەوە ڕێگە بدرێ. کاک عەبدولخالق وای نیشاندا کە خەریکی دزیی وتاڵان وشتی وانە، حەق بوو نەختەک وەکو گوتم ئینسان بەویژدان بێ، گوتبای پێشان بارەکە زۆر خراپ بوو، زۆر کاری خراپ دەکرا، دزیی دەکرا، تاڵان دەکرا، دەچوونە سەر خەڵک. ئێستا ڕەوش باشترە، داوادەکەم بارودۆخەکە ئەوەی ماوە باشتری بکات، بەڵام جەخت دەکەم ئەوەی کاک عەبدولخالق کردی هەمووی موزایەدەی حزبی بوو، بۆ ڕاکێشانی خەڵکە، بۆ ئەوەی وانیشان بدات هەر ئەو دەتوانێ ڕێگا بەئێمە نەدات. ئەگەر بێتە سەر زیادکردن کەس وەکو ئێمە نازانێ زیاد کردن لەسەر خەڵک بکات، ئەوەی مۆڵەتی وەزیرەکان، من تامۆم داوای ئیجازە ناکەم، برای بەڕێزم کاک ئیبراهیم داوای کرد کە ئەبێ ئیجازەی وەزیرەکان، زۆر درێژ نەبێ، واتە بۆ ئێستا کاک کەمال شاکر کە وەزیری تەندروستییەو کە لەدەرەوەیە ئیشی نەوەستاوە، کاک شێخ مەئمون لە جیاتی ئەو وەزیرە، بەڵام بۆ پەرلەمان، بۆ من وکاک ئیبراهیم هەیە ساڵێ چوارمانگ ئیستراحەتمان هەبێ، ساڵی چوارمانگ مۆڵەتمان هەبێ بۆ کوێ بمانەوێ بڕۆین بێ ئەوەی کەسیش پێمان بڵێ لەکوێ بووی؟ جگەلەوەش ڕەنگە لە حەفتەی سێ چوار ڕۆژیش هەردیسان مۆڵەتمان بێ بحەسێینەوە، ئەبێ ئێمەش سنوورێک بۆ خۆمان دابنێین نابێ ئەوەندە مۆڵەتمان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە وەڵام دانەوەم دا یەک خاڵم لەبیر چوو، بۆی هەیە برای بەڕێز کاک عەبدولخالق وابزانێ بە ئەنقەست وەڵامم نەداوەتەوە. باسی کرد، ئەڵێ بۆ چی ناوی بارزان هاتووە گرنگیی بەناوچەی

بارزان بدرێ بەتایبەتی؟ لەوانەیە لەهەموو حاڵەتێکدا کە مرۆ بیەوێ ئیشێک یان خزمەتگوزارەیەک پێشکەش بکات حیسابی سەرپشکی ئەکات، بێگومان ئێمەش وەکو ئەنجوومەنی وەزیران حیسابی ئەوەمان کردووە ئەو ناوچانەی کیمیاباران کراون، ئەو ناوچانەی کە ئەنفال کراون، ئەو ناوچەیەی بارزانیش بەشێوەیەکی تایبەتی حیسابیان بۆ بکرێ، جا لەکاتی خزمەتگوزاریدا ئەگەر دوو گوندمان لەبەر دەمدا بێ پێویستە قوتابخانەی لێ بێ دەبێ لە یەکێک لەم سێ یانە لەپێشا بکەین ئینجا لەگوندێکی تری بکەین واتە بەپێش دانی یەکیان بدەین، بەپێش دانێک بۆ ناوچەی بارزان لەپێش چاو بگیرێ بۆ چی؟ لەکەس شاراوە نییە لەماوەی ئەو چەرخەی دوایدا بۆی هەیە ناوچەی بارزان زیاتر لە بیست جار سووتاوە. ئەگەر خەڵکێک جارێک ئاوارە بوبێ لەماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا خەڵکی ناوچەی بارزان کە هاووڵاتی کورد وهەرێمی کوردستانن چەندان جار ئاوارە بوون، دەربەدەر بوون و، تووشی کارەسات بوون، کەسیش ئینکاری ئەوە ناکات کە چ دەورێکیان هەبووە لەم دەست کەوتانەی ئەمڕۆ هەمانە کە ئاوا دانیشتووین بە ئازادی. یەکەم خوێن کە ڕژاوە، خوێنی خەڵکی ناوچەی بارزان بوو. ئەو بە پێشدانەمان تەنیا لەبەر ئەوە بووە، ئەوجا ئەگەر ڕێگامان پێ دەدەن لەسەر ئەو بەپێشدانە ئەوە زۆر سوپاستان ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران. وابزانم بەرنامەی کاروباری حکومەت بە پوختی پێشکەش کرا. سەرەتا گوتمان ئەو برادەرانەی ناوەکانمان خوێندنەوە بۆیان هەیە گفتوگۆ بکەن، ئەگەر برادەرێکی تر ئارەزوو بکات بۆی هەیە قسە بکات. ئەوانەی کە ویستیان قسەی لەسەر بکەن پێشنیاریان هەبوو خستیانە ڕوو و وەڵام درانەوە لەلایەن جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانەوە. پاشان برا وەزیرەکان وەکو ئەوەی پێویست بوو ڕوونیان کردەوە لەو بوارەدا، ئەو شتانەی کە گوتران وەکو پێشنیارێک لەبەر دەستی ئەنجوومەنی وەزیراندایە، سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران هێمای بۆ کرد کە ئەو شتانەی کە پێویستن جەختی لەسەرکردن کە دەخرێتەوە سەر بەرنامەکە. ئەوەی چ قسە لەسەر کردنێکی یاسایی هەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران خاڵێکان دەستنیشان کرد، کاک ئیبراهیم وجەنابی وەزیریش تەئکیدیان لەسەر کرد کە حکومەتی مەرکەزی یاسای باجی دەرامەت و یاسای باجی خانووبەرەی لابردووە ومن لەگەڵ ئەوەدا نیم، ئەو دوو یاسایە هەڵنەوەشاون وهەر دەبا جەنابی وەزیری دارایی وەڵامی ئەم پرسیارەی دابایەوە. بەڵام یاسای باجی دەرامەت ویاسای باجی خانووبەرە لانەبراون لەحکومەتی

مـەرکـەزی، بەڵام یاسـای باجی کـۆمـپـانیـاکـان لابـراوەو پێش راپەڕین حکومـەتی مـەرکـەزی
هەمـوارکردنێکی لەسەر یاسـای باجی دەرامـەت کردووە ئەویش چییـە؟ لێبـوردنی راسپـاردراو
(الاعفاء المكلف) ئەو لێبوردنەش پێشی ئەو شەڕەی ناوخۆیەی دوایی بۆ لێژنەی دارایی هاتووەو
لەوێش تاوتوومـان کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو شەڕە نەی هێشت ئەمە وەڵام بدەینەوە بۆ ئەم هەمـوار
کردنە کرا؟ بۆ لێبـوردنی راسپێردراو (المـكـلـف) لەکـۆنەوە (٢٠٠٠)دینارە تاسێ منداڵ و
تەبعـەن ئەمـە ناکرێ بەراورد بکرێت لەگەڵ داهاتی ئێسـتـا ولەگەڵ دەسکەوتی خـانووبەرەی
ئێسـتـاو، خەریک بووین ئەمـەش تاوتوو بکەین، بەڵام وەکو گوتم شەڕی ناوخۆ نەی هێشت.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر من هەڵەش بم لیژنەی یاسا هەیە. لیژنەی یاسا دەتوانێ تاوتووی ئەم خاڵە
بکات، من لەگەڵ ئەوە نیم باجی دەرامەت وباجی خانووبەرە لابردرێن، لاش نەبراون، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شـاوەیس/سـەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێـمـە گـوتمان ئەبێ حـیـسـابی باجی دەرامـەت وباجی خـانووبەرە بکرێ، ئەبێ وەزارەتی دارایی
چارەیەکی بۆ بدۆزێتـەوە کـە وەری گـریت ورێکی بخـات، چونکە ئەوە دەسکەوتێکی بنەڕەتیـیـە
وپێـویسـتـە ئیـشی لەسـەر بکرێت، واتە ئەوە گـۆشـەنیگای حکومـەتی هەرێـمـە وباس کـراوە،
سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت شـێخ یەزدین/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

رێم پێ بدەن پێشـەکی سـوپاسی برای بەرێزم کـاک د.رۆژ بکەم کـە ئەوەی پێـویـست بوو لەسـەر
پرسـیـار وپێشنیـاری برا بەرێزەکانی ئەندامانی پەرلەمـان وەڵامی دایەوە، بەپێویستی دەزانم کە
منیش سوپاسی برا بەرێزەکان بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جـا بۆ ئەو درێژەپێدانە بەمـەزەندەی من مـاوەیەکی دوور ودرێژمـان لەپێشـە. لەکاتی جێ بەجێ
کردنی ئەم بەرنامەیە بۆ لێژنەکـانی پەرلەمـان وئەندامانی پەرلەمـان بەپێی ئەو گـفـتـوگـۆیـەی کە
ئێسـتـاکە لێرە وەکـو بەرنامـەیەک خراوەتە روو وپاش تۆزێکی دیکە دەیخـەینە دەنگدانەوە، بۆ
راستاندن وبڕیار لەسەردانی، ئەوکاتە ئیش وکـاری ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە کە بەداواداچوونی
ئەو پرۆگرامـە بکەن، وەکو برایانی تر هێمـایان بۆ کـرد لە رێگای وەزارەتەکانەوە ئەتوانن درێژەی
ئەو بەرنامـەیەی کـە هەیە وەربگرن وهـاوئاهەنگی هەبێت بۆ ئەوەی بتـوانین درێژەی پێ بدەین.
ئەوەی کە ئێستا خراوەتە روو وچەندجار جەختی لەسەر کراوە ئەمە بەرنامەی کابینەی سێیـەمی

حکومەتی هەرێمی کوردستانەو سەرەتاکانی ئەو حکومەتەیە. ئێستاش ئەم بەرنامەیە ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم بەرنامەیەیە؟.. سوپاستان ئەکەین.کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ بەرنامەی کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا. سوپاس بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و برایان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوکارە، پیرۆزبایی لەبرا وەزیرەکان ئەکەین کە ئەمرۆ لەپەرلەمانی کوردستان باوەڕی سوێند خواردنی یاساییان پێدرا. دانیشتنی ئایندەمان سبەی سەعات(١٠)ی سەرلەبەیانی دەبێ و زۆر سوپاستان ئەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩/١٢/١٩٩٦

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٢/١٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٢/١٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٨)ی ئاسایی، خولی ئاسایی دووەمی ساڵی (١٩٩٦)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیبەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ پێکهێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن.***

***٢ـ لێدوان لەبارەی ئاوارەو دەرکراوەکانەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆ واتە کۆبوونەوەی ژمارە (٨) لە ١٢/١٩ بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە، واتە تەواوکەری بەرنامەی دوێنێمانە، لەڕاستیدا ئەمڕۆ بە خاڵی شەش دەست پێ ئەکەین کە ئەبێ بە خاڵی یەک بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان، پێکهێنانەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن، ئێمە (١٤) لیژنەمان هەیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بۆی هەیە کە جارو بار پیابچێتەوە، چونکە ئێستاکە هەندێ لیژنە ئەندامی کەمی هەیەو دەبێ هەندێ ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ، بۆیە لیژنە بە لیژنە پیا ئەچینەوەو ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە پێیان خۆشە ببن بەئەندام لەو لیژنانە ناونووسیان ئەکەین، پاشان بەپێی پەیڕەو تەسبیتیان ئەکەین. تکا لەو برادەرانە ئەکەین کە ئەیانەوێ لەو لیژنانەدا بەشداربن دەستی خۆیان بڵندکەن ناونووسیان ئەکەین پاشان بەپێی پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پرۆتۆکۆڵی پێ ئەکرێ. وەکو ئەزانن هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بۆ دوو لیژنە خۆی هەڵبژێرێ یان بۆ دوو لیژنە کاربکات، کاک عەدنان دەستت بەرزکردۆتەوە فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو ڕۆژە ئاڵوگۆڕێکمان کردبوو، کاکەڕەش لە لیژنەی یاسا حەز ئەکەین بگەڕێتەوە جێگای خۆی. کاک (ئەکرەم)یش وەکو سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو جەنابی سکرتێر پێشنیار ئەکا لیژنە لیژنە پیائەچینەوە، بۆ هەر لیژنەیەک برادەران رای خۆیان دەربڕن لەو بارەیەوە. جەنابی سکرتێر فەرموو، لیژنە بە لیژنە ناوی پالێوراوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا، بەڕێزان:

١- شێخ عەدنان نەقشبەندیی ٢- حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی ٣- ئەیاد حاجی نامق مەجید
٤- شێروان ناسح حەیدەری ٥- حسێن عەلی کەمال ٦- محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ناوی هەڵبژێردراوەکانن ئەوەی چ رایەکی هەیە لەسەر ئەوە، ئەوەی کاک عەدنان پێشنیارێکی کرد کاکەڕەش نازانم لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە یان نا؟ پێشنیارەکە لە هەردوو لیژنەیە لیژنەی یاساو لیژنەی کشتوکاڵ. ئەگەر رەخنە نەبێ لەلایەن کاکەڕەش حەزدەکەین بگەڕێتەوە لیژنەی یاسا، چ رایەک هەیە دەربارەی ئەو ناوانەی کە خوێندرانەوە؟ ئەگەر چ رەخنەیەک نەبێ بخرێنە دەنگدانەوە، ئەگەر چ رەخنەیەک هەبێ یەکە یەکە، یا هەموو ناوەکان پێکەوە بەیەکجار بێ باشە، ئەو ناوانەی کە خوێندرانەوە جارێکی تر جەنابی سکرتێر دەیان خوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا، بەڕێزان:

١- شێخ عەدنان نەقشبەندیی ٢- حازم ئەحمەد یوسفی ٣- ئەیاد حاجی نامق ٤- شێروان ناسح حەیدەری ٥- حسێن عەلی کەمال ٦- محەمەد حەسەن باڵەتە. کاکەڕەش نەقشەبەندیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەوت ناون بەپێی پێڕەوی ناوخۆ کە دەڵێ(٥) تاکو (٩) و ئەمەش حەوتە هیچ رەخنەی لەسەر نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری دارایی و ئاوبووری، بەڕێزان:

١- جەمیل عەبدی سندی ٢- بترس سەخەریا هرمز ٣- شەفیقە فەقێ عەبدوللا ٤- محەمەد حەسەن باڵەتە ٥- بورهان عەلی جاف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیاری تر هەیە؟ چ پێشنیار نییە، رەخنەش نییە، دەیخەینە دنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێزان:

١- کاکەڕەش محەمەد نەقشەبەندیی ٢- شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز ٣- ئەکرەم عزەت نەجیب ٤- محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چوار ناومان هەیە پێویستیمان بە برادەرێکی تر ئەبێ بۆ لیژنەکە. بەڵێ پالاوتنە، فەرموو.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لیژنەی ئاوارەکان بێ ناوم لەوێ ئەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەوە پێنج، چی تر نییە، ئەیخەینە دەتگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردن، بەڕێزان:

١- عەفان عوسمان نەقشبەندیی ٢- عوسمان حەسەن دزەیی ٣- شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا ٤- وریا ئەحمەد دزەیی ٥- ئەکرەم عاشور عودیش ٦- رەجەب شەعبان تەییب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شەش ناوە، باشە چی زیادەیەک نییە، پالاوتن نییە؟ رەخنە نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری خوێندنی بالا، بەڕێزان:

١- د. ناسح غەفور رەمەزان ٢- د. سەلیم حاجی مەلۆ ٣- جەمیل عەبدی سندی ٤- سەرتیپ محەمەد حسێن ٥- عوسمان حەسەن دزەیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک نییە؟ چ پالاوتنیش نییە؟.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، بەڕێزان:

١- د. حەسەن حسێن بەفری ٢- فەوزیە عیزەدین رەشید ٣- عەبدولخالق محەمەد رەشید

زەنگەنە ٤- د. قەیس دیوالی سەعید ٥- سەفەر محەمەد حسێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێنج ئەندامە کاک عەبدولخالق دەستی بەرزکردەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من رازی نیبیم، لەم لیژنەیە داوام نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە عەبدولخالق لەگەڵ نییە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەندامی لیژنەی ناوخۆ بووم و حەزدەکەم هەر لە ناوخۆ بمێنمەوە بەڕاستی حەز لەو لیژنەیە ناکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە بزانین لە ناوخۆ هەیە یان نییە؟ لەدابەش کردن دا برا یاساناسەکان هەوڵدەن لە لیژنەکان بەلانی کەمەوە ئەندامێکیان هەبێت بۆ هەندێ کێشەی یاسایی لەوانەیە پێویست بێت بۆیە واکراوە. ئارەزووی جەنابتە ئەگەر حەزنەکەی، زۆر باشە چوار ئەندامن، پاڵێوراوێکی ترمان بەلانی کەمەوە پێویستە با ناوەکانیان بنووسین بۆ هەڵبژاردن. ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک فەرسەت ناوەکان جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڕێزان:

١- د.حەسەن حسێن بەفری ٢- فەوزیە عیزەدین رەشید ٣- مەلا تاهیرزین العابدین ٤- د.قەیس دیۆالی ٥- ئەحمەد عەلی عومەر ٦- شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ناوانە هەیە. چی تر نییە؟ کەس نییە. پاڵێوراوان شەش ناون، چ رەخنەیەک نییە لەسەر ئەمە؟ زۆر باشە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری کەلتوور، بەڕێزان:

١ـ ئەحمە سالار عەبدولواحید ٢ـ عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە ٣ـ فەوزیە عیزەدین رەشید ٤ـ سەرکیس ئاغاجان ٥ـ سەفەر محەمەد حسێن ٦ـ شیخ موحسین خالید موفتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ کاروباری کەلتوور شەش ئەندام پاڵێوراون، ناوەکانیان خوێندرایەوە، کەسی تر هەیە خۆی

هەڵبژێریٚ بۆ ئەو لیژنەیە؟ ئەوەی خۆی هەڵدەبژێریٚ دەستی خۆی بڵند بکات، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز شێخ موحسین خالید مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیژنەی کەلتووره من پێشنیار دەکەم کە دانراوین قەیناکا باشە. پێم باشە کە ناوەکەی بگۆڕێت بە لیژنەی ڕۆشنبیریی وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیریمان هەیەو ئەوەش شتێکی پەسەندەو هەم لەگەڵ ناوەکەش ئەگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە بابەتێکی ترە مامۆستا، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا وەها هاتووە، ئەگەر راتان وایە پرۆژەیەک پێشکەش بکەن بۆ گۆڕینی ئەو ناوە لەو مادەیەی کە هاتووە لەسەر ئەمە، پاشان دێتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان. ئێستا ئەو خاڵە بەس تەنها بۆ ئەندامانی لیژنەیە. ئەگەر چ پێشنیارێک هەبێ. جارێکی تر ناوەکان ئەخوێنینەوە، تکایە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری کەلتوور، بەڕێزان:

١- ئەحمەد سالار ٢- عەبدولخالق زەنگەنە ٣- فەوزیە عیزەدین رەشید ٤- سەرکیس ئاغاجان ٥- سەفەر محەمەد حسێن ٦- شێخ موحسین موفتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک نییە، پالێوراوی تریش نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، بەڕێزان:

١- مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی٢- مەلا محەمەد تاهیرزەینەلعابدین ٣- مەلا تەها محەمەد تەها ٤- مەلا مەحمود دێرەشەوی ٥- شێخ محسن موفتی ٦- مەلا تەلحە سەعید قەرەنی٧- بورهان عەلی جاف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم مەلا محەمەد ئەمین لێرە نییە، ناتوانین «تەرشیحی» کەین، ئینجا بووە شەش ناو، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکەن، بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی ئیش وکاری لیژنەکە هەموو شوێنە جوگرافییەکان بگرێتەوە لەهەر پارێزگایەک پێویستە ئەندامەک تێدا بێ لەهەر لیژنەیەکی بۆ ئەوە هاونیشتمانیان لێی نزبیک بن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پەیوەندیی بەو لیژنانەوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر تەماشای ناوەکان بکەن تا ئێستا خوێندراوەتەوە ئەو شتە ڕەچاوکراوە، ئەو ناوانە هەر خۆتان هەڵتان بژاردون. کاک بورهان دەستی بەرزکردۆتەوە، فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مامۆستایانی ئایینی من لە کۆبوونەوەیەکی پێشتردا داوای لێبووردنم کرد گوتم ئینسحاب دەکەم لەو لیژنەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێنج ناو ماوە . باشە ئەگەر برادەرێکی تر هەبێ، کاک جوهر لە شوێنی کاک بورهانە، چ ڕەخنەیەک نییە؟ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەستنیشانی کاکەڕەش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو لیژنەی کشتوکاڵە نابێ دەستی لێ بدرێ، مامۆستا ئارەزووی خۆیەتی ئەگەر ئەڕوا یان نا، چونکە مەسەلەی ئەندامی لیژنە دوو سێ لایەنی تێدا هەیە. یەک ئەبێ ئارەزووی خۆی بێ، دوو تۆزێک نزیکی ئەو پسپۆڕیەی بێت کە ئیشی تیا دەکات هەرچەندە ئەندامی پەرلەمان ئازادە بچێتە هەر لیژنەیەکەوە، سێ ئێمە خۆمان بەباشمان زانیوە کە برا یاساییەکانمان، لەناو لیژاندا ئەگەر بوار هەبووبێ خراپ نییە هەبێ. تەنها پێشنیارە. ناوەکان بوو بەشەش ناو، چ تێبینیەکی تر نییە؟.. نییە .کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ، بەڕێزان:

١- کانەبی عەزیز دزەیی ٢- ئەحمەد عەلی دزەیی ٣- شێخ ڕەقیب حسێن مەلا ٤- سەعید عەلی خان ٥- سەعید ئەحمەد یەعقوبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک سەفەر دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ هەڵبژاردنی، شەفیقەخان دەستی بەرزکردۆتەوە. کاک سیروان لەو لیژنەدا نییە، بەڵام ئێستاکە لە دوو لیژنەی ترە. جارێکی تر لیژنەی ناوخۆ ئەخوێنینەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ، بەڕێزان:

١ـ کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی ٢ـ ئەحمەد عەلی دزەیی ٣ـ شێخ رەقیب حسێن مەلا ٤ـ سەعید عەلی خان ٥ـ محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی ٦ـ سەفەر محەمەد حسێن ٧ـ یوسف جمەیل میران ٨ـ سیروان محەمەد نەورۆلی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیار نییە؟ سوپاس. کێ لەگەڵە... کێ لەگەڵ نییە... بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی نەخشە کێشان و پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوە، بەڕێزان:

١- نەهلە محەمەد سەعدوڵلا ٢- شێخ یەحیا بەرزنجی ٣- ئیبراهیم سەعید ٤- حەمید سەلیم میران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(٤) ناوە، ناوێکی ترمان پێویستە. بەڵێ کاک یوسف ئەوە بووی بە ئەندامی دوو لیژنە. کاک یوسف دانراوە بۆ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوە ئەوە بوو بە (٥) چ پێشنیارێکی تر هەیە؟ نییە.. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی پەیوەندییەکان، بەڕێزان:

١- د.قاسم محەمەد قاسم ٢- شمائیل ننۆ بنیامین ٣- د.حەسەن حسێن بەفری ٤- ئیبراهیم سەعید ٥- عەبدولخالق زەنگەنە ٦-سەرکیس ئاغاجان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیاری تر هەیە؟ چ پێشنیاری تر نییە. ئەو برادەرانەی کە ئەندامی (٢) لیژنە دەبن دەبێ تێبینی ئەوە بکەن کۆبوونەوەکانی لیژنەش وەکو دانیشتنەکانی پەرلەمان رادەی یاسایی دەوێت. ئەگەر ئامادە نەبن رادە پەیدا نابێت، ئەگەر رادەش پەیدا نەبوو ئێمە ناتوانین هیچ کارێک ئەنجام بدەین. هەر ئەوە نییە مرۆڤ ئارەزووی لەلیژنەیەک بێت، ئەبێ ئاگاداری بارودۆخی خۆشی بکات، جارێ لەدوو لیژنە دەوام بکات لەکاتی یارمەتیدا چونکە لەوانەیە کۆبوونەوەی دوو لیژنە جیاواز بن لەگەڵ یەکتر، مەرج نییە کاتی دانیشتنی لیژنە وەکو یەک بن. ئێمەش ڕێنماییەکمان دەرکردووەو داوامان کردووە لیژنەکان ئەبێ لەمەودوا چالاکی و دەوامی خۆیان بکەن، لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەبێ ڕێک بکەون. لیژنەی پەیوەندییەکان جارێکی تر ناوەکان ئەخوێنینەوە ئەوانەی کە ئێستا پاڵێوراون.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی پەیوەندییەکان، بەڕێزان:

١ـ د. قاسم محەمەد قاسم ٢ـ شمائیل ننۆ بنیامین ٣ـ د.حەسەن حسێن بەفری ٤ـ ئیبراهیم سەعید ٥ـ عەبد ولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە ٦ـ سەرکیس ئاغا جان ٧ـ د. ناسح غەفور رەمەزان ٨ـ ئەکبەر حەیدەر موسا ٩ـ مەلا مەحمود دێرەشەوی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هیچ تێبینییەک نییە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کارگوزاری گشتی، بەڕێزان:

١ـ مەلا هادی خضر ٢ـ ئەکرەم عاشور عەودیش ٣ـ ئەحمەد عەلی دزەیی ٤ـ مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ٥ـ جوهر ئەحمەد شاواز٦ـ فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ پێشنیارێک هەیە بۆ ئەم لیژنەیە؟ کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا ئاغا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر دەشێ لەناو ئەو لیژنەیەدا نەبم، لەوانەیە هەندێ جار ئامادە نەبم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس. چ پێشنیارێک نییە؟ کاک رەجەب فەرموو، کاک رەجەب زیاد ئەکرێت، بۆ ئەم لیژنەیە پاڵێوراوە، سوپاس. بەڵام وابزانم لە لیژنەی پەروەردەیە. کەسی تر هەیە خۆی هەڵببژێرێ بۆ ئەو لیژنەیە؟ کاک فەرسەت ناوەکان جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کارگوزاری گشتی، بەڕێزان:

١ـ مەلا هادی خضر ٢ـ ئەکرەم عاشور عەودیش ٣ـ ئەحمەد عەلی دزەیی ٤ـ مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ٥ـ جوهر ئەحمەد شاواز ٦ـ رەجەب شەعبان تەیب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ پێشنیارێکی تر نییە؟ نییە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پیشەسازیی ووزە، بەڕێزان:

١ـ حەمید سەلیم میران ٢ـ نیهاد نورەدین رەشید٣ـ نەهلە محەمەد سەعدوڵلا٤ـ مەلا هادی خضر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە چوار ئەندامن لەو لیژنەیە، پێویستمان بە پاڵێوراوێکی تر هەیە، کاک مامەند ئاغا.

سوپاس. کێی تر؟ کاک سەلام کەریم خان، چ پێشنیاری تر نییە؟

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی پیشەسازی و وزە، بەڕێزان:

١ـ حەمید سەلیم میران ٢ـ نیهاد نورەدین رەشید٣ـ نەهلە محەمەد سەعدوڵلا ٤ـ مەلا هادی خضر ٥ـ مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ئاغا ٦ـ سەلام کەریم خان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیارێک هەیە؟ چ پێشنیارێک نییە. کی لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەڕێزان:

١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی ٢ـ شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز بەرزنجی ٣ـ ئەکبەر حەیدەر موسا ٤ـ ئازاد فەتاح میران٥ـ یوسف جەمیل میران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک یوسف لا ئەبەین، چونکە لە دوو لیژنەی تر دایە، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لیستەیە لای کاک فەرسەتە، چونکە ئێمە لەڕاستیدا دانیشتنمان کردووە، برادەران زۆربەیان رایان وەرگیراوە. تەبیعی مافی خۆیەتی هەر برادەرێک چ لەوێ رای بدات چ لێرە، دەبینم هەندێ ناوی ئێمە گوتوومانە گۆڕاون جا خەلەلەکە لای کاک ئەحمەدە یان لای کاک فەرسەتە. نازانم چونکە لەوێ ئێمە قسەمان لێ کردووەو هەر برادەرێک بەرەزامەندی خۆی بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشە نییە، ئەو ناوانە واهاتوون دیارە ئەگەر برادەرێ لەدوو لیژنە ئەو بەرو ئەوبەر بکات کێشە نییە. ئێستاکە ئەو بوارە هەیە، تەنها تێبینیەک لەدوو لیژنەی هەمیشەیی زیاتر نابێت. چ پێشنیاری تر هەیە؟ ئێستا وای لێهات لیژنەی کاروباری (پ.م) چوارن. برادەرێکی ترمان پێویستە کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک ئازاد قەرەداغی، زۆرمان پێویستی پێیە بەکارگێڕی لیژنەو برواناکەم بتوانێ لە لیژنەی

ئابووری ئیش بکات لەلیژنەیەکی تریش ئیش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئازاد لە بواری خۆیدا وەک کاک فرەنسۆ گوتی نیمچە یاساییەکە، ئەگەر یاسایی نەبێت. خراپ نییە ئەگەر برادەرێکی یاسایی لەو لیژنەیەدا بێ، هەرچۆنێ بێ لایەنە یاسایی یەکەی هەندێ مەسەلەی دێتە پێشەوە لەوانەیە بتوانێ لە هەردوو لیژنە بەشدار بێ، بەڕای من هیچ گرفتێک نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک بورهانیش بەڕاستی ئارەزووی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە حەز ئەکەین کاک بورهان خۆی بلێ ئارەزووی هەیە یان نا. ئارەزووی هەیە بەسەر چاو، ئارەزووی نییە باخۆی بلێ، خۆی لێرەیە. دەبێ برادەران دابەشی ئەو لیژنانە بن، کاک بورهان دوا وشەت؟

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لیژنەی دارایی و ئابووری ئیشیان زۆرە، کاک جەمیلْ زۆر سوورە جا با تووشی سەرئێشە نەبین لەگەڵ کاک جەمیل دا، با لەلیژنەی دارایی دا نەبم زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس. ئەوە حەوت پاڵێوراو ناوەکان ئەخوێنینەوەو ئەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، بەڕێزان:

١ـ ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی ٢ـ شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز ٣ـ ئەکبەر حەیدەر موسا٤ـ ئازاد فەتاح میران ٥ـ موحسین سالح ئامێدی ٦ـ سەرتیپ محەمەد حسێن ٧ـ یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

ئێستا لیژنەیەکمان دەوێ کاتی خۆشی هەمان بوو، لەڕاستیدا ئەو لیژنەی ناومان نابوو لیژنەی ئاوارەکان کە پێویستە بۆ بەدواداچوون و سەردان و بۆ کردنی ئەو ئیشانەی کە پەیوەندییان بەو ئاوارانەوە هەیە. هەروەکو ئێستاکەش باس ئەکرێ دیارە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبن، جا بۆ لیژنەکە هەندێک لەبرادەران خۆیان هەڵبژێرن و ڕەچاوی دووخاڵ بکەن: ئەو برادەرانە دەبێ ژمارەیەکی باشیان لەو لیژنەدا بن و لێرە ئامادەبوونی ڕۆژانەیان هەبێ، ئەوە یەک، دوو لە پارێزگای دهۆک و هەولێر نوێنەری ئەو لایەشی تێدا هەبێ چونکە وابزانم جارێکی تریش تێبینییەک هەبوو لەسەر ئەو بابەتە و ئەو لیژنەیەش بۆی هەیە زیادیش بێت لەو ڕادەیەی کە بۆ لیژنەی هەمیشەیی

دانراوە، چونکە وەکو گوتمان بواری دەوێ و هیوادارین ئەو برادەرانە بەتایبەتی لەو جێگایە بن کە زیاتر ئاوارەی هەبێ، بابلێین سلێمانی و کەرکوک و قەلادزە و رانیە، بۆیە ئەوانەی زیاتر خەڵکەکەی ئاوارە بوونە دێن بۆ ئێرە، ئەو ناوچانەی کەوا ئاوارەیان هەبێ جگە لە برایانی هەولێر و دهۆک ئەگەر وەکو نوێنەرایەتیش بێ لەو لیژنەیە بن خراپ نییە، بابەتەکە رێکە، سوپاس. جا بۆ لیژنە کاتییەکە کێ خۆی دەپاڵێوێ تکایە دەستی خۆتان بەرزبکەنەوە با ناونووسیان کەین.
کاک سیروان نەورۆڵی، کاک شێخ یەحیا، کاک شێخ جەعفەر، کاک شێخ عەفان، شەفیقەخان، فەوزیەخان، بورهان جاف، جوهر شاواز، مامەند ئاغا، د.ناسح، ئازاد قەرەداغی، کێی تربوو ئەو ناوانە هەتا ئێستاکە خوێندمانەتەوە بوونەتە(١١) ناو.

١- بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم ٢- بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن

بەڵێ بەحوکمی ئەوەی کە لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندییە بۆی هەیە. پێمان باش بوو وەکو لیژنەی پەیوەندیی، چونکە زۆر ئیشی لای رێکخراوەکانەو برادەرێکی تر پاڵێوراوە لەوێندەرێ، مامۆستایانی ئایینیشیان بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ دابێت باشە، بۆ نموونە مەلا تاهیر تێدا نییە؛ مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشانازییەوە دەبێت مرۆڤ لە خزمەتی ئاوارەکان دا بێت، ئەو لیژنەمان بۆ دروست بێ و ئێمەش ئەندام بین تیایدا بتوانین خزمەتییان بکەین، تەنها پێم وایە لە دوو لیژنەی تر دام: لە ئەوقاف و ئەوی کۆمەلایەتی، ئینجا ئەوەی من تێبینیم هەیە لەسەر بنەڕەتی لیژنەکان. ئێمە لیژنە دروست دەکەین تەنها پرۆگرامێک و بەرنامەیەک و شتێک نییە بۆ کاری ئێمە رۆژانە بیکەین تا گلەییمان نەیەتە سەر. لیژنەی ئاوارەکان گەر پێتان باش بێت ئەوە لە لیژنەکە ئەبم، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێگەم پێ بدەن پێشینارێکم هەیە لەسەر ئەو نبەڕەتەوە کە دوو سێ برادەران لە دهۆکیش دەستنیشان بکەن وەکو لیژنەیەکی بچووک لەوانەیە رێک کەوتن لەگەڵ وان زێدەتر بێ، چونکە زێدە هاریکاریی و پیتاک لەوێ دابەش دەکەن و هاریکاریی زۆر دەکرێن و لیژنەیەکی تریش هەیە لە پارێزگا ولەلایەنی حزبی هەر دووک هاریکاری لەئیشەکەیدا دەکەن. بە بۆچوونی ئێمە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو لایەن بکەن بۆ ئەم بەگەڕ خستنەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەمێنێتەوە بۆ لیژنەکە خۆی پێشان لەنێوان خۆیاندا چۆن ئیش دابەش دەکەن. بۆیە ویستمان بەلایەنی کەم لەو پارێزگایانە یەک دوو برادەری تێدا بێت، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم لیژنەیە چەند فراوان بێ باشترە، چونکە ئاوارە تەنیا لە هەولێر نییە، دەرکراوەکان لە هەولێرن

و له شەقڵاوەن و له هەریرن، له رواندوزن. وەکو کاک د. رزگار گوتی دەتوانن هەمان لیژنەی ئێرە دوو سێ برادەر دابنێین به لیژنه بۆ ناوچەی دهۆک لەوێ ئیش بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بۆ دهۆک من دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاک سەفەرو کاک ئیبراهیم سوپاس، کاک رەجەب سوپاس، کێی تر له هەولێر؟ بەڵێ کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خەڵکەی که هاتوونەتە ئێرە ئاوارە نین بەڵکو دەرکراون، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ناوی لیژنەکە بکرێتە لیژنەی دەرکراوەکان، لیژنەی سەرپەرشتی دەرکراوەکان چونکه به ئارەزووی خۆیان نەهاتوون و خەڵکەکە له وڵاتی خۆی ئاوارە نییە، ئاوارە له وڵاتێکی ترە و حەز دەکەم برادەران بزانن ئێستا له ناوچەی دهۆک کۆمەکێکی یەکجار زۆر کۆکراوەتەوە، کاروانێکی زۆر لەو کاروانەی که هاتبوو گەورەترو زیاتر و برە پارەشیان کۆکردۆتەوە، لەوانەیە لەم یەک دوو رۆژەدا بگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەنها له هەولێر، برادەرانی هەولێر ئەگەر یەک دوویەکیان بەلانی کەمەوە خۆیان بپاڵێون بۆ ئەو لیژنەیە، کێ خۆی هەڵدەبژێرێت له برادەرانی هەولێر؟، کەس.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بۆ هەولێر بەڕاستی ئەمە هەموو جێی رێزە، بەڵام ئەو کەسە باشە زیاتر زانیاری وتوانای هەبێ، ئەگەر کاک عوسمان پێی خۆشە یان مەلا هادی، یان کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان باشە، کاک سەعید یەعقوبی لەوانەیە تۆزێک گرفتی هەبێ، مامۆستا مەلا تەڵحە، کاک فرەنسۆ، لەڕاستیدا ئەم لیژنەیە چەند بەرفراوانتر بێت باشترە چونکە لەوانەیە بەشێکیان ئەوانی هی لای دهۆک دەبن، بەشێکیان هەر لێرە ئەبن و بۆی هەیە جار جار سەفەرێک بکەن بۆ ئەولاو ئەولا لەبەر ئەوەی هیچ گیروگرفت نییە چەند زیاتر بێت باشە. ناوەکان ئەخوێنینەوە ئێستاکە وای بۆدەچم لەوە زیاتر نییە. هەر برادەرێکی تریش ویستی زیادی دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوەکان/ سیروان نەورۆڵی، یەحیا بەرزنجی، شێخ جەعفەر، شێخ عەفان، شەفیقەخان، فەوزیەخان، بورهان جاف، جوهر شاواز، مامەند ئاغا، د.ناسح، ئازاد قەرەداغی، مەلا تاهیر،

ئیبراهیم سەعید، رەجەب شعبان، سەفەر محەمەد حسێن، مەلا هادی، شێروان حەیدەری، مەلا تەها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماموٚستا مەلا مەحمود، سوپاس ئەوە (١٩)، بەڵێ، کەسی تر نییە خۆی هەڵبژێرێ؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێکرای دەنگ وەرگیرا، سوپاس. ئەم خاڵە ئەلێرەدا تەواو بوو، سوپاستان ئەکەین، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لیژنەیەک بۆ مافی مرۆڤ بێت، پێشنیارێک پێشکەش بکرێ شتێکی باشە بە تایبەتی لەم بارودۆخەی کە ئەو مافە پێشێڵ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ بۆ ئەوە پێشنیار بکەن، چونکە ئەبێت دەستکاریی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بکەین، ئەگەر ئەم پێشنیارە هاتە پێشەوە ئەوە دەنێرین بۆ لیژنەی یاسا. بەسەرچاوو کێشە نییە، بەڵام ئەمە لیژنەیەکی کاتییە. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشەبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ ئێوە و پیرۆزبایی لەو بەڕێزانە ئەکەم کە خۆیان پاڵاوت و پەرلەمانی کوردستان دەستنیشانی کردن و رازی بوو کە بێن بەئەندامی ئەو لیژنانە. لەڕاستیدا لیژنەکانی ناو پەرلەمان دینەموٚی کاری پەرلەمانن، ئومێدەوارم بە هەستێکی زۆر تازەو، بەگوڕ بەپێیر ئیش و کارەکانیانەوە بچن و بتوانن سەر لە وەزارەتەکانی تایبەتی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تایبەتمەندییەی ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی کوردستان وپەیوەندییەکان ببەسترێن لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن بەشێوەیەک بێت بتوانین زیاتر خزمەتی گەلەکەمان بکەین، خاڵی دووەم دەربارەی لیژنەی ئاوارەکانە. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، دووبارە کراوە کە کێ لە هەولێر هەیە بەشداری بکات برایانی هەولێر وای بۆ ناچم هەرچەند هەندێکیان هاتنە لیژنەکان خەڵکی هەولێر پێویستیان بەوە نییە کە من بەرگرییان لێ بکەم، وابزانم رابووردوویان بەرامبەر بەو ئوردوگایانەی کە لەدەوروبەری هەولێرن خەڵکی تر ئاماژەی پێ ئەدات، تەنانەت لەڕاستیدا لەوانەیە ئەو برادەرانە زیاتر بابەتیان ئەوە بووە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک هەیە واتە نوێنەری ئەو خەڵکەن لەوانەیە زیاتر پەیوەندییان هەبێت لەگەڵیان دا. من لێرەوە دووپاتی ئەکەمەوە کە نوێنەرانی هەولێر و شاری هەولێر هەر دەمێک ئامادەن ئەگەر لەلیژنەکانیش دانەبن بەو پەڕی هاوکاری لەگەڵ ئەو برا بەڕێزانەی کە لە لیژنەکەدان هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی هەستی ئاوارە بوون یان دەرکردن وەکو برای بەڕێزم کاک فەرنسۆ گوتی نەهێڵن و بەتەئکید ئەو خەڵکەش رێزو ئیحترامێکی تایبەتیان لای ئێمە هەیە، چونکە پیرۆزترین هەڵوێست ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر بنەمای بیروباوەڕی خۆی ئاوارە بکرێ و چاکترین

نموونەش بۆ ئێمە پێغەمبەری مەزنە (د.خ) کە لەسەر بیروباوەڕ و دەعوەتی بۆ ئیسلام لە مەککەوە ئاوارەی مەدینە کراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی لیژنەکان وەکو لەسەرەتادا گوتم، لەڕاستیدا ئەو قۆناغە پێویستی بە زیاتر ئیش و کارێکی ڕێکتر هەیە، بە تایبەتی لیژنەکانی پەرلەمان دینەمۆی پەرلەمانن، ئەگەر لیژنەکان بە ڕێک و پێکی دەوامی خۆیان بکەن، ئیش وکاری خۆیان ڕێک بخەن لەوانەیە زۆرشت ڕێک و پێکتر ئەنجام بدرێ. دوێنێ بەرنامەی کاری حکومەت خوێندرایەوە و پەسەند کرا لەگەڵ ئەوانەی کە برا وەزیرەکان قسەیان کرد، دوایی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران قسەی کرد کە هەر وەزارەتێک بەرنامەی خۆی بۆ ئەو برگەیەی بەرنامەی کابینەی سێ ناوەرۆکی بنەڕەتی بەرنامەکانن، واتە خوردکردنەوەی بەرنامەکان لە وەزارەتەکان دا دەبێ. بۆیە هەر لێرەش داوا کرا کە هەماهەنگی بکرێ لەنێوان لیژنەکانی پەرلەمان و وەزارەتەکاندا بۆ ئەوەی ناوەرۆکی بەرنامەی هەر وەزارەتێک لەلای خۆیانە، دەبێ لای لیژنەکانیش هەبێت خاڵ بە خاڵ و فەسڵ بە فەسڵ ڕێکی کردبێت چ پێویستە چ پێویست نییە. لە کۆمەک و هاوکاریی، ئەم دوو دەزگایە ئەبێ وابێ، ڕاستە فەسلی دەسەڵات هەیە بەڵام یەک تەواوکەری یەکە و پێویست بە هەموو هاوکاریی و هەموو هەم ئاهەنگییەک دەکات بۆ ئەوەی هەموو ئیشەکان بەرێک و پێکی بەرەو پێشەوە بڕوات. خەڵکی ئێمە پێویستی بەهەموو هاوکارییەکە ئەوە لەو لیژنانە ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکانی تریش بەشدار بن تێیدا، بەڵام بۆ لیژنەی کاتیی ئاوارەکان لەوانەیە ئەو پێویستییە هێشتاکە زیاتر بێت لەو تێکەڵ بوونە چونکە، بۆ ئەو بابەتەش وەکو گوتمان بۆ هەولێریش کە پایتەختە ئەمڕۆ و ئەو ئاوارانە لێرەن بۆیە دەبێ گرنگیان پێ بدرێ و کاریان بۆ بکرێ. ئەندامانی شاری هەولێر پێویستە ئامادەبوونێکی باشیان لەم لیژنەیەدا هەبێ ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە، کەم کردنەوەی ڕۆڵی شاری هەولێر گوتم هەولێر، هەولێرە، سەلماندوویەتی لە دێر زەمانەوە کە شاری دێرین و خەڵکی هەولێریش خەڵکی کورد پەروەرن.

خاڵی ژمارە دوو لە بەرنامەدا نووسراوە کێشەی ئاوارەکان، پێشنیارەکە لە مەودوا بیگۆڕین و بیکەین بە دەرکراوەکان. لە بیرتانە ئێمە لەیەکێک لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بە تێروتەسەلی باسمان کردو دانیشتنێکمان تەرخان کرد بۆ ئەو بابەتە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمیش، بەشێکیان لەوانەیە بواریان نەبووبێت، بەڵام باس لەو بابەتە بەتێروتەسەلی کرا، پێشنیارتان کرد کە ئەو پێشنیارانەی کران کورت و پوخت بکرێن، لیژنەیەکەمان دەستنیشان کرد بە سەرۆکایەتی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و ئەو برادەرانەی کە کاتی خۆی دەستنیشان کران بۆ بەدواداچوونی کێشەی برا دەرکراوەکانمان. ئەو خاڵانەی کە باس کران هەموو کۆکرانەوەو کران بە چەند خاڵێکی سەرەکی و لەسەر پێشنیاری ئێوە وەکو ڕاسپاردەیەک ناردرا بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو برادەرانەی لیژنەکان دوای ئەوەی کە گفتوگۆیان لەسەر کرد سەردانی زۆر دام و دەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، لەگەڵ لیژنەی ئاوارەکان سەردانی خەڵکیان کرد بۆ ئەم مەبەستەش هەر جارە شتێکیان ئامادە کردبوو بۆ

یەکێک لەو کۆبوونەوانە. هەروەها ئەمڕۆش وەزیری هەرێم کە زیاتر پەیوەندیدارە بەکێشەی ئاوارەکانەوە لە شاری هەولێر ئەویش لێرەیە، ئەم خاڵەمان تەرخان کردووە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە، چی کراوە هەتا ئێستاکە، چ پێویستە بکرێت لەم چوارچێوەیەدا؟ حەزدەکەین گوێ بگرین پێشەکی لەو برادەرانەی کە راسپێردراو بوون وەکو ئەندامانی پەرلەمان، پاشان کاک فرەنسۆ لەوانەیە گفتوگۆیەکی هەبێت لەسەر کێشەکە، چ بووە چی کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەو لیژنەیەی کە دروست کراوە بۆ ئیش و کاری برا دەرکراوەکانمان بۆمان باس ئەکات. ئێستاکە ئێمە فرسەت بەبرادەرانی ئەندامانی پەرلەمان دەدەین کە راسپێردراو بوون بۆ ئەو ئیشە، نازانم کێیان حەز ئەکات دەست پێ بکات، کاک ئازاد؟ فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی راستە. ئێمە لەگەڵ چەند برادەرێک بە ئامادەبوونی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان چەند پێشنیارێکمان ئامادە کردووە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی دوا بڕیاری لەسەر بدا، وەهەروەها ئەو دەرکراوانەی کە لەسەر خانوو وجێگای خۆیان بەزۆر دەرکراون زۆر شتیان لای من هەیە وکۆم کردۆتەوە. جا ئەگەر پێویست ئەکات زۆر دوورو درێژە تاکو بزانین چیان بۆ کراوە، لەچ جێگایەکن وکەم کوریەکانیان چنە بیان خەینە بەردەم بەڕێزتانەوە. ئەو راپۆرتەی ئامادە کراوەو لای بەڕێز سکرتێری پەرلەمانە نازانم بەوە بەس بێت یان ئەو تێبینیانەی لای من هەنە هەموویان بخوێندرێنەوە؟ ئێمە بە دانەیەک نووسیومانە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە پوختەی گفتوگۆی ئەم دانیشتنەیە وەکو ئاماژەیان پێدا، پاشان لەسەر پێشنیاری ئێوەوە لیژنەیەک دروست کرا بە سەرپەرشتی کاک فەرسەت سکرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەوانە گەلاڵە بکرێن و خاڵە سەرەکیەکانی لەو پێشنیارەدا ئامادە بکرێن، کە ئامادە کران وەکو راسپاردەیەک لەلایەن لیژنەکەوە بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی، ئەوەش ناردرا بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، تاکو لای ئەوانیش هەبێت وبەرامبەر ئەو راسپاردەیە چی ئەکەن، چی ناکەن؟ تەبیعی جێبەجێ کردنی سەربە ئەوانە بەپێی بارودۆخی خۆیان وتوانای خۆیانەوە.

ئەوەی ئێستا ئەیخوێنینەوە ئەوە راسپاردەیەکە جێ دەهێشترێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن. ئەگەر هەر شتێکی پێویستی بە بڕیارێکی پەرلەمان بوو بێگومان ئەوان ئەو پێشنیارە ئەنێرن بۆ پەرلەمان و بڕیاری لەسەر ئەدرێ. ئەوە بۆی هەیە ئێستاش لای کاک فرەنسۆ هەندێک شتی تازە هەبێت، لەوانەیە هەندێ شتی تازەش کرابێت با بفەرموون پوختەی ئیش وکاری خۆیان بخوێننەوە، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عــــەبدولقـــــادر قـــــەرەداغـی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

**ڕاسپاردەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەبارەی یارمەتیدانی ئاوارەکانەوە:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دانیشتنی ژمارە «٨»ی لەڕۆژی ١٩٩٦/١١/٩دا ئەنجامداو، یەکێک لە بابەتەکانی بەرنامەی کاری بریتی بوو لە لێدووان لە کێشەی ئاوارەو ئازار دراوەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکووک کە هاتوون بۆ پارێزگای هەولێر، لەدوای وتووێژو لێکۆڵینەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەو دانیشتنەدا خرانەروو، ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دەرکرد.

ڕاسپاردەکان:

١- پێکهێنانی دەستەیەکی باڵای تایبەت بۆ چاودێری کردنی ئاوارەو دوورخراوەکان و دامەزراندنی فەرمانگەیەکی تایبەت بەو ئاوارانەوە کە ڕاستەوخۆ بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ببەسترێ.

٢- تەرخان کردنی ڕێژەیەکی دیاری کراو لە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و کارمەندانی هەرێم بەمەبەستی یاریدەدان و چاودێری کردنی ئەو ئاوارەو دوورخراوانەوە بەم پێیەی خوارەوە:

**أ- ٥٪ لە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان.**
**ب- ١٪ لە مووچەی کارمەندانی هەرێم.**
**ج- ١٪ لە خەرجییە تەرخان کراوەکانی حکومەتی هەرێم.**

بۆ جێبەجێ کردنی ئەمەش پێویست دەکات بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە دەربچێ، چونکە مووچە بڕین بە یاسا یاخود بە بڕیاری دادگەری نەبێ جێبەجێ ناکرێ.

٣- بەهەموو هۆیەکی ڕاگەیاندن و لەڕێگای خوتبەدەرەکانی مزگەوتەکانەوە هاووڵاتییان هان بدرێن بۆ کۆمەککردن و یارمەتیدانی لێ قەوماوەکان و بۆ ئەم کارەش لیژنەی پێویست پێک بهێنرێ.

٤- پەلەکردن لە وەرگرتنی فەرمانبەری دوورخراوەو ئاوارەکراو لە فەرمانگەکانی هەرێم، هەریەکەیان بەپێی شارەزایی و پسپۆڕی لە کاری فەرمانگەکانی پێشووی دا.

٥- پێویستە هەموو دوورخراوە و ڕاگوێزراوێک لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆبکرێنەوەو سەر ژمێرییەکی وردیان بۆ بکرێ، سەرنجی ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی ناوخۆو جیهانی بۆ باری ژیان و گوزەرانی ئەوانە ڕابکێشرێ، تاکو دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکرێ.

٦- وەسڵی ڕەسمی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی پیتاک و یارمەتی لە هاووڵاتیان ئامادە بکرێ و بەسەر فەرمانگەکانی حکومەتیدا دابەش بکرێت، بەرامبەر بە(٢) دینار بۆ هەر وەسڵێک و بدرێت بەو کەسە دەوڵەمەندانەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری خۆیان سەر لەفەرمانگەکان دەدەن.

ئەوە بوو راسپاردەکان و یارمەتیدانی تر زۆرن، لەجێگایان، لە ڕێگایان یاخود چییان بۆ کراوە، چیان بۆ نەکراوە؟ ئەویش زانیارییەکانی لای خۆمە ئەگەر پێویست بوو پێشکەشی بەڕێزتانی ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەگەر کاک فرەنسۆ ئەوەی کە لەلایەتی باسی بکات چونکە پەلەیەتی، پاشان ئەندامانی پەرلەمان چ گفتوگۆیان هەبێت بۆ زیادکردن یان روون کردنەوە باسی بکەن، فەرموو کاک فرەنسۆ کورتەی ئێش وکارەکان تا ئێستا چ کراوە باس بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەی خێزانەکانی دەرکراو لە تەلارو باڵەخانەکان (٢١٧٩) خێزانن، ژمارەیان (١٣٦٢٠)سەر. ژمارەی خێزانەکانی دەرەوەی هەولێر لەئۆردوگاو قەزایەکان (٢٣٣٦) سەر خێزانن، ەکاتە(١٤٢٩٠)کەس، ئەو خێزانانەی بێ شوێن وجێگان ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خێزانانە جێگایان هەیە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەمانە جێگایان هەیە، بەڵام ئەم خێزانانەی بێ شوێنن (١٨٤٢) خێزانن، کە دەکاتە (١١١٧٤)کەس. ئەو خێزانانەی کە خانوویان گرتووە ڕێژەیەک لەکرێیەکەی دەدرێ نەک هەموو کرێ یەکەی کەپێی گرتووە، زیاتر لەهەزار خێزانن کە خانوویان جۆر بەجۆرن. کۆی خێزانەکان لەنێوان (٧١٥٧-٧٥٠٠)خێزانە، ئێستاش بەردەوام خێزان دەرئەکرێن ودێن بۆ ئێرە. لەو راپۆرتەی کەکاک ئازاد خوێندیەوە هەندێ شت کە هاتووە جێبەجێ کراوە، پەرلەمان پارەی خۆی داوە و جێبەجێی کردووە، سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە لەوێ شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووە هەموو کە هاتوونەتە لای ئێمە، ئێمە تەنسیبمان کردوون لەهەمان فەرمانگەی خۆیاندا ویارمەتی وموچەی لەهەمان فەرمانگە وەرگرتووە، لیژنەیەکی باڵامان پێکهێناوە بەسەرۆکایەتی قائیمقامی پێشووی کۆیەو نوێنەری لقی(٣)و(٤)و(١٢)ولقی(١١)ولقی(٢)وبەڕاستی ئەوانە زۆر خۆیان ماندوو دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆربەی زۆری خێزانەکان نیشتەجێ کراون؟ جێگای خۆیان هەیە؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، لەکۆی (٧٥٠٠) تەنها (١٨٤٢)دانەمەزراون. ئەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتییان داون تا ئێستا خاچی سووری دەوڵییە، خاچی سووری عێراقییە،(W.F.P)ـە. (W.F.P) بەشی یەکەم تەنها بە (١٢٤١٠)خێزان یارمەتی دا، یارمەتییەکە بریتی بووە لە بۆ هەر کەسێک (١٢)کیلۆ

گەنم،(٩٠٠) غرام نیسک، (٩٠٠) غرام ڕۆن، (٣٠٠)غرام شەکر، ئەمە هی بەشی یەکەمە. بەشی دووەم کە ئێستاکە (W.F.P) خەریکن دابەشی دەکەن دەدرێتە (٣٢٤٣٩)کەس، ئێمە پێش ماوەیەک ڕێککەوتنامەمان لەگەڵ کردبوو هێشتا ڕێژەکەمان زیاد نەکردبوو ئەم جارە چیان دەداتێ (١٢)کیلۆ گەنم، (٩٠٠)غرام نیسک، (٩٠٠)غرام ڕۆن، ئەم جارە شەکری تیا نییە. (م.س) یەک واتا (م.س)ی دهۆک، (٣٥)تەن ئازووقەی ناردووە لەگەڵ کۆمەڵێک کەل وپەلی چاک هی ناومالّ لەگەڵ هەموو پێویستییەکانی ترو، پارەی پەرلەمانیش پێیان گەیشتووە. خاچی سووری دوەلی چیان بۆ کردووە؟ یارمەتی بە(٢٠٩٠)خێزان داوە ئەویش زۆر کەم بوو، کۆی ئەوەی کە پێیان دراوە (٤٢٩٣) بەتانی (١٠٦٠)پارچە نایلۆن، (١٧٧١)جلیکان، (٥٦٨) مەنجەڵ، (٣٢٠) پرێمز، (١١٣٩٦) پارچە صابون، ئەمە خاچی سووری دوەلی. خاچی سووری عێراقی(٧٧٣) سۆپە، (٥٨٨) بەتانی، (٣٨) جەمە بەشی خواردن. جگە لەوە پێش ماوەیەک ئێمە بیرمان کردووە کەمپێکیان بۆ دروست بکەین هەوڵ بدەن بەشێک لەوانەی کە جێگایان نییە، یان هەندێ کەس لە بەشەکانی ناوخۆی زانکۆی سەلاحەدین کە ئەرکێکی زۆر لەسەر سەرۆکایەتی زانکۆ هەیە وقوتابییەکانی دەرەوە شوێنیان نییە وتمان بەلای کەمی هەوڵ بدەین کەمپێک دروست بکەین لەسەر ڕێگای مەخموور شوێنەکە دیاریکراوە ونەخشەی کێشراوە، شوێنی کەمپ و جێگای پۆلیس. جێگای نەخۆشخانە ئەمانە هەمووی ئامادەکراون، نەخشەی بۆ دروست کراوە. پێش ماوەیەک کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی لێرەن، ڕێکخراوە خێرخوازەکان، تەنها تایبەت بوو بۆ یارمەتیدانی دەرکراوەکان. وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی ئێستا زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکان بەشێکیان ڕۆیشتن، بەشێکیان خەریکن دەگەڕێنەوەو لە ڕێگای عێراقەوە جارێکی دیکە بەرەسمی دێنەوە، بەلاّم هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە لەم بودجەیەی ئەو ساڵەدا هیچی وایان نەماوە، هەموویان دەڵێن دەنووسین وداوا ئەکەین لەوانەیە ڕێککەوتن لە«جنێڤ»ەوە بکرێ. داوایان کرد نەخشەی کەمپەکە وێنەیەکیان پێ بدرێ. هەموو ڕێکخراوەکانی خەریکن یارمەتیمان بدەن هەریەکە وێنەیەکیان پێدراوە، شارەوانی هەولێرو لێپرسراوی ئاو وئاوەدێری هەریەکە بەش بەحاڵی خۆی خۆی ئامادە کردووە کە بەشداری بکات لە دامەزراندنی ئەم کەمپەدا. بەلاّم تائێستا هیچ شتێک نەبووە. خاچی سووری عێراقی بەڵێنی نزیکەی چەند چادرێکی پێمان داوە نازانین دەگاتە(٢٠٠)چادر یان نەء. ئێمە هەوڵماندا بەشی یەکەم ئەگەر بتوانین (٥٠٠)خێزان لەوێ دابنێن، ودابینی هەموو پێویستییەکانی ژیانیان بۆ بکەین، شتێکی چاکە، بەلاّم تا ئێستا ڕازی نەبوون، هەر لەمامەڵەدایە، لەمە زیاتر هیچی تر نەکراوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ بۆ ڕوون کردنەوەکان. جا ئەگەر برادەران چ تێبینییان هەیە لەسەر ئەوە ناونووسیان بکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە:

١- د. قاسم محەمەد قاسم
٢- یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی
٣- عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە
٤- رەجەب شەعبان تەیب
٥- کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی
٦- ئیبراهیم سەعید محەمەد
٧- محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی
٨- مەلا مەحمود دێرەشەوی
٩- مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین
١٠- ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەو ژمارەیەی کاک فەرەنسۆ رایگەیاند دەکرێ مرۆڤ ئەو ژمارەیە بە (٥٠) هەتا (٦٠) هەزار مرۆڤ بخەملێنێ، کە تاکو ئێستا بەتەنها ئاوارەی سنووری پارێزگای هەولێر بووینە، ئەگەر ئێمە دراسەتی ئەم جۆرانە بکەین دەبینین بەتەنها لەسنووری شاری هەولێر ئاوارە نەبووینە، هەر چەندە ئەوانە پێویست ترن، چونکە حالی حازر زستانە وزۆربەی ئەو دەرکراوانە بەسەڵتی وبەپێی پەتی وبێ پێداویستەکانی ژیان دەربەدەرکراون. هەروەکو باس کرا لەناوچەکانی تریش دەربەدەر زۆرە، بۆ نموونە لەناوچەیەکی وەک ناوچەی ئێمە (دهۆک) چ ئەوانەی گوندەکانی خۆیان لەترسی بۆردومانی تورکیا جێ هێشتووە، ئێستا ناوچەی سنوور والآیە بۆ نموونە نزیکەی (٣٥٠) خێزان لە ئۆردوگایەکی ناوچەی(کانی ماسی) نیشتەجێ کراون، هەر چەندە هەوڵێکی زۆریان بۆ دراوە، هەندێکیان دەواریان بۆ دابین کراوە هەندێکیان نا، ئەوانە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە لەگەڵ پارێزگاری دهۆک دراوە بەدەست هاتووە، ئەو ماڵانەی کە ماون نەهێڵن زیاتر دەربەدەر کرێن، ئەگەریش ئەو خێزانانە بگەڕێنەوە سەر گوندەکانی خۆیان ودووبارە دێیەکانیان ئاوەدان بکەنەوە چونکە گوندەکانیان سوتێندراوە و رۆژانە بۆردۆمانی لەسەر دەکری لەناوچەی رزگاری وجارەکی تر لە سنووری زاخۆ، ئەو ریزە گوندەی چیای سپی جارەکی تریش دەربەدەر بووینەوە هاتوونەتە زاخۆ، هەروەها لە ناوچەی باگۆزێ ئۆردوگایەک هەیە، کۆمەڵێک هاووڵاتی، خوشک وبرای ئێمە لەدەڤەری گەرمیان تێدا ئاکنجی (نیشتەجێ) بووینە، لەوانەیە رۆژانەش ژمارەیان زیاد بێ، جارەکی تر پارێزگاری دهۆک لەگەڵ لقی (١)ی پارتی چاوەرێ دەکرێ ئۆردوگایەکی تریان لە دەست دا بێ بۆ دروست کردن لەناوچەی(دوگم وقەبلێ)لەوانەیە ئەو هاووڵاتیانەی لەکوردستانی تورکیا ئاوارە دەبن و خەڵکی تر لەوێ نیشتەجێ بکرێن، لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئاوارەکردن ودەربەدەر کردن لەوڵاتی ئێمە بۆتە شتەکی زۆر ئاسایی، واتە ئەوەی دەکرێ دژی مافی مرۆڤ ومافە نەتەوەییەکان لای ئێمە کارێکی زۆر سروشتییە. لێرەدا من پێشنیارەکم هەیە بۆ سەرۆکی پەرلەمان، ئەو هاوکاریەی کە لەلایەن خەڵکی دەڤەری بادینانەوە

کرا، لەگەڵ ئەوەی کە دەربەدەر زۆرن و دەرکردن بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەدا وا هەستێکی نەتەوایەتی مرۆڤایەتی لەم دەڤەرە هەیە، ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە دیمەنی (TV) دەبینین خەڵک چۆن بەدڵێکی فراوان بەرەو شوێنەکانی بەخشین دەچوون، هەوڵیان دەدا یارمەتی برایانیان بدەن، زیاتریش کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد، هەر کاروانی یەکەم نزیکەی (٥٤) سەیارە دەبوو ونزیکەی بای (١) ملیۆن دینار دەبوو، ئێمە گومانیشمان لەوەدا نییە هەروەک لەلایەن خەڵکەوە دەگوترێ ئەگەر ئاوارە کردن رۆژانە بەردەوامیش بێت خەڵکی ئەم سنوورە ئامادەیە کۆمەکیان بکەن، پێشنیارەکەم ئەوەیە هەر چەندە وەکو گوتم هەستەکی نەتەوایەتی ومرۆییەو بۆ ئەوەی هاندانێکیش بێ بۆیان، سوپاسنامەیەک بۆ خەڵکی ئەم دەڤەرە بنێردرێ داوایان لێ بکرێ زیاتر هاریکاری برا دەربەدەرەکانیان بکەن، چونکە حکومەتی ئێمە بێ بودجەیەو بێ توانایە. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە پێشنیارەکەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د.رزگار پێشنیاری کرد بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە بروسکەیەکی سوپاسنامە بنێرین بۆ دەڤەری بادینان، ئەو جۆرە سوپاسنامەمان بۆ برایانی شاری دهۆک و دەوروبەری کە هەڵسان بەناردنی ئەو یارمەتییە لەدام ودەزگای راگەیاندنی هەرێم ناردو بڵاو بووەوە، وابزانم لە دهۆکیش بریار بوو بروسکەکەمان بڵاوکرێتەوە. سەرەتا کە دەستمان کرد بەو رەوشی کە باسمان کرد لەکۆبوونەوەی پێشوودا، ژمارەی دەرکراوەکان بەرەو زیادبوون بوو پێشنیارمان کرد لەسەر هەموو لایەک چۆن پێمان ئەکرێت بەکۆمەک وهاریکاری ئەو دەرکراوانە درێغی نەکەین، ئەو داوایەمان دەرخست، ئەوە بوو کۆمەڵێک پێشنیارو گفتوگۆ کرا، ئەو پێشنیارانە بوون بە مادەیەک لە دام ودەزگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە شاڵاوێکی فراوان کرا بەتایبەتی برادەرانی دەڤەری بادینان. ئەو شتانەی کە جەنابت فەرمووت لەڕاستیدا لەیەکەم دەقیقەوە سوپاسمان کردن، ئێستاش بەناوی ئێوەو بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئێمە سوپاسی رۆڵی ئەو هاووڵاتیانە دەکەین، هەموو کاتێک ئەوە رەچاو کراوە لە دەڤەری بادینان، کە هەمووکات قەڵا بووەو بە هاواری برای خۆیان هاتوون. راست ئەکەی، باوەڕبکە ئێمە خۆمان لێرە ئەو برا بەرێزانەی کە لەگەڵ کاروانەکە هاتوون لێرە وەسفی بارودۆخی زاخۆو دهۆکیان کرد کە چۆن خەڵک هاتوونەتە هاواری ئەو داخوازیەی سەرکردایەتیی پارتی وبەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناوچەکە بۆ کۆمەک کردنی براکانیان، مرۆڤ قەد قەد باڵای بەرز ئەبوو، سەری بەرز بوو بەو خەڵکەی کە بەو شێوەیە ئەو هەستە بەرزەی پیشان دابوو، هەندێ نموونەیان باس کرد باوەڕبکەن زۆر جار مووچرکە بەگیاندا ئەهات کە خەڵکی ئێمە بەو شێوەیە رەفتار بکەن. باوەر بکەن یەکێک لە ئامانجی ئەو شاڵاوەش هەر ئەوە بوو، بۆ ئەوەی هەم خەڵک بێتە هاوکاری براکانی خۆی، هەم ئەو خەڵکەش کە تووشی دەربەدەری بوون هەست بکەن کە لەسەر بیروباوەڕو لەسەر هەڵوێست ولەسەر شتێکی پێویست تووشی ئەو دەربەدەری و ئەو رەوشە بوون، بۆ دەرەوەش وبۆ رێکخراوە بیانییەکانیش کە ئێستا لێرەن کاری مرۆڤایەتی ئەکەن باش بوو، بۆ ئەوەی داخوازی بکەن لە بەرنامەی ئایندەیان زیاتر کۆمەک وهاوکاری ئەگەر بوار بدرێت بێتە

پاساوێکی باش، هیوادارین ئەو بەرنامەیە بەردەوام بێت. من بەش بەحاڵی خۆم لایەنگیری ئەوەم کە ئێمە هەوڵ بدەین هەتا پێمان ئەکرێ بایەخ بەم کێشەیە بدەین و جەنابی وەزیری رۆشنبیریش لێرەیە، حەقمەن شتێکمان بۆ باس ئەکا لەرووی راگەیاندنی حکومەتی هەرێمەوە وبۆ ئەو بابەتەو جارێکی تریش سوپاسی ئەو خەڵکە ئەکەین هەمیشە هەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان ئەکەین.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا هەڵمەتێکی راگەیاندنی بەهێز، بۆ دوولا مەبەستە، یەکێکیان بۆ رەت کردنەوەی ئەم کردەوەیە، بەڕاستی دەرکردن وئاوارەکردنی خەڵک هیچ کاتێک کاری کورد نەبووە، کورد رەتی ئەم دەرکردن وئاوارەو ئەنفالەی کردووە، چونکە بە درێژایی مێژوو رۆژگار میللەتی کورد میللەتێکی مەغدوور بووە رەنگە هەر کورد ئەنفال کرابێ، هەر کورد ئاوارەکرابێ ودەرکرابێ جگە لەوەی ئێمە خۆشمان هەڵسین هەمان رەفتارو هەمان کردار لەگەڵ خۆماندا بەکار بهێنین! دووەم هاندان، هەر لەسەر بابەتی راگەیاندن بۆ هاندان و سوپاس کردنی ئەو خەڵکەی کەوا بە ئەرکی خۆیان وبەئەرکی مرۆیی خۆیان هەڵساون یارمەتی برا ئاوارەکانیان داوە زۆر جێی رێز وتەقدیرن، سوپاسیان بکرێت. لە هەمان کاتدا هەڵمەتەکە بەردەوام بێت چونکە بەڕاستی دەرکردن ومالّ ویرانی ئەو خەڵکە کۆتایی پێ نەهاتووەو لەزیادبوون دایە یەک دوو تێبینی تریشم هەیە لەسەر لیژنە هەمیشەییەکەی ناوپەرلەمان، بەڕاستی بە گرنگی دەزانم کە ئەو لیژنە هەمیشەییە پێک بێت، لەگەڵ ئەو فەرمانگەیەی کە سەرپەرشتی ئاوارەکانیش ئەکات چونکە بەڕاستی بابەتی ئاوارە چەندین ساڵە هەیەو زۆر بابەتەکەشیان لەوە گەورەترە کە هەر بەلیژنەیەک یان بە فەرمانگەیەکی بچووک سەرپەرشتی بکرێت، وناوی بێتە دەرکراوەکان وئاوارەکان، بائاوارەکانی هەر لەگەڵدا بێ. سەبارەت بە دەستنیشان کردنی جێگاو شوێن، ئەمە زۆر گرنگە چونکە ئاوا مرۆڤ ئەتوانێ جێگاکەیان بۆ بدۆزێتەوە نەک شوێنی بچووک بچووک، نەوەک بچن بۆ خانوو شوێن بەشوێن بگەڕێن، هەروەکو بەرێز وەزیری هەرێم ئاماژەی بۆ کرد، ئەگەر جێگایەک هەبێ و بکرێ زوو نیشتەجێ بکرێن زۆر کارێکی چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەیەکی بەرفراوان دروست بووە(١٩) ئەندامی تێدا هەیە، ئێوە جارێ بەینی خۆتان دانیشن لەو بارە بکۆڵنەوە ئەو پێشنیارانەی کە دەیکەن دەتوانن ئێوە، لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدارو لەگەڵ ئەو لیژنە بالایەی کە دروست بووە، باس کەن. جارێ ئاڵ وگۆڕی بیرورا بکەن، پوختەیەکی پێشنیار لێ سازکەن. کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئاوارەکان ئەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی ئەسەرێکی زۆر خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵی کوردستان، هەروەها رەخنەیەکی زۆر توندی بۆ مافی مرۆڤ وئاکامێکی زۆر

سەلبیی دەبێ لەسەر ڕەوشتی کورد بەگشتی و لەسەر کێشەکەی بەتایبەتی. ئێمە داوای یارمەتی دەکەین لە ڕێکخراوی مرۆیی دەرەوە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم یاداشتنامایەک لەم پەرلەمانەوە دەرچێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە سنووریکی بۆ دابنرێت و بکرێ بە هێلێکیش سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حزبە، وەک هێڵی تەماس وهێڵی ئاگر بەست وئەو شتانە، بۆ ئەوەی سنوریکی بۆ دابنرێت. منیش لەگەڵ بەڕێز کاک شێخ یەحیام کە ناوەکە ببێتە ناوی ئاوارەکان ودەرکراوەکان لەبەر ئەوەی دەرکراویشمان هەیە وئاوارەشمان هەیە، هەروەها منیش لەگەڵ ئەوەم سوپاسی دانیشتوانی دهۆک وهەولێر وهەموو ڕێکخراوی مرۆیی وپارێزگاری هەولێرو دهۆکیش بکرێ بۆ ئەو هەوڵەی کە دەیدەن، کێشەیەکی تریشمان دەکەوێتە پێش لەو نزیکە ئەویش مەسەلەی ئاوارەکانی کەمپی ئەتروشە. ئەوانیش خۆتان دەزانن(١٤)هەزارو قسور کەسن ولەم نزیکانە (UN)ش دایدەخا لێرانە ئەویش دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئێمە، بۆ دانیشتوانی دهۆکیش بەتایبەتی وبۆ دانیشتوانی کوردستانیش، لەبەر ئەوە پێم خۆشە ئەم بابەتە بەجیددی داوا بکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە لە(UN) ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات لەبەر ئەوەی ئاکامی لەسەر باری ئابووری کوردستان زۆر خراپ دەبێت، هەروەها شتێکی نامرۆڤانەیە لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەییب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزدەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین کە سنووری ناوچەی ئێمە لیژنەیەکی باشمان پێکهێناوە لە بەڕێوەبردن وحزب لەلقی (٩)ولەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک وئەوانیش زۆر لیژنەیان چێ کردیە لەهەمی ناوچەکان وهەمی ناحیەکان وهەمی دێیەکان انشاءالله لەهەفتەی ئاینده زۆر کەل وپەل و پێداویستەکانی ناو ماڵ دەگاتە دەستمان، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ڕەجەب وخەڵکی شاری ئاکرێ ودەوروبەری.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەک لەمەوپێش زیارەتی لیژنەی باڵای ئاوارەکانمان کرد، چەند پێشنیارێکمان هەبوو و پێشکەشمان کردن کە لەسەر ئەو بنچینەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیوەندیی بەو لایەنانەوە بکات. نازانین ئەو لایەنانە تاچ ڕادەیەک وەڵامیان(ئیستیجابەیان) هەبووە بەرامبەر بەو پێشنیارانە ولەهەمان کاتدا ئەو شتەی کە داوامان کرد کە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکرێ بۆ بابەتی مووچەو پارە تەرخان کردنی وەزیران وموچەخۆران نازانم وەڵامیان چۆن بووە؟ وەڵامیان دایەوە کە لاریان نییە تاکو بدرێتە پەرلەمان ومانگانە ببرێ و وەکو دەستکەوتێکی هەمیشەیی تاوەکو باری ئاوارەکان باش بێ؟ ئەوەش وەکو شتێکی بەردەستی لیژنەکان بێ تابتوانن یارمەتی ئاوارەکانی پێ بدەن و هەندێ پێشنیاری تریش هەبوو وابزانم داوامان کرد لە کاک نێچیری بەڕێز پەیوەندیی بکرێ بۆ ئەو خانەوادانە کە خانووشیان بۆ بکرێ نازانم تاچ

رادەیەک وەڵامیان دایەوە، وەڵامیان هەبوو یان چۆن بوو؟ حەزئەکەین ئەویش بزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راسپاردەکان کە لەسەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکەدا باسمان کردن ناردراون بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانیش گفتوگۆی لەسەر دەکەن هەر کاتێ وەڵامیان دایەوە بێگومان ئێمە ئەیخەینە ڕوو. تائێستاکە خەریکی بودجەی ساڵی ئایندەن بابزانین وەڵامیان چ ئەبێ؟ بۆ ئەو بابەتە و ئەو راسپاردانەی کە باسمان کردن شەش حەوت خاڵن، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەو خەڵکەوە بەرپرسیاری باشترە لەناوچەکان هەبێت، جگە لەبەڕێوەبردنی ناوچەکان لەو جێگایانەش کە پێویستە تاوتووێ بکرێت. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوا لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی :بسم الله الرحمن الرحيم(وتعاونوا على البر والتقوى ولاتعاونو على الاثم والعدوان). بەڕاستی هەڵمەتی یارمەتی کردن و پیتاک کۆکردنەوەی دهۆک هەڵمەتێکی زۆر باش بووە، ئەو میللەتەی کە کوڕەکانی دەستی یەکتر بگرن ویارمەتی یەکتر بدەن لەکاتی هاتنی ڕووداوێکی ناخۆشدا هەرگیز ئەو میللەتە ناکەوێت، هەرچەن ناخۆشی وئازاری زۆربێت وهەرچەن زاڵم ودوژمن زوڵمی لێ بکات. لەڕاستیدا هەڵوێستی دهۆک وزاخۆ وهەولێر جێگەی تەقدیرە، ئەم هاوکارییە لەئازاری دەرکراوەکان کەم دەکاتەوەو ڕێگە لەو کەسانە دەگرێت کە دەیانەوێت کاری دەرکردن بکەنە وەرەقەیەکی خراپ لەسەر تاقیکردنەوەکەمان، سوپاس

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەیەک پێک بێت لەنوێنەرانی حزب وبەڕێوەبردن وپۆلیس وئاسایش بۆ ئەوەی پسوڵەیەک دروست بکرێت تاکو هەر خێزانێک کە ئاوارە کراوە سوود وەرگرێ. چونکە لێرە وەکو بیستوومانە کە ئۆردوگای بنەسلاوە وئۆردوگاکانی دەوروبەری هەولێر ئەوەی کە(١٠)ساڵە ئاوارەکراون ئێستا پسوڵەی وەردەگرن وئێستا ئازووقە وەردەگرن وململانێ لەگەڵ ئەو ئاوارە تازانە دەکەن و بێزاریان دەکەن وکێشەکە لەسەر ئەو لیژنانەی کە دانراوە زۆر دەکەن. دووەم، پێشنیار دەکەم کە ئەو یارمەتی دانە بەردەوام بێ وەکو دەستکەوتێکی بەردەوام پوولێکی مالی دروست بکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە هەروەکو کاتی خۆی پوولی بەرگری نیشتمانیی هەبوو لە بەغدا، وهەروەها پوولی بە هاناهاتن (اغاثة) هەبوو لەبەغدا، پێشنیار دەکەم ئێستاش پوولێک دەرچێ بەناوی ئاوارەکان بە بەردەوامی، چونکە لەوانەیە ئەو یارمەتیەی کە لە دهۆک دێ یان لەشوێنێکی تر بە بەردەوامی نەبێت ولەوانەیە کێشەی ئاوارەکان وابەزوویی چارە نەکرێت. بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی هەمیشەی هەبێت من پێشنیار دەکەم پوولێک دروست بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدانێکی بەرداوم دەست کەوێت.

سێیەم، لەقسەی کاک فرەنسۆدا هاتووە دەڵی ئێستا نزیکەی (١٠٠٠)ماڵێک دەبێت لە سەرەوەن ئەوانە تائێستا خانوویان بۆ دابین نەکراوە، من پێشنیار دەکەم کاتی خۆی چۆن

لەهەولێر کومەڵێک ئۆردوگا دروست کران بۆ دەرکراوەکانی گوندەکانی ئەنفالەکان، لەناوچەی دهۆکیش ئۆردوگایەکی زۆر دروست کراون، تەبیعی ئەوەی دهۆک لەگەڵ هەولێر جیاوازیی هەیە چونکە لێرە براکوژی زۆر کراوە ئاوارە بەردەوام بوون، وکۆمەڵێک هەر لەجێی خۆیان ماڵ چۆڵ دەکەن، ئەو ئۆردوگایەی کە لە هەولێر یان لەدهۆک چۆڵ بوون پێویست وایە ئەو شالاوە تا زیاتر نەبووە لەو زستانەی بنێردرێ بۆ دهۆک لەوێش یارمەتی بدرێت هەتا ئەگەر بەشێوەی کاتییش بێ، چونکە کاک فرەنسۆ دەڵێ: خەریکە ئۆردوگایەک دروست بکرێت لەوانەیە ئەوەش (٥-٦)مانگی یان ساڵێکی بوێت هەتا ئەوانە جێبەجێ دەکەن. بەشێوەیەکی کاتیی ئەو هەزار خێزانە لەناوچەی دهۆکدا جێیان بۆ بکرێتەوە، سوپاس

**بەرێز مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی:**

**بەناوی خودای مەزن.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەدا مرۆڤ بیری خۆی دەکا لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیەو تووشی بووە، لەو کاتەدا لە ئاوارەیی وموشەختی، چ بەدەستی ئێران یان تورکیا یان عێراق یان هەر لایەک بێت، جێگای داخە کە تاکو ئێستا کورد بەدەستی نەیارانی دەربەدەر دەکرا، بەڵام ئێستا بەدەستی برای کوردی خۆی دەربەدەر دەکرێ، ئەمە جێی کول وکۆڤانایە. بەڵام هاریکاری دەڤەری بادینان وپارێزگای دهۆک بۆ ئاوارەکان نەک هەر ئەرکێکی پیرۆزە، بگرە مایەی سەر بڵندیی وشانازییە. لەنێو ئاوارەکانیشدا هەندێ کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبن دەبێ چارەسەر بکرێن، هەندێکیان گازاندەی ئەوە دەکەن کە بایەخی تەواویان پێ نەدراوە، بۆیە وای بەچاک دەزانم لیژنەی دەربەدەرەکان لەپارێزگەی هەولێروحکومەتی هەرێم هەتا زووتر ئاوارەکان لە شوێنێکدا کۆو نیشتەجێ بکەن باشترەو چاودێرییان بەسەرەوە بێت، کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆ دروست نابێت. لەڕاستیدا هەر میللەتێک دەربەدەر بکرێت تووشی کێشمەکێش وگرفتی کۆمەڵایەتی دەبێت، چونکە برسییەتی هۆی هەموو شتێکە، مرۆڤیش ئەگەر برسی بوو هەر شتێک دەکات، سوپاس.

**بەرێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە کراون وەکو برادەران وجەنابت فەرمووتان پێم باشە. ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد ئێستا لێرە ئەگەر لە لیژنەی ئاوارەکان بن یان لە لیژنە نەبن دەبێ لەگەڵ لیژنەکە هاوکاریی بکەن ویارمەتی بدەن، پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاک سەعید ئەکەم کەوا پسولەیەک هەبێت بۆ ئەوەی هەڵەوتێکەڵاوی نەبێت و دام ودەزگاکانی شەرعی ویاسایی ئێستای هەرێم وپەرلەمانی کوردستان بتوانن چارەیەکی کێشەی ئەو خەڵکە ئاوارانە بکەن. سەرەرای ئەوە پێشنیار ئەکەم سەبارەت بەوە شتێکی جێگیرمان (ثابت)هەبێ لەحکومەتی هەرێمدا، ناڵێم بەناوی ئاوارە یان بەناوی دەرکراوەکان، دەزگایەکی هەمیشە هەبێت لە حکومەتی هەرێمدا بەناوی بەڕێوەبەرایەتی فریاکەوتن و کۆمەڵایەتی ئەگەر هەبێت پسوڵەکە بدات. لیژنەش هەبێت

بۆ ئەوەی ئەو ئیشانە یەک لا بکرێتەوە وهەوڵەکان یەک بخرێن. ئێستا لیژنە زۆرن، لیژنەی ئاوارەکان ئێستا دەوری خۆیان دەبینن لەهەولێردا، ئینجا لیژنەی ئاوارەکانی ناوپەرلەمان دروست ئەبێ ئەو هەموو لیژنانە دروست ئەبن ئەگەر هەوڵەکە یەک بخرێت، پێشنیارێکی دیاریکراو وڕێک وپێک بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە بەڕاستی لەباسی قسەکردن و لەباسی لێدوان بچینە ناو باسی کارەوە، ان شاءالله هەموو لایەک سەرکەوتوو ئەبن چونکە ئامانجی خێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنانەت ئەو لیژنە کاتییەی ناو پەرلەمان کە دروست کراوە حەزناکەم تێکەڵی بکەین لەگەڵ لیژنەکانی تر. جاری یەکەم باسمان کرد یەکێک لە کارە بنەڕەتییەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان ئەوەیە کە لە باری خەڵک بپرسنەوەو ئەوەی بکرێت بیخەنەڕوو، بەئومێدی ئەوەی کە هاوکارین بۆ ئەو دەزگا رەسمییانەی کە ئیش وکاری خۆیان ئەکەن. بۆ پەرلەمان هەیە بەپێی یاسا بۆ هەر رووداوێک یان بۆ هەر شتێکی پێویست لیژنەیەکی کاتیی بۆ دابنێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رێک وپێک ئەو بارە لەناو پەرلەماندا باس بکرێ و بەدوایدا بچن، انشاءالله وەکو مامۆستا فەرمووی هەر بەو رێبازەو بەو هەستەوە ئیش دەکەین.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی بەڕێز وەزیری هەرێم کاک فرەنسۆ باسی کرد، ئێمەش ئەو زانیارییەمان لایە، بەڵام زۆر شتی تریش هەنە، بۆ نموونە: ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی د.حەسەن پێی هەڵساوە دەورێکە بەڕاستی راپۆرتەکەشی لای منە زۆر گرنگیی داوە، چەند تیمێکی پزیشکی دروست کردووە بۆ سەردانی ئەو جێگایانەو، چارەسەرکردنی نەخۆشەکان. کاک مەلاتاهیر شتێکی فەرموو زۆر راستە سەبارەت بەوە ئێمە لیژنەی بالای دەرکراوەکانمان هەیە لەپەرلەمان، لیژنەیەکمان دروست کردووە ئەو هەموو لیژنانە ئیشیان یەک ئەبێ ولەرێگای بەرێز وەزیری هەرێمەوە کە ئیش وکاری پارێزگاری هەولێر ئەکا، رۆژێک دائەنێ بۆ ئەو لیژنەی هەیە سەرپەرشتی ئاوارەکان ئەکا لەگەڵ لیژنەی پەرلەمان بزانین ئەو شتانەی کە وەرگیراون دادوەریی تێدایە، چۆن دابەش کراوە چۆن دابەش نەکراوە؟ ئەو هەموو لیژنانە بەڕاستی کە دروست ئەکرێن ئەگەر بەرهەمێکی نەبێ ئەنجامی خراپە، ئێمە رۆژێک لەپەرلەمان باسی ئەکەین ورۆژێک لە پارێزگا باسی ئەکەین ورۆژێک لەراگەیاندن باسی ئەکەین ومن حەز ئەکەم تەنها لیژنە دروست کردن نەبێ. من یەکێکم لەو لیژانانەی کە ئێستا دانراون، ئێمە زۆر هەوڵمان داوە بەڕاستی نەفەر بەنەفەر ناوەکانیان لامانە ئەو جێگایانەی کە لامانن کاک شێخ جەعفەرو، کاک سیروان کاکەیی و، کاک حەمید هەوڵیان بۆ داون و جگە لەو برادەرانەی کە سەردانی جێگاکانیان کردووە، ئەو دوو سێ برادەرە زۆر زۆر یارمەتییان داوین بۆ ئەوەی بچین سەردانیان بکەین، کێشەکانیان (تەنگ وچەڵەمەکانیان) کۆبکەینەوە، چی بکەین؟ وەیاخود پەیوەندیی بکەین بەو لیژنانەوە. بەڵام باشترین شت وایە بەرنامەیەک دابنرێ لەرێگەی بەرێز کاک فرەنسۆوە، کە ئیش وکاری پارێزگای هەولێر ئەکا ئەبێ ئەو لیژنەیە ئاگادار بکا یان هەفتەی راپۆرتێک بدەن بە

لیژنەی پەرلەمان یا بۆ هەفتەی جارێک لەگەڵ لیژنەی پەرلەمان کۆبێتەوە تاکو بزانێ چیان بۆ ئەکرێ وچیان بۆ ناکرێ. چونکە من لەگەڵ ئەوەدانیم لەڕاگەیاندن باس نەکرێ، لەڕاگەیاندن باس بکرێ کە غەدریان لێ کراوە، ئەمانە ماڵیان تالاَن کراوە. ئەو ماڵ تالاَن کردن ودەربەدەرکردنە کێ فێری کردوون ئەبێ باجی بدا، چونکە لەشەڕی یەکەمەوە تاوەکو شەڕی دووەم وسێ یەم کۆمەڵە خەڵکێکی تیرۆرست، کۆمەڵە خەڵکێکی نەفام ئەم بابەتەیان دروست کرد لە کوردستان وئەبێ باجەکەشی بدەن، چونکە بەڕای من ئاوارەکانی ناوچەیەک وەکو سلێمانی وکەرکووک نە لەگەڵ کەمپی ئەتروش تێکەڵ بکرێ ونەلەگەڵ ئەوخەڵکی گوندانەی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەربەدەر کراون، ئەمە شتێکی ترەو ئەوە شتێکی ترە. چونکە کەمپی ئەتروش هیچ پەیوەندیی بەمەوە نییە. ڕاستە ئەوانە برای ئێمەن، خۆشەویستی ئێمەن، بەڵام ئەمە کێشەیەکی جیاوازە، ئەمە کێشەیەکە بە زۆر لەسەر ماڵی خۆیان دەرئەکرێن. ئەوەی دوایی کورد دەریان ئەکا. ئەوانە کەسی وان هەر چەند بەزمانی کوردی قسە ئەکەن بەڵام بە بۆچوونی من کورد نین، وئەمە کەسیش لێ نەپارێزراوە نەمەلا، ونەشێخ، نەپێشمەرگە تەنانەت ئەندامی پەرلەمانیش لێی نەپارێزراوە، جا من حەز ئەکەم پێشنیارەکەشم هەر بۆ ئەوەیە بەڕێز کاک فرەنسۆ بەرنامەیەک دابنێ بۆ ئەو لیژنەیە لەگەڵ پەرلەمان دا، واتا شتێکمان لە دەست بێ هەموو ڕۆژ ئێمە ئەچین سەردانیان ئەکەین، ئیش وکاریان لەگەڵ وەزارەتەکان جێبەجێ ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆش پێشنیارەکان تۆماردەکا، ئەوەی کە پێویستە. پاشان چ تێبینیەکی هەبێ لەسەر ئەو پێشنیارانە دەیدات. ئامانجی ئەو لیژنەیەش هەم ئاهەنگی وهاوکاری کردنی ئەو خەڵکەیە.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک فرەنسۆ ئاماژەی بەو یارمەتییانە دا کە لەحکومەتەوە کراوە، لە پەرلەمان ولە ڕێکخراوەکان کراوەو لە خاچی سووری دەولی وخاچی سووری عێراقیش کراوەو، لە قسەکانی کاک فرەنسۆ وادیارە کە جێگاشیان بۆ دیاری کراوە، بۆ ئەوەی نیشتەجێ بکرێن. من پێشنیارەکەی کاک سەعید تەئکید دەکەمەوە ودەڵێم بەزووترین کات پسولەی خۆراکیان بۆ بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بەشە خۆراکەی کە بەپێی بڕیاری (٩٨٦) بۆ کوردستان تەرخان کراوە پێیان بدرێ، ئەمانە بێ بەش نەبن لەم بەشەیە. دووەم: ئەو جێگەیەی کە ئەو کەسەی لێ دەرکراوە حکومەتی هەرێم ببیری ئەوە بکاتەوە ئەو ئازووقە لەوێ ببرێ بۆ ئەوەی بیخاتە سەر پارێزگای هەولێر چونکە ئەو ژمارەیەی کاک فرەنسۆ ئەڵێ واخەریکە دەگاتە(٥٠)هەزار کەس، بۆیە من ئەو دوو پێشنیارە دووپات دەکەمەوە، ومامۆستا مەلا تاهیریش هەمان خاڵی دووپاتکردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. حەسەن حسێن بەفری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک ئازاد ئاماژەی پێدا دەمەوێ ئەوە بزانن کە لە بواری تەندروستییەوە چی کراوە بۆ دەرکراوەکان وئاوارەکان بەتایبەتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر وبەتایبەتیش دکتۆر حەسەن

محەمەد سووره وئەو کارمەندانەی کە بەشدار بوونە بەڕاستی ئیشێکی زۆر زۆر باشیان کردووه.
پێشەکی سەبارەت بەو کارمەندانەی کە سەر بەفەرمانگەکانی تەندروستی کەرکووک وسلێمانی بوون هەمــوو دامـەزراون وئێسـتـا زۆربەیان کـاری خـۆیـان دەکـەن یاخـود مـووچەیان وەردەگرن، وهەروەها سەبارەت بە خاچی سووری عێراقی کە بەشێکی ئازووقەی فەرمانگەی تەندروستی هەولێری دابەش کردووه بەسەر ئەو کارمەندانەشدا بەگوێرەی ئەوەی کە پێیان کراوە، هەروەها دووتیم دروست کراون کەیەکێکیان تیمێکی پزیشکی گەڕۆکە هاتووه بەسەر شوقەکاندا گەڕاوە، ئەوی تریان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەیان نزیکەی(١٥٠٠)نەخۆش چارەسەر کراون. ئەوەیش کە چارەسەر نەکراوە لەوێ ڕەوانەی نزیکترین بنکەی تەندروستی وەکو تەیراوە وئیسکان یاخود نەخۆشخانەکانی تر کراون، وبەشێکی تر ئەویش بریتییە لەلایەنی پاراستن بۆ گشت شوقەکان وئەو جێگایانەی کە دەرکراوەکانیان لێنە لەبواری تەندروستییەوە، چی کراوە؟ وهەروەها تیمێکیش بۆ کوتان دانراوە بۆ ئەو منداڵانەی کەکوتان دەیانگرێتەوە، ئەوانیش ئەو شتەیان بۆکراوە وئێستاش هەوڵی ڕێکخراوە خێرخوازەکانیش بەتایبەتی(S.F)ی فەرەنسی داودەرمانی بۆ دابین کردووین وئێستاش لەهەوڵدانە، داوا ئەکەم ئەگەر بکرێ ئەو دەرکراوانە کارتێک یان ناسنامەیەکی تایبەتیان بۆ دروست بکرێ بۆ ئەوەی کە سەردانی نەخۆشخانەکان ئەکەن پارەیان لێ وەرنەگیرێ، جارێکی تریش بەڕاستی زۆر زۆر سوپاسی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر وئەو دکتۆر وکارمەندانە ئەکەین کە بەشداریان کردووه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ خەڵکی بەشەرەف ودڵسۆزی دەڤەری بادینان کە یارمەتی ئاوارەکانیاندا، کاک فرەنسۆ ئاماژەی بەوەدا کە کاروانێکی تری یارمەتی بەڕێوەیە. لەسەر کاروانی یەکەم تێبینی هەیە، حەزئەکەم باسی بکەم تاکو ئەم جارە دووبارە نەبێتەوە لەدابەش کردنی ئەو کەل وپەلەی کە هاتبوو لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی ئاوارەکان، ئەو لیژنەیەی کە دابەشی کردبوو هەموو خێزانێک وەکو یەک حیسابی کردبوو، واتە ئەو خێزانەی سێ کەس یان دوو کەسن لەگەڵ خێزانێکی دە کەسی وەکو یەکی دابەش کردبوو. ڕاستە دابەش کردنی ئەو کەل وپەلەش دەتوانرێ بەجۆرێکی تریش بێ، ئەو خێزانەی کە لە پێنج کەس کەمترە بڕێکی دەدرێتێ، ئەو خێزانەی لەپێنج کەس زیاترە دوو بڕی بدرێتێ، هەروەها ئەو پارەیەش کە کۆدەکرێتەوە پارەکە دەدرێتە دەستیان، ئەو پارەیە خەرج نەکرێت بۆ هیچ کەل وپەلی تر، بۆ هەر پێویستییەکی تر، دابەش بکرێ بەسەریاندا، چونکە بەڕاستی زۆر لەخاوەن خێزانەکان هیچ مووچەیەک وەرناگرن و باری ئابووریان زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینییانە باشن بەڵام ئەگەر لیژنەکە ئەو تێبینییانە هەمووی یەک لا بکات، پاشان لەگەڵ لیژنەی پاڵێوراوی پارێزگای هەولێردا باس دەکرێ، ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە

قسه بکەن تەواو بوون، ئێستاش وەزیری هەرێم و وەزیری رۆشنبیریی کامیان حەز دەکات پێش ئەوی دیکەیان قسە بکات ئێمە لاریمان نییە، کاک فەلەکەدین ئەگەر هەندێک شت هەیە بۆ مانی روون بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فــــەلەکــــەدین ســـــابیــــرکــــاکــــەیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــوومــــــــەن.**

بەراستی مەسەلەی دەرکراوەکان یان ئاوارەکان کیشەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسیی سەختە، بۆیە دیارە کە ئەنجامی تەنگوچەڵەمەیەکی ناخۆشی ناوخۆیە، بەلام هەر ئەمە نییە، هەر بوونی شتی سیاسی، بیانگە نییە بۆ دەرکردنی هیچ خێزانێک و دەبێ ریسوا بکرێ، بەلای ئێمەوە ریسوای وەکو پێویست نەکراوە تا ئێستا. بەڵێ پەرلەمان ئەرکی خۆی بینیوە چ لەلایەنی راگەیاندنەوە، چ بە پێکهێنانی لیژنە، حکومەتی هەرێمیش ئەوە بەرێز کاک فرەنسۆ هەریری وەکو پارێزگاری هەولێر وهەروەها دەزگاکانی تر خەریکی چارەسەری کێشەکەن، بەلام لە رووی کۆمەلایەتی و حزبییەوە وەکو پێویست ریسوا نەکراوە، واتا مەبەستم ئەوەیە ئەو هەڵمەتە رابگیرێ وحزبەکان وکەرت وکۆمەڵی کوردەواری، لایەنی کۆمەلایەتی هەڵمەتێکی باش بکەن بەهیچ شێوەیەک بزر نەبێت، هەتا لەلایەنی هەرکەسێک بێت مەرج نییە تەنها هەر ئەوە، دەبێ گوشارێکی فراوان بخرێتە سەر هەمــوو لایەک. بەداخــەوە خــەڵکی زۆر لە سلێـمـانی دەرکـراون، دەبێ ئەوە رابگیـرێ چونکە پێچەوانەی ئەو مەرجەیە کە لەکاتی خۆیدا لەئەنقەرە مۆرکراوە، ئەمە لایەنەکی مەسەلەکەیە ومن پێم وایە زۆر باشە ئەگەر جارێکی تریش پەرلەمـان گـفـتـوگۆی لەسـەر بکاتەوە بۆ راگرتنی. بەیاننامەیەک بخاتە رووی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە (UN) دەربارەی هاریکاری کردنیان. بەراستی لێرە سیاسەتی رۆشنبیریی یان سیاسەتی راگەیاندنی هەرێم بەرامبەر بە هەڵمەتی هاریکارییەوە، هاریکارییەکی زۆر کرا بەتایبەتی ئەوانەی دهۆک وهەولێرو شارەکانی تریش وکاتێ کاروانی یارمەتی یەکەی هێنابوو لەدهۆکەوە لەتەلەفزیۆن پێشانیاندا ئەمانە لەهەمان کاتدا لایان دەرکەوتووە لەئەنجوومەنی وەزیران ودەزگاکانی ترەوە کە زۆر باس لەو کۆمەکە دەکرێ. جگە لەدەرکراوەکان هەندێ کەس بەخۆیان دێن بەبێ ئەوەی ئاوارەبن، واتە ئەو خاڵە هاتۆتە پێش تەبیعی وەکو پێویست پەلە کرا، بەلام کەم وزۆر بەلای منەوە پەسەندە باسی کۆمەکەکان بکرێ بەشێوەیەکی گشتی، بەلام لەهەمان کاتدا خەڵک هان نەدرێ جگە لەوانەی کە دەرئەکرێن بێن. هەڵمەتی ئەو هاریکارییە وئەو پیتاکە شتێکی باشەو لەئەنجوومەنی وەزیرانیشدا باس کراوە، بەلام وەک پەرلەمان باس نەکراوە، لیژنەیەکی هەمیشەیی و لیژنەیەکی کاتیی دابنرێن بەئومێدی ئەوەی کە زوو کێشەکە چارەسەر بکرێ چونکە ئەگەر هەمیشەیی بێ ئەمە شتێکی زۆر خراپە لە کوردەوارییدا هەبێت. بەلام بۆ لایەنی تری مەسەلەکان نەبێت. هەروەکو باس کرا، لایەنی لێقەوماویی باس بکرێت لە هەر کاتێک لێقەوماو مەرج نییە مەسەلەی سیاسی بێت، مەسەلەی کۆمەلایەتی بێ، مەسەلەی لافاو بێ، هەر مەسەلەیەک بێ ئەوە شتێکی زۆر باشە کە هاندانی هاریکاری کۆمەلایەتی بکرێ، بەگشتی ئەمە لەولایەوە هان بدرێ. مەسەلەی ئەتروش باس بکەین، حەز ئەکەم مادام لێرە باس کرا منیش بەشداری بکەم، بەراستی چارەنووسی برایەکانمان لە

کوردستانی تورکیا کە ئێستا ئاوارەن لەئۆردوگای ئەتروش کەنزیکەی(١٤)هەزار کەسن چارەنووسێکی نادیارو ناخۆش وبەڵکو ڕەنگە تاڵیش بێت، بۆ ئاگاداریی، حکومەتی هەرێم زۆر هەوڵی داوە کەوا لەژێر سەرپەرشتی پرۆژەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دابن، هەروەها ئیدارەی پارێزگای دهۆک ئێستاش هەتا ئەم دەقیقەیە خەریکە وزۆر هەوڵ دەدات ئاوارە نەبنەوە، چونکە لاچوونی پرۆژەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەریان مانای ئەوەیە پاراستنی دەوڵەتان لەسەریان نامێنێ وڕەنگە بکەونە بەرمەترسییەکی زۆرەوە. سەبارەت بە حکومەتی هەرێم، هەروەها سەبارەت بە پارێزگای دهۆک ودەزگای پارتی لەویٚ بەهەموو شێوەیەک وئێستاش هەوڵ دەدەن چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، چونکە نامانەویٚ کێشەکە ئاڵوزتر بێت، بەڵام ئێستا ولەرۆژانی داهاتووشدا هەوڵی باش دەدریٚ بۆ ئەوەی چارەسەرێک بکەن. بەراستی چارەنووسی ئەمانە زۆر سامناکە ومەترسییان لەسەرە وچارەسەرکردنی بەو شێوەیەی کە ئێستا بۆی دەڕوا بارێکی ترە بەسەر حکومەتی هەرێم وبارێکی ترە بەسەر دام ودەزگای پارێزگای دهۆکەوە. نەحکومەت نەپارێزگای دهۆک و نە پارتی هیچ درێغیان نەکردووە بەڵکو زۆریش بە پەرۆشن وهیچ جیاوازیان نییە، بەلای منەوە بارودۆخیان بارودۆخی ئەم دەرکراوانەیە. لەگەڵ جیاوازیی ئەوەی کە ئەمان زۆر بەداخەوە دەرکراون لەبەر هۆی سیاسی ناوخۆ وئەوانی تر دەرکراوی دەستی حکومەتێکن. لێرەدا وەکو شتێک دێتە پێش، ئێستا کە ئەمەریکا هەزاران کەسی دەرکردووە لە کوردستانی عێراق بردوونی بەو بیانووەی کەوا مەترسیان لەسەر هەیە بێگومان نەک ئەو پێشمەرگانەی کەوا(٢٠)ساڵ شەڕیان کردووە یان زیاتر بەڵکو ئەو کەسانە کە ڕەنگە هیچیان نەکردبێ گوایا مەترسیان لەسەرە لەلایەنی ڕژێمەوە، بەڵام ئەمانەی ئەتروش ڕەنگە بەپێ ی ئەو پیلانانەی کە ئێستا هەنە، ئەمەریکا بەیارمەتی تورکیا خەریکە ئەم ئاوارانە بەزۆر بگەڕێننەوە بۆ تورکیا یان بەناو گوایە کە بە ئارەزووی خۆیان دەچنەوە، ئەمانە تووشی هەمان مەترسی دەبن کە گوایە کوردەکانی عێراق تووش بوون، ئەمانە تووشی مەترسی زیاتر دەبن لە تورکیا، ئەگەر بگەڕێنەوە، ئەم خاڵە لەپێش چاوی لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم. هیچ کەمتر نییە لەکێشەی دەرکراوەکان و تەنیا لە جیاوازیی هۆیەکانی نەبێ، بەڵام سەبارەت بە پارتییەوە وسەبارەت بە حکومەتی هەرێمەوە هەر هەمان گرنگیی هەیە، ڕەنگە ئەگەر ئەم پیلانە هەر بەردەوام بێت ئەمانە دەربکرێن لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهانەوە، ڕەنگە ئەرکێکی گەورەتر دەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش چ وەکو حکومەت، چ وەکو حزب سەرژمێرییەکی بەردەوامان کردووە، رۆژانە سەرژمێری دەکەین وحیساب دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی رێکخراوە خێرخوازەکان دڵنیا بکەین کەنە حزب ونە حکومەت نایانەویٚ ئەم دەرکراوانە بەکار بهێنرێن بۆ قازانجی خۆی بۆ ئەوەی شتێک بۆ خۆی وەکو حزب یان وەکو حکومەت پەیدا بکا، پێمان گوتوون کە ئەوە سەرژمێری ئێمەیە، ئەیدەینە ئێوە، ئەگەر ئێوە برواتان بە سەرژمێری ئێمە نییە، فەرموون ئێوە بچن مەیدانیەن خۆتان سەرژمێری

بکەن ببینن ئەگەر زیادە، کەمی بکەنەوە ئەگەر کەمە زیادی بکەن. لەبەرئەوەی ئێستا(W.F.P) و(UN) خۆیان دەچن سەر لەشوقەکان دەدەن، سەر لە سەرژمێرەکان دەدەن. ئاوارە کۆنەکان ئەوانیش بەشی خۆیان هەیە، ئەوەی کە دێن وەردەگرن حەقی خۆیانەو کۆنە بەشەکەی خۆیانە وبەشی ئەوان وەردەگرن. جا جەنابی مەلا مەحمود دێرەشەوی فەرمووی کە ئەگەر لە شوێنێکەوە بکرێ، ئەوە راستە ئەگەر لەشوێنێکەوە بکرێت ئیشەکانیش ئاسانتر دەبێت، باشتر دەتوانن خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، هەندێ گرفتی کۆمەلایەتی لەناویان دا روو نادات، زۆر بەجیددی ئێمە خەریکین ئەگەر خیوەتمان دەست بکەوێت، هەموو شت زۆر دەبێ، لەوێ هەموو شتیان هەیە، دابەشکردنی شتومەکی رێکخراوەک،ە پێم وایە کاک ئازاد باسی کرد، ئەوان خۆیان دابەشی دەکەن. ئەگەر جیاوازییان کردووە ئەوان خۆیان بەرپرسیارن. دیسان پێم وایە جەنابی کاک ئازاد بوو ئەلێ لیژنەی ئاوارەکان راپۆرت بدەنە لیژنەی پەرلەمان، پێم وایە حەقە لیژنەی پەرلەمان کەم وکورییەکان بداتە لیژنە، بەپێچەوانەوەیە تا ئێستا شتی وانەبووە،چ دەزگایەک راپۆرتی بۆ لیژنەی پەرلەمان نەنووسیوە. پێشنیاری کاک ئازاد بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی پەرلەمان وئاوارەکان زۆر لەجێی خۆیەتی وإن شاء الله جێبەجێی دەکەین، پسوولەی خۆراکیان بۆ دروست بکرێت، کاک سەعید و کاک شێروان حەیدەری و ئەوانە باسیان کرد، تەبیعی ئەوانە ناوەکانیان داخلی کۆمپیوتەر دەکرێن، دەتوانن ئەوانە کە پێویست بوو بیکەن، کاک شێخ جەعفەر فەرمووی هەموو خێزانەکان وەکو یەک یارمەتی نەکراون، دیارە ئی خێزانی گەورەو خێزانی گچکەیە. لەوانەیە لەو شتانەی کە لە دهۆک هاتبن هەندی شتی وا کرابێت ئەبێ لەمەودوا پێیان بلێین ئەو تێبینییانە رەچاو بکرێن. برادەرێک وتی ئەو پارەیەی دێت هیچی پێ ناکرێن. تەبیعی پارەی کە لە دهۆک هاتبوو تەسلیمی لیژنەکەیان نەکرد، خۆیان چوونە ناو بازاڕ ئەوەی پێویستیان بوو کڕیان، خۆیان ئەوانەی لە دهۆک هاتبوون شتیان بۆ کڕین. کاک فەلەکەدین باسی ئەوەی کرد کە تا ئێستا وەکو پێویست هەوڵ نەدراوە کە سنوورێک دابنرێ بۆ دەرکردن، ئێمە وەکو حکومەت چەند جارێک داوامان لە(UN) کردووە، داوامان لە رێکخراوە خێرخۆازەکان کردووە کە دەسەلاتی خۆیان بەکار بێنن بۆ ئەوەی چیتر خەلک دەر نەکرێت وەکو کە ئەوان هەندێ خەلک دەردەکەن، لێپرسراوانی(UN) هاتنە لامان وتیان سنووری بۆ دادەنێین، ئەوانەی ئێمەش کە نابێ خەلک دەرکەن، بەس ئێوەش بچن سنوورێ دابنێن بۆ ئەوانیش، زیاتر خەلک دەرنەکەن، لەگەڵ کاک ئازاد وئەوان رۆژێک دابنێین لیژنەی سەرپەرشتکاری ئاوارەکان کۆدەکەینەوە منیش ئامادە دەبم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها ئەوەی ئاوارەکان، کاک فرەنسۆ لەسەری رۆیشت چونکە باسی کرد بۆ تەئکید بوون لە دام و دەزگای(UN) کە بەرپرسیارە لەدابەش کردنی خۆراک و دەرمان بە پێ ی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە (٩٨٦)، ئەوان ناونووسی سەر جەمی کوردستانیان کردووە، ئەوە لەناو کۆمپیووتەر بووە، لەبەر ئەوە خۆیان وتویانە ئەو رۆژە برایان لە ئەنجوومەنی وەزیران باسیان کرد، بەتایبەتی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی کە ئیشی ئەوە. وابزانم شتێکیشیان لە رۆژنامەکان دا

بڵاوکردۆتەوە لەسەر ئەو بابەتە، بۆ ئاگاداریتان، لەوێ هیچ گیروگرفت دروست نابێ، خەڵکی سلێمانی بێ، خەڵکی دهۆک بێ، خەڵکی چەمچەماڵ بێ، هەر جێگایەک بێ بەشی خۆی وەردەگرێ بۆ ئەوە هیچ گرفت نییە وئەنجومەنی وەزیران لەرێگەی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتییەوە بەتایبەتی وراگەیاندنی هەرێم ئەو شتەی بڵاوکردووەتەوە. خەڵکەکە بێ بەش نابن لەبەشی خۆیان لەهەرکوێ بن، وەکو وتم ناونووس کراون ولەبەردەمیانە. ئەو پێشنیارانەی کە کران، ئەوەی ئەندامان بەنووسین یان یەکسەر بیدەن بەبرایانی لیژنە یان یەکسەر بیدەن بەئێمە. ئێمە بۆ ئەوانی دەنێرین، پاشان وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی لەنێوان خۆیاندا کۆبوونەوەیەک ساز بکەن، ئەگەر نوێنەری راگەیاندنیشیان لەگەڵدا بێ بۆ ئەو بابەتە یان بەرنامەیەکی هەم ئاهەنگی دروست بکرێ.

بۆ دانیشتنی ئەمرۆ سوپاستان دەکەین، دانیشتنی ئاییندەشمان دەخەینە هەفتەی داهاتوو، دیسان ئاگادارتان دەکەینەوە لەسات وکاتی خۆیدا، زۆر زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |